هاوکاری

الـتـــــضـامـــــن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشـــتییە
لە دەزگـــای هاوکاری چاپو بلاوکردنـەوەی
کـــوردی دەردەچـێ
لە « دار الحرية »چـــاپ دەکـــرێ
وزارة الاعـلام
دار التضامن للطباعة والنشـر الكردية
بغـداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلانی
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

HAWKARI, TEL 68311, 68312, 68313

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ٢١ـ٢٨/١١/١٩٧٥ ژمارە ٢٩٣ — « ١٢ » لاپەڕە — « ٢٥ » فلس

سەرکۆمار بروسکەیەکی لـــە سەروکی کونگرەی جیهانیی ئافرەتانەوە پێگەیشت

رۆژی ١٩ـ١١ سەرکۆمار کاك احمد حسن بکـــر بروسکەیەکی لە خاتون فریدا براون سەرۆکی کۆنگرەی جیهانیی سالی ئافرەتانەوە پێگەیشت ، لـــــە وەڵامی ئەوبروسکەیەدا کە سەرۆك بۆی ناردبوو ٠٠ ئەمـــەش تەواوی بروسکەکەیە :

بڕوانە ل ـ٧ـ

سەرۆك بەکـــر و سـیـهـانـۆك لـــــە پـــتـەوکـــردنی دۆســـــتایەتی عـــیراق وکەمبۆدیا دوان

سەرۆك بەکر لە پەیمانگای تەکنلوجیا ساغی کردوە کـە :

هیزب وشۆرش بایەخ بەخوێندنی بیشەیی وتەکنیکی ئەدەن

● پێویستە بیروباوەڕی نەتـــەوەیی وسوشیالیستی جێگیر بکرێن

● دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانی پەیمانگا پیشـــەیی و تەکنیکییەکان

سەرۆکی فەرماندە کـــاك احمد حسن بکر ساغی کردوەکە پارتی و شۆرش بایەخ بـــە هەردوو گەرتی خوێنـــــدنی پیشەیی و تەکنیـــــکی ئەدەن و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین ئەکرێت ، بۆ ئـــەوەی ئستی ئەم دوو دەزگایە بـەرزبێتەوەو خزمەتی تەخشـــەی گەشەکردن بکەن و پێویســـتییەکانی گەرتی پیشـــەسازی لەوڵاتدا زامن بکەن ٠

هەروەها سەر کۆمار لەکاتی سەردانەکەیدا لە پەیمانگـــای تەکنلوجیای دامـــەزراوەی پەیمانـــگا تەکنیکییەکان دارایگەیاند کە پێویســـــتەشان بەشانی پەرەســـەندنی زانست و تەکنلوجیـــای جیهان بەرەو پێش بچین و تەخشـــەی گونجاو دابنرێ بۆ مەشق کردنی پیشەیی و پەرەپێدانی توانـــای قوتابیان و ماموســـتایان و پەردەوام شارەزاییان نـــوێ بکرێتەوە ٠

ئنجا سەر کۆمار کـــاك احمد حسن بکر لەگەل دکتور نبیل شعبان مصطفی بەریـــوە بەری پەیمانگاکەو ئەندامـــانی لیژنەی دەرس وتنەوە کۆبۆوەو گوێ لە پێشنیازو پێویستییەکانیان گرت و بەرێز سەرۆکی ئەرماندە لەم بارەیەوە ئامۆژگاری کردن ٠ وە سەرەك کومـــار رایگەیاند کە پێویســـــتە بـــەروەردەو بیـــروباوەڕی نیشـــتمانیی و نەتەوەیـــی و سوشیالیستی ، ســـــەرەڕای زانست و بەرنامەکان ، جێگـــیر بکرێن وە داوای لە لیژنـــەی دەرس وتنەوەکرد قوتابی نوێ بەجورێك پێبگەیەنن بتوانـــن ئەو کۆڕانـــە کۆمـــەڵایەتی و ئابوریانە بەدی بهێنن کـــە بارتی و شورش هەولی بـــۆ ئەدەن ٠

وە لەکۆتایی سەردانەکـــەدا کەبتر لەدوو سەعاتی خایانـــد سەرۆکی فەرماندە بەگەرمی بەوە لەلایەن بەرێوەبەری پەیمانگاو لیژنەی دەرس وتنـــــەوەو سەرۆکی یەکێتی نیشـــتمانی قوتابیانی عیراق لەپەیمانگـــاو جەماوەری قوتابیانـــــەوە بەرێ کرا ٠

ئا٠د٠ع

له پیرەوەری روژی رەشی ١٨ی تشرینیدا :

بەرەوفراوان کردنی دەستکەوتەی شۆرشگێڕانەی زیاتر لە عیراقی برایەتی و شۆرشی دا

ئەو پیلانە نارەوایەی کە لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣دا روی‌دا ، مەبەستی یەکەمی لەناوبردنی « پارتی بەعسی سوشیالیســـــتی عەرەب » بوو ، وەك لە بزوتنەوەیەکی شورشگیرانە) لەرێگای دورخســـــتنەوەیەوە لـــــە فەرمانڕەوایی ، کە ئەمە بەلای کۆنەپەرستەکانەوە زامنی لەناوبردنی بوو ، چونکە ئەیـــــان زانی مانەوەی پارتی بەعسی لەسەر حـــــوکم هەڕەشەی راستەو خۆیەلـــــە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو دەرەبەکایەتی ٠٠ .

کە پیلانەکەی ١٨ی تشرینی ١٩٦٣ ســـەری گرتو دەســـــتەی (عارف)ی خۆپەرست هاتنـــــە مەیدان ئەیانویست گـــــەل بـــە (داهاتنی روژگـــارێکی نوێ) بخلەتێنن و (دروشمی بریقە داریان) بەرز ئەکردەوە ، وایان ئەزانی ئیتر ئەمە بەسە بۆ خلەتاندنی گەل ، بەڵام ئەو درۆو دەلەسانەیان سەری ئەگرت کە بریتی بو لەوەی دەرگایان لەبەردەم زیانەوەی بورجوازیەکان و دەرەبەك و کۆنەپەرستاندا خستە سەرپشتو کەوتنـــــە راونان و سزادانی نیشتمان پەروەرە راستەقینەکانی ئەم گەلە ٠ لەبەر ئەوە (ئەو بارو روژگارە نوێیەی) عارفیـــــەکان دەهۆلیان بۆ لێ ئەدا هەمو هزیەکی روخاندن و لەناوچونی هەر لەناوخۆیدا کۆ کردبۆوە ، تا بەرپابوونی شورشی ١٧ـ٣٠ تەموزی نەتەوەیی و پیشکەوتنخواز ٠٠ ئەو ناقمە لەبەردەم رابەرینی شورشگیرانەدا سەرنگون بوون ٠٠

بڕوانە ل ـ١١ـ

سەرۆکی فەرماندە کاك احمد حسن البکر نامەیەکی بۆ کونگرەی ئاشتی جیهـان نارد

رۆژی ١٩ـ١١ کاك عـــزیز شریف وەزیری دەولـــەت و سکرتیری گشتی ئەنجومـــەنی نیشتمانیی ئاشتی و هاوکاری لە کومارەی عیراق بە رەومۆسکو گەوتە رێ و نامەیەکی سەرکۆماری پێیە بۆ کۆنگرەی ساڵانەی لیژنەکانی بوێنەری بروتنـــەوە ئاشتی خـــوازە نیشتمانییەکان لە جیهاندا کە ئەمڕۆ (عەینی) لە شاری لینینگراد ئەگیـــرێ و ئەو روژیش ئەخایەنێ ٠

کاك عزیز شریف لەوسەردانەیدا بەریز زهیر القـــادری بەرێوەبـــــەری مەگـــــەیی بەیوەندییەکانی دەرەوە لـــــە سەرۆکایەتی ئەنـــاوەیی ئارەی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەندامی لیژنـــەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی لە گەڵایە ٠

کاك شریف وتی . ئـــــەم کۆنگرەیە بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (٢٥) ساڵ بەسەر دامەزرانی

بڕوانە ل ـ ٧

سەرۆك بەکر : دوای ئەوەی ئیمپریالیزم جیگـــە پێی خۆی لـــە هیندی چین‌دا دۆراند ٠٠ ئەقەللای ئەوە ئەدا خۆی لەناوچـــــەی عەرەب‌دا بگرێتەوە ٠

سیهانوك : پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەسکەوت و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هیناو سیاسەتیکی سەربەخۆی پیشکەو تنخوازانەی گرتۆتە بەر ٠

● سەرۆك بەکر ئـــەوەی سەلماند کەلی عیراق شـــــان‌بەشانی کەلی کەمبودیا لەپیناوی بنیات‌نان و بەهیزکردنی ئابوری نیشتمانیان و سرینەوەی هەمـــو شوێنەوارێکی باشماوەی شەرو ویرانکـــــاری دوژمنانـــــەدا ئەنەکۆشێ ٠

ئیـــوارەی روژی شـــــەمەی رابوردو سەرۆك احمد حســـن البکـــر لەکۆشکی کومـــاری پێشوازی لە ئەمیر سیهانوك و ئەو وەفدەی کرد کە لەگەلیابو وە بەناوی گەل و پارتی بەعس و شورشەوە لەعیراقا پیروزبایی ئەو سەرکەوتنە جەماوەریـــەی کرد کە گەلی کەمبودیا بەســـەر ئیمپریالیزمـــدا بەدەســـتیان هیناو ٠

سەرۆك وتی ئیمپریالیزم کەشوێنی خۆی لە هیندی چین‌دادۆڕاند ئەیـــــەوێ دەستەڵاتی لەناوچەکانی عەرەبدا بەهیـــزبکات بۆیە داوا لە هەمو هیـــزە پیشکەوتنخوازەکانی جیهـــان ئەکەین کە پشت‌گیری لەگـــەڵ عەرەب بکەن ٠

ئەمیر سیهانوك زور سوپاسی گەل و پارتی بەعس و شۆرشـــی کرد بەرامبەر بەو دلسۆزیـــەی کە نیشانیان‌دا ٠ ئەمیر سیهانوك وتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عـــــەرەب گەلیك سەروکەوتنی گەورەی بەدەست هیناوە ، وە توانیویتی لەســـەر سیاسەتیکی سەربەخۆیانەی پیشکەو تنخوازی بڕوات ٠ هەروەها هـــــەمان ئیوارە لـــــە کوشکی کـــوماری خوانی ئیوارەی بۆ رازایەوە ٠

روژی یەکشـــــەمە ئەمیر سیهانوك و ئـــــەو وەفـــەی لەگەلیایەتی چون بۆ سەردانی کومبانیای کشتی بیشەســـازی تەکنیکی و بەهەمو بەشـــەکانی کومبانیادا گەڕان ٠٠ چەنـــد وشەیەکی لەدەفتەری دیدەنی‌دا نوسی ٠٠ ئینجـــا چون بـــۆ کومبانیای کشتی چنین لەحلـــە لەوێش چەند وشەیەکی تـــری تومار کرد ٠ دوای ئەوە چۆ بۆ سەردانی شوێنەوارەکانی بابلی کۆن و دوای چەند سەعاتیـــك گەشت گەرانەوە بۆ بەغـــدا ٠ هەروەها لەهـــــەمان ئیوارەدا بیاسەیەکیان بـــەروخی روباری دیجلەدا کرد ، پاش ئەوە چون بۆ ئەو ئاهەنگە هونەریەی کە وەزارەتی راگەیاندن لە هـــۆلی گەل گێڕای ٠٠ هەمان ئیوارە لەهولی کۆشـــــکی وەزارەتی دەرەوە لەگەل هەندیك لـــــە

بڕوانە ل ـ٧ـ

مامۆستا صدام حسین پێشـــوازی وەزیری کـــاروباری دەرەوەی بەریتانیای کرد

مامۆستا صدام حســـــین جی‌گری سەرۆکی ئەنجـــومەنی سەرکردایەتی شورش ئیـــوەرو دوای روژی چوارشـــــەمەی رابوردو لە نیشتەجێی رەســـمی خۆی لـــــە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی چاوی بـــــە بەریز دیفید ئینالز وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا کەوت ٠

لەم چاوپێکەوتنەدا مامۆستا حامد الجبوری وەزیری دەولەت و باڵویزی بەریتانیا لەبەغـــدا ئامادەبون و باسی بەیوەندی دوو وڵاتی نیوان هەردلایان کردوە ٠

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری‌داوە :

ماوەی خزمەت کردنی رابوردوی کریکاران بۆ تەقاویتی حساب ئەکرێ

ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شورش فەرمانی بـــە وەزارەتی کاری کاروباری کومەڵایەتی داوەکـــــە ماوەی خزمەتکردنی رابوردوی کریکاران بۆ تەقاویتی حیساب بکرێ (ئیتر ئـــــەو کریکارە خزمـــــەتی سەربازی کردبێ یان مدنی) ٠٠

ئەنجومەنی سەرکردایـــەتی شورش ئەو مەرجەی داناوە کـــە ئەو کریکارەی تەقاویتی خزمەتی کۆنی وەرئەگرێ لەمـــــاوەی خزمەتکردنی‌دا نابی دو تەقاویتی وەربگرێ ٠

ئەنجـــومەنی سەرکردایەتی شورش ئەوەی رون کردۆتـــەوە کە کریکاری تەقاویت بگـــران دوای تەواوبونی خزمەتەکـــەی تەقاویتـــــی ئەدرێتی ٠٠ وە خزمەتکردنی کریکاران ئاخریتە سەر خزمەتی تەقاویتی یەکەم وە تەقاویت کراو موچـــەی تەواوبونی خزمەتەکەی وەرئەگرێ ٠

بڕوانە ل ـ ٧

عیراق داوای بەستنی کۆنگرەی ئوبیك ئەکا

کۆمـــاری عیـــراق داوای لە رێکخراوی « ئوبیك » کردوە کەکۆنگرەیەك بـــۆ لێکۆڵینەوەی جیاوازی نرخی نەوت ببەستێ هەروەها داوای لـــــە کـــوێت کردووە کە بریارەکەی ئـــــەم دووایەی جێبەجێ نەکات هەتا کۆنگرەکە ئەبەسترێ ٠

بڕوانە ل ـ ٧

وەزیری دەرەوە رای ئەیاند :

عیراق لایەنگیری هەموو بریارێکی لێ بوردنی بەندە سیاسیەکان ئەکات ئەگەر تێکۆشەرەکانی ناو بەندیخانەکانی زایۆنیستەکان بگرێتەوە

دکتور سەعدون حـــەمادی وەزیری دەرەوە بڵاوی کردەوە کە عیراق لایەنگری هـــــەر بریارێکی ئەتەوە یەکگرتوەکان ئەکـــات لەبارەی لێبوردنی بەندە سیاسیەکانەوە ئەگـــەر ئەو بریارە بەندکراوە سیاسیەکانی بەندیخانەکانی فەلەستینی داگیرکراو بگرێتەوە ٠

روژی ســـــێ شەممـــەی رابوردو دکتـــور سەعـــدون حەمادی ئەمەی بە ئاژانســـی دەنگوباسی عـــراق راگەیاندوە دوا بەدوای پروژە بریارەکـــەی ئەمەریکا کەپیشکەش بەلیژنەی سێیەمی ئەتـــەوە یەکگرتوەکان کراوە لەبارەی لێبوردنەوە لـــە بەندنە سیاسیەکان ٠

وەزیری دەرەوە وتویە لـــەم بارەوە دکتـــور سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوە ئەوەی ســـــێ شەممـــەی رابوردو لەنیشتەجێی رەســـمی خۆی لـــە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی چاوی بـــــە بەریز دیفید ئینالز وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا کەوت ٠

لەم چاوپێکەوتنەدا مامۆستا حامد الجبوری وەزیری دەولەت و باڵویزی بەریتانیا لەبەغـــدا ئامادەبون و باسی بەیوەندی دوو وڵاتی نیوان هەردلایان کردوە ٠

بڕوانە ل ـ ٧

وۆژنامەی هوریتسۆنت بایەخ بـــە سیاسەتی کۆمەڵایەتی عیـــراق ئەدات

بەرلین : ئەدن :

رۆژی ١٩ـ١١ رۆژنامـــەی هەفتانەی هوریتسونت کە لـــە کۆماری دیموکراتی ئەڵەمانیـــا دەرئەچێ و بایەخ بەکاروباری سیاســـەتی دەرەوە ئەدات ٠٠٠

بڕوانە ل ـ ٧

Institut kurde de Paris

تیشك

- دلیر -

پالـــە بەستویەکی گـــران کەوتوتە ســەر زایونیستەکان وەتیکرای جیهان سەرزەنشتیان ئەکەنو بە ناشیرین ترین روی رەگەزایەتیان دائـــەنین • وە ئەوە بۆ جیهان رون بۆ تەوەکە زایونیستەکان تەنیا بریتین لە قەوارەیەکی دوژمنانە لە خاکی فەلەستینی زەوت کراوا •• وە نوێنەری چەبەل ترینریژیمـی فاشیزمو دوژمنایەتی کردنە ••

لەگەل بەرزبونەوەی ئاستی تورەیی و بیـــزاری جیهـــانا بەرامبـــەر بەزایونیـــستەکان ئەوەندە پایەی خەباتی دادپەـ روەرانەی گەلی عەرەب قـــایم ترئەبێ •• ودەولەتان زورتر لە کومەلی نەتـــەوە یەکگرتوەکان پشتگیری لەوخەباتەرەوایـــە ئەکەن ••

خەباتی گـــەلان توانیویتی تـــەنگ بـــە ئیمپریالیزمو زایونیـــستەکان هـــەل بچنرو لەســـەر شـــانوی دەولەتان ریسوایان بکات ، هەروەکـــو لەهەمو رویەکەوە زیانی بـــە بروژە دوژمنایەتیەکانی داوە ، ئـــەم روداوانە هەمو ئـــەوە ئەسەلمێنن کـــە ئیمپریالیزمو زایونیستەکان هەرگیز ناتوانن بـــەر لـــە رەوتی خـــەباتی شورشگیرانەی گەلان بگرن •

ئاشکرایە کـــە ولاتەیـــە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەورێکی دوژمنانەی گەورەی لەنەتـــەوە یەکگرتوەکان داگێرا ••ەوەبەـ هـــەمو جۆریك هەوڵی ئەوەی کـــە کومەلی دەولەتان لەبارەی ئەوبڕیارەوە بێدەنگ بکات کە ئـــەڵێ زایونیزم جولانەوەیەکی رەگەزایـــەتی فاشستیە •• جـــەند هەوالیك ئـــەوەیان سەلماندوە کە کوشکی سـی ئەمەریکا زور تەقـــەللای داوە رۆڕەوی دەنگدانەکـــە بگۆرێو تەنانەت هەرەشەی لەنەتـــەوە یەکگرتوە کان کردوەکە لـــە مـــەودوا رادەی یارمـــەتی دارایی یان دیاری ئەکات •

ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکـــا شتێکی تازەنیە ولـــە کۆنەوە ئەمە پیشەی بوەو لەسەرئـــەم خاڵانە رویشتوە :

یەکـــەم : ئیمپریالیـــزمو زایونیزم لـــەیەك زەمنیـــەی دارایییەوە سەریان هەڵداوە کە ئەویش بنکـــەی سەرمایەداری دەست بە سەراگرتنە •

دوەم : ئیمپریالیـــزو زایونیزم هاوپەیمانو پنچینەی بەرژەوەندی یەکترن پـــەیوەـ ندی یەکی بنەڕەتی بەهێز لـــە نیوانیانا هەیە بۆ ئەوەی بکەنە بەرز ترین پلەی دەست بەسەرا گرتن •

سێیەم : ئیمپـــریالیزمی ئەمەریکا بنجی خۆی لە نـــاو قـــەوارەی زایونیســـتەکانا داکوتاوەو لەوێوە ئامانجەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچە عەرەبیەـ کانا جێبەجێ ئەکات •

چوارەم : ئەم هەڵوێســـتە ناشیرینەی ئەمەریکا لـــە دژی بریارەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان کەئەڵێ زایونیستەکان جولانەوە یەکی رەگەزایەتین لەکـــەڵ ئەوسێ خالەی سەرەوەدا کـــە باسمان کردنی بـــۆ بەرپەرچ دانەوەی بریارەکەیە ••

لە بەرروناکی ئەم راستیەدا ئەتوانین سەرنجی لایـــەنگرتنی دەولەتان بدەین کـــە چـــۆن پشتگیری لە مافی رەوای گەلی عەرەب ئەکـــەن وپاڵ پشتی ریـــرەوی جـــولانـــەوەی نازادیخوازانەی گەلی عەرەبن •

لاپـــەرە -٢-

بەرۆژی هاتنی نوردیم سیهانۆك بۆ عیراق

لەســـەر ریگای خـــەباتی ناوکـــۆیی دژی ئیمپریالیزم وزایۆنـــیزم

لەسەر داخوازی سەرۆکی فەرمانده کاك احمد حسن بەکر رۆژی ١٥ - ١١ نـــوردوم سیهانۆك سـەرۆکی دەولەتی کەمبودیای دۆست بەسەردانەهات بۆ عیراق • بۆ ئەوەی ئەم سەردانەش بـــۆ بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان هەردوو ولاتە ، ئـــەو دۆستایەتیەی کە شۆرشـــی حەقدەی تەمووز بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیســـتی عەرەب بەردی بناخەکەی دانـا لەپێناو سەربەخۆیی و پێشکەـ وتنی کۆمـــەلایەتی ئـــەلەچەوساوەکانی سەریەمی جیهانو دژی ئیمپریالیزمو کۆنـــەـپەرستی و زایۆنیزم •

گەلی کەمبودیا ، وەکو گەلی عەرەب لـــە مێژووی نوێدا دووچاری دەستی ئیمپریالیزمو بڕۆژە دوژمنایـــەنکاری یەکانی بوو ، ئەم دووچار بوونەشـــی نوشی قـــوربانیدانێکی زۆری ـ کـــرد لەپێناو دەستخستنەوەی سەربەخۆییەکەوە بۆ بەرەوپێش چوون شان بەشانی رەوڕەوەی ئەسرەوتی شارستانیەت ••• ئەم گەلە تێکوشەرە جوامێرانە بازوی خـــەباتی هەڵمالی دژی داگیرکەرە فـــەرەنسایەکانو ژاپون لەپێش شـــەڕی دووەمی جیهاندا ••• دوای بەچوکـــا ـ هـــاتنی ژاپۆن بەرەسمی دان بەسەربەخۆیی کەمبۆدیادا نـرا بـــەڵام شوێنـــەواری بوونی ئیمپریالیستیو کۆنەپەرستان لـــە لەئەخشەو پیلانی خۆیان ئەوەستان ، ئـــەوە بوو ساڵی ١٩٥٠ بـــەرەی یەکگرتووی نیشتمانی دامەزراو ئەم بـــەرە ئاگری بەربەرەکانیچەکدارانەی دژی داگیرکەران هەڵگیرساند ئەوەبوو لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ فەرەنسایەکان کەمبودیایان بەجێهێشت و ئەو رۆژە کرا بە جەژنی نیشتمانی گەلی کەمبودیا •

ســـەرەڕای گیروگـــرفتی سیاسیو ئابوری گەلی کەمبودیا چالاکانە دەستی کرد بـــە بنیاتنانی ولات ••• بـــەلام ئیمپریالیســـتانی نـــوێ ، ئەمەریکاییەکان بەدەسەوسانی ئەوەستانو دەستیان کرد بـــە ئامادەکردنو بەکرێگـــرتنی کاسەلیسو جنگـــاو خـــۆرو نۆکـــەرانو جەرکمی نیشتمانی سیهانۆکیان لەسەرکار لابرد • وە لـــە ٢٥ی نەوەدی ساڵی ١٩٦٩دا بەپێی بـــڕیاریاوەرە چەپەلەکـــەی ئـــەنجوام ، ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بەناشکرا دەستیخستە نـــاو کاروباری ناوخۆی ئـــەو ولاتەوە ••• وە لەساڵی ١٩٧٠دا بەکرێگیراوان بەسەرۆکایەتی لون نۆلی تاوانبار هاتنە سەرحوکم لەفنوم پن •

وە لە ٣٠ی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ نیکسونی ســـەرۆکی پێشوی ئەمەریکا فـــەرمانی بەپێنتاگۆنداکە کەمبـــودیا بەلەشکر داگیربکەن ••• بەڵام ئەم داگیرکردنە وا بە ئاسانی بۆ دوژمنان نەچوە سەرو هەتا ئەهات جەماوە باشتر ریـــزی خۆی یەك ئەخستو پەرەی بە بەربـــەرەکانیو خـــەباتی چەکدارانە ئەدا دژی دوژمـــنو داگیرکەران •

ئـــەو قارەمانیەتەی کـــەلی کەمبودیا لەخەباتی چەکدارانەدا نواندی ئـــەو یارمـــەتیو پشتگیریەی گەلو هێـــزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهـــان بەرامبەر بەو گەلـــە کردیان دەورێکی گـــەورەی نوانـــد لەسەرکەوتنو بەچۆکـــاهێنانی بێگانەو داگیرکەرو دوژمنان •

لەعیراقیشدا پارتی بەعـــی سوشیالیستی عەرەب دەورێکی ئاشکراو دیاری لەم مەیانـــەدا گێڕا بە پشـــتگیری کـــردنو وەیارمەتی دانی گەلی کەمبودیا• دوای چەند هەفتەیەك بەســـەر کـــودەتا کۆنەپەرستەکەی لۆن نول عیراق ئـــەم کودەتایەی ریـــواو تاوانبار کـــردوو بەرەسمی نوێنەرانی راستەـ قینەی گەلی کەمبۆدیای ناسیو دانی پیادانان ، هەر لەبەر ئەم هەڵویســـتەش بوو کـــە لۆنۆلـــراوانی کەمبـــوودیاو سەرۆك سیهانۆك بەگـــەرمی یەوە ســـوپاسی ســـەرۆکی تێکوشەرو کاك احمد حســـن بەکـــرو حکـــومەتی شۆڕشی عیراقیان کرد •• وە ئەوەبرەدا باشترین بەڵگە ئەو بروســـکەیە بە کـــە لەکـــاتی سەرکەوتندا سەرۆك سیهانۆك بۆ ســـەرـ کۆماری ناردو تیایدا وتبوی ـ

« عیراقی ئێوە ئەی سەرۆکی بەرێز یارمەتیەکی بێسنوری داوینو هـــاوکاری عەسکەری ئەواوەتی لەگەڵدا کردوین ••• وە دوای جێگـــر بوونـــەوەی ئاشتیو سەربەستیو دەسەڵاتی ئەواوەتی لەنیشتمانەکەمان‌دا ، بە شەرەفەوە ئیمەی خەنگـــی کەمبـــودیا شادمانین کـــە هاوڕێی تێکوشـــانو چەك‌بین لەگـــەڵ ئیوەدا لە پێنـــاو داکۆکی‌کردن لە هەموو کێشە ڕەواکانی جیهان، هەر لەکێشەی ڕەوای گەلی قارەمانی‌فەلەستینو وڵاتانی تری عـــەرەب کـــە خاکەکانیان لەلایەن زایونیستەـ کانەوە زەوت کراوە » •

هەڵویستی حکومەتی یەکێتی نیشتمانیی کەمبودیا بەرامبەر بـــە کێشە نەتەوەییەکانمان ، بەتایبەتی کێشەی گەلی عەرەبی فەلەستین ئەوەندەی تر پەیوەـ ندی نێوان عەرەبو کەمبودیاو عیراقیو کەمبۆدیا بەتایبـــەتی پتەوو توندو تۆڵ تر کردووە •

وە هـــاتنی ئـــەم جارەی سەرۆك نۆردۆم سیهانۆك بـــۆ وڵاتەکەمان ئەوەندەی تر ئـــەو دۆستایەتیە قایمتر ئەکـــات لەپێنـــاو ســـوودو قازانجی هەردوو لاو لە پێناو بەرژەوەـ ندی هێـــزە شۆڕشگێڕەکانی جیهان‌دا •

شێت گیربونی ئیمپریالیستەکان بەرامبەر بریارەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان

نەتەوە یەکگرتووەکـــان ـ١٥ـ ئا٠د٠ع

هەفتـــەی رابـــردوو ، بەیاننامەیەك لە لایەن وڵاتـــانی عەرەبی ئەندام لە کۆمـــەڵەی سێتی نەتەوە یەکگرتووەکـــانا دەربارەی بریاری کۆمەڵـــەی ناوبراو یە لەقەلەم دانـــی زایۆنیســـت بە شێوەیەك لـــەشێوەکانی رەگەز پەرســـتی دەرچووەو روونی کردۆتـــەوە کە چۆن بریارەکە کاری کـــردە سەر جۆری بیرکردنـــەوەی وڵاتـــانی رۆژئاواو ئەمریـــکا بەرامبەر مەسەلەی عـــەرەبو نەفریقیا •

بەیاننامەکە وتوویەتـــی تریشەوە نوێنەری (نوردون) ئیمە بڕوایەکی ئەواومان بـــەم لە ئەتەوە یەکگرتووەکـــان بریارەی کۆمـــەلە هەیـــەو ئەویەتی دەرچوونی بریارێکی هەنگاوێکە بۆ سەلماندنی مافـــی گەلانو لایەنگیری کردنیـــان ، جیهانەوە ئەو پێوەندە ئاسنینە بۆیە ئومێدەوارین وڵاتەکانـــی رۆژئاوایش چاوێك بە هەڵویستە کۆنەکانیاندا بگێڕنەوەو چی تر خۆیان گێل نەکەن لە مافـــە رەوت کراوەکانی گەلی فەلەستین عەروەها ئاشکرای کـــردووە کەوا پێویستە بایەخێکی تـــەواو بدرێتە بریارەکەو گـــوێ نەدرێتە ئەو توانجو تاتانـــەی لە لایەن هێزەکانی ئیمپریالیستە وە دەخرێتە باڵی •

ئەم بارەیـــەوە ئاژانســـی دەنگ و باسی جەزائیر زۆر بە توندو تیژی‌یەوە ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر هەڵویستی ناڕاستی ئەمریکا لە کاتـــی لێکۆڵینەوەی جووڵانـــەوەی زایۆنیستەکان لە ئەتـــەوە یەکگرتووەکاندا کە ویستویەتی ڕێگای هەڕەشە کردنـــەوە لە بکارە ســـەر دەنگـــدانی ئەندامانی کۆمەلە ، هەروەهـــا وتوویەتی سەرۆکی کۆمـــەلە (گەستۆن سۆرن) بریارەکەی بە دل نەبووەو بە (جـــۆرە شەرمەزاری‌یەکی داناوە !) •

لە کۆتاییدا ئاژانسی دەنگ و باسی جەزائیر رایگەیاندووە کە ئەنیا هێزە شـــۆڤینیو ئیمپریالیستەکان گومانیـــان سەرکەوتنێکە بۆ کـــەلی پەیدا کردووەو هەوڵی هەڵـــوە فەلەستینو هەنگاوێکی پیرۆزی شاندنەوەی بریارەکە دەدەن • کۆمەڵەی گشتی نەتـــەوە ئەمە لە لایەکەوە،لە لایەکی یەکگرتووەکانە •

شۆڕشگێڕانی عومان کاروانێـــکی دوژمن پەرێشان ئەکەن

عەرەن ـ١٥ـ ئا٠د٠ع

لـــە هـــەینی ڕابوردوداشۆڕشگێڕەکانی عومان لە سەر ڕێگایەك کە ئەکەوێتە نێوان‌قیتانو بەرزایی‌یەکانی ئیراق لە زەفار هێرشیان بردۆتە سەرکـــاروانێکی ســـەربازیو گوللەبارانیـــان کـــردووە وزیانێکـــی فراوانیـــان پێ کەیاندووە •

لـــەم بارەیەوە ، بـــەرەی‌رزگاری‌خواری عەمان بەیانێکی دەرکردووە تیایدا وتوویەتی لەئەنجامی ئـــەم هێرشەدا دوو ئۆتۆمبیلی سەربازیو دوو تۆپی(٨١) ملم تێکشکاوەو حـــەوت ناوچـــەی بەرگـــری دوژمن‌وتران‌کراوە ، جگە لە کوشتنو بریندار کردنی (٢٦) کەس •

عەروەها بەرەی ناوبراو لەبەلاغێکی ترا ئاشکرای کردووە کە لە ئەنجامی ئەو هێرشـــەی‌شۆڕشگێڕەکان لە ڕۆژانی ١٠ ، ١١ی ئەم مانگەدا کردوویانەتەسەر ئەنسیان و فیـــدۆن و عەفیرۆت و ئاوغار لە ناوچـــەی‌رۆژئاوا هەشت هێلی بەرگری‌و سێ ئۆتۆمبیل تێك شکێنراوە،جگە لە کوشتنو بریندار کردنی (٢٦) کەس •

دەوری سەرمایەداری ئەمریکا لەشڵەژاندنی بـــاری ئـــابوری گـــەلان دا

یەکێـــك لە ڕواڵەتەکانی ڕێژەیی سەرمایەداری ناردنی سەرمایەیە بۆ وڵاتێکی تـــر بـــەنیازی وەدەستهێنـــانی قازانجو فراوان کـــردنی دەسەڵاتی ئابوریو دارایـــی خۆی بە سەر ئەو وڵاتـــەدا‌لە ژێر بەردەی قەرز بـــان یارمەتی کە هەموو کاتێ چەندەرجێکی سیاســـیو ئابوری پێوەیە ••

لەم بارەیەوە ، ڕاپۆرتـــە ئابوری‌یەکانی جیهان ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کەوا بانقـــە گەورەکانی ئەمریکا هـــەتا دێ جووڵانەوەو چالاکیان لە وڵاتانی دەرەوەدا بەرەئەسـێنێ ، بۆ نموونە •• لە ساڵـــی (١٩٦٤) تەنیا (١١) بانقی ئەمریکی لـــە (١٨١) وڵاتی بێگانەدا نیشـــی دەکرد ، بەڵام لە سەرەتـــای ساڵی ١٩٧٥ ژمارەی دەزگـــا ئابوری‌یەکانی ئەمـــریکا لە وڵاتانی بێگانەدا گەیشتە(١٢٥) دەزگاو (٧٣٢) لق •

لێرەوە ، هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ئەم ســـەرمایەیە بەستنەوەی وڵاتانی ترە بـــە ئەمریکاوە بەڵام لە گـــەڵ ئەوەشدا دەوری سەرمایەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکـــی تـــر ئەگۆڕێت بە پێی بەرزی‌و نزمی بازاری ئابووری وڵاتەکە ، بۆیـــە ئەبینین سەرمایەی ئەمریـــکی دەورێکی ئێکجار فـــراوان لـــە بریتانیاو بازاڕی هاوبەشـــی ئەوروپادا ئەبینێت ، سەبارەت بـــە پێویستی بریتانیاو بازاڕی ناوبراو بە سەرمایە ، لێـــرەوە ئەمریکا دەسەڵاتی تەواوی بـــە سەر لایەنی ئابووری هـــەردوو لادا گرتووە ، ئەگەرچـــی لـــە بنچینەوە دامەزراندنی بـــازاڕی هاوبەشی ئەوروپا هەوڵدانێك بەدی هێنانی ئامانجی جـــاو برسێتی ئیمپریالیانەی • ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جار نیە ئیسرائیل داوای ئەم جۆرە جەکە لە ئەمەریکا ئەکات بەڵام لە جاری یەکـــەمدا شلیمنجەر وەزیری بەرگری پێشـــوی ئەمەریکـــا پێشنیارەکـــەی ئیسرائیلی خستە پشـــت گوێ بەو پیانوەی گوایە ئەمەریکـــا خۆی بێویستی زیاتری بـــەو جەکە هەیە ، لێرەدا ناکۆکی‌یەك کەوتە نێوانی شـــلیمنجەرو ئەنجومەنی بیرانی ئەمەریکـــاوە لە ئەنجاما ئەنجومـــەنی بیران جێبەجێ کردنی داخوازی‌یەکەی ئیـــسرائیلی بەســـەند کـــردو شیلیمەنجەریان بەکەم تەرخەم دایە قەلەم • رۆژنامەکـــانی ئەمەریکا ئەوەیان رون کردۆتەوە کـــەوا حکومـــەتی فۆرد بەڵێنی تەواوی داوەتە ئیسرائیـــل بۆ ناردنی ساروخی بیرشـــینگك‌و فرۆکەی بۆمبا هاوێژی (ف ـ ١٦) جگە لە فراوان کـــردنی یارمەتی‌یە سەربازی‌و ئابوری‌یەکان بۆ (٢٫٥) ملیار دۆلار ئەمە لە لایەکەوە لە لایـــەکی تریشەوە سەرپەرشتی کـــەری جەکەکانی ئەمەریکا (هیربرت سمکوفیل) وتوویەتی ئەگـــەر ئەمەریکا ئەم جۆرە جەکە بداتە ئیسرائیـــل ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەبێتە شانۆیەك بۆ تاقی کردنەوەی ئەتۆمی • لـــە کۆتایی دا ، مەبەستی هـــەرە گەورەی ئەمەریکا لـــە ناردنی ساروخی‌بیرشینگ بۆئیسرائیل جێبـــەجێ کـــردنی ئامانجـــە گەندەڵو پوچەکانی زایونیستە بۆ داگیر کردنی خاکی عەرەب لە ژێر پەردەی ڕێکـــەوتنو ناشتی دا •

دوژمن ساروخی « پرشینگ »ی بۆچی‌یە؟

لە کاتێکا ئەنوەر ســـادات‌سەرۆکی میسر لە سەردانەکەیا بۆ ئەمەریکا ستایشی ڕێکەوتنەکـــەی سینای ئەکـــرد • ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا چەنـــدراپۆرتێکیان لە بارەی (هێزی سەربازی ئیسرائیل)ە وە بڵاوکردەوەو ڕایان گەیاند کـــەوا ئەمەریکا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر چەکی بۆ ئەنێری‌و لـــەم دوایی‌یەدا چەکی ئۆتۆمیشـــی بۆ ناردوە عەروەها ڕۆژنامەکان‌ئاشکرایان کردبو کە سەردانی ئەمجارەی « ئیسحاق رابین » بۆ واشنتۆن وەرگرتنی ساروخی (زەوی ـزەوی) ـ (پیرشینگ) ئەبێت کە (٧٤٠ کم) بەژێر زەوی‌دا ئەروات •

ئەم بارەیەوە ڕۆژنامـــەی (واشنتون پۆست) نوسیبوی ئەگەر ئیسرائیل ســـاروخی پیرشینگی دەست کەوێ ئـــەوا عەمو ئەو ولاتانەی دەوروبشتی ئەکەونە مەترسی‌یەوە چونکـــە ئەو کاتە ئیسرائیـــل ئەتوانی بەهۆی ئەم ساروخەوە ئەسوان ئەسکەندەریـــەو ســـودیە بوردومان بکات •

شایانی باسە ساروخەکە لە دوو قوناغ پێك هاتوەو بـــە سوتەمەنی وشك ئیش دەکات • لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار لە ئەمەریکاو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دروست کراوەو تەنیا (٣٠) سی دەقیقەشی ئـــەوێ بۆ ئیش کردنو ئەقینەوە •

ئاژانسی نۆفۆستی لـــەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیـــەکی بڵاو کردۆتەوە تیـــایدا ئەڵێ : سەرکردە زایونیستەکان هەوڵ ئەدەن هۆی سەرەکی ساروخی پیرشینگ بشـــارنەوەو وای نیشان ئەدەن تەنیـــا بۆ تاقی کردنەوەیانە ، بەڵام ڕاستی‌یەـ کەی وانیەو هەروەکو چەنـــد ڕۆژنامەیەکە ئەوەندە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا ئەوەیان لە روی هەماهەنگیوە ئەشکرایان کردوە نیازی ئیسرائیل لە وەر کرتنی ئەم ساروخە هەڵبەرـ ساندنی شـــەڕێکی نوێ‌یە لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاســـتا ، یاخود سەپاندنی ناشتی‌یەکی بێ سەروبن بەســـەر وڵاتە عەرەبی‌یەکاندا لە ریگـــای هەڕەشە کردنـــەوە • ئۆفاری (نیوسانیتس)ی ئەمەریکایی وتوویەتی : پێش ئێستا سەرـ کردەکانی ئیسرائیل بەهاوکاری چەند زانایەکی ئەمەریکـــایی فیشەکی ئەتۆمیان لەو توخمانە دروست ئەکرد کە لەئەرجەنتین و فەرەنساو خواروی ئەفەریقا بۆیان ئەهات ، بەڵام ئێســـتا ئەتوانێ ســـود لـــە توخمی یۆرانیۆم وەر بگرێت کەبیابانی (النقب) نزیکەی (٢٥) هەزار ئەنی تیدایە •

لێرەوە پەیوەنـــدی‌یـــەکی بەهێزمان بۆ دەر ئەکەوێ لـــە ئێوانی وەرگرتنی ســـاروخی (پیرشـــینگ) لە لایـــەن ئیسرائیلەوەو پیلانە گەندەلەـ کانی ئەمەریکا بە مەبەســـتی بەدی هێنانی ئامانجی جـــاو برسێتی ئیمپریالیانەی • ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جار نیە ئیسرائیل داوای ئەم جۆرە جەکە لە ئەمەریکا ئەکات بەڵام لە جاری یەکـــەمدا شلیمنجەر وەزیری بەرگری پێشـــوی ئەمەریکـــا پێشنیارەکـــەی ئیسرائیلی خستە پشـــت گوێ بەو پیانوەی گوایە ئەمەریکـــا خۆی پێویستی زیاتری بـــەو جەکە هەیە ، لێرەدا ناکۆکی‌یەك کەوتە نێوانی شـــلیمنجەرو ئەنجومەنی بیرانی ئەمەریکـــاوە لە ئەنجاما ئەنجومـــەنی بیران جێبەجێ کردنی داخوازی‌یەکەی ئیسرائیلی بەســـەند کـــردو شیلیمەنجەریان بەکەم تەرخەم دایە قەلەم • رۆژنامەکـــانی ئەمەریکا ئەوەیان رون کردۆتەوە کـــەوا حکومـــەتی فۆرد بەڵێنی تەواوی داوەتە ئیسرائیـــل بۆ ناردنی ساروخی پیرشـــینگك‌و فرۆکەی بۆمبا هاوێژی (ف ـ ١٦) جگە لە فراوان کـــردنی یارمەتی‌یە سەربازی‌و ئابوری‌یەکان بۆ (٢٫٥) ملیار دۆلار ئەمە لە لایەکەوە لە لایـــەکی تریشەوە سەرپەرشتی کـــەری جەکەکانی ئەمەریکا (هیربرت سمکوفیل) وتوویەتی ئەگـــەر ئەمەریکا ئەم جۆرە جەکە بداتە ئیسرائیـــل ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەبێتە شانۆیەك بۆ تاقی کردنەوەی ئەتۆمی • لـــە کۆتایی دا ، مەبەستی هـــەرە گەورەی ئەمەریکا لـــە ناردنی ساروخی‌بیرشینگ بۆئیسرائیل جێبـــەجێ کـــردنی ئامانجـــە گەندەڵو پوچەکانی زایونیستە بۆ داگیر کردنی خاکی عەرەب لە ژێر پەردەی ڕێکـــەوتنو ناشتی دا •

نەخوێندەواری لە بەریتانیادا

لندن ٨ـ١١ ئا٠د٠ن

زیاتر لە دو ملیون کەس لە خەلکی بەریتانیا نەخوێندەوارن ئەوانەش نیوەیان تەمەنیان لـــە ٢٥ ساڵ تێناپەڕێ ، ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانیای ئەمەی بڵاو کردۆتەوەو ئیستگەی رادیوو تلفزیون (بی بی سی) بەرنامەی تایبەتی بۆ فیرکردنی خوێندەواری بۆ نەخوێندەوارو کۆلکە خوێندەوارەکان بـــڵاو ئەکاتەوە •• وە بریار وایـــە بەهۆی دەورەی تەلەفزیۆنەوە نەخوێندەـ کەساڵێك ئەخایەنێ نەخوێندەـ وارەکان فێری نوســـێنو خوێندنەوە بکرێن • ڕۆژنامەکە وتویە هەزاری هۆی سەرەکـــی بڵاو بونەوەی نەخوێندەواری‌یە لەبەریتانیا ، چونکە ئەوانـــەی هـــەرگیز ناخوێننەوە لەخێزانە هەژارەکانن !

ئەوەی لـــە پاشەڕۆژا بینـــە بنچینەیەك بۆ وەدی هێنـــانی ئامانجەکانی ، بەڵام زۆر لـــە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکـــان دەمێکە هەستیان بـــەم نیـــازە بووچەلـــەی ئەمریکا کردووەو ئەزانن ئەگەر ڕیگا بدەنـــە سەرمایەی ئەمریکی سەربەرشتی پرۆژەکانی ناوەوەیان بکـــات ئەوا بە زووترین کات تووشـــی دەیان گرفتو کۆسپی نالـــەبار ئەبنو ئابووری نیشتمانیـــان دەکەوێتە مەترسی‌یەوە • هـــەر بۆیەش خـــۆیان دەپارێزن لە فرتو فێڵەکانی ئیمپریالیستو هەوڵ دەدەن لە ڕیگایـــەکی سوود بەخشەوە بـــاری ئـــابووری‌یان بەرز بکەنەوە •

هاوکاری لە هەرێمی کوردستان

ئەنجامی هاوکاری ئەمریکا لەگەڵ کوردا

ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٥ دا ٧٣٢ دەزگای بۆ کوردستان ناردوە

**ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٥ دا ٧٣٢ دەزگای بۆ کوردستان ناردوە ، کە ٦٠٪ی ئەو دەزگایانە بۆ ناوچەی سلێمانی ناردوە ، ٢٠٪ی بۆ ناوچەی هەولێر ناردوە ، ٢٠٪ی بۆ ناوچەی دهۆك ناردوە ، ئەمە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئەمریکا بەرامبەر بە کوردی ناردوە ، کە ئەمە

حەبەشە
شوێنەوارێکی سەختی وگەشتێکی دوورودرێژ ٨

لێکۆڵینەوەو سەرنجێ

بەشی لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرت لە (ئا٠د٠ع) ئامادەی کردوە پێشەکی :

دۆخی سیاسی حەبەشە بەرەو کوێ ئەڕوات ؟ پرسیارێکە لە سەرەتای سەرنجدانو لێکۆڵینەوەی دۆخی ئەم وڵاتەوە دێتەکایەوە ... لە بەرئەمەو بۆ ئەوەی لە بواری وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەوە وێنەیەکی تەواوی دۆخی ئەو وڵاتە بدەینە دەست وا بێویست ئەکات کە سەرنجێك لە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتیو مێژوویی حەبەشە بدەین لەگەڵ ئەوەگیروگرفتانەی کە بەدەستیانەوە ئەنالێنیو وەکە بیویستیان بە تەقەللاوکۆششێکی لە رادە بەدەر هەیە بۆ چارە سەرکردنیان ٠ چ لایە نێك حوکمی حەبەشە ئەکات ؟! تاچ رادەیەك ئەتوانین ڕێژیمی ئەدیس ئەبابا بە جەپەو یان بەرەی دەستی راست دابنێین ؟ ئەریتریاو شۆرشەکەی چی یان بەسەرهات ؟!

حەبەشە شوێنێکی ستراتیجی هەیە لە سەر دەریای سووردا ، وە ئەم وڵاتە ئەریتریای داگیر کردوەو کردویە بەموڵگاو باوانی بنکە عەسکەری یەگەورەکانی ئەمەریکا جەو جۆڵو جالاکی زایونیستەکانیش لەم وڵاتەدا هیچ کۆسپێکی لە بەردەمدا نیە ، جگە لەمەش سروشتی ئەو رێژیمەی لە حەبەشەدا حوکم ئەکات راستەو خۆ کارئەکاتە سەر ناوچەی عەرەبو باشە رۆژی شۆرشی ئەرتیریا ... کەوابوو لێکۆڵینەوەی سروشتی رێژیمی ئێستای حەبەشەو باشە رۆژیو بەرەو کوێ هەنگاو ئەنرێ بایەخێکی تایبەتی هەیە٠!

پێش کودەتاکەی مانگی شوبات

ئەو کودەتایەی قەرال هیلاسی لاسی لە سەر کار لابرد رە نەبێ رووداوێك بووبێ لە بڕو لەناکاو قەومابێ ! بەڵکو ئەم وڵاتە پێش ئەو رووداوە چەند شتێکی تیادا قەوما وەکو بەیەکا هەڵپرژانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرو لە شکر لەلایەك و بەیەکا هاتنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرو هێزە گەلی یەکان لەلایەکی ترەوە ٠ ئەم رووداوانەش بەتێکرایی لە ساڵی ١٩٦٠ دەستیان پێ کرد ...وە ئەم بێ زاریو نارەزاییە لە سەرەتادا بە شێوەی یاخی بوون خۆی نواند لە رێزی پاسەوانی ئیمپراتۆردا وە کە چەند ئەفسەرێکی پێشکەوتن خواز بە شداریان تیادا کرد ... بەڵام ئەم بزوتنەوەیە ئامانجی ریشەیی وگرنگی نەبوو وەکو کۆڕێنی سیستەمی سیاسی ... وە لە بەر ئەوەی ئیمپراتۆر بەتەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتو لەشکردا ئەروتشت ئەم بزوتنەوەیەی لەناو برد ٠ ئەوە بوو لە دوای ئەم رووداوەوە دۆخی سیاسی هێمنیو ئاسودەیی بە خۆیەوە نەبینیو رۆژ بەرۆژ بەیەکا هەڵپرژانی قوتابیو دەسەڵاتو گەلانی حەبەشەو حکومەت توند تر ئەبوو ، تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ کە وڵات پشکەوتنێکی زۆر کەمی بە خۆیەوە بینیو ئەوەندەی تر ناکۆکیو دوژمنایەتی لە نێوان حوکمی هیلاسی لاسیو گەلە جۆربە جۆرەکانی حەبەشەدا بتەوترو توندتر بوو ... لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا قاتو قڕیو برسێتی یەکی ترسناك سەرانسەری وڵاتی گرتەوەو بە سەدان هەزار کەس مردن کەچی بارەو زێری هیلاسی لاسی لە بانقەکانی سویسرادا رۆژ بە رۆژ زیاتر ئەبوون ... دۆخی کۆمەڵایەتی شیواو بوو ناکۆکیو دووبەرەکیو ئاژاوە لاشەی دەزگاکانی دەوڵەتی ئیمپراتوری کرمی کردبو ٠

دەوڵەتو گۆڕینی دۆخی ئەتەوایەتیان کرد بەڵام (ئەمهر)ی یەکان حکومەت بوونو بەئارەزوی خۆیان شتیان ئەکرد ٠

لە لایەکی ترەوە گەل لەژێر باری خەرجو باجدا ئەینا لاندو خاوەن زەویی یەکانیش ببون بە کرێکار بە رۆژانە لەزەوی-یەکاندا وە لە دۆخێکی ناخۆشدا کاریان ئەکرد بۆ ئەوانەی نازە زەویان داربویە ٠

رۆژ بە رۆژ کاربە دەستانو ئەندامانی کەلی (ئەمهر)ی دەولەمەند ئەبوون بەرامبەر بەکلۆلیو برسێتی تێکرای گەلی حەبەشە ٠٠ چینی فەرمان ڕەوا بە توندوتیژیو ناگرو ئاسن هەموو جۆرە بەربەرەکانیەکیان سەرکوت ئەکردو لە شکرو پولیسیش داری دەستی رژێم بوون بۆلیدانی گەل ... بەڵام ئەم دۆخە هەر بەم شێوەیە نەمایەوەو چیتر ناکۆکیو تفاقیو سەرئێشەی لەشکر رووی کردە کاربەدەستانی رژێمو کۆنایی بەشانو کەلەی حوکمی هیلاسی لاسی ئەبرا ٠

لیژنەی میلیتاری

لیژنەی میلیتاری (اللجنة العسکریە) کە لە شوباتی ١٩٧٤دا حوکمی حەبەشەی گرتە دەست لە (١٢٠) ئەندام پێك هاتووە کە لە ئەندامی ئاسایی یەوە تا وەکو پلەی کۆلۆنیلیان تیادایە ٠٠ هەرچەندە رۆژگار ناوی چەند ئەفسەرێکی ون کرد کە کودەتاکەیان ساز کرد بەڵام دیارترینی ناو ئەمانەن ٠

چەنەرال ئەمان ئەندۆم ، ئەتنافوهیلی ، منجستو هیلاماریام ، تیفری بنتی ، ئەتنافواباتی ، وە چەند ئەفسەرێکی تر ٠

چەنەرال ئەمان ئەندۆم خەلکی ئەرتیریایەوە لە منالی-یەوە خێزانەکەی چووە بۆ ئەدیس ئەبابا و بووە بە دۆستێکی نزیکی خێزانی هیلاسی لاسیو بە « سپێنۆلای حەبەشە » ناونەبرا وە کاتێك کەیشتە پلەی چەنەرال ، هیلاسی لاسی خانە نشینی کرد ... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك بوو لە هەرە نزیکەکانی قەرالو لایەنگیرانی لە لەشکردا هەیە ... وە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کومانیان لێ ناکرێت چەنەرال ئەندۆم بەیوەندی پتەوی لە گەڵ بالیوزخانەی ئەمەریکاو (ئیسرائیل)دا هەبووە ٠

بەڵام منجیستوهایلی ماریام کە میجەرە لە لە شکری حەبەشەدا دوای ئاوابوونی ئەستێرەی ئەندۆم ، دەرکەوتو هاتە سەر شانۆی سیاسی حەبەشە ٠ وەکانی خۆی وەرگرت بۆ ئەم مەبەستە ... ئەو رێبازەی لیژنەی ناوبراو گرتیە بەر ئەم خالو تێبینی یانەی خوارەوە روون ئەکاتەوە :-

یەکەم :-

بزوتنەوەی قوتابیان حەبەشە بەهۆی دۆخی دواکەوتوییولاتەوە بجوکو ناکاریگەر بوو لە مەیانی سیاسیدا ، هەروەها ئەم بزوتنەوەیە هیچ یەیوەندییەکی بە کۆڕو کۆمەڵەو پارتیەکی سیاسییەوە نەبوو ، وە ئەو چەند شانەو کۆمەڵە نهێنییەی قوتابیانیش کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینزم بوون بجوك وکەم دەسەڵات بوون ، جگە لە مەش بزوتنەوەی قوتابیان هیچ کاتێك دروشمی (روخاندنی ئیمپراتۆری یەتی) بەرز نەکردەوە ٠

دووەم :

بزوتنەوەی کریکارانیش ئەوەندەی تر لاوازو دواکەوتوو بوو کارگەوفابریقە تاکوتەرا لە ئەدیس ئەبابای پایتە ختدا هەیەو پیشەسازی نوێو چینی کریکار بەشێوە زانستی یەکەی تا ئیستا بەتەواوەتی لە حەبەشە بێ نە گەیشتوە ، وە ئەو کریکارانەی هەنە لە لادێوە هاتوونو لەسەرەتادا جوتیار بوونو ئێستاکەش ڕاڕایی و دوو دڵی سیاسی (التذبذب السیاسی) بە ئاشکرایی کاری تێ کردون ٠٠ هەروەها ئەم بزوتنەوەیەی کریکارانە سەرکردایەتی یەکی رادیوی ئەدیس ئەبابا بە « ئەوکەسەی سەرکردایەتی شورشی ٢٨ی شوباتی کرد » ناوی برد ٠ منجیستو سەر بەخێلی کالایە کە خێلێکی گەورەیە لە حەبەشەدا ٠

بەم پێیە لیژنەی میلیتاری تاکە رێبازێك و بیرو رایەکی دیاری کراوی یەککرتوو نایبات بەڕیوە بەلکو شەڕی نێوان (دەستی چەپو راست ڕەوان) تائیستا هەر ماوەو بەرەئەستێنن و چەپ ڕەوان کە لە کەرتی هێزی ئاسمانیو چەکی ئەندازیاریدا بە هێزن داوا ئەکەن کە حوکم بدرێتە دەست مەدەنی یەکان ٠

راست ڕەوانیش کە زور بەیان سەر بە ئەنەوەی (ئەمهر) یەو دۆستو نوێنەری ئەمەریکان چاوەڕوانی هەڵ ئەکەن بۆ جێگیر کردنی شوێن پێیانو لێ دانی چەپ ڕەوان ٠

چۆنە سەر حوکم !

لیژنەی میلیتاری ، وەکو ئاشکرایە وردە وردەو دوای چەند هەنگاوو ئەفەسێکی درێژ خایاتە سەرحوکمو رژێمی ئەمەریکی هەلوە شاندەوە ... ئەم لیژنەیە سوودی لە رابەڕینی کریکارو قوتابیانو دۆخی شەپرزە بووی وڵات وەرگرت بۆ ئەم مەبەستە ... ئەو رێبازەی لیژنەی ناوبراو گرتیە بەر ئەم خالو تێبینی یانەی خوارەوە روون ئەکاتەوە :-

یەکەم :-

بزوتنەوەی قوتابیان حەبەشە بەهۆی دۆخی دواکەوتوییولاتەوە بجوکو ناکاریگەر بوو لە مەیانی سیاسیدا ، هەروەها ئەم بزوتنەوەیە هیچ یەیوەندییەکی بە کۆڕو کۆمەڵەو پارتیەکی سیاسییەوە نەبوو ، وە ئەو چەند شانەو کۆمەڵە نهێنییەی قوتابیانیش کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینزم بوون بجوك وکەم دەسەڵات بوون ، جگە لە مەش بزوتنەوەی قوتابیان هیچ کاتێك دروشمی (روخاندنی ئیمپراتۆری یەتی) بەرز نەکردەوە ٠

دووەم :

بزوتنەوەی کریکارانیش ئەوەندەی تر لاوازو دواکەوتوو بوو کارگەوفابریقە تاکوتەرا لە ئەدیس ئەبابای پایتە ختدا هەیەو پیشەسازی نوێو چینی کریکار بەشێوە زانستی یەکەی تا ئیستا بەتەواوەتی لە حەبەشە بێ نە گەیشتوە ، وە ئەو کریکارانەی هەنە لە لادێوە هاتوونو لەسەرەتادا جوتیار بوونو ئێستاکەش ڕاڕایی و دوو دڵی سیاسی (التذبذب السیاسی) بە ئاشکرایی کاری تێ کردون ٠٠ هەروەها ئەم بزوتنەوەیەی کریکارانە سەرکردایەتی یەکی سیاسی کارامەی نیە ٠٠ ئەوەش کە ناونراوە بە یەکێتی کریکارانی حەبەشە تەنیا رێکخراوێکی ئیصلاحی نەقابەییە ٠

سێیەم: رێکخراوی سیاسیو پارتی پێشرەو لەحەبەشەدا تارادەیەکی زۆر هەست بە بونی ناکرێ ، ئەم هۆیەش وای کردوە کە گەلانی حەبەشە بەدەست توندوتیژیو توقاندنی حوکمی زەبەر بەدەستی ئیمپراتۆرو هەژاریو دواکەوتویی و نەخوێندەواری و تیرەگەریو خێڵەکییەتییەوە بنالێنن ٠

لە بەر ئەم هۆیەو چەندین هۆی تر لە لەشکر بەولاوە هێزێکی تر شك نەئەبرا کە ئەم ئەرکە رابپەڕێنێو کۆتایی لەوڵاتدا بەرپا بکاتو دوا لایەڕەی شانۆی رژێمی مەلەکی هەلبداتەوە ٠

دەوری ئەمەریکا لە حەبەشەدا ؟!

ئەمەریکا لە ئەسمەرەی پایتەختی ئەریتریا بنکەی (کارجینستیون ستیش)ی هەیە کە بنکەیەکە لە پێنج بنکە گەورەکانی ئەمەریکا لە جیهاندا ٠٠ جگە لەوە بنکەیەکی تریشی لە حەبەشە هەیە بەناوی (دقم حری) ٠ وە دەوڵەتۆکەی زایۆنیستەکانیش چەند بنکەیەکیان لە دوورگەی (دهلك) هەیە ... وەکو زانراوە بنکەی (دقم حری)ی ئەمەریکا لە شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا دژی ئەتەوەی عەرەب بەشداری کردوە ٠ سەرەڕای ئەمانەش چەند ریککەوتنو پەیمانێك لە نێوان هیلاسی لاسیو ئەمەریکادا مورکراو بەپێی ئەم پەیمانانە ئەمەریکا دەسەڵات و شوێن پێیەکی زۆری هەبوو لەحەبەشەدا ... بەڵام لەگەڵ ئەم دۆخەدا هیلاسی لاسی تەمەنی ٨٢ ساڵ بوو پیرو بەك کەوتە بو بەربەرەکانی گەلیش رۆژ بەرۆژ تەشەنەی ئەکردو دۆخی ناو خۆ وای لێ هاتبو کە هیلاسی لاسی کەلکی ئەوەی پێوە نەما بوو بە رزەوەندی ئەمەریکا لە حەبەشەدا بیارێزێ ٠ لە بەر ئەوە دوور نیە ئەم کودەتایە بە دەسیسەی ئەمەریکا سازکرابێ بۆ ئەوەی هیلاسی-لاسی پیرو پەککەوتەوبێ دەسەڵات لابچێو چەند ئەفسەرێکی جەربەزەی بە دەسەڵاتو بەهێز بێنە سەر کار ... بێ گومان رەنگی ئەم نەخشەیەش لە هۆلەکانی ئەمەریکادا رێز راوەو نیشانەو دروشمی (شورشگێڕانەش) لە کودەتاو ئەفسەرەکانی نراوە !! کە ئەمەش پیلانو نەخشەیەکی تری ئەمەریکاو بەنتاکۆنە ٠ راستە ئەنجومەنی میلیتاری کە لە حەبەشە حوکم ئەکات لە (١٢٠)

بروانە ل -١١-

- ئافرەتانی حەبەشە لە خۆ پیشاندانیکا -

شۆڕشی پورتوگال

ڕیشەی مێژووی

- ٤ -

شەری رزگاری خوازانی ئەفریقا :

ساڵی ١٩٦١ شەری جوڵانەوەی رزگاری خوازی لە ئەنگۆلا هەڵگیرساو بەدوای ئەویش دا جوڵانەوەی مەربەخۆی لە گینیا بیساو ١٩٦٢دەستی پێ کردو ساڵی ١٩٦٤ یش بەرەی رزگاری خوازی نیشتمانی لە موزامبیق دەستی کرد بە زەبر وەشاندن لە هێزەکانی پورتوگال ٠ ساڵەکانی شەڕی رزگاری خوازی ئەفریقا بە قۆناحێك لە قۆناخەکانی گەمارۆدانی رژێمی فاشیستی سالازار لە ناوخۆی پورتوگالیش دا دەژمێر درێن ٠

بەڵام سەیر ئەوە بوو کە شەڕەکانی رزگاری خوازی ئەفریقا لە سەرەتادا بەفازانجی رژێمی سالازار تەواو بوون ٠ چونکە توانی سەرنجی خەڵك لەسەر گیرو گرفتی حوکم لە ناوخۆی پورتوگال دا لا بەرێ وبۆلای گیرو گرفتێکی ناونەتەوەی دەرەوەی ڕابکێشی بۆ ماوەیەك وای لێ هاتبوو کە داخوازی گۆڕینی رژێم لە ناوخۆی پورتوگال دا بەشتێکی راست نەدەزانرا لە کاتێك داکۆڕایە وڵات لەگەل « دوژمنێکی دەرەوە » وانە جوڵانەوە رزگاری خوازی یە چەکدارەکان بەرەو روو بووە ٠ لەو ماوەیەدا هێزە دیموکراتیەکانی پورتوگال تەنانەت نەیان دەتوانی مەسەلەی گۆڕینی سیاسەتی ناوخۆش بهێننە گۆڕێ ٠

هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە سەرەتا دا هیچ کەس لای وا نەبوو شۆڕشگێڕەچەکدارەکانی ئەفریقا دەتوانن هێزەکانی پورتوگال بشکێنن ، تەنیا هەست بەوە دەکرا کە مەترسی یەك هەڕەشە لە پورتوگال دەکا ٠ هەر بۆیەش لەسەرەتای ساڵەکانی شەست دا تەنیا یاخی بوونێکی عەسکەری ڕووی دا ٠ ئەویش ئەوە بوو کە لە ناخر شەوی ١٩٦١ دا کاپتان دریلا جومیش لە شباری (بیجا) لە باشووری پورتوگال بە مەبەستی بەدەستەوە گرتنی حوکم لە لایەن سوپاوە هەڵی گیرساند ٠ بەڵام ئەو بزووتنەوەش گیرو گرفتێکی زۆری تووش هاتو تێك شکانی ئەو بزووتنەوەش زۆر بە بێ دەنگی ڕاگیراو ئەمە دوا یاخی بوونی عەسکەری لە دژی سالازاری دیکتاتۆر بوو ٠

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە شۆڕشی چەکدار لە موستەعمەرەکانی پورتوگال لەئەفریقا سەرەتای جوڵانەوەی رزگاری خوازی نەبوو ٠ چونکە لەپێش ئەوەش دا نیشتمان پەروەرانی ئەفریقا رێکخراوی سیاسی خۆیان لە ناو خۆی موستەعمەرەکانو لە پورتوگالو لە زۆر وڵاتی تری ئەوروپاو ئەفریقا دا دامەزراندبوو (کە یەکێك لەوان ئەلجەزایر بوو٠) ئێکۆشانی ئەو رێکخراوانە وەختێکی زۆری پێ چوو هەتا لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە پاریس رایان گەیاند کە : « ئازادیو پێشکەوتنی وڵاتە ئەفریقاییەکانی ئێمە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیو سیاسی پورتوگال جیان » ٠ دوو ساڵ دواتر « بەرەی شۆڕشگێڕی ئەفریقا بۆ سەربەخۆیی نیشتمانیی موستەعمەرەکانی پورتوگال » بەرنامەیەکی ڕا گەیاند کە لەو دا تەئکید کرابووە سەر « رێگای ناشتی خوازانەو خۆ پاراستن لە شەڕ » تەنانەت رێکخراوە نیشتمانییەکانی ئەفریقا هەوڵی ئەوەشیان دا کە لە رێگای ئەتەوە یەکگرتوەکانەوە حکومەتی پورتوگال ناچار بکەن رێکایەکی ئاشتی خوازانە بۆ چارەسەری کێشەی موستەعمەرەکان بدۆزێتەوە ٠ دیارە حکومەتی سالازار گوێی بۆ ئەم داخوازە شل نەکردو تەنانەت دوای ئەوەش کە خەباتی گەلانی ئەفریقا گەیشتە قۆناخی شۆڕشی چەکدارو پاش ئەوەش کە کێشەی چەکدار زیاتر لە دەسالی کێشا لەو هەلوێستەی نەهاتە خوار ٠

بیرو بڕاوەڕی کولونیالیستەکان :

بیاتووی سالازار بۆ درێژە پێدانی شەڕی ئەفریقا بەمانە بوون ٠

١ - سیاسەتی حکومەتی پورتوگال سیاسەتێکە کە هەموو نەتەوە « بێ ئەم لاو ئەو لا » پەسەندی دەکاو هیچ حکومەتێك ناتوانێ ڕێکایەکی تر لە بەرەنگار بوونی « بیاو کوژە ئەفریقاییەکان » دا بدۆزێتەوە ٠

٢ - هەرئەمەکانی ژیانی دەسەڵاتی پورتوگال لە ئەفریقا بەتەواوی پەشێکن لە پورتوگال هەروەك لیشبۆنەو کوباسا ٠ لەبەرئەوە بۆیە ئەوەندی نێوان رەگەزە جۆرە بەجۆرەکانی خەڵکی پورتوگال وەك ئەو پێوەندییانە نیە کە لە موستەعمەرەکانی فەرەنساو بەلجیکاو بەریتانیا دا پێك هێنراون ٠

٣ - پورتوگال بەدرێژایی مێژوو سەربەخۆیی خۆی پاراستوەو نەبۆتە بەشێك لە ئەسپانیا ٠ بەڵام نەگەر بیتوو هەریمەکانی ئەوبەری دەریای لێ بکرینەوە سەربەخۆیی پورتوگال بە قازانجی ئەسپانیا دەکەوێتە مەترسییەوە ٠

٤ - پورتوگال لە ئەفریقا شەڕی کولونیالیستی ناکا ، بەلکو تەنیا کردەوەیەکی پۆلیسییە ٠ چونکە ئەو « زەبرو زەنگەی » ئەفریقاییەکان شتێکی دەسکردەو لە دەرەوە پا هاتوەو خەلکی ئەو هەریمانە هیچ بایەخی پێ نادەن ٠

٥ - حکومەتی پورتوگال کە بەرهەڵستی جوڵانەوەکانی ئەفریقا دەکا کە بە هاندانی مۆسکۆوبەکین بەرپابوون لەراستی دا بۆتە قەڵایەکی پتەو بۆ بەرگری کردن لە « جیهانی ئازاد »و لە « شارستانیەتی مەسیحی » لە (قارەی رەش) دا ٠

وەنەبێ ئەم بڕو بیانوانەش بە گوێی خەلکی پورتوگال دا نەچووبن ٠ چونکە هەر لەگەڵ ئەوەدا پرویاگەندەیەکی زۆریش بۆبێ پاك کردنەوەی شەڕی ئەفریقاو بۆ بزواندنی هەستی خەلك دەکرا ٠ هەربۆیە هەلگیرسانی کێشەی ئیستعماری پورتوگال لە ئەفریقا گیرو گرفتێکی زۆری بۆ هێزە دیموکراتیەکان پێك هێنا ٠ تەنانەت لەناو ئەوانیش دا هێندێك ناکۆکی تازەی دروست کرد ٠ لەگەڵ ئەوەی هەموو هێزو دەستەکانی معارضە دژی رێبازی سالازار بوون ، بیرو باوەڕیان لەسەر چارەسەری یەکجاری گیروگرفتەکان جیازازی هەبوو ٠

لە هەلبژاردنی ساڵی ١٩٦١ دا هێزە دیموکراتیەکانی دژ بە حکومەت داوایان دەکرد کە دن بە مافی دانانی چارە نووسی گەلانی موستەعمەرەکانی ئەفریقاو هەروەها کەلی پورتوگال دا بنرێ ٠ بەڵام لە سەر ئەوە کە ئەو مافی دانانی چارە نووسە دەسبەجێ بدرێ یا پاش ماوەیەکی کەم یا ژۆر بیرو ڕایان لێك جیابوو بەشێك لە هێزەکانی معارضە دوایان دەکرد کە لە بارەی مەسەلەی موستەعمەرەکانەوە لە پرسینێکی کشتی بکرێو پێش لە پرسینەکەش هەموو ژۆرو ئومەلە سیاسیەکان بە ئازادی لەسەر مەسەلەکەو وتوویژ بکەنو چ رێکایەکیان بە باش زانی هەلی بژێرن ٠

بەڵام سالازار بیرێکی تری بۆ هات ٠ ئەویش ئەوە بوو کە وەڕێ خستنی چەند خۆ پێشاندانێکی دەسکرد بۆ پشتگیری لە سیاسەتی ئەو، دەتوانی تەنسیرێکی باشی هەبێو دوژمنەکانی سالازار لەوە بترسێنی کە تومەتی « خەیانەتی مەزن » یان بدرێتە پال ٠ لەگەڵ ئەوەش دا دیسان مەسەلەی موستەعمەکان ببووە جێگای باسی هەموو خەلکی پورتوگال لە هەموو جێگایەك ٠ هەرچەند رژێمی سالازار زۆریشی قەدەغە کردبوو ٠

لەو باس لێکردنەوە بەرەبەرە کۆمەڵانی خەلکی پرتوگال تاوەڕۆکی گیروگرفتە کە تێ گەیشتن و سیاسەتی حکومەتیان کوناهبار کرد ٠ بەو هۆیەوە هەموو هێزە پێشرەوەکانی ناو کۆمەلی پورتوگال لە گەل جیاوازی بیرو باوەڕی سیاسیو ڕێبازی ئیدە نولۆژی یان دا رێکای ئەوەیان بۆ کرایەوە کە رەفتاری حکومەت لە ئەفریقا دا کوناهبار بکەن هەر چەند دەرەتانی ئەوەشیان زۆر نەبوو کە نارەزای خۆیان لە دژی ئەو رەفتارە بە چەشنێکی بەربڵاو دەربڕن ، بەڵام توانیان بۆخەلکی ئاشکرا بکەن کە سیاسەتی حکومەت لە ئەفریقا تەنیا سیاسەتی سالازارە، نەك سیاسەتی « هەمو نەتەوە» هەروەك حکومەت ئیدیعا دەکا٠

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە رژێمی سالازار کەسی وای دەست نەدەکەوت کە سیاسەتی ئیستیعماری لە ئەفریقادا تەئیید بکا : بەپێچەوانە ، هێندێك کەس باوەڕیان وا بوو کە لە دەست چوونی موستەعمەرەکان مانای لەناو چوونی پورتوگالەو ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدا

بروانە ل -١٠-

Institut kurde de Paris

وتەی لاپەڕە

گۆران «و نوبلی خۆشەویستی ئێمە

رۆژی ١٨ی ئەم مانگەمەناومان بە ڕێ کرد ، هەروەکو «١٣» ساڵ لەمەوپێش لاشەی گۆرانمان بە خاك سپارد ٠

هەر پایزی کاتێ یادی مەرگی گۆران بە دڵماندا تێ‌ئەپەڕێ بەلکەزێڕینەی هۆنراوەکانی ئەکەینە کەردنی کەژەکانمان ٠٠

گۆران مەزن بوو ٠٠ بلیمەت‌بوو ٠٠ خۆی وانەنی « عەکسی قەمەر بوو لە ئاو حەوزێکی‌لیخت »دا ٠٠ ئەگەر کوڕی میلەتێکی هەژار نەبوایە ، ئاخۆلە کام ئاسمانی بەخ‌و سەربەرزیا ئەوەستاو سەر بۆخۆری بەهرەی دانەنەوێنرا ٠٠

لەسەر گۆران نووسین ، لە گۆشەیەکی وا بچکۆلەدا ئەبێ چی بێ ، لەوە زیاتر کەبرووسکەیەکی خۆشەویستی بێ‌و بۆ ئەم یادە لێ‌بدرێت ! ئەبێ چی بێ لەوە زیاتر بڵێین ئەی گۆرانی مەزن ! زەنگەئەدیبانی جیهانی شارستانیەت « نۆبل » وەربگرن ٠٠ یان‌ڕێزو ستایشی کەورەییان لێ بنرێ ، بەڵام تۆ سەربەرزییەکی‌زۆر کەورەت هەیە ، ئەویش خۆشەویستی بێ‌پایانی‌هەژارانی کوردە ٠٠ خۆشەویستی بێ‌پایانی هەژارانی کوردە ، خۆشەویستی هەموو پێشکەوتن خوازێکی عەرەب‌و جیهانە ٠٠ ئەوانەی ئەتناسن ، ئەوانەی ئەتانەت بە هۆی وەرگێڕانیشەوە شیعرەکانتیان خوێندۆتەوە تۆ لە ڕیزی ناظم‌حیکمەت‌و لۆرکا و نیرۆداو ئاراگۆن دا دانەنێن ٠٠

بەڵێ ! گۆران وەك هەموو هونەرمەندێکی راستەقینە ، خاوەنی هەلوێستێکی چاونەترسانەی کۆمەڵایەتی بوو ٠ هونەرەکەی لە پێناوی ئینسانی‌وڵاتەکەی‌و هەموو جیهاندا ئەخەملاند ٠ بانگی پرایەتی‌کوردو عەرەب‌و هەموو ئەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینەی هەلئەدا٠٠ ژیانی وەکو ژیانی هەموو هونەرمەندێکی هەلکەوتوو ئازاڕ بوو لە کۆسپ‌و تەگەرە نیگەرانی ٠٠ سەیر نی‌یە لەکۆمەڵێکی دواکەوتووی وەك کوردەواری ئێمەدا گۆران‌بیزراویش بووبێ‌و زۆر شتی بێ‌بایەخی بۆ کرابێتە بیانوی‌ئازاردانی ٠ بەڵام هەموو ئەو ئازارو سزایەش بوونەتە هۆی‌سووتان‌و زیاتر بەرەو پێشەوە چوونی ـ ئێمە واین مرۆڤ هەتاە ژیاندا بێ نرخی نازانین بەڵام دوایی کۆڕەکەی‌ئەڕازینینەوەو شیعری بۆ ئەڵێین ـ ٠٠ گۆران تائێستەش هەقی خۆی نەدراوەتێ‌و پشت‌گوێ خراوە ٠٠

ئاشکرایە هەلکەوتوویەکی وابووە لە هەموو بابەتێکدا پێش ڕۆژگاری خۆی کەوتووە ٠٠

شیعرەکانی ، پەخشان وتاروموحازەرەکانی نیشانەی قوولی‌و دوورب‌ینی‌و هەلکەوتوویی‌ئەون ٠٠

مامۆستا دکتۆر عیزەدین گێڕایەوە وتی : هۆنراوەی « ئەی قەیس !» شاعیری دەورەی عەرەب جەواهیری ، کە گۆران کردوویەتی بەکوردی ـ م لەنێزگەی‌کوردی‌بەغداوە ئەخوێندەوە کە جەواهیریم دی وتی :« گوێم لە وەرگێڕانەکەی گۆران بوو گریاندمی ، من کوردی‌نازانم ٠ بەڵام مۆسیقاو سۆزی وەرگێڕانەکەی گۆران لە هی‌شیعرەکەی من بە کولترە » ٠

گۆران پێش هەموو شتێ‌هونەرمەند بووە ٠ بە چاوی تیژی هونەرمەندێکەوە سەیری‌سروشت‌و ژیان‌و هونەری کردووە ٠ لە جوغزی کۆمەڵایەـ‌نیشدا ، خاوەنی هەلوێستێکی ئینسانی بووەو هەمیشە لەگەڵ‌میلەتەکەیدا بووەو بەهەرەی خۆی بۆ پیشخستنی کۆمەڵ‌ڕەخساندووە ٠

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی‌گۆران بکەین ، بە شێوەیەکی کشتی‌ی هەتا کۆچ‌کردنی هەرلەبەرەو پێشەوە چوون‌و هەڵچوونداا بووە ٠ پێشڕەوی‌ئەو نوێ‌کردنەوەیە بوو ، کە لە سەرەتای سی‌یەکانەوە لە شیعری کوردیدا سەری‌هەڵداو کەشەی سەند٠ گۆران زمانێکی تازەی هونەری بۆ شیعر داهێناو توانی لە روخسارو‌ناوەڕۆکدا گۆڕانێکی کەورە لە شیعردا بەدی بهێنێ ٠ لە یادی‌گۆرانی مەزندا ٠ لەگەڵ « عەبدولوهاب بەیاتی »ی‌شاعیردا ٠٠ ئەڵێین :

لەوێ لە لووتکەی چیادا
لە نزیك بەفرو ئاگرا
« گۆران »ی شاعیری ئێمە٠٠
سنگی خۆی بۆ هەڵوێ بەرزفڕ
بو خۆرەتاو ئەکردەوە ٠٠
هەتاکو گەل ،
تاکو ئینسان لە دایك بێ ٠٠

ئەدەب‌و ژیان

ـ ماموستا گۆران ـ

ڕۆبرت هێریك و گۆران و گۆڵی لاولاو

بە زەمانی عاتیفە نادوێنەر بڵێین : گۆران شاعیرێکە لە ریزی شاعیرە ناسراوەکانی‌جیهاندایە ٠ چونکە شاعیرێکی وا ئەگەر هەڵکەوتوو خاوەنی‌بەرهەمو بەهرەیەکی گەورە نەبێ ،بە تەنیا بە خۆشەویستی‌ئێمە نابێتە ئەو شاعیرە ٠

خوێنەری خۆشەویست !لێرەدا ئێمە ئەم دوو پارچە هۆنراوەیەتان ئەخەینە پێش‌چاو ٠ یەکێکیان ئینگلیزی‌یەو هی ڕۆبرت هێریکە ئەوی تریان‌هی گۆرانەو وەك خۆی لە بەراوێزی شیعرەکەیدا دەس‌نیشانی کردووە ، لە بنەڕەتدا فیکرەکەی لە ئینگلیزیەوەوەرگرتووە ٠ شیعرەکە باسی « مردن »و « سوود لە تەمەنی‌کورتی ژیان وەرگرتن »ە ٠ شیعرە ئینگلیزی‌یەکە زۆر بەڕەردی کراوە بە کوردی ٠ ئێمە ئەوە ڕەچاو ئەکەین کە شیعرەئینگلیزی‌یەکە مۆسیقای زمانی نەژادی خۆی دۆڕاندووەوەرگێڕانەکەش هەرچەند سەرکەوتوو بێ نابێ بە‌شیعرەکە خۆی ٠ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر بەراوردێکی هەر دوو پارچەکە بکەین ، ئەبینین راستەگۆران لە ئەوی وەرگرتووە ، بەڵام گیانێکی کوردانەوبلیمەتانەی بەبەردا کردووەو لە قالبێکی هونەرمەندانەتردا دایڕشتووە ٠

شیعری شاعیری ئینگلیز
ڕۆبەرت هێریك
وەرگێڕ : صلاح عبدالکریم

« زۆربا پاڵەوان‌و ناوی‌ڕۆمانە بەناوبانگەکەی نیکۆس کازانتزاکی‌یە »

ڕەئووف بێ‌گەرد

« شەوێك ٠٠ لەسەر لوونکە بەفرینەکەی چیای «ماسیدوینا» ڕەشەبایەکی ترسینەر هەڵی‌کرد ، ئەو کوختە بچووکەی خۆم تیا حەشار دابوو ، کەوتبووە هەژین ، پاکە ئەی‌ویست ژێراو ژووری بکات ،

بەڵام من ئەوەندەم دەست کاری کردبوو کە بتوانێ خۆی بکرێت، بە تەنیا لەبەر ئاگری زۆپاکە هەڵ تروشکابووم ، بێ‌ئەکەنیم‌و بەرەنگاری ڕەشەباکە ئەبووم ٠ هاوارم لێ‌ئەکرد « ناتوانیت خۆت بکەیت بە کوختەکەمدا ، دەرکات لێ‌ناکەمەوە ئاگرەکەم ئاکوژێنیتەوە ، هەرگیز ناتوانیت باشەکشەم بێ‌بکەیت » ٠ لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوی بە ژیاندا هەڵهێناوە ، بە ڕەنگاری هێزی سروشت بووەو لە شەڕێکی بەردەوامدا بووە لەگەلیا ، هەندێ جار زال بووەو زۆر جاریش لەبەردەم بەستەلەکی‌و لافاوو دیاردە سروشتی‌یەکاندا شکستی خواردووەو کەوتووە ٠ کرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ کۆڵی نەداوەو بەشێکی زۆری لەبێناو بەرژەوەندی خۆیدا ژێردەست خستووە ، ئەمە لە کاتێکا کە سەروەڕ لەگەڵ چەوساندنەوەو بەرهەڵستی ـ دەست بەسەـ ڕاکرتنی مرۆڤی هاورەگەزیدا بەرەنگار بووەو گیان بازی کردووە ٠

« زۆربا » وێنەیەکی زیندووی ئەو مرۆڤانەیە ، بەرگەی کارەساتەکان ئەگرێ‌و بەرتەقای ئەوەیش بەگژ نەرێتی پواوو شوێنپێ هەڵگرتنە ناوارو ناهەمواره‌کانی کۆمەڵدا ـ ـەچێت ، بەو سپی‌پۆشانە بڵێن‌ئەکەنێ گە ئەژین بۆ ئەوەی بەژین‌و کۆمەڵێکیان کردووە بە کۆیلەی بڕوانـەزۆرو پاش‌ـ کەوتەکەیان ٠

« زۆربا » مرۆڤێکە ناتوانێ‌ـ کردنەوەکانی ژیان‌و شێوەی بیرکردنەوەی لە باوەڕێکی تەسکی خۆبەرستی‌و ڕەگەزپەـ ڕستی‌یەوە بەرەو دیدێکی فراوانتر پەل‌ئەهاوێ ٠ بەحۆی بزانێت یان نەزانێ ، ئەندامێکی هەرە کاریگەری کۆمەڵەو ئەگەر هەموو مرۆڤێك وابیربکاتەوە نە چەوساندنەوە ئەمێنێ‌و نە کەسیش لەکەس ئەکەوێت ٠ ئەوەتا قسە بۆ سەرۆك کارەـ کەی ئەکات‌و ئەڵێتا :

« ماوەیەك بەسەرما تێ‌پەڕی، تیایا ئەمووت « ئەمە تورکەو ئەوە بولگارەو ئەمەیش یۆنانی‌یشە ، من لەپێناو ئەوەی سەردەمەی ئەوروپا ئەوەستێ ئەیان‌کات بە کالتەـ جاڕ ، موعجیزەی دروژیان بۆ دروست ئەکاو لەبەردەم خەڵکە سادەکەدا رووتیان ئەکاتەوە ٠

ـ زۆربا ـ بە هەموو چڕی وزەخمێکی ژیانەوە ئەەژی ، مرۆڤێکی خاکی‌یەو لە ـ فەیلەسووفێك زیاتر لە ژیانـ کەیشتووە ، مامۆستایەکە هەموو گوێی لێ‌ئەگرین ، ئەمانەوێت لێ‌یەوە فێربین ، باوەڕەکانی لە مێشك‌و دەروناماندا بنچ دانەکوتێ‌و جەنجالی ئەم سەردەمەو ئالۆزی ژیانی‌مرۆڤیان تیا بێچەوانە نەبێتەوە ، دنیا نادات بەکۆلیاو لە کەوتنا سەرکەوتن ئەبینێ ، کالتەی بە ورەبەردان دێت‌و لە ئاسۆیەکی زۆر فراوانترەوە ئەڕوانێتە ژیان ٠ کاتێ پرۆژە مەزنەکەیان ئەڕوخێت ، ناگری‌و خۆی بێ‌ئاوو نان ناکات ، دەستی هەڵ‌ناپێکێ‌و ورە بەرنادات ، دەست ئەداتە چەقۆکەو ئەنیشێتە سەر بەرخە بڕژاوەکە ، زۆر بە هێمنی بە سەرۆك کارە مایەپووتە کەی ئەڵێت :

ـ ئەی لاولاوی ئێستك‌سووك
ئێمە بەکول بۆت‌ئەگرین
کەوا تۆ زوو کۆچ‌ئەکەی ،
پێش ئەوی ڕۆژی ڕووناك
بکاتە ئیوەڕۆکەی ٠٠
دانێك بە خۆتابگرە ،
تاکو ڕۆژ ئاوابێ‌و
هەردوکمان بە یەك‌ناواز ،
پێکەوە ئوێژێك بکەین
ئەنجا هەردوو بەجووتە
لەم جیهانە کۆچ‌ئەکەین
وەك تۆ ئەمەنمان
کورتە هەردوو
بەهارمان کورتە
ئێجگار زوویش گەورەئەبین
لەپێناوی مردنا ،
وەك تۆو هەمووشتی‌تر
کەم ئەبین لەژیانا ٠٠
هەروەك سایەکانی تۆ
کە چۆن هەر زووشك ئەبن ،
هەروەك بارانی‌هاوین
کە چەند خێرا خۆش ئەکا ،
یا وەك ناورنگی بەیان
کە هەرگیز جارێکی‌تر
هیچ کەسێ بەدی‌ی‌ناکا ٠٠

● گۆڵە لاو لاوی گۆران ●

بەکول گریان لە چاوم‌دێ ، گولی لاولاوی ڕەنگاو ڕەنگ!
لەبەرچی شین ئەبی وازوو ؟ چیە ئەسبابی ژاکانت ؟
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە ، بۆچی وەها بێ دەنگ
ئەژاکێی ؟ توخوا ، ئەی‌گول ، صەبر ٠٠ دەس‌ـتم بە دامانت !

⊙

صبر ٠٠ توبی خواتاوێکن‌تر ڕاوەستە ، تا عومرم
وەکو ڕۆژی چلەی‌زستان لە هەوری مەینەت ئاوا بێ ،
منیش هاوڕێی سەفەرتم،لەی گولی لاولاو منیش ئەمرم !
منیش خیلقەت ، وەکوتۆ ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ !

⊙

منیش وەك تۆ بەقام کرتەو بەهارم تیرۆ کەم فرصەت ،
گەشەم مەیلەو زەوالەچەشنی تۆ ،
چەشنی هەموو دنیا ،
وەکو بارانی هاوین‌زو ـ فەنایە عومری بێ مروەت ،
تەبەخور مایەیە ، هەیهات ، بە چەشنی شەونمی سەرگیا !٠٠

(١) بنەڕەتی بیری ئەم‌هەڵبەستە لە شیعری ئینگلیزی وەرگیراوە ٠

⊙

ئەدەبی وژیان

« زۆربا پاڵەوان‌و ناوی‌ڕۆمانە بەناوبانگەکەی نیکۆس کازانتزاکی‌یە »

ئەگەر پرۆژەکەی زۆربا سەربگرێت ئەزانن چی‌ئەکات : « جێگایەك هەڵ‌ئەبژێرێ‌و ناوی‌ئەنێ ـ شوێنی هەڵبژاردنی هاوسەر ـ ٠ ئەو ئافرەتە ئەزۆك‌و شەل‌و خێل‌و ناولاوی‌و نابووتانەی خۆشیان لە پیاو ئەدیوە کۆیان‌ئەکاتەوە ، لەو هۆلە بچووکەدا کە بە وێنەی لاوی قۆز ڕازاندویەتەوە بێشوازیان ئەکات ، بێ‌یان ئەڵێت : « هەڵبژێرن ٠٠ کامەی بە دڵتانە و ئارەزوتان لێ‌یەتی ، باشماوەی کارەکەتان بە من بسپێرن ، من ئەیان‌کەم بە هاوسەرتان » ٠

ئەنجا ئەو لاوانە ئەدۆزێتەوە کە لە دلخوازی ئافرەتەکان ئەکەن ، پارەیان ئەدانێ‌و ناونیشانی تەواوی مالی ئافرەتەکەیان بۆ هەڵ‌ئەدات ، بە لاوەکان ئەڵێت : بێز لەو ئافرەتانە مەکەنەوە ، من بۆ ئەوە پارەتان ئەدەمێ ، لە ئافرەتە کە ئەیەوێت لەوەودوا بە بوەندی‌یەکی شەریفانەی ـ ژن‌و مێرد ـی بیبەستێتەوەو بۆ ئەوەیش زۆربا هەڵـ ئەبژێرێ ٠

ئەگەر بڕۆژەکەی زۆربا سەربگرێت ئەزانن چی‌ئەکات : « جێگایەك هەڵ‌ئەبژێرێ‌و ناوی‌ئەنێ ـ شوێنی هەڵبژاردنی هاوسەر ـ ٠ ئەو ئافرەتە ئەزۆك‌و شەل‌و خێل‌و ناولاوی‌و نابووتانەی خۆشیان لە پیاو ئەدیوە کۆیان‌ئەکاتەوە ، لەو هۆلە بچووکەدا کە بە وێنەی لاوی قۆز ڕازاندویەتەوە بێشوازیان ئەکات ، بێ‌یان ئەڵێت : « هەڵبژێرن ٠٠ کامەی بە دڵتانە و ئارەزوتان لێ‌یەتی ، باشماوەی کارەکەتان بە من بسپێرن ، من ئەیان‌کەم بە هاوسەرتان » ٠

ئەنجا ئەو لاوانە ئەدۆزێتەوە کە لە دلخوازی ئافرەتەکان ئەکەن ، پارەیان ئەدانێ‌و ناونیشانی تەواوی مالی ئافرەتەکەیان بۆ هەڵ‌ئەدات ، بە لاوەکان ئەڵێت : بێز لەو ئافرەتانە مەکەنەوە ، من بۆ ئەوە پارەتان ئەدەمێ ، لە ـ ئیشتمان ـدا کاری زۆر سەیرم کردووە ، ئەوانەی تورك بوون یان بولگار ، زۆر جار خۆبەخۆ جنێوم پێ‌داون ، کەلۆرانە ٠٠٠ بۆ دۆزەخ ! بڕۆن بۆ دۆزەخ زۆلانە ، بەڵام ئێستا ئەزانی چی بە خۆم ئەڵێم ـ زۆربا ئەڵێ ـ ! ئەمە پێناوێکی نازایە ، ئەوە زەلامێکی ڕۆخلە ٠ ڕەنگە ئەوانە تورك بن یان بولگار ، بەڵام من جیاوازیان لێ‌ناکەم ، چاکن یاخراپ ، ئێستاکە پیری ڕووی لێ ناوم ، سوێند بەو نانەی کەپێی ئەژین ، چاك بن یان خراپ من هەستم بۆیان ئەجۆشێ ، کە مرۆڤێك ئەبینم دڵم بۆی لێ‌ئەدات ، بە خۆم ئەڵێم : « ئەم مرۆڤە عەزارەیش کەوتووە ئەخوانەوە ٠ خۆشەـ ویستی‌و ترسی هەیە ، خواو ئەمریکەی لەدەورە ، ئەمیش چەشنی ژیان دانەنێ‌و لێ‌ی نەکەوێت ، لاشەیەکی بێ‌گیانی ووشك‌هەڵاوو ، لەژێر زەویدا ئەبێتە خۆراکی مارو مێرو ، ئای هەزار ، ئێمە هەموومان براین، هەموو گۆشتی دەم مێروین » ٠

زۆربا ـ هورباکس ـی کەوتوو ئەکاتە هاوسەری خۆی، بەڵام ئەك لەبەرئەوەی کە خۆی ئارەزووی لێ‌یەتی‌و حەز بە ژن‌هێنان ئەکات ، بەڵکو ئەنیا لەبەر ـ خاتری ئەو ئەو سەردەمەی ئەوروپا ئەوەستێ ئەیان‌کات بە کالتەـ جاڕ ، موعجیزەی دروژیان بۆ دروست ئەکاو لەبەردەم خەڵکە سادەکەدا رووتیان ئەکاتەوە ٠

ـ زۆربا ـ بە هەموو چڕی وزەخمێکی ژیانەوە ئەەژی ، مرۆڤێکی خاکی‌یەو لە ـ فەیلەسووفێك زیاتر لە ژیانـ کەیشتووە ، مامۆستایەکە هەموو گوێی لێ‌ئەگرین ، ئەمانەوێت لێ‌یەوە فێربین ، باوەڕەکانی لە مێشك‌و دەروناماندا بنچ دانەکوتێ‌و جەنجالی ئەم سەردەمەو ئالۆزی ژیانی‌مرۆڤیان تیا بێچەوانە نەبێتەوە ، دنیا نادات بەکۆلیاو لە کەوتنا سەرکەوتن ئەبینێ ، کالتەی بە ورەبەردان دێت‌و لە ئاسۆیەکی زۆر فراوانترەوە ئەڵوانێتە ژیان ٠ کاتێ پرۆژە مەزنەکەیان ئەڕوخێت ، ناگری‌و خۆی بێ‌ئاوو نان ناکات ، دەستی هەڵ‌ناپێکێ‌و ورە بەرنادات ، دەست ئەداتە چەقۆکەو ئەنیشێتە سەر بەرخە بڕژاوەکە ، زۆر بە هێمنی بە سەرۆك کارە مایەپووتە کەی ئەڵێت :

« زۆر باش بڕژاوە ، ئەتەوێت پارچەیەکت بۆ لێ‌بکەـ مەوە ، ئەزانی چەند بەلەزەتە : ئەوەندە ناسکە لەناو دەمانە توێتەوە من‌لە ژیانمانەنیاجاریکی تر گۆشتی وا بە لەزەتم خواردووە ، ئەو کاتەی کە سێ سەد بولگاری گەمارۆیان داین‌و ئەیانەویست بمان کوژن ، ئێمە ئەنیا بیست‌و پێنج یونانی بووین ، کە بەرخە بڕژاوەکەمان لە چالەکەدا دەرهێنا لیك بەلای لێوما هاتە خواری ، وەك حەلوای کەزۆ خۆی ئەتوایەوە » ٠

سەرۆك کارە ڕەنج بەفیڕۆـ چووکەی عیجی بەدەستەوە ئەماوەو لەو دەشت‌و دەرەدا بێجگە لە زۆربا کەس نابینێ ، هەرچەندە بە هۆی بیروڕاکانی زۆربباوە شنکستی پرۆژە مەزنەکە زۆرکاری لێ‌ئەکردووە، بەڵام هێشتا بە یەکجاری دەست‌بەرداری خەم‌و پەژارە نەبووەو وەك هەموو کەسێکی تر کە لە تەنگانەدا بەنا ئەباتە بەر هەندێ کاری ـ ئەفسانە ـیی ئەمیش بێ‌ی ئەڵێت :

زۆربا ٠٠٠ بزانە پشتی بەرخە بڕژاوەکە ئەڵێ چی ؟

دیارە ئەمە ئەفسانەیەکی یونانی‌یە بۆ بینینی بەخت‌و چارەنووس ، وەك فنجانی قاوەکەی لای خۆمان٠ زۆربایش لە پشتەسوور داگەڕاوەکە ڕاڵەمێنێ‌و ئەڵێت : « هەموو شتێك بە ئارەزووی تۆ ئەبێت ، سەرۆکی بەڕێز بە دلێکی پۆلایینەوە هەزار ساڵی تر ئەژین » ٠

کێ بێت کە باسی یۆنان کرا زۆر بای ئەکەوێتە یاد ، یان بە بێچەوانەوە ، ڕەنگە زۆربەمان بێش ئێستا زۆربامان خوێندبێتەوە ، بەڵام با بە لایەنی کە مەوە جارێکی تریشی بخوێنینەوە و ئەوسا بێ‌کومانم ئەم‌ـ پرسیارانە ئەکەین :

ئەی ئێمە باسی کێ بکرێت دێینەوە یادی خەلك ؟ ئایا ئێمەیش زۆربایەکمان ئەبێت ؟ ئایا ڕۆمانێکی کوردی وا دێتە کایە کە بریتی‌بێت لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردەواری ، پاڵەوانی چیرۆکێکمان بۆ فەراهەم دێت کە گوێی لێ بگیرێت‌و خەلکی بۆی بێ‌دەنگ‌بن ؟

ئەمانە پرسیارن‌و پێشکەش بەوانەی ئەکەین کە لە ئەمڕۆو سبەینێدا ناوی خۆیان ئەنین

ـ ڕۆمان نووسی کورد ـ ٠

نامەی کەوتە

دلشاد عەبدوڵڵا

ـ١ـ

ئەگەر هاتیە لام وەك هەور
با بارانت سەوزبێ
ئەگەر هاتیە لام وەك شیعر
با موسیقات شمشاڵ بێ
ئەگەر هاتیە لام وەك ڕێبوار
با هەگبەت پڕ لە عەوال بێ
ئەگەر هاتیە لام ، لێم گەڕێ
با وەك ڕووبار ٠٠
وەك پێکێ گوڵاوو٠٠ وەك هەتاو ،
بتخۆمەوە ٠٠

ـ٢ـ

کە ون ئەبی ٠٠ لێت‌ون نابم
کە ون ئەبم ٠٠ لێم‌ون نابی

ـ٣ـ

کە ون ئەبی ٠٠
چرای ماڵی خەمێکی‌تر
دانەگیرسێنم ٠٠ ئەگریم
کە ون ئەبم ٠٠
وەك چرا بۆت ئەگەڕێم و ،
وەکو بولبول بۆت‌ئەگریم ٠٠

ـ٤ـ

ئەگەر هاتیە لام وەك شیعر
با وشەت ئەستێرەوگول بێ
با موسیقات بولبول بێ ٠٠

ـ٥ـ

ئەگەر هاتیە لام ، لێم گەڕێ ،
با وەك دنیا بتکەمەوە
با وەك کتێب بتخوێنمەوە ٠٠

ـ٦ـ

کە ون ئەبی ٠٠
لەبەر بلێسەی‌دڵما
شیعرێکی تر ئەنووسم
کە ون نەبم ٠٠
لەبەر بلێسەی‌دڵما
شیعرێکی تر ئەنووسم

ـ٧ـ

کە ون ئەبی ٠٠
بەنجەرەکەم ئەکەمەوە ،
بۆ چۆ لەکەوماچی تۆ
کە ون ئەبم ٠٠
بەنجەرەکەت بکەرەوە ،
بۆ گۆرانیم ٠٠

ـ٨ـ

کە ون ئەبی ٠٠ لێت‌ون نابم

بڕوانە ل ١٠

Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

نووسینی : یەشار کەمال
شوکور مستەفا لە تورکییەوە — کردوویە بە کوردی

ئینسانەی چیای ئاگری

-٣-

سۆفی کوتی :

« ئەمە تووڕەیی چیای ئێچگار زۆر تووڕە دەبێ ، باب و ئاگریە • ئاگری رۆژگاری گۆرانی گڕ تێ بەردەدەن و لەوێ باپیرانیش ئەم تووڕەییە بە دەسووتێ ••• کێ خۆی لەبەررۆژێوە هەر وا دەسووتێ و دەگرێ » •

گوڵبەهار هەموو رۆژێ پێش کزنگی رۆژ ، دەهاتە بەر دەرکی زیندانێ و سۆفیش تووڕەیی ئاگری بۆ دەژەنی • گوڵبەهار هەر چەندی لە سۆفی دەپرسی ئەم تووڕەییەی ئاگری سۆنگەی چیە ، سۆفی هیچی لە بارەوە بۆ نەدەدرکاند • هەر هێندەی دەگوت : « ئیتر تووڕە بووەو هیچی تر ، باب و باپیرانیش ئەم داستانایان بە ناوی تووڕەیی وی یەوە هۆندۆتەوە • من داستانەکە تەنیا بە زمانی بلوێر دەزانم بگێڕمەوە • بەڵام ئەوانەی بە زمانی مرۆ دەیگێڕنەوە خۆشخوان و دەنگبێژن • من بلوێرژەنم ، دەنگبێژ نیم » •

گوڵبەهار هەرچەندی کردو کۆشا هیچی لە بارەی سەرهەلدانی تووڕەیی ئاگری یەوە لە سۆفی وەچەنگ نەکەوت • سۆفی دەیگوت :

« هەی هەشم بە سەری ، بلوێری من تووڕەیی ئاگریت حالی نەکا ، ئەدی چی حالیت دەکا ؟ یا من زۆر پیر بووم » •

گوڵبەهار ئەم گۆرانیە بەناوبانگەی لەو چیاو چۆلانە زۆر جاران بەرگوێ کەوتبوو • زۆر جاری لە ژنان ، لە منداڵان ، لە دەنگبێژان ، لە یلوێژەنان بیستبووە • بەڵام قەتی وەکو ئەوەی سۆفی نەبیستبوو • ئەگەر ئەم تووڕەییەی بە زمانی گێڕاباوە داخۆ چی دەگوت و چی هەڵدەڕشت ؟

پاشا دونگەی ئەوەی کردبوو کە گوڵبەهاری کچی پەیوەندی لەگەڵ سۆفی کۆتی لە ملی زیندانێ هەیەو هەموو رۆژێ خۆراکی بۆ دەباو گوێ لەئاوازی بلوێری دەگرێ •

رۆژێکیان سۆفی بانگ کردە دیوەخانێ ، گوتی :

« تا ئەسپەکەم نەئەڕێتەوە ، ئەحمەد نەیەتەوە ، ئازادت ناکەم ، حەزدەکەی بڕۆ ، ئەسپەکەو ئەحمەدم بۆ بێنەوە » •

سۆفی لێی زێت بۆوە ، گوتی :

« نە ئەسپ دەگەڕێتەوە ، نە ئەحمەد • ئەسپەکە خەڵاتەو خودا بۆی رەخساندووە • رەنگە ئەحمەد بێتەوە ، بەڵام ئەسپەکە ناگەڕێتەوە منیش ئەحمەدت بۆ ناهێنمەوە

پاشا زۆر تووڕە بوو سۆفی رێوراست کەڕانەوە نێو زیندانێ • گوڵبەهاری بانگ کردە کن خۆی گوتی :

« واز لەم سۆفییە بێنە » •

قسەی پاشا نەدەبوو بە دوو •

پاش چەند رۆژێ بەگی هۆزی حەیدەران خەبەری هەنارد کە : « پاشا خەمی نەبێ و وەمەراقێ نەکەوێ ، جێگای ئەحمەدیش و ئەسپەکەشی و چیایی یەکانیشمان دیتەوە ، هەر بەوزووانە گوێی ئەحمەدو جڵەوی ئەسپەکەی لە مست دەنێین » •

ئەحمەد هەموو چیایی یەکانی لە خۆ کۆکردبۆوە ، بەرەخوار تا نێو کوردەکانی شەمدینان و چیاکانی هەکاری چوو بوو • بەگەکان هەموو کۆبونەوە ، بەکە کوردەکان ئەحمەدیان بۆ کۆشک و سەرای پاشا برد • پاشا بێ تووڕەبوون ئەحمەدی تۆزێ پە تەوس و لە بەرزەوە پێشوازی کرد ، گوتی :

« وەرە ، بزانم سوڵتانی ئاگری ، ئەسپەکەم لە کوێیە ؟ »

ئەحمەد گوتی :

« ئەسپ لە ماڵێیە » •

پاشا بە پێکەنینەوە :

« تۆ ئە سپەکەت دزیوم دەزانی ئەسپ دزینی پاشا سزای چیە ؟ »

ئەحمەد بێ پەروا ، گوتی :

« من ئەسپی تۆم نەدزیوە ، ئەسپم لە خوداوە بە خەڵاتو دیاری پێ گەیوە • ئەسپەکەت نادرێتەوە • خۆ تۆ خۆشت لە تیرەی تیمەی و چیایی یت ، چما نازانی ئەمە تۆزەیەو هەزاران ساڵە باب و باپیران لەسەری دەژێن ؟ »

پاشا کە ئەمەی بیست ، چاوی پەڕیە ئەوقی سەری ، قیژاندی : « ئەحێز نازانم ، یا ئەسپەکەم ، یا سەرت • پیبەن لە زیندانێی ئاوێن » •

وزتە لە هیچ یەکی لە بەگە کوردەکانەوە نەهات •

کاتێکی ئەحمەدیان بۆ زیندان دەبرد ، نەڕاندی :

« پاشا ، پاشا تۆنت لێ بێ ، سا بە هەرچی پیری ئاگری هەیە ، سەرم دەڕۆم ، بەڵام جارێکی دیکە چاوت بەو ئەسپە ناکەوێتەوەو لەبەر کۆشک و سەراتی نابینیەوە » •

موسا بەگ وای چاوەنۆڕ نەبوو ، گوتی :

« پاشا ، ئەوەی ئێوە دەیکەن کردەوەی ئینسانان نیە • ئەحمەد من هێنام • بۆیەم نەهێنا لە زیندانێی باوێنی • دروێت لەگەڵ کردین ، فریوت دایین ، پاشا • »

پاشا راچەنی ، گوتی :

« ئەمیش زیندان کەن •• »

موسا بەکیشیان زیندان کرد •

ئەنجا پاشا رووی لە بەگەکان کرد گوتی :

« ئاواتان کۆمەڵ کردم ؟ کوا ئەسپەکەم ؟ ئەحمەدم دەستکەوت ئەی ئەسپەکەم ؟ ئەسپەکەم دەوێتەوە • بەڵەی وا بە نێوچاوانی بنەماڵەمەوە نانێم • جا نۆرەی ئەوەمە بڵێن: پاشا نەیتوانی ئەسپەکەی لە چیایی یەك بستێنیتەوە » •

بەگەکان گوتیان :

« کارێکی سانا نیە ، بەڵام ئەسپیش دینینەوە » •

بەسەرهاتی ئەسپ و ئەحمەدو موسا بەگ بووە بە داستانو لەوانەوە تا مەلاتیە ، لە مەلاتیەوە تا قەفقاس ، لە وێرا بۆ نێو ئەنەدۆڵو شوێنانی دیکە بڵاوبۆوەو وەسەر زاری وردو درشت کەوت • شایەرو بەیتێژان سەدان بەیتو باڵۆرەیان لەسەر ئەسپەکەو ئەحمەد هۆنەدەوە •

چیایی یەکان ئەم داوو تەڵەکەیەیان زۆر لە شان گران بوو ، هۆزی میلانی زۆر پێ تووڕە بوو •

موسا بەگ هەرکە گەیشتە زیندان پەلاماری دەستی ئەحمەدی دا ، گوتی : « بمبووره ، ئەحمەد من کردم تۆ نەیکەی • نەمزانی دەنا چۆنم دەهێنانی ، تا سەری خۆم وەستابێ ، سەری تۆ نادزێ » •

سۆفی زۆر کەیفی بە هاتنی ئەحمەد هاتەوە • پاوەشی پێدا کرد ، ماچی کرد •

ئەنجا بلوێرەکەی بە لێویەوە نا ، دەستی بە تووڕەیی ژەنینی ئاگری کرد ••• ژەنی و ژەنی ••• فرمێسک بە چاوی ئەحمەدو موسا بەگدا هاتە خوار • دوورو درێژ ژەنی • پاشان بلوێرەکەی دایە ئەحمەد• ئەحمەد بە جارێ هەناوی ئاگری کرتبوو • گوتی هەی هەزار لەعنەتی ئاگری لە پاشاش و لە بەگەکانیش بێ ، دەستی بە بلوێر لێدانێ کرد • پیرە بلوێر بە رەنگێکی دیکە ، بە دەنگێکی دیکە هاتە زمان • ئەم دەنگە تازەیە بەر گوێی گوڵبەهار کەوت • زۆر جیاواز بوو • ئەمیش هەر تووڕەیی ئاگری دەگێڕاوە • بەڵام دارو بەردی وەجۆش و خرۆش دەهێنا ، شاخ و کێوی دەتواندەوە •

جوونە متبەقەوە خواردنێکی زۆرو زەوەندی خۆشیان بۆ زیندانییان دروست کرد • بە پیاوەکانیدا ناردی بۆ زیندان • دایکی بەمەی زانی ، گوتی :

« کێژێ ، پاشا بەمە بزانێ لە سەری هەموومان دەدا » •

گوڵبەهار گوتی :

« پاش ئەو هەموو ریسوا بوونە پاشا چدەکا بکا ، باکم پێ نیە » •

رۆژانێکی زۆر بەسەر چوو، بەگە کوردەکان نە توانییان نەسپەکە بدۆزنەوەو نە توانیشیان خەبەرێ بۆ پاشا بنێرن •

موسابەگ و ئەحمەدیش لە کونی زیندانێ توند کرابوون • گوڵبەهار هەمیشە بەدزی یەوە خواردنی خۆی بۆ دەناردن •

گوڵبەهار رێوراست هات بۆ زیندان • لە بابیشی زۆر دەترسا ، بەڵام کوێی نەدا هیچو گوتی چ دەبێ بابێ ، دەبوو ئەم بلوێرژەنە تازەیە ببینێ •• بە بیانووی سۆفی یەوە چاوی بە ئەحمەد کەوت• هەر لە خۆرا هەستی بە سۆزێکی گەرمو دۆستانەی ئەحمەد کرد • بە جارێ لە کردەوە دزیۆکانی بابی شێتو هار ببوو • لە پەنا دیواری زیندان دانیشت گوێی لە بلوێری ئەحمەد گرت • بوورایەوە • دەبوو کارێکی وەئەنجام دا • بۆ داپۆشینی کارە نائینسانانەکانی بابی دەبوو شتێکی بکا • بوێری موسابەگیشی زۆر پەسند کردبوو •

ئەوێ رۆژی لەگەڵ ئەوان ژنانکە زۆریان خۆش دەویست و کوێرەوەری کورد هەیە بە دەمو چاویەوە نیشتۆتەوە • وەکو خەون ببینێ ، یا بە خولیایەکەوە گلابێ بەو رەنگە بوو • روخساری لە پشت تەمومژی روونا گیەکەوە بوو• دەنگوت داخی دلی ئاگری بە کۆڵەوە گرتووە • هەڵوێستو نیگای نامێکی لێ دەهات خوێنی پیاوی وەجۆش و کول دەهێناو گری بۆ نێو کوورەی دنیایەکی کەس نەزانی دووری نەناس دەبرد • گوڵبەهار وەکو ئەحمەدی زۆر لە مێژتر نا سیبێ وا بوو • وەگو پێکەوە لە دایك بووبێو بە یەکەوە ژیابن وا بوو • زۆری هەست بە ئاشنایەتی دەکرد • کێ

بڕوانە ل -١٠-

هونەری ئەکتەر لە شانۆی « بریشت »دا

نووسینی : فاضل جاف

پێش ئەوەی لە شانۆی بریشتدا باسی نواندن بکەین ، پێویستە ئیشارەتێ بۆ ئەوقۆناغە کلاسیکی یە بکەین کە نووسەری پێدا ڕەت بووە • ئەویش تەمەنی تاقی کردنەوەیەکی دوورو درێژیەتی ، مەبەستمان ئەو وەختەیە کە لە تیپی (بەرلین - ئنسابل)دابوو و هەموو شانۆ گەریەکانی بە دەستی خۆی دەرئەهێنا • هەر لەو ماوەیەشدا ئەو ڕێبازە نوێیەی کە ئەیویست دای بهێنێ کاکڵەی کرد • تا وەکو ساڵی ١٩٦٠ ڕێبازێکی تازەی وای هێنایە کایە کە لە ستانسلافسکی مێر هۆلدو گریك و تایۆف و دابخینکۆ جیاواز بوو ، بەمەش مانایەکی تازەی بەخشی یە نواندن و هونەری ئەکتەر •

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مانایەش ئەبێ ئەو لایەنە درامی یە فەلسەفی یە باس بکەین کە بنچینە شانۆگەریەکەیەو مۆرك و ڕووالەتێکی نوێش بە ئەکتەر دەبەخشێ و ڕێبازێکی تایبەتیشی بۆ دەس نیشان ئەکات • ئەم ڕێبازەش شانۆگەریەکە لە شێوەو نەریت و کۆتەکانی شانۆی کلاسیکی (بەش ، دیمەن ، جۆلانەوە ، بێدەنگی ، گرێ) ڕزگار ئەکات لەپاشان بنیاتنان و دۆزینەوەی ئەو شێوەو کەرەسە نوێیەی کە خزمەتی بیری فەلسەفی شانۆگەریەکە ئەکات ، کە ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتی شانۆکەیە • بۆیە بریشت لە پێش هەموو شتێکدا بیری فەلسەفی شانۆگەریەکە ئەخاتە سەر شانۆکەو هەموو شتێکیشی بۆ ئەرەخسێنێت • ئەکتەرەکان ، چونیەتی هەڵسوکەوت و دابەش بوونیان ، ئەبێ هەمووی خزمەتی ئەو بیرە فەلسەفی یە بکەن •

شانۆگەری (جوغزی گەچینی قۆقازی) باشترین نموونەیەو ڕاوستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێت لەم شانۆگەریەدا بریشت جارو بار بێ ئەوەی جێگایەکی خاڵی لە شانۆکەدا بهێڵێتەوە ، هەموو ئەکتەرەکانی بەسەر شانۆکەدا دابەش ئەکرد ، هەر کۆمەڵە ئەکتەرێکیش جۆرە ئیشوکارێکیان دەکرد • مەبەستی سەرەکی ئەم دابەشکردنە بەلای بریشتەوە پیشاندانی هەموو گریکارانی جیهانە ، کە چۆن هەموو لە یەك وەختو لە یەك جیهاندا پێکەوە ئیش ئەکەن • بەڵام هەر لە هەمان شانۆگەریدا بریشت بازدەکەسی لەیەك مەتری دو جادا حەشار دەدا بۆ ئەوەی دەری بخات کە چۆن پازدە جوتیار لە شوێنێکی وا تەسکدا لە پێناوی لەتە نانێکدا دەخزێنە ناو دڵی یەکترەوەو بەربەرەکانی یەکتر دەکەن • ئەو شتەی کە ئەم بیرە فەلسەفی یە لە دڵی خۆیدا هەڵدەگرێت • و دەست نیشانی دەکات - جیرۆکی شانۆگەریەکەیە • لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نی یە باسی ڕادەی گرنگی جیرۆك و ڕووداو لە شانۆگەری بریشتدا بکەین • بەڵام نابێ ئەوەش پشتگوێ بخەین کە بریشت ڕێبازی مەلحەمی بۆ چارەسەرکردنی شانۆگەریەکەو ڕووداوەکانی دەگرێتە بەر • بۆ ئەوەی بتوانی جیرۆکەکە بدات ، هەموو ڕووداوەکان مۆنتاژ ئەکات و نەخشەی تابلۆکان بە شێوەیەکی داستان ئاسایی دانەڕێژێ • ئەمە ڕووخسارێکی تازەی شانۆی بریشتە ڕووخسارێکی تریشی لەوەدا خۆی دەرئەخات کە شانۆکەی خۆی لە کۆتی « کات »و « شوێنی » شانۆی کلاسیکی ئازاد کردووە • بۆیە ئەبینین تەمەنی (گالیلۆ گالی) پتر لە سی ساڵەو تەمەنی (دایکە ئازاکە) زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە •

شایانی باسە هەر بەشێك یان هەر تابلۆیەك بۆ خۆی چیرۆکێکی تایبەتی یە •

لای بریشت ئەرکی سەرشانی ئەکتەر هەر ئەوەیە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە ، ئیتر هیچ پێویستی بەوە نی یە بە قووڵی تیایاندا بڕۆی • ئەمەش گەورەترین جیاوازی ی نێوان ڕێبازی ستانسلافسکی و ڕێبازی بریشتە • ئەکتەرێك کە لە سەر ڕێبازی ستانسلافسکی دەوری هاملیت ئەبینێ پێویستە بێ بەهاملیتو لە ڕووداوەکانی شانۆگەریەکەدا بە قووڵی بژی، بەڵام بریشت ئەڵێ : « ئەکتەر ئەبێ تەنیا ڕووداوەکان پیشان بدات و بیان گێڕێتەوە » •

ئەکتەر کە ئەم سەرو نەوەی ڕووداوەکەی زانی پێویستە پیشانی خەڵقی بداو بۆیانی ڕوون بکاتەوە • لێرەدا ئەکتەر بایەخ بە بنکەی شانۆگەریەکە نادات ، چونکە بنکەی ئەمیان وەکو هی ستانسلافسکی نی یە ، تا وەکو بە هەمان شێوە بچێتە ناو گیانی پاڵەوانەکانەوەو • خۆی لە بیر بچێتەوە • کاتێکیش بریشت ئەڵێ : « ئەکتەر پێویستە ڕووداو پیشان داو بگێڕێتەوە » مەبەستی ئەوەیە کە ئەکتەر وەکو شایەتێك وایە ڕووداوێکی ببینێ و لە هۆڵی دادگادا بۆ خەڵقی بگێڕێتەوە ••

ئەڵێ ئەمەم بینی و • کاتێ وانەلێت ئەبێ بە و پەری هۆشمەندی یەوەو بێ ئەوەی خۆی لەبیر بچێتەوە ڕووداوەکە باس بکات • جا ئەکەر ئەکتەر بەم شێوەیە لە نواندن کەیشت و نەچووە ناو پێستی زەلامێکی کەوە بەوپەڕی ڕزایی و ئاگاداری یەوە هەڵویستی ڕەخنەگرانە سەربارەت مەسەلەکە هەڵدەبژێرێت • بۆ ئەوەی ئەکتەری شانۆی بریشت لە هونەری نواندنی شانۆی بریشت بگا ، پێویستە لە تاقی کردنەوەکانی بریشت ئاگادار بێت و سوود لەم سێ بنچینەیە وەرگرێ کە بریشت بایەخی پێداون :

یەکەم - ئەبێ چیرۆکەکە بە شێوەیەکی واقیعی دابڕێژرێت• (الترکیب الواقعی) ، ئەمەش تاقی کردنەوەیەکی نوێ نی یە •

بەڵام بریشت لەم مەسەلەیەدا پێوانەو ئەریتی تایبەتی خۆی هەیە • ئەم پێوانەیەش ئەکتەرەکانو جێکاو شوێنی جۆلانەوەیانە بەبێ ئەوەی (دیالۆگ) بەکاربێنن بریشت ئەڵێ : « پێویستە ئەکتەرەکان وەکو تابلۆیەکی هونەری بێ ئەوەی قسە بکەن مانای سەرەکی شانۆگەریەکە دەربڕن و خەڵکی لێیان تێبگا• هەڵبەتە بریشت هەر شتێ کە خزمەتی بیری سەرەکی شانۆگەریەکە نایخاتە سەر شانۆ • لە شانۆگەری (جوغزی گەچی قۆقازی)دا ، تەنیا دابەشکردنی ئەکتەرەکان بەسەر شانۆکەدا بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی لە یەکەم بینینەوە لە هەموو شتێك بگەن • ئەو دابەشکردنە بەمجۆرە بوو :

« لە ناوەڕاستی شانۆکەدا وێنەی جوغزێکی بە تەباشیر کێشاوە • (گرۆشا)و خزمەتە ویستەکەی لەلای ڕاستەوە وەستاون ، لەلای چەپەوە ئاغاو پیاوەکانی بەرامبەری ڕاوەستاون • لە نێوانی هەردووکیاندا ئەزدکی حاکم دادیان دەپرسێت • لەم تابلۆیەدا ئاکۆکی نێوان هەر دوو لاو هەر دوو بیروباوەڕ بە تەواوەتی ڕوونو ئاشکرا ئەبێت •

دووەم - زیاتر مەسەلەی یەکەم ڕوون ئەکاتەوە • باسی جۆلانەوەی ئەندامانی لەشی ئەکتەرەکانە (العلاقات الجسدیە)و چونیەتی بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە (ایماء)ی یە بریشت ئەم بابەتەی لە (ئورگانوونی بچووك)دا بە جوانی باسکردووەو ئەڵێ : « ئەوەی ڕاستی بێت تا وەکو ئێستا بایەخ بە (التعبیر الایمانی) نەدراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەنرخترین شتەو چاکترین ڕێگایەو بە باشی بیری سەرەکی شانۆگەریەکەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە • لە شانۆگەری (دایکە ئازاکە)دا تەنیا بە جۆلانەوەی داری دەستی یەکێ لە ئەکتەرەکان دەزانی کە چۆن لە وەزعێکی تازەدا ئەژی • گەریەکە ئەکات ، کوێرانە ئەکات • لە شانۆگەری (جوغزی گەچی قۆقازی)دا ، تەنیا دابەشکردنی ئەکتەرەکان بەسەر شانۆکەدا بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی لە یەکەم بینینەوە لە هەموو شتێك بگەن • ئەو دابەشکردنە بەم جۆرە بوو :

« لە ناوەڕاستی شانۆکەدا وێنەی جوغزێکی بە تەباشیر کێشاوە • (گرۆشا)و خزمەتە ویستەکەی لەلای ڕاستەوە وەستاون ، لەلای چەپەوە ئاغاو پیاوەکانی بەرامبەری ڕاوەستاون • لە نێوانی هەردووکیاندا ئەزدکی حاکم دادیان دەپرسێت • لەم تابلۆیەدا ئاکۆکی نێوان هەر دوو لاو هەر دوو بیروباوەڕ بە تەواوەتی ڕوونو ئاشکرا ئەبێت •

دووەم - زیاتر مەسەلەی یەکەم ڕوون ئەکاتەوە • باسی جۆلانەوەی ئەندامانی لەشی ئەکتەرەکانە (العلاقات الجسدیە)و چونیەتی بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە (ایماء)ی یە بریشت ئەم بابەتەی لە (ئورگانوونی بچووك)دا بە جوانی باسکردووەو ئەڵێ : « ئەوەی ڕاستی بێت تا وەکو ئێستا بایەخ بە (التعبیر الایمانی) نەدراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەنرخترین شتەو چاکترین ڕێگایەو بە باشی بیری سەرەکی شانۆگەریەکەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە • لە شانۆگەری (دایکە ئازاکە)دا تەنیا بە جۆلانەوەی داری دەستی یەکێ لە ئەکتەرەکان دەزانی کە چۆن لە وەزعێکی تازەدا ئەژی •

ئەم باسەش هەڵبژاردنی هەڵویست (التقریب) ، بە تەنیا خۆی باسێکی تایبەتی و دوورو درێژە • هەروەها ئەکتەر پێویستە ئاگاداری ئەم جۆلانەوە (ایمائی)یانە بێت کە بە بێی ڕووداو تابلۆکان ئەگۆڕێت •

سی یەم - جۆلانەوەی ئیمائی ئەکتەر ئابێ بە شێوەیەکی سادەو ساکار یا بە شێوەیەکی زۆر وشك بێت • بەڵکو ئەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە قەوارە واقیعی یەکەی ئەو جۆلانەوەیە تا ڕادەی گەورەکردن و زۆر پێوەنان (التضخم) زیاد لە خۆی زێ بکات •

- ماویەتی -

* *

Institut Kurde de Paris

لاپەڕە -٥-

گفتوگۆی ئابوری تەکنیکی نێوان عێراق وفەرەنسا

رۆژی دوشەمەی رابوردو گفتوگوی ڕەسمی لە پەغدا لە نێوان عێراقو فەرەنسادا لەبارەی پەیوەندی ئابوری وتەکنیکی نێوان هەردوو وڵاتەوە دەستی پێکرد ٠

ماموستا طەه الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو وەزیری پیشەسازی کانەکان وجی گری وەزیری ئەخشەکیشان سەروکی دەستەی عیراقی بوو ، وە بەریز میشیل دی ئورنانو وەزیری پیشەسازیو لیکولینەوەی زانستی فەرەنسا سەروکی دەستەی نوێنەرانی وڵاتەکەی بوو ٠

لەسەرەتای گفتوگۆکاندا ماموستا جەزراوی وتی، ئاستی پەیوەندی نێوان هەردو وڵات عیراقو فەرەنسە بە تایبەتی لە دوای سەردانەکەی بەریز ماموستا صدام حسین جی گری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بۆ فەرەنسا٠ وەسەردانەکەی بەریز جاك شیراك سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بۆ عیراق پتەو تربوە٠ ئەم دوسەردانە بنچینەیەکی لە بارەیان بۆ پەیوەندی نێوان هەردو وڵاتەوە دامەزراند ، کەببیتە هۆی دوستایەتی دریژ خایەن بۆ لە مەودوا ٠

عیراق ئەم دوستایەتیەی لەگەل فەرەنسادا زۆرباش خۆشە ، ئێمە چەند مەسەلەیەکی نیشتمانی لەم دوستایەتیەدا روچاونەکەین ، قەوارەی هاریکاری ئابوریو تەکنیکی نێوان هەردو وڵات بەتایبەتی لەم دواییەدا زیادی کردوە ٠ ئەمەش بەهۆی هاتو چو کردنی ودیدەنی کردنی لێپرسراوەکانەوەیە ، ئێمە ئەمانەوێ پەیوەندی یەکی نمونەیی لەنێوان هەردو وڵات دابێنینەکایەوە وئاستی ئەو پەیوەندیەش روزبەروز فراونتربکەین٠

دکتور عبدالرزاق الهاشمی سەروکی دەزگای گشتی کانەکان وماموستا عدنان الکندی سەروکی دەزگای گشتی ئەخشەو دامەزراوە پیشەسازیەکانو دکتور میسر الملاح سکرتیری گشتی لیژنەی وزەی ئەتوم وەسعدون القصاب بەریوەبەری گشتی ئەخشەکیشانی سەربەوەزارەتی پیشەسازیو کانەکانو کاك هانی النائب راویژکار لە وەزارەتی دەرەوە ئەمانە نوینەری عیراقبون لەگوفتوگو کردنەکەدا ٠

دەستەی عیراق بەرنامەی ئەخشەی کەشەکردنی ئەتەوایەتی ٧٦ - ٨٠ی پیشکەش کردو وتی زورمان پێخوشە فەرەنسا هاریکاری جێبەجێ کردنی ئەم ئەخشەیەمان بکات ٠ دەستەی فەرەنسایی بەئێنیانداکەبەکومپانیا فەرەنسیەکان رابگەیەنن بایەخ بەئەخشەتازەکانی عراق بدەن بە تایبەتی پروژەکانی ئەلمنیوم و کاربونو صودیوم ٠

عیراق وفەرەنسا ریکەوتنی هاریکاری لەبارەی بەکارهێنانی ئەتۆمەوە بۆمەبەستی ئاسایش مۆرکرا

رۆژی سێ شەممەی رابوردو ریکەوتنی هاریکاری بەکارهێنانی ئەتوم لەبینناوی ئاسایشدا لەنێوان عیراقو فەرەنسادا لەکوشکی ئەنجومەنی نیشتمانی مۆرکرا ٠٠

لەلایەن عیراقەوە هەفال عدنان الحمدانی ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی ساشیالیستی عەرەبو سکرتیری گشتی لیژنەی پیاچونەوەی کاروباری نەوتو جێبەجێ کردنی ، ریککەوتننامەکان ، وە لەلایەنی فەرەنساوە میشیل دی ئورنانو وەزیری پیشەسازی لیکولینەوەی زانستی موریان کردوە ٠

سەرەتای ئەم ریکەوتنە جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کە ئەمانگی ئەیلولی رابوردوا چو بۆ فەرەنسا لەسەری رێکەوتوون ٠٠

لەکاتی مورکردنی ریکەوتننامەکەدا باسی پەیوەندی ئابوریو تەکنیکی نێوان هەردو وڵات کراوە ، بالویزی فەرەنسا لەبەغداو جی گری سەروکی لیژنەی وزەی ئەتومو ژمارەیەك لە لێپرسراوان ئامادە بون ٠

هەڵوێست وسەرنج

ماموستا بابەکر پشدەری سەروکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئوتونومی بەپۆنەی کوبونەوەی دوەمین خولی ئەنجومەنەوەو ئوتویە : زەمینەیەکی سروشتی ئیستا لە ناوچەکەدایەوجەماوەری خەڵك لەدەوری ئالای شورش کوبونەتەوەو پشتگیری دەزگاو دامەزراوەکانی ئوتونومی ئەکەن ٠

ئەم کوبونەوانەی دوەمین خولی ئەنجومەنەکەمان لە زەمینەیەکی هیمنو ئاساییدایە ٠٠ ساڵیکە لە پاش چەندین بەڕاوردو تاقی کردنەوەو کاروباری دەزگاکانی ئوتونومی دەستپێان کردوە بە جی بەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیان.

گرنگترین کرداری ئەنجومەنی یاسادانان ئەوەیە چارەسەری گیرو گرفتو داخوازیەکانی جەماوەری ناوچەکە ئەکات و ئەو بریارانەی ئەدات کەئەبنە هۆی رەچاو کردنی پیویستی یەکانی خەڵکی٠

سەرکەوتنی ئەنجومەن لەوبریارە بەکەڵکانەیدا کە ئەبنە بارمتەی بەجێهێنانی داخوازیەکانی خەڵك و رەورەوەی ئابوری ناوچەکە بەرەوپێش ئەبەن ئەمانە ئەنیا بۆ رازاندنەوەی ناوچەکە نیە بەڵکو لەهەمان کاتا ئەبیتە بردیکی پاوەڕی ئەتەوایەتی لە نێوان دەزگا دەستوریەکانو جەماوەری خەڵکی ناوچەکەداو خەڵکی زورتر لەدەوری خۆی کۆ ئەکاتەوە ٠٠

کردارەکانی دەزگاکانی ناوچەکەمانو چارەکی یەبنەرەتیەکانی لە ناوچەی ئوتونومیدا کومەڵانی خەڵکی ناوچەکە پتر ئاراستە ئەکات بۆ دامەزراندنی ژیانیکی نوێی باشتر ٠٠ هەروەها ئەم دامەزراوانە بە رواڵەتیکی گەلی ودیموکراتیانە چالاکی جەماوەر ئەنوێنن لە مەیدانی هینانە پیشەوەی کورتییکی بنەرەتی دا لەناوچەی ناوبراو ٠

دەزگاو دامەزراوەکانی سەر بە ناوچەی ئوتونومی بە پێی توانای خویان ئەرکی سەرشانی خویان جێ بەجێ کردوە ، هەروەها سەرکردایەتی سیاسیو پارتیو شورش گەلیك بایەخیان بەم ناوچەیەداوە پەیتا پەیتا

بروانە ل - ٨

١٤ کومەڵی هەرەوەزکاری نوێ لەکەرکوك و موصل ئەکرێتەوە

رۆژی شەمەی رابوردو بەریوەبەرایەتی گشتی هاوکاری کشتوکال بریاری کردنەوەی ١٤ کومەڵەی هەرەوەزکاری کشتوکالیدا کە لە پاریزگاکانی کەرکوك و نەینەوادا بکرێتەوە ٠٠

یەکێك لەم کۆمەڵانە بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات تەرخان کراوەو ڕوپێوی ٤٨٠ هەزارو ٣٣٦ دونم زەوی بۆ دیاری کراوە ، کە دو هەزارو ١٣٠ جوتیار ئیشی تیا ئەکەن ٠٠

بەمانەوە ژمارەی هەموو کۆمەڵە هەرەوەزکاریە کشتوکالیەکانی هەردو پاریزگاکە ئەکاتە ٢٨٢ کۆمەڵە کە ٥٢٣ هەزارو ٣٥٢ فەلاح ئیشی تیا ئەکەن ٠

هەروەها لەم دواییەدا بەریوەبەرایەتی ئاوبراو بریاریدا کە ٩ کۆمەڵەی هەرەوەزکاری کشتوکال تر لە پاریزگای هەولێر مەلبەندی ئوتونومیدا بکرێتەوە ٠

لاپەرە - ٦

د٠ مستەفا سەرۆکا یەتی کۆبونەوەی لیژنەی بەرزی سالی ئافرەتانی کرد

هەفتەی رابوردوو وەبە سەرۆکایەتی بەڕێز (عزة مصطفی) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە بارەگای وەزارەتی تەندروستیدا لیژنەی بالای نیشتمانی سالی ئافرەتانی جیهانی ٠ کۆبونەوەیەکی بەستوە ٠

لەم کۆبونەوەیەدا بەڕێز نعیم حداد وەزیری لاوانو بەڕێز طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندنو دکتۆر (منذر الشاوی) وەزیری عەدلو کتۆر مکرم تالەبانی وەزیری ڕەیو بەڕێز هاشم عقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو بەڕێز محمد عایش سەرۆکی یەکێتی گشتی کرێکاران و بەڕێز کریم الملا سەرۆکی یەکێتی گشتی لاوانی عیراق وبەڕێز منال الالوسی سەرۆکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ئامادە ببوون ٠

لەم کۆبونەوەیەدا چالاکی لیژنەکانی سەر بە لیژنەی بالا پیشان دراوەو چەند لیژنەیەکی تازەش بۆ ئیش کردن دامەزراوە ٠

وەفدی ئافرەتانی ئەرتیریا سەر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەدەن

هەفتەی رابردوو ، وەفدی یەکێتی گشتی ئافرەتانی ئەرتیریا بە سەرۆکایەتی خوشکە ئامینە مەلەکین سەرۆکی یەکێتی لە سەردانێکا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کەیشتە شاری هەولێرو چاویان کەوتووە بە مامۆستا هاشم عقراوی سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە بە خۆر هانێکی کەرمی لە وەفدەکە کردووەو وتوویەتی لە عیراق هەمیشە کرنگی یەکی ئاوای داوەتە شۆرشی ئەرتیریاو سەرکەوتنەکانی ، بێ گومان ئافرەتی ئەرتیریش بەوریکی بالای بینیوە لەم روەوە ٠

پاش ئەوە مامۆستا عقراوی باسی یاساو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەندامانی وەفدەکە کردووەو وتوویەتی جێ بەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا سەلماندنی باوەڕی پێشکەوتنخوازانەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی یە بۆ وەدی هێنانی یەکێتی نیشتمانی لە عیراق ٠

دوای ئەوە ، وەفدەکەسەری داوە لە بارەگای سەرکردایەتی ناوچەی ژوورو پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو چاویان کەوتووە بە بەڕێز جێگری سەرۆکی لق ٠

لەم بارەیەوە بەڕێز ئامینە مەلەکین وتی : ئێمە هەرگیز ئەو یارمەتیە بۆ سنوورەی حکوومەتی عیراقمان لە بیر ناچێتەوە کە دەورێکی گرنگی هەبووە لە خەباتو ئێکۆشانمان دژی هێزەکانی ئیمبریالیست ٠

ئا٠د٠ع

کۆبونەوەیەکی تایبەتی لیژنەی بالای کشتوکاڵ

ئەنجوومەنی بالای کشتوکاڵ لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی بەڕێز عزت الدوری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری داوە بە پێکهێنانی کۆمپانیای عەرەبی بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ وخواردەمەنیو کە ئەنجوومەنی یەکێتی ئابووری عەرەبی سەربە دەزگای وڵاتە عەرەبەکان سەربەرشتی بکات ٠

ئەم کۆمپانیایە هەوڵ دەدات چەند پرۆژەیەکی کشتوکاڵی عەرەبی هاوبەشی بکاتەوەو بەرهەمی کشتوکاڵ زیاد بکات ٠

لەم کۆبوونەوەیەدا هەفال حسن العامری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی بالای کشتوکاڵو دکتۆر حسن فهمی جمعە وەزیری کشتوکاڵو چاکردنەوەی کشتوکاڵو دکتۆر مکرم تالەبانی وەزیری ڕەی ئامادە ببوون ٠

هەروەها بڕیار درا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی بەڕێز سعید مالك العلی جێگری وەزیری کشتوکاڵ بۆ پەرەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانو لێکۆڵینەوەی گیروگرفتی جوتیاران ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە چەند لیژنەیەك پێك هاتووە لە ناحیەو قەزاکان بە مەبەستی پێشخستنی کشتوکاڵ لە وڵاتدا ٠

ئامانجی باسە لەم کۆبوونەوەیدا (٩٠٠) هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ بەرەوەندی ئیستگە کشتوکاڵییەکان جگە لە تەرخان کردنی (٢٧) هەزار دینار بۆ تەواوکردنی ئەمانەی کشتی بەڕێوەبردنی کشتوکاڵ و چاکردنەوەی کشتوکاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ٠

سەرکەوتنی بریاری بەخۆرایی فێر کردن

هەفتەی رابردوو بەڕێز محمد محجوب وەزیری پەروەردە کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ بەڕێوەبەرانی پەروەردەی پارێزگاکاندا کردو وتی : سەرکەوتنی بریاری خۆڕایی فێرکردن هانمان ئەدات زیاتر وردبینەوە لە گیررگرفتەکانی پەروەردەو فێرکردن تاکو تاقە منالێ لە دەرەوەی سنووری فێرکردندا نەمێنێتەوە ٠

هەروەها وتی : ئەمساڵ (٢٢) ملیۆن کتێبی خوێندنو (٨٠) ملیۆن دەفتەری قوتابخانە چاپکراوە جگە لە بلاوکردنەوەی هەموو جۆرە پێویستیەکی قوتابی ٠

لە کۆتاییدا بەڕێز وەزیری پەروەردە ستایشی ئەو دەورەی کردووە کە فەرامێنەرانی وەزارەت ئەیبینن بۆ جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی شۆرش هەروەکو لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی قوتری هەشتەمی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا روون کراوەتەوە ٠

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیاران بۆ هاوکاری ئەدوێ

بەڕێز کریم الجاسم جێگری سەرۆکی یەکێتی گشتی کۆمەڵەی جوتیاران بۆ نوێنەری ڕۆژنامەی هاوکاری روون کردۆتەوە کەوا کادیرەکانی یەکێتی لە هەموو ناوچەکانی وڵاتو ناوچەی ئۆتۆنۆمیداسەرپەرشتی چالاکی یەکانی کۆمەڵە ئەکەن لە رووی ئامادەکردنی تۆو دەرمانی کیمیاوی و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە ٠

دەربارەی چالاکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی لە مانگی جوزەیرانی رابردووەوە هەتا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا وتی : یەکێتی بایەخێکی تەواوی داوەتە ناوچەی ئۆتۆنۆمیو لیژنەیەکی تایبەتی تیادا کردۆتەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی باری کشتوکاڵو جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە ٩٠ ، هەروەها چارەسەری گیروگرفتی جوتیارانی ناوچەکەی کردووەو سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی رێکخستنی یەکێتی لە ناوچەکەدا کەلێ کوبوونەوەی فراوان کراوەو باسی پێشنیارو گیروگرفتی جوتیاران کراوە جگە لە ئاشکراکردنی دەوری کۆمەڵەی پەرستانەی تاقمە کومان لێکراوەکە ٠

ئەمە لە لایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی کۆمەڵە وتی هۆی سەرەکی دووا کەوتنی باری کشتوکاڵی ناوچەکە پەیوەندی یەکی بە هێزی بە جوولانەوەی کومان لێکراوی کۆمەڵەپەرستەکان هەیە و پاش فەوتانو لەناوچوونیان ئەوا سەر لە نوێوە رێکخستن دەس پێ ئەکاتەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە :

١ - پارێزگای دهۆك :

لیژنەیەکی ئامادەکردنی سەر بە یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران پێك هێنراوەو سێ لقیش لە زاخۆو عەمادیەو سمیل دا کراوەتەوە بە جۆرێ ژمارەی کۆمەڵەکان کەیشتۆتە ٢١٧ کۆمەڵەو (١٥٢٢٥) بنەماڵەی تیادا بەشداربووە جگە لە کردنەوەی (٦٣) کۆمەڵەی هەرەوەزی ٠

٢ - پارێزگای سلێمانی :

لیژنەیەکی ئامادەکردنی سەر بە یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران پێك هێنراوەو لیژنەیەکی تریش بۆ کۆمەڵەی هەرەوەزی ، لەمانە مەرکەزی پارێزگا، دەربەندیخان هەڵەبجە ، پێنجوین ، شاربازێر دۆکان ، رانیە ، قەڵادزە ٠

بەم جۆرە ژمارەی کۆمەڵەکان کەیشتۆتە ٥٣٥ کۆمەڵەو (٤٧٨٢٠) بنەماڵە بەشداری تیادا کردووە جگە لە کردنەوەی (١٢٠) کۆمەڵەی هەرەوەزی ٠

٣ - پارێزگای هەولێر :

لیژنەیەکی ئامادەکردنی سەر سەر بە یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران پێك هێنراوەو لیژنەیەکی تریش بۆ کۆمەڵەی هەرەوەزی ٠

ژمارەی کۆمەڵەکان لە پارێزگای هەولێر کەیشتۆتە ٥٥٦ کۆمەڵە کە ٤٨ هەزار بنەماڵەی تیدا بەشدار بووە جگە لە کردنەوەی ١٠٦ کۆمەڵەی هەرەوەزی ٠

هەروەها بەڕێز کریم الجاسم ئەڵێ لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکو پەیوەندیمان لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتدا

بروانە ل - ٨

وەزیری ڕاگەیاندن کۆبونەوەی مەڵبەندەکانی ئالوگۆڕی لەهەواڵی تەلەفزیۆنی کردەوە

نوێنەری چەندوڵاتێکی عەرەبیو ئیستگەکانی جیهان بەشداری ئەم کۆبوونەوەیان کرد

سەر لەبەیانی رۆژی شەمەی رابوردو ماموستا طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن کۆبونەوەیەکی فراوانی مەڵبەندەکانی هەواڵی تەلەفزیونی لەمەڵبەندی فێرکردنی کاروباری ئیستگەو تەلەفزیۆن کردەوە ٠٠

بەریز ماموستا عزیز وتاریکی خوێندەوە تیایا وتی : زورم پێخۆشە ئەم بەیانیە بەشداری یەکەمین کوبونەوەی فراوانی ئالوگۆری هەواڵی تەلەفزیونی ئەکەم ٠٠ هیوادارم کوبونەوەکەتان سەرکەوتو بێو بتوانێ ئامانجەکانی بنینیتەدی ٠

وە وتی ئیوە ئەتوانن بایەخ بەم کوبونەوەیە بدەنو نەوەو چالاکیانە بنوێنن کە ریکای ئالوگۆری هەواڵو زانیاریو تاقی کردنەوەکانی نیوان وڵاتانی عەرەب بەتایبەتی خۆش ئەکات ٠٠ ئەگەر ئێمە لەڕابوردوا نەمان توانیبێ ئەم ئەرکە بەجێبێنین ئەوا ئیستا توانامان هەیەو هیچ بیانوێك لەمڕووەو نەماوە ٠ ئێوە ئەزانن کە ئیمپریالیزم و زایۆنیستەکان بەدرۆو دەلەسە ئەیانەوێ هەڵوێستی عەرەب بشیوێنن و ریکای دروست کردنو شارستانیتیو زیانی مرۆڤایەتیان بەدرۆ لێ ونبکەن ٠ روی ئەو دەورەی کەئەتەوەی عەرەب لەمیژودا نیشانی داوەو ئەو شارستانیەتەی تواندویەتی ئیستا دەزگا ئیمپریالیستیەکان بەهەمو توانایانەوە ئەیانەوێ واقیعی ئەو دەورە کرنکە ناوەژو نیشان بدەن ٠

ئەوەی پیویستە لەسەرمان وەکو ئەندامێکی دەزگای ڕاگەیاندن لەنیشتمانی عەرەبا ئەوەیە کە هەمو توانای خۆمان تەرخان بکەین ئامانجو تیکوشانو بیری خۆمان بەجیهان رابکەیەنین ٠ ئەگەر هاوکاری لەگەل یەکتر نەکەینو بەشیوەیەکی زانستیو مەوزوعیانە یەکتر نەناسین ئەوا ناتوانین وەك ئەمانەوێ بگەینە جیهان ٠٠ لەکۆتایی وتەکەیا وەزیری ڕاگەیاندن داوای کرد کە پێویستە پەیوەندی لەگەڵ مەڵبەندەکانی ڕاگەیاندن جیهاندا بەهێز بکرێ بۆ ئەوەی سود لە چالاکیو تاقی کردنەوەکانیان وەربگرین و بەو هویەوە بتوانین دەنگی خۆمان بەجیهان بگەیەنین ٠ دوای ئەوە ماموستا صلاح عبدالقادر ئەمینداری گشتی یەکێتی ئیستگەکانی عەرەب وتی : ئەم کوبونەوەیە نیشانەی ئارەزویەکی یەکیەتی باکە لەنیوان ئیشکەرانی ڕاگەیاندنداکە ئەیانەوێ هەواڵی راست بە جیهان بگەیەنن ٠٠ وەئەیانەوێ هەمو جیهان پیکەوە بە تۆریکی هەواڵ گەیاندنەوە ببەستنو هەمو هەواڵێك بەهەمو گۆشەیەکی جیهان وەك یەك بگەیەنن ٠

وتی روژانی داهاتو واقعیەتی ئەم شورشە ئالو گۆڕیە دەر ئەکەوێ چ لەنیوان وڵاتە عەرەبەکانو چ لەنیوان وڵاتانو جیهاندا ٠

هەروەها ماموستا لطیف الدلیمی بەریوەبەری گشتی ئیستگەو تەلەفزیونو ژمارەیەك لە لێپرسراوان بەشداری ئەم کوبونەوەیە بون ٠

ئەم کۆبونەوەیە پینج روژی خایاندو لەو ماوەیەدا باسی ئالوگۆری هەواڵو تاقی کردنەوەکانی دە زگاکانی ڕاگەیاندن کرا ٠ هەروەکو تەماشای ئەو پشنیارانە کرا کەلەلایەن هەندێك لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەولەتانەوە بویان هاتوبوو ٠

کوبونەوەیەکی جوتیاران لە کەرکوك

هەفتەی رابوردو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی کومەڵە فەلاحیەکانی پاریزگای کەرکوك کوبونەوەیەکی فراوانیان بەستۆەو باسی کەلیك باسو بابەتی کشتوکالیان کردوە ٠

لەم کۆبونەوەیەدا ماموستا ولید ابراهیم الاعظمی پاریزگاری کەرکوك و هەفال جیگری ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی لقی کەرکوك پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو هەفال ئەمینداری دەزگای فەلاحی سەر بە سەرکردایەتی لقو ماموستا عبدالله المشایخی ئەندامی کارگیری جی بەجێ کردنی کومەڵە فەلاحیەکانو سەروکی دایەرە کشتوکالیەکانی پاریزگا بەشدار بون ٠

***

Institut Kurde de Paris

بەیاننامەی ڕەسمی عیراق سەبارەت بریارە نەنیایی یەکەی کوێت

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو حکومەتی عیراق بەیاننامەیەکی ڕەسمی بڵاوکردەوەو داخی خۆی تیانیشاندا بەرامبەر بە بڕیارەکەی حکومەتی کوێت لەبارەی هەرزان کردنی نرخی نەوتی کوێتەوە ٠٠ کە ئەمەش بەبێچەوانەی ئەوبڕیارە کۆمەڵیە بوو کە لە کونگرەی ئەم دواییەی وەزیرانی ریکخراوی ناوچە خاوەن نەوتەکانداا (ئوپیک) درابوو ٠

بەیاننامەکە ئەڵێ :

هەرزان کردنی نەوت بەتەنیا لەلایەن کوتیەوە لەم کاتەدا ئەبیتە هوی گیروگرفت لە ڕێگای یەکێتی (ئوپیک)دا ، چونکە لە زورلاوە ئەیانەوێ بەلاماری ریکخراوی (ئوپیک) بدەن وقەوارەی نرخی بشێوێنن ٠

حکومەتی عراق لە هەمان کاتا هیواداره حکومەتی کویت هەلویستی خۆی نەدۆزێنەو بەبێ بڕیاری جەماوەری (ئوپیک) هیچ شتیک لەم ڕووەوە جێبەجێ نەکات ٠

بەیاننامەکە ئەڵێ :

حکومەتی کویت بەتەنیا بڕیارێکی لە بارەی هەرزان کردنی نرخی نەوتەکەیەوە دەرکردوە کە ئەمەش بیچەوانەی ئەو بڕیارەیە کە لەکونگرەی وەزیرانی ریکخراوی ناوچەخاوەن نەوتەکانا دراوە ٠ بۆ ئەوەی مەترسی ئەم کردارە لەسەر قەوارەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهانا دور بخرێتەوەو هەروەها سەرپیچی کردنی لە بڕیارەکەی ئوپیک کە داوای ١٠٪ زیادکردنی نرخی نەوتی کردوە٠٠ وە کارتیکردنی ڕاستەوخۆی بۆ سەر نرخی نەوتی عیراق کە لە بەندەرەکانی کەناری عەرەب ئەنێردرێ ٠٠ لە بەرئەمانە حکومەتی عیراق داوای لە بالویزی کویت لە بەغدای کرد کە حکومەتی کویت ئاگادار بکات وبیروڕای حکومەتی عیراقی لەم بارەیەوە بێبگەیەنێ ، وەبیوستە بگەڕێتەوە بۆ ناوریکخراوی ناوچە خاوەن نەوتە کانو باسی مەسەلە کەبکەنو بڕیاری بەگژمەڵ لەم بارەیەوە دەربچێ ٠٠ حکومەتی عیراق ئەوەی نیشاندا کە ئەیەوێ ریکخراوی ناوبراو بانگ بکرێو بەم هۆیەوە وەزیرەکانیان کۆببنەوە ٠

حکومەتی عیراق ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لایەنگری هەمو کرداریك ئەکات کە بەرژەوەندی حکومەتی کویت ببارێزێ وبەیوەندی لەگەل کومبانیا نەوتیە ئیحتکاریەکانا بە قازانجی کویت بمنیتیەوە ، حکومەتی عیراق بڕی ناخۆشە کە حکومەتی کویت بەباشی وەلامی ئەم پیشنیارانەی عیراق نەداتەوە ٠

هەرزان کردنی نرخی نەوت بەوجۆرەو بەتەنیا لەلایەن کویتەوە زیانی ریکخراوی ناوچە خاوەن نەوتەکانی تیایە، وە ئەمە وەکوپەلامار دانی قەوارەی نرخی نەوتو گەمارۆدانی ریکخراوی (ئوپك) وایە ، ئێمە کەباوەڕمان بە کرداری جەماوەرانە هەیەو هەربەو پێیەوە حکومەتی عیراق لە مانگی ڕابوردوا پیشنیارێکی پیشکەش بە کونگرەی (ئوپك) کرد کەنرخی ئەونەوتەی کۆکردی کەم تیایە وسوکە لە جۆری نەوتەکانی تر گرانتربێ ٠٠ ئەمەش بۆ ئەوەی پەیوەندی نرخی نیوان هەمولایەك یەکسان بوەستێ ٠٠

ئا٠د٠ع

١٣٥٧ خێزانی جوتیاران بەندی بەخاوەن بوونی زەویان وەرگرت

ڕۆژی دوشەممەی ڕابوردو بەڕێز پاریزگاری سلێمانی مامۆستا محمد امین محمد احمد سەنەدی بە خاوەن بونی ٤٦ هەزارو ٦٩ دونم زەوی وزاری کشتوکالی بەپێی یاسای ریکخستنی خاوەنداریتی زەوی وزاری کشتوکالی دابەشی کردوە ٠ ئەم سەنەدانە دراون بە ١٣٥٧ خێزانی جوتیار لە قەلادزەو بەم بونەیەوە ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەری سازکراو هەفالان لێ پرسراوو ئەندامانی شعبەی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وسەروکی ناوچەی کشتوکالی سلیمانیو ژمارەیەك لەلێ پرسراوانو زیاتر لە چوار هەزار هاونیشتمانی بەشدار بون ٠

سەروکی ناوچە کشتوکالیەکانو لێ پرسراوی دەزگای جوتیارانو نوێنەری یەکێتی کشتی ویەکێتی ناوخۆی کۆمەلە فەلاحیەکان وتاریان خوێندەوە ٠٠ هەمویان ستایشی دەسکەوتەکانی شورشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتیو سوشیالیستی ودەسکەوتە پیشکەوتنخوازەکانیان کرد ٠

وەبایەخیان بە یاسای ژمارە (٩٠) داوباسی ئەوبایە خدانەیان کرد کەسەرکردایەتی سیاسی لە بارەی کشتوکالەوە ئەیخوێنێ ٠

ئا٠د٠ع

پاشماوەی : بڕیاریکی ئەنجومەنی

کاك بدن فاضل سکرتیری گشتی یەکێتی کشتی نەقابەی کریکاران زورستایش لەم دەسکەوتەی کریکارانی کردوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بۆی بەدەست هێناوە ، وەوتویە ئەمە سەربەرشتی کردنیکی سروشتیە کە دلنەوای چینی کریکاران ئەکات زیاد لەوە کە شورش دەسکەوتی گەورە بۆ جەماوەر دینیتەدی ٠

پاشماوەی : ڕۆژنامەی هورینسونت

لەدوا ژمارەی هەفتەی ڕابوردوودا باسی ئەو سەرکەوتنانەی کردوە کەعیراق لەمەیدانی کاروباری سیاسەتی کۆمەلایەتی و کێشەکانیدا بەدەستی هێناون ٠

هۆرینسونت وتویەتی ، عیراق لەو داهاتە زۆرەی لە نەوت دەستی ئەکەوێت وڵاتی پەرەپێدراوەو ئاستی ژیانی دانیشتوانی بەرزکردۆتەوەو کێشەکانی سیاسەتی ئابوریو کۆمەلایەتی چارەسەر ئەکاتو هەول ئەدات کە کارگەران چالاکانە لەم کارەو ئەم ئەرکەدا بەشدار ببن ٠ جا لەم مەلوێستو ئاستەوە کۆماری عیراق لەم ساڵانەی دواییدا چەندین یاسای لەپێناو بەرژەوەندی کریکاران دەرکردووە وەکو : یاسای کارو یاسای دەستە بەرەی کۆمەلایەتی (الضمان الاجتماعی) و پەیڕەوکردنی ڕێبازی هاندان لەرێگای پارەو خەلات و پاداشتەوە ٠٠

کۆبونەوەی ئەنجومەنی گل لە پارێزگای هەولێر

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥-١١-١٩٧٥ لە سەعات شەشی ئێوارە ئەنجومەنی گەل لە پارێزگەی هەولێر کۆبونەوەی ئاسایی خۆیی ڕێك خست ، پاش ئەوەی سەرۆك سکرتێرو جێگری سەرۆك زۆربەی ئەندامەکانیو نوێنەری ریکخراوو دائیرەکانی هەولێر ئامادەبوون ، لە کۆبونەوەی ناوبراو دا پێشەکی سکرتێری ئەنجومەن کاك عدنان عبدالرحمن ئەندامی لقی ژوورووی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وتارێکی پێشکەش کردو دەربارەی باری سیاسیو ئابوری وڵاتو دەوری ئەنجومەنی گەل لە چارەسەرکردنی کیروگرفتی هاووڵاتیانو چونیەتی پەیوەندی پەیدا کردن لە ڕێگای ئەنجومەنەوە لەگەل کۆمەڵانی خەڵکی شارەکەدا دوا، هەروەها باسی جموجولی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی کردە کە دژی عیراق دەکرین وتی : سەرکردەی سیاسی سورە لە پەرەپێدانی باسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان ، بەردەوام دەبێت لەپێناوی خێرو خۆشی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق بەگەلی کوردەوە ، هەروەها باسی گرنگی خۆمالی کردنی نەوتی کردو هەلویستی ئیمپریالیستەکان چۆن دەیانەوێ دژی گشت دەسکەوتەکانی گەلی عیراق بوەستن ، بەتایبەتی خۆمالی کردنی نەوتو حوکمی زاتی کوردستان ٠٠ سکرتێری ئەنجومەن داوای کرد کە دژی گشت پرۆپاگەندەیەکی ناڕەوا بوەستن ، هەروەها داوای کرد بێویستە گشت هاووڵاتیەك بەو پەڕی سەربەستییەوە باسی هەموو گیروگرفتێکی خەڵك و نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك بکات ، بۆ ئەوەی بەگیانێکی برایانە چارەسەر بکرێت ٠٠ دوابەدوای ئەو سەرۆکی ئەنجومەن کاك ڕاضی سامەرائی قسەکانی سکرتێری دوویات کردەوە ، زیاتر هەندێ لایەنەکانی تری باری عیراقو کوردستانی ڕوون کردەوە ٠٠ پاشان دەستکرا بە گفتوگۆ

پاشماوەی:لە یادی سێ ساڵەی

(نارادەیەك) زۆر لە هونەرمەندان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە ٠٠

کۆمەڵ لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ توانیویتی بەشداری یەکەمین فلیمی وەسائقی کوردیو یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی بکات ٠٠ لە ساڵی ٩٧١ میهرەجانیکی شیعری کوردی لە هەولێر سازکردوە ، ساڵی ١٩٧٢ میهرەجانی دووەمی هینایەکایەوە ، کەلیك شاعیرو نوسەری هیناوەتە کۆڕی خۆنواندنەوە ، لەم ماوەیەدا چەند شانوگەریەکی لە شانوی هۆلی گەلدا پیشکەش کردوە، وەکو : خالەی ریبوار کە لە سلێمانیو هەولێر پیشکەکرا ، زەلامێکی گەلحۆ گەلێکی تری پیشکەش کردوە ، چەند جیروکیکی لە تەلەفزیونی کەرکوك نیشان داوە وەکو جیروکی بورەبیاو ، گوێزان ، لافاو ، هەلەی دەرهینەر ، ئوپەریتی باران ، ئەمانەو چەند شانوگەریەکی تری پیشکەش کردوەو ئیستاش هەندیکی بەدەستەوەیە ٠٠

پاشماوەی : بڕیاری سێ ساڵەی

لە ڕاپۆرتی لێژنەکانی ئەنجومەن ، پێشەکی بەرێز صنعان قەساب سەرۆکی لێژنەی ئابوری بە فراوانی باسی چالاکی لێژنەکەو هەندێ پێشنیاری پێشکەش کرد ، ئەوەبو بریار درا لێژنەکە زۆر تر فراوان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات ، پاشان سەرۆکی لێژنەی (کاری گەل) بەرێز نجم‌الدین مختار قسەی کرد سەبارەت بە چالاکی لێژنەکەی ، کە بەرێز بەڕێوەبەری شارەوانی کاك عثمان حەمە باقی یش هاوبەشی کرد ٠ لە کۆتایی دا چەند پێشنیارێك پێشکەش بە ئەنجومەن کرا دەربارەی چونیەتی چارەسەرکردنی کیرو گرفتو تەنگ وچەلەمەی خانو لەهەولێرو پێشخستنی شارەکە لە ڕووی جوانیو باری ژیانی کۆمەلانی خەلك ٠٠ کۆبونەوە کە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند ٠

پاشماوەی : سەرۆك بەکروسیهانۆك

لێ پرسراوانی عیراقیدا لەدژی گەلی عەرەب ئەجولیتەوە، کۆبونەوەو باسی پەیوەندی دۆستانەی نیوان هەردو وڵاتو دەرەوەیان کرد ٠

ڕۆژی دو شەممەی ڕابوردو ئەمیرو وەفدەکەی کەمبۆدیا چون بۆ سەردانی پاریزگای ئەینەوا لەوێ سەریان لە مۆزەخانەی شارستانیتی کۆنی ئەینەواداو لەدەفتەری دیدەنیدا چەند وشەیەکی بۆ یادگار نوسی ٠٠ دوای ئەوە چو بۆ مزگەوتی (النوری)و منارەی (الحدباء) ٠٠ نانی نیوەڕویان لەسەر خوانی پاریزگاری ئەینەوا خواردو سەر لەنیوارەی هەمان ڕۆژ گەڕانەوە بۆ بەغدا٠

بەیاننامەی دوو قولی :

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو دوای ئەواو بونی سەردانەکەی ئەمیری ناوبراو بو عیراق بەیاننامەیەکی هاوبەشی نیوان عیراق و کەمبودیا دەرچو ٠ تیایا ئەڵێ :

لەسەر خواستی سەروك کومار مهیب احمد حسن البکر ئەمیر نوردوم سیهانوك سەروکی حکومەتو سەروکی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کەمبودیا لە ١٥ - ١٨ی ئەم مانگەوە بەسەردانیکی ڕەسمی هات بۆ کوماری عیراق ٠

سەرکومار بەگەرم پیشوازی لەئەمیرو وەفدەکەی کەمبودیا کرد ، میوانی بەریز زور ستایشی پارتی بەعسیو حکومەتو شۆرشی کردو چاوی بەگەکیك کارگەی پیشەسازیو شوینەوارو جیگا پیروزەکانو دەزگاو دامەزراوەکانی وڵات کەوتو هاریکاریو دوستایەتی نیوان گەلی کەمبودیاو گەلی عیراقی نیشاندا ٠٠ هەردو سەروك باسی دوستایەتیو هاوکاری نیوان هەردو وڵاتیان کرد ٠ سەر کۆمار باسی ئەو دەسکەوتە گەورانەی کرد کە لەدوای شورشی ١٧ی تەموزەوە بەدەست هاتوون ، وە زور سلاوی لەگەلی کەمبودیاو حکومەتەکەی کردو ستایشی کردن ٠ باسی چونیتی باری ناوچەی عەرەبیان کردو سەرزەنشتی دوژمنایەتی زایونیستەکانیان کرد کە لەدژی گەلی عەرەب ئەجولیتەوە، وە هەردولا لەو باوەڕەدا بون کە چارەسەرکردنی بەناو ناشتیانە ، مەسەلەی فەلەستین بەقازانجی عەرەب بەلایەکا ناخات و ناتوانێ گەلی دەربەدەر کراوی فەلەستین بە ئارەزوی خۆیان بگیرێتەوە بو نیشتمانی خویان ٠ وەستایشی هەلویستی سیاسەتی دەولەتە پێلایەنەکانیان کرد بەرامبەر بە مەسەلەی دەولەتانو باری ئیستای گەلی عەرەبی فەلەستین وە ئەوەیان سەلماند کە هەردولا لەگەل گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینداا هاودەنگن کە لەدژی بەرەی ئیمپریالیزمو سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزایەتی تێئەکوشن ٠ سەربەخویی ئەنگولاو نوشوستی پورتوگالیان پێخۆش بوو ٠ بە هەمو شێوەیەك لەدژی سیاسەتی داگیرکەرانەو ئیمپریالیزمو جیاوازی ڕەگەزایەتیو زایونیستەکان دوان ٠٠ ئەو گەمارۆ دانە سەربازیەی کەمەی (محیط) هینەدیان پێ ناخۆش بوو ٠ ئەمیر سیهانوك ئەوەی دەربڕی کە سەرکەوتنی شورشی ١٧ی ئەموز جێگای شانازی هەمو دەولەتانی جیهانی سێیەمەو پالپشتی خەباتی ڕەوای گەلی عەرەبە لەدژی ئیمپریالیزمو زایونیزم ٠ ئەم گفتوگویانە لەزەمینەیەکی دوستانەو بڕایانەدا کرا ٠٠ وە لە سەعات ١٠و نیوی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو سەروکی کەمبودی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەیو بەغدای بەجێ هێشت ٠٠

ئەوەی شایانی باسە ، سەرۆك احمد حسن البکرو ژمارەیەك لە بەریزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشو وەزیرەکانو سەرۆکانی دەزگا دیلوماسیەکان لە بەرێکردنی سەروکی کەمبودیا بوون ٠ دوای کوتای سەردانە ڕەسمیەکەی بۆ عیراق لە لەسەر خواستی سەروك کۆمار بووەو جوار ڕۆژی خایاند ٠

ئا٠د٠ع

پاشماوەی عیراق‌داوای بەستنی

مامۆستا تایە عبدالکریم کە کان سوود لەم جۆرە جووڵانەوەیە وەرنەگرن ٠

سەرۆکایەتی وەفدی عیراقی لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ڕێکخراوی (ئوپێك)دا کرد و وتبوی حکومەتی عیراق هەلویستی ئەم دوواییەی کوێت سەبارەت بە هەرزان کردنی نرخی نەوت بە مەترسیەك دانەنێت لە بارەی پاشەڕۆژی ڕێکخراوی (ئوپیك)ەوە چونکە دەرکردنی هەر بڕیارێك لە لایەن هەر وڵاتێکی ئەندامەوە پێویستە بە ڕەزامەندی وڵاتانی تریش بێت بۆ ئەوەی هێزە ئیمپریالیستەکان خۆیان جێبەجێ بکەن ٠

هەروەها وتی : هاوکاری کردنی وڵاتە تازە پێکەیشتووەکان یەکێکە لە پێویستەکانی ئەندام نابێ ئەوەیان لە بیر بچێتەوە کەوا هێزە ئیمپریالیستو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان هەمیشە هەول دەدەن گیروگرفتو ئاژاوە بۆ ڕێکخراوی (ئوپیك) بخولقێنن بۆ ئەوەی نیازەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن ٠

پەیامنێری هاوکاری لە هەولێر
ممتاز حەیدەری

دووعیادەی تەندروستی لە هەولێر

وەزارەتی تەندروستی بڕیاری داوە دو عیادەی تەندروستی لە ناحیەی حاجی هۆمەران و سیدەکان بکرێتەوە ٠

سەرچاوەیەك لە دامەزراوی خزمەتگوزاری تەندروستی لادی وتویە کردنەوەی ئەم دوعیادەیە ئەوە ئەگریتەوە کە هەمو ناوچەکانی ئوتونومی عیادەی تەندروستیان هەیە ٠ وەوتویە لەم دواییەدا لەسوارەتوکەو مانگیش و بامرنیو سولاف و نامیدی لە پارێزگای دهوك چەند عیادەیەکی بەم جۆرەیان تیاکراوەتەوە ٠

ئەم عیادانە هەمو جۆرە کەرەسەیەکی پزیشکیو داوو دەرمانیان تیایە ٠٠ بەمانەوە ژمارەی عیادە پزیشکی یەکانی ناوچەی ئوتونومی ئەگاتە ٥٠ عیادە کە ٢٤ یان لە هەولیرو ١٧ یان لەسلیمانیو ٩ یان لە پارێزگای دهوکە ٠ ئەمانە جگە لەو ١١٠ مەلبەندە تەندروستیەی کەلەناو چەکانا هەیە ٠

هەرەوەزکاری گەل لە هەولێر

هەولێر لە پەیامنێری « هاوکاری »یەوە :

بە پێی ئەخشەیەکی تایبەتی شارەوانی هەولێر لە هەفتەی ڕابوردوودا ، دەستی بە پاك کردنەوەی ناوشارو بە تایبەتی گەڕەکی هەژاران کردوە ٠

بۆ نمونە هەفتەی ڕابوردوو، گەڕەکی سەیداوا کە گەڕەکێکی گەورەیە بە هەرەوەزکاری ڕۆلەکانی گەل خاوێن کرایەوە وە نزیکەی هەزار کەسێ لەم هەرەوەزەدا بەشداریان کرد ٠

ئەم هەفتەیەش دەست کرا بە پاکردنەوەی گەڕەکی قوران ، ئەوەی شایانی باسە کار بەدەستانی شارەوانی لە سەرووی هەمووبانەوە بەرێوەبەری شارەوانی کاك عثمان حمە باقیو سەروکی ئەندازیاران کاك مجید عمر نوێنەری ئەنجومەنی گەل کاك حاجی نجم‌الدین مختار بەشدار یان لەم ئەرکە پیرۆزەیادا کرد ٠

کرینی ٢٠٠ ئەمباری دانەوێلە

هەفتەی ڕابردوو دکتۆر حسن فهمی جمعە وەزیری کشتوکال و چاکردنەوەی کشتوکال ڕێکەوتنێکی لە گەل یەکێك لە کۆمپانیاکانی هۆلەندادا مۆر کرد بۆ کرینی ٢٠٠ ئەمباری هەلگرتنی دانەوێلە بەرامبەر بە دوو ملیۆن دینار ٠

نیازیش وایە لە ماوەی هەشت مانگی داهاتوودا ئەمبارەکانی تەواو ببنو ئەم ئەمبارانە (١٦٠٠) تەن دانەوێلە ئەگرن ٠ هەروەها ڕێکەوتنەکە دیاری کردووە کە پاش (٤٥) ڕۆژ لە مۆرکردنی هەردو لا بەرژەوندی نیشتەجێ کردنی لادێی (١٠) ئەمبار وەرئەگرێت٠

شایانی باسە ، ئەم ئەمبارانە بە سەر پارێزگاکانی وڵاتدا دابەش ئەکرین بۆ کۆکردنەوەی گەنمو جۆو بەرهەمە کشتوکالییەکان ٠

ڕەوتی گەشە کردن

ڕەسول

سەرکردایەتی پارتیوشۆرش بایەخێکی تەواوی داوەتە پرۆژەکانی ناوچەیئۆتۆنۆمی بۆ سرینەوەو لابردنی باری دوواکەوتوویی ناوچەکەوبەرزکردنەوەی ڕادەی ژیانی هاونیشتمانیەکان هەروەکوڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی قوتری هەشتەمی پارتی بەعسیعەرەبی سوشیالیست نەخشەی بۆ کێشاوە ، بە تایبەتی پاش‌لەناوچوونی تاقمی بەکرێ گیراوو گەڕانەوەی نامتی بۆناوچەکە ٠

لەم ڕووەوە چوار کارگەیەی نوێ لە شاری هەولێردا دروست ئەکرێ وەك کارگەی بارچەکردنی بەرد لە ناوچەی صلاح‌الدین ، کارگەی دروست‌کردنی کاشی لە هەولێر ، کارگەی شۆرینەوەی ئوم لەناحیەی خاباتو کارگەی دروست کردنی کاغەزی‌نایلۆن لە هەولێر ٠٠ جگە لە جێبەجێ کردنی پرۆژەی‌نیشتەجێ کردنی جوتیاران کە (٥) ملیۆنو (٥٠٠) هەزاردیناری تێ‌ئەچێتو ژمارەی هاوخانووانەی نیاز وایە دروست‌بکرێت ئەگاتە ٣١٤٥ خانو بۆ جوتیارونو فەرمانبەرانوکریکاران ٠

ئەمەشیان ١٧ ملیۆن دیناری‌بۆ تەرخان کراوە ٠

هەروەها (٥٣) قوتابخانەدروست ئەکرێ کە ملیۆنێك و ٢٧٥ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت٠

لەلایەکی تریشەوە کەلێ‌پرۆژەی تر بۆ قەزای مەخمورو عەینکاوەو ناوچەکانی دەوروپشتی هەولێر ئامادەکراوە ٠

لەم بارەیەوە ١١٦ ملیۆن‌و ٧٠٠ هەزار دینار دانراوە بۆ کومپانیای گشتی گواستنەوەکە نیاز وایە بکرێتە دەزگایەك‌و پێنج کۆمپانیای بخرێتە پاڵ٠٠بەغداو بەسراو نەینەوا کۆمپانیایەك بۆ کۆگاکانی ترانسیتو یەکێکی تر بۆ چاکردنەوە ٠ هەروەهاکردنەوەی چەند لقێك لەکربتو عەقەبەو بەیرووتو لەتەرابلس‌وتوروس‌و لازوقیە جگە لە دوو لقی تر لە ئەسکەندەرۆنەومرسیك لە تورکیا بۆ سووك کردنی‌نیش‌و کاری گواستنەوەوکرینی شتومت ٠

کۆمپانیای ناوبراو ، چەندلقێکی لەبەسراو بەغداو نەینەوا کردۆتەوە واش چاوەڕوان‌نەکرێت بەم زوانە دوو لقی تر لە بابل‌و کەرکوك‌دابکاتەوە ٠

لە ڕوی پیشەسازی‌یەوە ،ڕاگەیەنراوە کەوا دوو کۆمپانیا ئەکرێتەوە یەکەمیان بۆ بەرهەمهێنانی بلاستیك‌و ئەوی تری بۆ پیشەسازی چنین هەروەهاملیۆنێك‌و ٥٠٠ هەزور دینار دانراوە بە سەرمایەی‌کۆمپانیای‌یەکەم کە تەرخان کراوە بۆ پیشەسازی تەکنیکیو پلاستیك‌وەکو تەلەفیزۆن‌و ئامێرە ئەلەکترۆنیو کارەبایی‌یەکان ٠

پاشماوەی : بروسکەیەکی

سەروك احمد حسن بەکر سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش‌و سەرکۆماری عیراق سەرۆکی بەریز :

بەشادمانی‌یەوە کۆنگرەی جیهانی‌ی سالی ئافرەتان ئەو نامەیەتانی پێ‌گەیشت کە ئاراستەتان کردبوو ، کونگرە زۆر بایەخ بەو نامەیە ئەدات کە نیشانەی ڕێز لێ‌نانی ئافرەتە لەتێکوشانی‌دا لەپێناو یەکسانیو پێشکەوتن‌و ناشتی‌دا ٠

بەناوی بەشداربووانی کۆنگرەکەوە زۆر سوپاسی ئەو نامەیەتان ئەکەین ٠

فریدا براون
سەرۆکی کونگرەی جیهانی سالی ئافرەتانی جیهان

ئەوەی شایانی باس کردنە سەر کۆمار کاك احمد حسن بەکر نامەیەکی بۆ کونگرەی ئافرەتانی جیهان نارد کە لەشاری بەرلین گیرا تیایدا ڕایگەیاند بوو کە کێشەی تێکوشان لەپێناو ڕزگارکردنی ئافرەتدا کێشەیەکی بچوك‌و سنوردار نیە بەلکو بووە بەکێشایەك کەنێکرای مرۆڤایەتی ئەگرێتەوەو لەپوختەش‌دا کێشەی خەباتی ئومەلایەتی پێشکەوتن خوازە لەپێناو وەرگرتنی ئافرەت شوێنی شیاوی خوێ لە کۆمەڵداو لە کار گوزاری بنیات نانی کۆمەڵی دوا ڕۆژو جێگیر کردنی سەربەستی کۆمەلایەتی‌و پێشکەوتنی شارستانیەت ٠

ئا٠د٠ع

پاشماوەی : نامەیەکی سەرۆك بەکر

ئەنجومەنی ئاشتی جیهانو تێبەڕ بوونی (٣٠) ساڵ بەسەر تیشکانی فاشیزمی ئەلەمانیادا ئەبەسترێ ٠

هەروەها وتی : دوا ئەکات کە لە بەغدا لە سەرەتای ساڵی ئایندەدا کە ساڵی کەشە پێ‌کردنە ، لە ژێر دروشمی (کێشەکانی کەشەکردن لە وڵاتانی تازە پێ‌گەیشتودا) بکێرێ ٠

وە لەو کونگرەیەدا کە لە بەغدا ئەگیرێ وەفدی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانو ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو مامۆستاو پرۆفیسورو زانا‌و شارەزاو پسپۆڕانی کەشەکردن بەشدار ئەبن بۆ لێکۆلینەوە پێش‌کەش کردنی ڕاپۆرتی زانستی‌یانە ٠

ئا٠د٠ع

Institut Kurde de Paris

خەباتی قوتابیانی کوردستان

ـ یەکیتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات ـ

لەرشەکاوەی ئالای یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق

لەم رۆژانەدا یادی چواردەمین ساڵەی لەدایك بوونی پێشرەوی ڕاستەقینەی قوتابیانی عیراقی، ئەم یەکێتییەی هەموو هێزو توانایەکی بۆ خزمەتکردنی قوتابیانتەرخان کردووە • مرۆڤ کە داوای سەربەستی دەکات هێز نیە بەری بگرێتو ئاواتەکانی بژاکێنیو مافی ڕەوای پێشێل بکات ، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر میللەتو هەموو هێزە ئازادی خوازەکانی یەك بنو هاوکاری لەگەل یەکتری بکەن ئاکامی سەربەستی یەش روونتر دەبێت •

لە (٢٣)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ لە کۆڕەبانەکەی کۆلیجی (پزیشکی) سەرەتای بانگەوازی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق درا ، بەڵام هێزی ڕەت کەرەوەو کۆنە پەرستیش وەك چۆن بەرسنگی هەموو دەست پێشخەریەکی پێشکەوتوو خوازانە دەکەنو ناهێڵن کۆڕانە شۆرشگێریەکان فراوان ببن بەم جۆرەش ئەم یەکێتییە تووشی گەلێ کۆسپو تەگەرە هات بەڵام چونکە قوتابیان پێشرەوی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژاردبوو پشتی ئەم یەکێتییەیان بەرنەداو لە دەوری ئالا شەکاوەکەی کۆبونەوە ، ساڵان هاتنو چوون ، رۆژگار هەزاران جار ساتمەی کردو بەڵام بیرو باوەڕی پێشکەوتوو خوازانە هەر لە مێشکی قوتابیاندا مایەوە ، ئەم یەکێتییەش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لەگەل قوتابیانو هەستو ویستیان تێکەڵاو بوو ، بریاری کونگرەکانیش نیشانەی بەرەوپێشەوە چوونو زیاتر هەست بەلێ رسینەوەیە •

ئەمڕۆش دوای چوارده ساڵی ڕەبەق خەباتو تێکۆشانی جوامێرانەی ئەم یەکێتییە کە لێ ئاواتو داخوازی قوتابیانی وەدی هێناوە ، هاوین نیە نوردوگایەکی قوتابیانە نەکاتەوەو خزمەتی کاروانی گەشە کردن نەکات ، هەروەها ئەم یەکێتییە لە ڕێی لێژنەو لقو سکرتاریەتەکانیەوە ڕێ ڕەوی بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی قوتابیانی گرتۆتەبەرهیوادارین ئەمساڵ بیێتە ساڵی خۆماندوو کردنو بەرهەمی پیرۆزتر ، قوتابیانی کوردستانیش وەك گەرتێکی میللەتی کورد هەمیشە پشتگیری ڕێبازە پێشکەوتوو خوازەکەی یەکێتی نیشتمانییە •

سڵاو لە جەژنی قوتابیان •

دەست لە ناو دەست بۆ پاراستنو بەرە پێدانی دەسکەوتەکانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب •

خەباتی قوتابیان

ئەمە قوتابیە

ئەم گفتگو سەرێنی پیەمان لەگەڵ قوتابی لاو کاك ئیسماعیل ئیبراهیم حەسەن کرد •

● ناوت چیە

ـ ئیسماعیل حەسەن ، خەلکی گوندی سەیدان لە ناحیەی عەنکاوە پاریزگای هەولێر •• ساڵی ١٩٥١ لەگوندی ناوبراو لەدایك بووم بابم جوتیار بو ، لەتەمەنی حەوت ساڵان چومە قوتابخانە ، لەو کاتەوە فامم کردۆتەوە حەزبە ئەدەبی فولکلور ئەکەم ، چونکە سەرچاوەی ئەدەبیاتی فولکلوری هەمو نەتەوەیەك میللەت خۆیەتی •• دانیشتوانی گوندەکان زورتر بایەخیان بەئەدەبی فولکلوری داوەو پاراستویانە ••

لە پولی پینجەمی سەرەتایی بوم کە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی بابەتە فولکلوریەکانی کوردەواری •• ئەوانەی تائیستا کۆم کردونەتەوە ئەمانەن : حەسەنو مریەم ، کەریمو ستی ، سیامەندو خەجێ ، مەمو زین ، سورمەخانو خورشیدی چاوبەخال ، لەگەل چەند حەیرانو لاوکو گومەڵە یەندی پیشینیان وچەند داستانێکی ئەفسانەیی دلداری کە لەناو دانیشتوانی گوندەکاندا باوون •

لەبارەی بەرهەمە فولکلوریە چاپکراوەکانەوە وتی :

هەر کارێکی ئەدەبی لەسنوری سودو بەرژەوەندی گشتیدا جێگاو شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە ، ئەوانەش کەتا ئیستا ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانەیان چاپ کردوە ، بی هەڵەو کەموکورتی نین ، تەنانەت هەندێکیشیان بەتەواوی شارەزای شیوەکانی زمان نین (وەك لەبەرهەمەکانیانا دەرئەکەوێ)•• چونکە دەقە فۆلکلوریەکانیان وەك خۆی بڵاو نەکردۆتەوە •• بەڕای من دکتور عزەدین لەم بوارەدا سەرکەوتوە •

لەبارەی بەرهەمە فولکلوریە ئەم بیروراەمە هەیە :

زمانی کوردیش وەك هەر زمانیکی تر هی نەتەوەیەکی سەر ئەو خاکەیە •• کوردیش لەکۆنەوە بایەخی بەزمانی خۆی داوەو پاراستویەتی ، زمانی کوردی پاراوو دەوڵەمەندو خاوەن وشەیە ، ئەو کتیبانەی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نوسراون (تارادەیەك) ڕیچکەی زمانی کوردیان ڕون کردۆتەوە •• ئەتوانم بلیم بونە بنچینەیەکی ئەدەبیو زانستیانەی مێژویی بۆ ڕێزمانو ڕینوسی کوردی •• لیك دانەوەی زاراوەکان وشی کردنەوەیان بەشیوەیەکی زانستیانە بیویستی سەرشانی زانا و ئەدەب دوستانی ئەمڕۆمانە بۆ ئەوەی ئەوەی سبەینیمان لە وشەی دوێنێمان تێبگات •

خالد مولود ئەحمەد
ئامادەی کردوە

پیرۆزبایی

بە بۆنەی یادی چواردەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقەوە لاپەڕەی « خەباتی قوتابیان » لە ڕۆژنامەی هاوکاری ـ پیرۆزبایی لە سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو هەموو قوتابیانی عیراق دەکات ، هیوادارین ئەم تاکە پێشرەوەی قوتابیان هەمیشە لە خەباتو تێکۆشاندابێ بۆ خزمەتی قوتابیان •

ئیتر بۆپێشەوە لەژێر ئالای پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دا •

لاپەڕەی ـ خەباتی قوتابیان ـ
لە ڕۆژنامەی هاوکاری

لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سکرتاریەتی دا

لاپەڕەی خەباتی قوتابیان لەگەڵ کاك « خطاب محمد علی» ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت بەم دەمە تۆژینەی سەبارەت بە بارەی کاروباری قوتابیان کرد •

ـ دەوری یەکێتی ناوچەی زەنوتزمی دەبێ چۆن بێ ؟

ـ یەکێتی قوتابیانی کوردستان تا ئەو نوێنەری ڕاستەقینەی قوتابیانی کوردستانەو لە پێناوی بیاەدی ماف کانیان دا تێکۆشەرە ، تا پلەی زانیاری وباری تێکەیشتنیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرز تر بێت • سەروەها یەکێتیش خۆی بارەشی بۆ هەموو قوتابییە نیشتمان پەروەرەکان کردۆتەوە تا هەموو لایەك خزمەتی ئەمڕۆی تۆڕانە پێشکەوتوو خوازەکان بکەن کە پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی دەکات •

هەروەها یەکێتی دەوری قوتابیانی کوردستان لە چەسپاندنی دامو دەسگاکانی ڕزتۆنزمی دەردەخات •

ـ پێشنیارت بۆ قوتابیان چیە ؟

ـ دەبێ هەموو قوتابیەکی کورد هەست بە باری ئەمڕۆی عیراقو کوردستان بکاتو بەپێی ئەو کۆڕانانە ڕەفتار بکات هەروەها ئەو بریارانەی کە دەوری بەر پرسیاریتییان ئەوتۆنە سەرشان دەبێ بەلای کەمیەوە چاو لەم خالانە بەڕۆشن •

١ ـ دەبێ تێبکۆشن زادەی زانیاری وهوشیاری لەناو قوتابیاندا بەرز بکەنەوە •

٢ ـ لەگەڵ مەلبەندی ئەهێشتنی ئەخویندەواری دەبێ هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەخویندەواری ڕیشەکێش بکرێت •

٣ ـ قوتابیانیش دەبێ هەموویان لەدەوری ئالای ئەم ئامانە نوێنەرەیان « یەکێتی قوتابیانی کوردستان » بوبینەوە تا هەموو لایەك بەوە خزمەتی بزوتنەوەی قوتابیان بکەین •

٤ ـ قوتابیانیش دەبێ بکەونە خۆیانو خەلکی کوردستان لە ڕێبازی پێشکەوتوو خوازەکەی حیزبو سۆڕش بکەین کە خزمەتی دەکات •

ـ باشە دەربارەی ئەم لاپەڕەیە چیت هەیە ؟

ـ قوتابیان لە خزمەت کردنو ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ژیانی ئەم میللەتە هەرگیز بێ بەش و دوورەو پەرێز نەبوون •

بۆیە ئەمڕۆش یەکێتی ئەك هەر لە ڕێی ئەم لاپەڕەیەوە بگرە لە پەخشنامە ئاوخۆیی و کۆڕو کۆبونەوەکانیدا مەسەلەی میللەتو تێگەیاندنیان هەر بە خالێکی سەرەکی دانراوە بەڵام مەکتەبی سکرتاریەت بە چاوێکی ترەوە سەیری ئەم لاپەڕەیە دەکات چونکە هەر هەفتەی جارێك بەس و بابەتو دەنگو باسی قوتابیان بلاو دەکاتەوەو زورەی ڕۆشنبیرو خەلکی تر دەیخوێنەوە ، هیوادارین ئەم لاپەڕەیە ئەم خزمەتەی بەردەوام بێ •

فریاد بلال ئامادەی کردوە

لەبیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقدا

ـ هەوراز ـ

سەرکردایەتی پارتوشۆڕش هەردەم بایەخێکی بێ وچانی داوەتە دەوری قوتابی ، قوتابیانیش بە سەرکردایەتی « یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق»هەردەم وەك سەربازێکی وەفادار لە ڕیزی پێشەوەی خەباتو گیان فیداکاری دا دژی نیمپریالیزمو نۆکەرانی وەستاونو خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٥٢ ، ١٩٥٦ باشترین بەڵگەن کە ئازایەتیو شۆڕشگێری لە ناو قوتابیانی عیراقدا سەلماند •

یەکگرتنەوەی ڕۆژی لەدایك بوونی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لەگەل (ڕۆژی قوتابی) دا شتێکی ئاسایی نیە بەڵکو یەکگرتنەوەی ئەم دوو ڕۆژە پیرۆزە خواستو مەرامی هەموو قوتابیەکی عیراق بوو ، بۆ ئەوەی ئەو دەورە پیرۆزەی قوتابیانی عیراق کێڕابویان لەسەر شانۆی سیاسی لە سەردەمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی پێش شۆڕشی (١٧)ی تەموزی پێشکەوتو خواز لە یاد نەچێتەوە لە هەمان کاتدا بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتیە• نەبەزەکەیان بکەنەوە • بۆیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٠) بریاری دا کە هەموو ساڵی ڕۆژی (٢٣)ی تشرینی دووەم بە (ڕۆژی قوتابی) بناسرێت •

لەدایك بوونی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە (٢٣)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ شتێکی وا نەبوو لە خۆیەوە هەڵقولێ بەڵکو پێویستێکی مێژووی بوو بۆ بەرچ دانەوەی ئەو بیرو باوەڕە بزگەرانەی کە نیمپریالیزمو نۆکەرانی ئەیانەویست بەسەر جەماوەری قوتابیاندا بی جەسپێن • بەڵام لەدایك بوونی ڕێکخراوێکی وەك یەکێتی نیشتمانی کە توانی هەموو قوتابیانی عیراق لەژێر ئالاکەی دا کۆ بکاتەوە بوە دیواریك لە بەردەم ئەو هەموو بیروباوەڕە بە ساڵا چوانەی نیمپریالیستەکاندا لە کۆتاییدا هەزاران سەلاو بۆ گیانی شهیدانی بزوتنەوەی قوتابیانی عێراق • هەر شەکاوە بێ ئالای یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق •

خوێندنی ئەوسای منالان

جاران کە باوك کورەکەی ئەبردە لای مامۆستا بۆ خوێندن منداڵەکەیان بە مامۆستا ئەسپارد •• جۆری خوێندن ئەو سەردەمە بریتی بو لە کومەڵە هەرەشەو لیدانو زەبرو زەنگیکی مامۆستاو کوێ ڕایەلی کویرانەی قوتابیان •• قوتابی نەی ئەتوانی بیرو ڕای خوی بە ئاشکرا دەربڕێ •• مامۆستا بابەتەکانی خوێندنی تیکەڵ بە فەلاقەو لیدان ئەکرد •• منداڵ بە جۆرێك سەرکوێر ئەکرا کە دەرەتانی بیر کردنەوەی نە ئەماو هەمیشە بیری لەو ڕۆژانبازیە ئەکردەوە کە کیرودەی دەستی ڕێژیمی خوێندەواری کۆن بوە •• سەرەتا کانی خوێندن بە جۆرێك منالی ئەترسان کە دەست بەرداری هەمو دواروژێك ئەبو •• پلەی ڕوشنبیری ئەك شان بە شانی پلەی کومەڵایەتی بەڵکو دوا کەوتو تر بو •• جگە لەمانەش دوای خوێندن هەمو ڕۆژێك ئەو منالانە ئەبوا بەنیشو کاری کشتوکاڵو بەخیوکردنی مەروماڵانەوە خەریك بوتایە ئەمەش خۆی لە خۆیا هویەکی سەرەکی دواکەوتنی پلەی ڕوشنبیری منالان بوو •• بەڵام لە سەر بنجی ئەو خوێندەواریە ئالوزە خوێندنو فیرکردنی نوێ هاتە کایەوە •• جۆری فیر کردنی نوێ هەمو کەلاوەو پاشماوەکانی خوێندنی کۆنی داگیر کردو لە بنەڕەتەوە کۆزیو سروشتی خوێندن لە ڕوناکیا دەرکەوت•• بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ڕێنستادا کە هەزاران قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەییو پەیمانگاو کولیجی هەمە جۆرە کراوەتەوە ئەوەی نوێ بۆتە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی هاوچەرخی هەمیشە زیندو ڕۆژبەرۆژ بەرەو پێشەوەتر پەرە ئەسێنێو واقیعیکی نوێتر دنیتیە کایەوە کەوابو با هەمومان بشتگیری ڕیبازی خوێندنی نوێو فیرکردنی ڕوشنبیریو شارستانیی ئەمڕۆ بکەین •

بارزان تاڵەبانی

بەرەسەندنی خەباتی قوتابیانی کوریای خوارو

ئەو دەنگو باسانەی لە (سیئول)ی پایتەختی کوریای خوارووەوە دێن وا ئەگەیەنن کەڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەباتی قوتابیانی کۆریا دژی ڕێژیمی (پارك جونك هی) پەرە ئەستێنێو شەپۆلی نارەزایی بونو خۆ پێشاندان ولاتی شیواندوە •• بەرادەیەك کەدەوڵەت ناتوانێ کبی بکاتەوە•• قوتابیانی کوریا شان بە شانی هەموو چینەکانی تری گەل ڕاوەستاون ، بەرەنگاری دەسەڵاتی دەوڵەت بوون ، حکومەتیان بەجۆرێك ناچار کردوە کە بە هەمولایەکدا پەل بهاویژی وهەمو جۆرە کردەوەیەکی نامروڤانە بەکار بێنێ بۆ خاموش کردنی گری ئەوخۆپیشاندانە جەماوەریە ••

لەم دوو ساڵەی دواییداقوتابیانو لاوانی کوریا چە خۆپیشاندانێکیان لە کولیجەکانی کوریادا ڕێك خستوە ، نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەوسیاسەتە چەوتەی ڕێ گرتویەتیە بەر •

لە نیسانی ساڵی ١٩٧٤ بەهەزاران قوتابی کوریا خوارو لەگەل هەمو چینەکانی گەلی کوریا خۆنیشاندانێکی گەورەیان ڕیکخست لە دژی فاشیستو کرنە بەرستە ناو خۆ •• داوای بە دی هینانی یاسای دیموکراتیو سەربەستیان ئەکرد •• بەڵام دەستەی ڕێژیمی خۆ فروش بەیارمەتی دەزگای موخابەراتی ئەمەریکاو داردەستەکانی ئیمپریالیزم توانیان ئەم خۆپیشاندانە پەرتو بڵاو بکەنەوە • وەبە هەزاران کەسیان لە قوتابیو ڕوشنبیرە شورشگیرەکانی گەلی کوریایان خستە بەندیخانەوە •• لەوانە شاعیری لاو (کیم جی ها) بوو ، کە زۆر ئازاریاندا •• گیراوەکانیان بەوە تاوانبار کردوە گوایە یارمەتی شورشگیرەکانی کوریای سەرویان داوە وبەپێی سیاسەتو پەیرەوی ئەوان ئەجولینەوە ••

هەروەها لە کوتایی ساڵی ١٩٧٤دا قوتابیانی زانکوی سیئولو کوریو خۆپیشاندانیکیان ڕێك خست داوای لەنو بردنی ڕێژیمی بەکرێ گیراوو بەرەڵلا کردنی بڕا قوتابیە گیراوەکانیان ئەکرد ••

دروشمی (دیموکراتیەتوسەربەستی بۆ گەلی کوریا) یان بەرز کردبۆوە ، لە لایەکی تریشەوە زانکوی ڕیژوای کجان ئەوانیش خۆنیشا ندانێکیسازکرد داوایان لە ڕێژیمی کوریای خوارو کرد کە بەزوترین کات قوتابیە گیراوەکان بەرەڵلا بکرێن وسەربەستی نوسینو را دەربڕین بە جەماوەری گەلی کۆریا بدرێ •

قوتابیانی کوریا هەمیشە ئەبەزانە چونەتە پیشەوەو شان بە شانی هەمو چینەکانی تری گەلی کوریا لە خەباتیکی دریژخایەندان تاکو دیموکراتیەتو سەربەستی تەواو بۆ هەمو گەلی کوریاوەرنەگرن و ئاواتە دیرینەکەی گەلی کوریا (یەکگرتنەوەی هەردو بەشەکانی کوریا) دێننەدی •

عبدالخالق صالح گەلالی

پاشماوەی : گفتوگو لەگەڵ جێگری

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جوتیارە کوردەکانی بەخشیوە لەو باجانەی چەندین ساڵە کۆبوونەوە هەروەها دواخستنی قەرزی کشتوکاڵ بۆ ماوەی دوو ساڵی تر هەتا باری ئابووری جوتیاری کورد بەرز ئەبێتەوە هەروەکو لە یاسای ژمارە (٩٠)دا ڕوون کراوەتەوە •

لە کۆتاییدا جێگری سەرۆکی یەکێتی کشتی کۆمەڵەی جوتیاران ئەڵێ چەند عەلومەیەکمان لە شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیداکردۆتەوە بۆ سووك کردنی ئیشیو کاری جوتیاران هەروەها هەندێ ڕێگاوبانی تازە کراوەتەوە بۆ ڕێکخستنی هاتو چۆکردن جگە لە چالاکیەکۆمەڵایەتیەکان وەك کردنەوەی قوتابخانەوە خەستەخانەو قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریو گەیاندنی ئاو و کارەبا بە لادێکان •

پاشماوەی : هەڵویستو ••

لێپرسراوانی پارتیو حکومەت سەر لە ناوچەکە ئەدەن وچارەسەری گیرو گرفتەکانیان ئەکەن •

شورشی ١٧ی تەموز ودەسەڵاتە شورشگیریە وریاکەی زور بەتەنگ پیشکەوتنی ناوچەکەوەن •

هەروەها چارەسەر کردنی ناشتیو دیموکراتیانە لە سەرنجدانیکی مەوزوعیانەدا بروای بە یەکیتی گەلی عیراقو بەرژەوەندی هاوبەشی گەل هەیە •• بویە چەندان بروژەی گەورە لە پیناوی بەختیاری خەلکی ناوچەکەدا دامەزراوە•• ئەمانە هەمویان بەشیکی بچوکن لەو چارەسەرکردنە ناشتیانەی کە هاتوتەدی •

ڕۆژگاری نوێ ئەوەی دەر خستوە کە بریارەکانی ئەنجومەن بارمتەی پیشکەوتنی ناوچەکەو ژیانی بەختەوەرانەی خەلکن •• هەروەکو هەمو شوێنەوارێکی کۆنو رابوردو ئەسرێتەوە ، کە لە ساڵەکانی رابوردوا دوچاری ناوچەکە بوبو •• وە ڕۆژ بە ڕۆژ هەول ئەدرێ بۆ بەرز کردنەوەی پلەو ئاستی کوزەرانی خەڵكو ماوەی ئیش کردنی هاونیشتمانیەکان• دیسانەوە ڕاپەڕینی ڕوشنبیری وکردنەوەی قوتابخانەو چالاکیە کانی ئەهێشتنی ئەخوێندەواریو بایەخدان بە مەسەلەی ئەندروستیو جولانەوەی گەشتو گوزار ئەمانە هەموی گیرو گرفتی سەرەکی ژیانی خەلکی ناوچەکەبونو چارەسەر کراون •

ئەنجومەنی یاسادانان لە ژێر سیبەری بیروباوەری شورشی ١٧ی تەموزو پارتیە سەرکردەکەیا پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەرکە مێژوییەکانی سەرشانی جێ بە جێ ئەکاتو ئاواتی خەلکی ناوچەکە دنیتیە دی •

Institut Kurde de Paris

لە بیرەوەری کۆن

باری خوێندن و رۆشنبیری لە تەویلەدا

نوسینی : صفاءالدین نقشبندی

دەی تەوێلە وەکو هەموو دێهاتەکانی تری هەورامان و لادێکانی تری عیراق لە زەمانی عوسمانیەکاندا لە هەموو رۆژێکەوە دوا کەوتبێ وە خرابوە پشت گوێ . تورکە عوسمانیەکان هەر خەریکی بزرکردنەوەی وێرگو (ضریبە) بوون و بە رەشبگیر لاوەکانیان لەگەڵ و لەیان گەردن بە سەربازو لەیان ناردن بۆ گۆڕی جەنگ ، جگە لەوە کاریەدەستە تورکەکان هەمیشە خەریکی بەرتیل وەرگرتن و گیرفان پڕکردن بوون ، ئیتر ئاگایان بە لای شتی ترەوە نەبوو ، گەلی قوڕ بەسەریش لە ژێر باری کەساسی و نەبوونی و نەخۆشی و نەقامیدا نەیئالاندو نەتلایەوە ، خوێندن و فێرکردن و کردنەوەی قوتابخانە ئەوە هەر هیچ ، قەزایەکی گەورەی وەکو هەلەبجە تاقە یەك قوتابخانەی نیا نەبوو .. چونکە عوسمانیەکان بەڕاستی نەیان ئەویست ڕقلەکانی گەل بخوێنین و فێر بین ، ئەوەکو چاویان بکرێتەوە هەست بە دواکەوتوویی بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن .

خوێندن لە تەوێلەدا لەو سەردەمەدا زۆر دوا کەوتبوو ، وە ئەو خوێندنەی کە بوو ، بریتی بوو لە خوێندنی قورئانی پیرۆزو چەن کتێبکی فارسی و فێربوونی نووسین و دارشتن(١) بە فارسی ، چونکە لەو سەردەمەدا خوێندن و نوسین بە کوردی لەو ناوچەیەدا هێشتا نەبووبوە باو . ئەوانە کە بەم فێر کردنە هەل ئەستان مەلاو فەقێکان بوون لە مزگەوت و مالاندا ، وە ئەم فێر کردنە لە سەر ڕێکایەکی کۆن ئەڕۆیشت و منال زۆر بە درەنگ فێری خوێندن و نووسین ئەبوو .

لە ناو ئەو منالانانەدا کە فێربوونێکی سەرەتایی فێر ئەکران ، تاکو ئەزا هی وایان نیا هەلکی وتوە کە حەزی لە خوێندن کردوەو بۆ خوێندن تەوێلەی بەجێ هێشتوەو دێ بە دێ و شارەوشار گەڕاوەو هەموو ناخۆشی و ئاتەواوی یەکی ساچاندوەو لە هەر لایەك مەلا چاکێك بووە ڕۆیشتوە بۆ لای و ماوەیەك دەرسی لا خوێندوەو بەهرەمەند بووە ، هەر بەو جۆرە هەتا ئەو خوێندنەدا کە لەو سەردەمەدا باو بووە کەیشتوەتە مەرامی خۆی و لای مەلایەکی ناودار اجازەی وەرگرتوەو گەڕاوەتەوە بۆ تەوێلەو بووە بە مەلای دێ و خەلق لە ئیشوکاری ئایینیدا پرس و ڕایان پێ کردوە .

خوێندەوار لە تەوێلەدا لە سەر دمی حوکمڕانی عوسمانیەکانا زۆر کەم بوون . ئەگەر ئەوە ڕۆژێك (عەبدوڵلاتاغا)ی کوڕخای ئەو سەردەمەی تەوێلە نامەیەکی بۆ دێت ، کوڕخا خۆی نەخوێندەوار بووە ، ماوەیەکی زۆر لە سەرزبانی حەوز(٢) چاوەڕوانی کردوە بەلکو یەکێك ببینێت نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە ... ! ئەمە بەلکەیەکە بۆ کەمی خوێندەواران لەو سەردەمەدا .

دوای عوسمانیەکان باری خوێندن لە تەوێلەدا هەر وەکوو لەوەو پێش مایەوەو منالان هەر لە حوجرەدا ئەیان خوێند ، وەکو لە بیرمە لە تەوێلەدا لە پێش کردنەوەی قوتابخانەی ڕەسمیدا ئەم شوێنانە هەبوو کە منالانیان تیا فێری خوێندن و نوسین ئەکرا :

١ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو مەلا عەبدول ئەحەد کە من خۆم یەکێ بووم لە قوتابیانی ئەو حوجرەیە .

٢ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو مەلا عەبدللای مەلا جەلیل .

٣ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو بابەحاجی .

٤ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو (خانو لەیلێ) : لەم حوجرەیەدا کچانیش فێری خوێندنی قورئانی پیرۆز ئەکران .

حوجرەکەی ئێمە لەوانی تر قەلەباڵغتر بوو ، نزیکەی بەنجا قوتابیەکی تیا بوو . قوتابیەکانی حوجرە هەرچەن پلەی خوێندەواریان وەکو یەك نەبوو ، بەڵام هەموویان لە یەك ژوورا دائەنیشتن ، هاو دەرسەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بێکەوە دائەنیشتن و سەریان ئەدایەیەك و هەریەکە بە ئیشی خۆیەوە خەریك ئەبوو .

هەر قوتابیەك لە مالی خۆیانەوە زیرەکەرێکی(٣) بۆ خۆی ئەهێناو لە ژێری خۆیا ڕای ئەخست ، وە هەموو قوتابیەك بەیانیان کە ئەهات بۆ حوجرە قورئانەکەی و کتێبەکانی و قەلەمی قامیش و قاقەزو مەرەکەبی لەگەل خۆی ئەهێنا ، وەکو لە بیرمە قاقەز خۆشەویست بوو وە نەختێ بە زەحمەت دەس ئەکەوت .

مامۆستا کە دەستی ئەکرد بە دەرس ووتنەوە ، ئەو قوتابیانە کە هاو دەرس بوون بە کۆمەڵ بانگی ئەکردن و لەپێشەوە دەرسی قورئانی پێ ئەووتن ، دوای ئەوە دەرسی کتێبەکانی تر ، هەندێ لە قوتابیەکانیش (تۆمار)(٤) یان هەبوو دەرسیان تیا ئەخوێند ، دوای ئەوە سەر قوتابیەك بەڕە قاقەزەکەی خۆی ئامادە ئەکرد ، مامۆستا لە لای سەرەوەی هەموو بەڕەیەك دێڕێك شیعر یا بەندێکی بە نووسینێکی جوان بۆ ئەنوسین ، ئەبوایە هەر قوتابیەك هەموو ڕۆژێك لایەڕەکەی خۆی لەبەر نووسینەکەی مامۆستا ڕوو نووس بکردایە ، بەم ئیشەیان ئەووت (مەشق) وە ئەم مەشقە بۆ ئەوەبوو کە قوتابی نووسینی جوان بێت . ئەو قوتابیانەش کە هاو دەرسیان نەبوو ، بە تاکە تاکە هەر بەڕێکای باسکراوی سەرەوە دەرسیان ئەخوێند .

قوتابیەکان هەر یەکە مانگانە یەکی دیاری کراوی ئەدا بە مامۆستاو ئەرکی تری حوجرە وەکو پاك کردنەوەو سواغدان و سوونەمەنی و بانگوشی هەموو لە سەر قوتابیەکان و کەسو کاریان بوو بە تێکڕایی .

هەر قوتابیەك کە خوێندنی قورئانی تەواو بکردایە (بە تایبەتی مناڵە دەولەمەندەکان) ئەبوایە بەو موناسەبەتەوە مامۆستاو قوتابیەکانی بۆ نان خواردن بانگ بکردایە و حەڵاتێکی باشی پێشکەشی مامۆستا بکردایە . وە قوتابی کە دەستی ئەکرد بە خوێندنی جزمی عەممەو ئەکەیشتە ڕستەی (انە کان توابا) ئەبوایە بیووتایە (کەرەکە قولی سەوابا) یەی مامۆستای کەبابا و مریشکێکی گولی بۆ مامۆستا بهێنایە ... بەڵام ئەمەیان هەر قوتابیەك بە ئارەزوی خۆی بوو ، ئەگەر مریشکەکەشی نەهێنایە گلەی لێ نەئەکرا .

هەر منالێك بۆ یەکەم جار بهاتایە بۆ حوجرە ، ئەبرایە خزمەتی مامۆستا ئەویش لە پاش بەخێرهاتن و لاواندنەوەی ، لە سەر پەڕە قاقەزێك بە نووسینێکی جوان و نەختێ کەورە ئەم سێ ووشەیەی ئەنووسی : یا الله یا فتاح یا رزاق .

دوای ئەم ووشانە هەموو بیتەکانی ئاخافتن (حروفی هجائی) ئەنووسی و دوای ئەوە لایەڕەکەی بە نووسینی (حرکات) ەکان (سەرو بۆرو ژێرو زەنە) دوایی پێ ئەهێنا ، ئەمجا دەس لە دەس و قوەت لە خوا دەستی ئەگرد بە فێرکردنی مناڵەکە ، کە مناڵەکە لە فێربوونی ئەو لایەڕەیە ئەبووەوە ، دەستی ئەگرد بە خوێندنی جزمی عەممە ، وە کە چەن سوورەتە ووردەیەکی بە (حونجە) ئەخوێند مێشکی ئەکرایەوە ، ئیتر ئەکەوتە خوێندن بە (سایە)وە بەرەبەرە لە خوێندنەکەیا پێش ئەکەوت ، دیارە مامۆستا خۆی ئەیزانی کەی وەختی دەس بە مەشق کردن و خوێندنی کتێبە ووردەکانە .. ئەو وەختە وردە ، وردە ، قوتابیە بچکۆلە دەستی بەو شتانە ئەگردو (کەوەریی ئەیجنی)و ئەهاتە ڕیزی قوتابیەکانی ترەوە .

ئەمە وەزعی خوێندنی منالان بوو هەتا ساڵی ١٩٢٨ لە بایزی ساڵی ناوبراودا ، مامۆستای نەمر (کۆران) هات بۆ تەوێلەو بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تەوێلەی کردەوەو قوتابیانی حوجرەکان و منالانی تریش ڕوویان کردە قوتابخانەو دەسیان کرد بە خوێندن و بە کردنەوەی قوتابخانە ئەو لایەڕەیەی پێشوو بێجرایەوەو لایەڕەیەکی نوێ گرایەوە . خانوویەکی زۆر خۆش و کەورەیان بۆ قوتابخانەکە ئامادە کردو بە مێزو کورسی و ریحلەو تەختەی ڕەش و پێویستی تر ڕازاندیانەوە ، ئیتر لەمەو دوا قوتابیان لەسەر کورسی دا ئەنیشن و لەسەر مێز ئەنووسن و تەختەی ڕەش و تەباشیر بۆ نووسین و فێربوون بەکار ئەهێنن و مامۆستا بە زبانی شیرین گفتو گۆیان لەگەل ئەکات و ئەڵێی نوقل لە خۆشبوو مەلا عەبدللای مەلا جەلیل .

٢ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو بابەحاجی .

٤ - حوجرەی خوا لێ خۆشبوو (خانو لەیلێ) : لەم حوجرەیەدا کچانیش فێری خوێندنی قورئانی پیرۆز ئەکران .

حوجرەکەی ئێمە لەوانی تر قەلەباڵغتر بوو ، نزیکەی بەنجا قوتابیەکی تیا بوو . قوتابیەکانی حوجرە هەرچەن پلەی خوێندەواریان وەکو یەك نەبوو ، بەڵام هەموویان لە یەك ژوورا دائەنیشتن ، هاو دەرسەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بێکەوە دائەنیشتن و سەریان ئەدایەیەك و هەریەکە بە ئیشی خۆیەوە خەریك ئەبوو .

هەر قوتابیەك لە مالی خۆیانەوە زیرەکەرێکی(٣) بۆ خۆی ئەهێناو لە ژێری خۆیا ڕای ئەخست ، وە هەموو قوتابیەك بەیانیان کە ئەهات بۆ حوجرە قورئانەکەی و کتێبەکانی و قەلەمی قامیش و قاقەزو مەرەکەبی لەگەل خۆی ئەهێنا ، وەکو لە بیرمە قاقەز خۆشەویست بوو وە نەختێ بە زەحمەت دەس ئەکەوت .

مامۆستا کە دەستی ئەکرد بە دەرس ووتنەوە ، ئەو قوتابیانە کە هاو دەرس بوون بە کۆمەڵ بانگی ئەکردن و لەپێشەوە دەرسی قورئانی پێ ئەووتن ، دوای ئەوە دەرسی کتێبەکانی تر ، هەندێ لە قوتابیەکانیش (تۆمار)(٤) یان هەبوو دەرسیان تیا ئەخوێند ، دوای ئەوە سەر قوتابیەك بەڕە قاقەزەکەی خۆی ئامادە ئەکرد ، مامۆستا لە لای سەرەوەی هەموو بەڕەیەك دێڕێك شیعر یا بەندێکی بە نووسینێکی جوان بۆ ئەنوسین ، ئەبوایە هەر قوتابیەك هەموو ڕۆژێك لایەڕەکەی خۆی لەبەر نووسینەکەی مامۆستا ڕوو نووس بکردایە ، بەم ئیشەیان ئەووت (مەشق) وە ئەم مەشقە بۆ ئەوەبوو کە قوتابی نووسینی جوان بێت . ئەو قوتابیانەش کە هاو دەرسیان نەبوو ، بە تاکە تاکە هەر بەڕێکای باسکراوی سەرەوە دەرسیان ئەخوێند .

قوتابیەکان هەر یەکە مانگانە یەکی دیاری کراوی ئەدا بە مامۆستاو ئەرکی تری حوجرە وەکو پاك کردنەوەو سواغدان و سوونەمەنی و بانگوشی هەموو لە سەر قوتابیەکان و کەسو کاریان بوو بە تێکڕایی .

قوتابیەکان هەر یەکە مانگانە یەکی دیاری کراوی ئەدا بە مامۆستاو ئەرکی تری حوجرە وەکو پاك کردنەوەو سواغدان و سوونەمەنی و بانگوشی هەموو لە سەر قوتابیەکان و کەسو کاریان بوو بە تێکڕایی .

لە یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی دا لە هەولێر

دەستەیەك لە هونەرمەندەروشنبیرە لێهاتوەکانی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٢دا لقی کۆمەڵوێژەو هونەری کوردیان دامەزراند .. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئیستا ناو بە ناوو بەپێی توانا چالاکی هونەری خۆی نواندوەو بەشداری زوربەی ئەو کۆڕو ئاهەنگەهونەریو روشنبیریانەی کردوە کە لەشاری هەولێر سازکراون . بەهۆی چالاکیەکانیەوە شوینێکی گرنگی لە ناو دلی جەماوەری هونەردوستی هەولێر دا بۆ خۆی دیاری کردوە .. هەر بە هۆی ئەم چالاکیانەوەیە کە توانیویتی زمارەیەکی

بروانە ل - ٧ -

یادگار ئەبێ!

ژیان هەمیشە بۆ پێشەوەدەڕوات ، پشتێك دەڕوات پشتێك دێت .. ئە هەمووبەشتکی ئەم ژیانەدا گەلێك داناو خاوەن تەجروبە بەسالاانەچو و کەلا دەکەون ، بەڵام باوەکو گەلانی پێشکەوتوو بوود بینین لە نافی کرنەوەی نامۆژاری ئەم چەشنە ڕوفە بەنرخانە .

بەگوڕی ئەم بروایەوە خۆم گەیاندە مەلی مامۆستای ناسراو (فوئاد ڕەشید بەکر) کە بۆ ماوەی (٤١) ساڵ خزمەتی پەروەردەو فێرکردنی کردوە .

وە لە ماڵەکەی خۆیدا دەمەتەقی یەکمان لەگەلدا کرد :

هاوکاری : سەرگروشتەیەکی ژیانتان .

وەڵام : نە ١٩٠٥ لەسلیمانی هاتوومەتە دنیا ..

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم لێرە تەواو کرد .

لەکاتی عوسمانیەکاندا قوتابخانەیەکی ناوەندی هەبو بەناوی (اعدادی ملکی)یەوە وە لەپاش ئەوان لە ١٩٢٠ قوتابخانەیەکی ناوەندی کرایەوە لەپاشدا چوومە بەغدا لە دار المعلمین ابتدائی خوێندم وە لە ساڵی ١٩٢٥ - ١٩٢٦ بووم بە مامۆستا لەقوتابخانەی مامۆستایانی کورد . بەگشتی خزمەتی زمان و فێرکردنی کوردی و پەروەردەیان کردوە ناوی هەندیکیان زۆر بڕشنگدارە لەمێژووی فێرکردن و ڕۆشنبیریدا وەکو مامۆستایان عبدالواحد نوری وعبدالله عزیز واحمد فخری وعلی شوقی ورفیق حلمی وفائق بیکەس و گەلێك دلسوزانی تر ..

هاوکاری : مامۆستایانی کورد بچکە لە چالاکی فێرکردن و پەروەردە کردن هەمیشە ئەوان هەوێن و سەرەهشقی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری بوون لە بەر ئەمە زوربەی نووسەرو ئەدیبو هونەرمەندەکان مامۆستا بوون ، ئنجا چەنابتان لەم کاروانە پیروزەدا چ دەورێکتان هەبوە ؟..

وەڵام : منیش بەشی خۆم لە گوفاری (زاری کرمانجی)و « گەلاویژ »دا هەندێ شتم نوسیوە ..هەروەها لە زووەوە خەریکی دانانی فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیزی وە بەپێچە وانەکەی بووم .. تا ئیستا هەر بە دەستەمەوەیە .. هیوادارم ئەگەر تەنگو چەڵەمەی ژیان دەرفەت بدات ئەواوی بکەم ..

هەروەها لەسەرەتای لاویمدا مەراقی تمثیل و شانۆگەریم هەبوە ، هاوبەشی چەند تمثیلیەکم کردوە لە سلیمانی و هەولێر وردواندز ..

لەو بروایە دام چالاکی ڕۆشنبیری بەهوونەرو شانۆو ئەدەبو بەشەکانی ترەوە ئەو ئەلقە گرنگانەن کە ئەرکی فێرکردن و پەروەردە تەواو دەکەن وە دەی ڕازێنیتەوە ..

بویە من لەو بروایەدام کە ڕۆشنبیری ڕاست ئەو ڕۆژە دەوری ئەواو دەبێت کە توانای ژیانی نەمێنی ..

***

ئایا تۆ بڵێیت ئەقابەی مامۆستایان یاخود یەکێتی نووسەران ، یا زانکو لەسلیمانی بە خەیاڵیاندا هاتبێت سوود لەم چەشنە گەنجینە خاوەن تەجروبانە ببینن .. وە وە کۆڕیان بۆ ئامادە بکەن و دەمەتەقیان لەگەلدا بکەن . کە ئەمەش شێوەیەکە لە پێ زانینی وەفا و ئەمەکی ئەم خۆبەخت کەرو ئێبوردوانە کە ئێستا خەریکن دەبێ بە یادگار وبەس ..!

- فۆاد رشید بکر -

بەروەردەکردنی بەرەوەڵ

بەروەردە کردنی بەلەوەرئەمروکە بونە یەکیك لە هۆیەگرنگە کانی ئابوری نیشتمانیمان چونکە یەکیکە لەبابەتەسەرەکیەکانی بەکار هێنانی خوارەمەنی زۆرانە ، جگەلەوەی کە بەلەوەر خاوەنی مادەی زۆری (پروتین)ە .

ئەم بیشەیە دیسان هۆیەکی بەشە پیدانی ئابووری پیشەسازی بەلە ولانەکەمانا ، لەبەر ئەوە شەرجەندوبە پێی توانا لەسەر بناغەیەکی زانستیانەی قوئ بێتە بەرهەمو کەشە بکات زیاتر سودی لێ وەرئەگیرێ .

لیرەدابە کویرەی توانا و ماوەی ڕۆژنامەکە هەندێ زانیاری گشتی پێویست لە بارەی بنچینە سەرەکیەکانی بەروەردە کردنی پەلەوەرەوە بلاو ئەکەینەوە هیوامان وایە جێگای ڕەزامەندی وکەلك وەرگرتن بێت .

لە پیشا باسی بەروەردە کردنی مریشك ئەکەین چونکە زیاد لە بەشەکانی تری ئەم باسە جێگای سودو بەرهەمی هینانی گشتی یە . وەپێویستە بەگوڕەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بایەخی پێ بدرێ :

باراستنی لەنەخۆشی دۆزینەوەی جۆری نەخۆشیەکانی وەڕی بلاوبوونەوەی و بەربەست کردنی .

- جۆری دان پێدان و ئەو مادانەی لە ناو دانەکەدا هەیە .

- بلەی کەرماو هەواو ڕادەی شێ لەوژورانەدا کەمریشکی تیا بەروەردە ئەکرێ .

- پاك کردنەوەو دەرمای ڕشتنی ژورەکان بەپێی ئامۆژگاری ڕابەرێکی شارەزا .

پیویستە ئەو کەسانەی مریشك بەروەردە ئەکەن جۆری دانە کە بە پێی پێویست بابەنە پێویستی یەکانی تیا بێ چونکە کە موکورتی بابەتە پێویستی یەکان ئەبنە هۆی پەیدابونی نەخۆشی .

نابێ هیلگ و جوجەلەی جۆری خراب پەرزەردە بکرێ ، بە پێی توانا جێگایان فراوان بێ بۆئەوەی بالە ەستونەکەن و لە یەکترەوە نەخۆش بکەون ، دیسان جوجەلەی بارۆکەو مریشك لە یەك جیابن . لابردنی مریشکە لازازەکان . نابێ هیچ جۆرە کەرەسەیەك ببریتە ناوژوری مریشکەکانەوە ئەگەر نەعقیم نەکرابێ . نابێ میوان بچیتە ژوری مریشکەوە ئەوکەسانەی خزمەتی مریشکەکان ئەکەن ئەبێ هەمیشە دەستو قاچیان تەعقیم کراوبێ . هەر مریشکیك لە ژوری خۆی هاتە دەرێ نابی بچیتەوە ژورەکەی . مریشکەکان دژی نەخوشیەکانیان بکوترێن .

قەلاچۆ کردنی مشك و جروجانەوەر . پاك کردنەوەی ڕاخەری ژوری مریشکەکان . ماوەنەدرێ هەوابە ژورەکانا هاتوچۆ بکات . هەرنە خۆشیەك سەرەتاکەی دەرکەوت بەگورجی ببرێت بۆ پەیتال خانەو چارەسەری بکرێ .

- بەختیار مستەفا -

***

« ئیشانەی هەزاسەدانی جوجەلەی نەخۆش »

لە بیرەوەری دانەوەی ووشە دیاری کراوەکان :

(١) دارشتن : بە مانا (انشا)ی عەرەبی یە .

(٢) بانی حەوز : خوێنی کۆبوونەوەی قەلەباڵغە لە تەوێلە .

(٣) زیرە خەر : هەر شتێك ڕاخرێ بۆ دانیشتن وەکو : قاڵی و بەڕەو لوبادو دوشەکی بچکۆلەو شتی تر ... ئەووترێ (ڕاحەر) .

(٤) تۆمار : پریتی یە لە چەن نامەیەك کە بە نووسینو دارشتنێکی جوان نووسراین ، بە کەتیرە باش پێکەوە ئەلکێنرێن و ناو یە ناو چەن بارچە هەڵبەستێکی نایابیشی تێ ئەخرێ و ئەپێچرێتەوە جوان هەڵئەگیرێت ، قوتابی بە دەرس ئەو نووسینانەی ئەخوێند بۆ ئەوەی فێری نووسین و دارشتن ببێت .

(٥) مامۆستا کۆران کە قوتابخانەکەی کردەوە ئەیزانی قوتابیەکان فێر بوون فارسی بخوێنن ، جا بۆ ئەوەی کە بە چاوێکی ترسەوە سەیری قوتابخانە نەکەن دەرسی فارسیشی بە قوتابیەکان ئەووت ، هەرچەن خوێندنی فارسی لە بەرنامەی خوێندنا نەبوو ، بەڵام کۆران چونکە بە مەسڵەحەتێکی وەختی ئەزانی فارسی پێ ئەووتن .. ئەمەش بۆ ماوەیەکی کەم بوو .

(٦) لە کوردیدا ئەڵێین : فلان کەس زۆر ئینسانە : بە مانا مرۆڤێکی تێگەیشتوو فامیدەیەو حەز لە چاکە کردن و پیاوەنی ئەکات . جا لەم شیعرەدا کە ئەڵێ : خوێندن نەفام ئەکات بە ئینسان ، مانای ئەوەیە : خوێندن مرۆڤ ئەکات بە پیاوێکی زاناو لاوچاك .

(٧) خوا لێ خۆشبوو مەلا عبدالاحد هەرچەن لە قوتابخانە دەر نەچووبوو وە بە ڕەسمی مامۆستا نەبوو بەڵام ماوەیکی درێژ لە قوتابخانەی ئەوێلە یارمەتی مامۆستاکانی ئەداو لە سنووری زانین و توانای خۆیا بۆ فێرکردنی قوتابیەکانی ئەو بەپێی دلسۆزی ئەنواند .

Institut kurde de Paris

ئەنفالەکانت ئەدیب و ئەلمانیا دایشتوون

نوێنەری دەزگای هاوکاری چو بۆ سلیمانیو ١٤ پرسیاری‌لە ١٤ ئەدیب کردو لەئەنجامدا تا ئیستە وەڵامی حەوت‌ئەدیبمان بێ گەیشتوە ئەوابڵاوی ئەکەینەوە ٠٠

● مامۆستا حەسیب قەرەداغی لەبارەی جیاوازی‌نیوان رومانتیکیو واقیعی سوشیالیزمی نە هونراوەی‌کوردی‌داو ناستی هونراوەی‌تیکوشانی جوتیاران‌و کریکاران‌و رابەرانی ئەم چەشنەهۆنراوەیە وتی :

پرسیارەکە دو بەشە ،دەست نیشان کردنی جیاوازی

بسپوری‌یەکی تەواوی دەوێت ئەمەش بەشیوە یەکێ گشتی باس ناکرێ بەڵکو ئەبێ هونراوەکەشی بۆ دەست نیشان بکەیت ، چونکە بە دەگمەن هونراوەیەك دەبینین‌یەك لای بێ لەم بارەیەوە ، بەلای منەوە چاکترین هونراوە ئەوەیە بەروالەت رومانتیکی بێو بەناوەرۆك واقیعی سوشیالیزمی بێ ، لە هەمان کاتیشا بەشی خەیالی هەر تیادابێ کە جەوهەری رومانتیکی‌یە ،دیسان تیکوشانی جوتیاران‌و کریکاران لە هۆنراوەی بەنجاکان‌دا بەتایبەتی پشکی گەورەی بردوە بەگشتی لەبەر هەمەکانی قانیع‌و سەلام‌و دلزارو ٠٠ بەشیوەیەکی سادەو بەزمانی جوتیاران‌و کریکاران ٠

دیری دەرەوەیان داو نە لەبیر کردنەوەیان دا ، تەنانەت زمانی نوسینی ئەمرۆ زمانی نوسینی دوێنێ نیە ، کۆڕان هەمو لایەنێکی ژیانی گرتۆتەوە کە ئەدەبیش دورەو پەرێز نەبووە لەم گۆڕانانە ٠

چیروکی نوێ وەك چیرۆکە تەقلیدی‌یەکان سنورێکی هونەری نیە بۆ گیرسانەوە ، لە درامای بەسەرهات‌و ژیان هەموی‌دا بێ ئەگات‌و پەل‌وپۆ ئەهاوێ ، کات‌و شوێن وەك جاران لە چیرۆك‌دا دەست بەستی چیرۆك نوسی ئەکرد ئەمرۆ هەمو زەمان‌و جێگایەك شوێنی خەملێن‌و گەشەیەتی بەرچاوی چیرۆك نوس ئەمرۆ فراوانە ، وەك تیژرەوو خێرار ویشتنی سەدەکە خۆی ئەمیش لە هەنگاونان دایە ٠

چیروك نوسی ئەمرۆ ئەیەوێ دنیایەکی ترمان هەر لەناو ئەم دنیایەدا بۆ دروست بکاتەوە (هەرلەیەك کاتا) وەك (ئەلبیر کامۆ) ئەڵێ :

ئەشروخێنێو لەهەمان کاتیشدا بنایتیش ئەنێ ٠٠

● مامۆستا محمد مصطفی کوردی لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەدەبی کوردی‌و ئەدەبی دارو سیکانی‌و رەگەزی هەندێك لە شاعیرانەوە وتی :

کوردی‌و فارسی زورلەیەك ئەچن ، ئەدەبی هەردولاکاریان کردوتە یەکتر ، هەروەکو چۆن ئەدەبی کوردی‌و عەرەبی کاریان کردوتە یەك ئەوانیش بەوجۆرە ٠٠ تەنانەت وشەیان لەیەکتری وەرگرتوەو تا ئیستا هەریەکە لە قالبی فونەتیکی خۆیابە کاری دێنن ٠ شاعیرە کوردی‌و فارسی زورلەیەك ئەچن ، ئەدەبی هەردولاکاریان کردوتە یەکتر ، هەروەکو چۆن ئەدەبی کوردی‌و عەرەبی کاریان کردوتە یەك ئەوانیش بەوجۆرە ٠٠ تەنانەت وشەیان لەیەکتری وەرگرتوەو تا ئیستا هەریەکە لە قالبی فونەتیکی خۆیابە کاری دێنن ٠ شاعیرە ناودارەکانی وەکو فیردەوسی‌و سەعدی بە بێری بەراوردی ئەم دو دێرە شیعری خوارەوە رەنگ بێ کوردبن ٠

فیردەوسی وتویە :

زنام ونشانم کنند جست‌و جوی
دویست بشمروسی توای نیکخوی

واتا ئەگەر بە شوێن ناونیشانی منائەگەڕێی (٢٣٠) بژمێرە ، کە ئەم ژمارەیەبەبێری حیسابی ئەبجەد ئەکاتە (لڕ)کە بە ریتوسی کۆن عەشیرەتی (لوڕ) ئەگرێتەوە ، ئەمە (تارادەیەك) وائەگەیەنێ فیردەوسی لە هۆزی (لوڕ) بوە ٠٠

سەعدی وتویە :

دورگشتم ازقبیله عمر من بربادشد
حرف ابجدرا بخوانی‌دوصد و هفتادشد

واتا لە خزم‌و هوزو نیشتمانم دورکەوتمەوە تەمەنم بە باچوو ، ناونیشانی من بە ئەبجەد (٢٧٠)یە ، کە ئەم ژمارەیەش لەگەل ناوی (جوانرودا - جوانرۆ) یەك ئەگرێتەوە ٠٠هەندێك لە زانایان لەو بڕوایەدان کە سەعدی لە هۆزی (جوانرۆ)ی کوردبوەو ناوارەی ناوجەی شیرازبوە دیسان سەعدی نوسراوێکی شیعری هەیە ناوی ناوە (مثلثات) شیعرەکانی خشتەکیە بە عەرەبی‌و فارس‌و کوردی لوڕی ٠٠ ئینجا ئەگەر یەکێك خۆی کورد نەبوبێ چۆن توانیویتی شیعر بە کوردی بڵێ ؟ مەگەربە دەگمەن٠ خۆیدابێ بۆ زاراوەی ئەفسانەو بەکار هێنانی ٠

● مامۆستا ئەسعەدمەحوی : لەبارەی قەسیدەی (لەسەیری خەستەخانەی عەشقی ئەو سەوزەی کەواشینە) دا ئەڵێ :

جاریکیان مەحوی نەخۆش ئەبێ (شیخ مستەفای مفتی) لای‌ئەمینیتەوە بۆبەیانی مەحوی چاك ئەبیتەوە،ئەمە لەبەرەکەتی مفتی ئەزانێ ، ئینجا ئەم قەسیدەیە بۆ مفتی دەخوێنیتەوە وزۆری پێ خۆش ئەبێ ٠

● کاك سەباح غالب : لەبارەی ئیتلزام‌و ئەفسانە لە ئەدەبی کۆنی کوردی‌دا وتی :

ئیلتزام ئاشکراو رونە ، هەرچی بێ ئیلتزام بێ خۆی ون کردوەو سەرگەردانە لەو جیهانەدا ٠٠ هەمو ئەدیبیك لە نوسین‌دا تەعبیر لە باوەڕو هەستی خۆی دەداتەوە ٠ ئیلتزام خاوەنەکەی لە ریکخستنیکی تایبەتیدا (لەبەر هەرهۆیەك بێ) کارناکا بەڵام سەبارەت ئەو ڕیبازەی هەیەتی راستەوخۆ یان ناراستەو خۆ خەباتی بۆدەکا ، ئەمەش حەزدەکەین‌و لە خۆیەتی‌و- لیبرالی‌و دورەپەرێزی‌جیابکەنەوە ئێمە لەمانا زمانی‌و میژوییەکەی ئەفسانە ئەگەڕێین مەبەستمان مانا زاراوەیی‌یەکەی یا باوەکەیەتی ، وا دەزانین ئەم ئینکدانەوەیە مەعقول لەچێی خۆیدابێ بۆ زاراوەی ئەفسانەو بەکار هێنانی ٠

ئەفسانە چیرۆکێك‌یان حیکایەتێکی کۆنی کەلەپورە ، رودواوەکانی لەهێزی سەرو مرۆڤ‌و سروشتەوە دەدوێن ٠٠ وەك خواکان‌و پاڵەوانەکان‌و بنچینەی گەردون وبون ،یان باسی رودادەکاو زۆری بیوەدەنی‌و لەسنوری واقیع دەرنەچێ بە شیوەیەکی ئەندیشەیی هونەری ٠٠

● لەبارەی بنچ‌و هۆنراوەی فولکلوری‌و کارتیکردنە سەر هۆنراوەی کوردی کاك جعفر بەرزنجەیی وتی :

زانایانی فولکلور بۆیان ساغ بۆتەوە کە فولکور لەگەل تەمەنی ئادە میزادا هەیە ٠٠ وە بنچ‌و بناوانی هونراوەی فولکلوری بە چەرخی بەردەوە بەندە ٠٠ بەڵام هونراوەی فولکلوری چەند رویەکی هونەری جیاجیای هەیە‌و هەمویان تیکرا ئاوینەی واقیعی کۆمەڵ‌و کارکردن‌و هەستان‌و دانیشتنی خەڵکن ٠ هونەرو نەریت‌و چاو لێکەری‌و شەروشوری پێکەوە بەستوە٠٠ ئەتوانم بڵێم بەهوی دەربڕینی ئێش‌و ئازارەوە بونەتە بنچینە بۆ هۆنراوەی نوێ‌و هەستی شاعیرانی ئەمرۆمان ٠ بە کورتی هۆنراوەی فولکلور هەوێنی چیژی ئەدەبی‌و شیعری ئەمرۆی شاعیرانمانە ٠

حسیب قەرەداغی .. عبدالکریم محمود - کاك صباح غالب - محمد مصطفی کوردی

● مامۆستا عەبدولکەریم محمود لەبارەی چیروکەکانی عەزیز نەسین چیروك نوسی تورکی‌و کارکردنە سەرچیرۆکی کرمەڵایەتی کوردەواری وتی :

چیروکەکانی عەزیز نەسین واقعین‌و زور کە موکورتی کۆمەڵایەتیان شی‌کردۆتەوە ٠ جۆری بیرکردنەوەی چیرۆکەکانی نوسەر کارێکی زۆر دەگەنە سەر چیرۆکی کۆمەڵایەتی‌مان ، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەو شاڵاوە فراوانەیە کە نوسەرەکان دەیکەن بۆ گورینی نوسینەکانی بەکوردی ٠٠ بەڵام ئەو کارتێ کردنە کاتێك هەستی پێ دەکرێ کە نوسەرە کانمان یان بڵێم چیروك نوسەکانمان شارەزای ئەو زمانانە بن کە نوسینەکانی (عەزیز نەسین)یان پێ بڵاو کراوەتەوە ، وە ئەم کارتێ کردنە لە دوارۆژدا پتر دەر دەکەوێ کە بەشی زۆری بەرهەمەکانی نوسەری ناوبراو بکرێ بەکوردی ٠٠ بو نمونە لە چیروکیکی‌دا باسی بێکاری کریکاران ئەکا ئەڵێ :

(بەکا برایان وت ئەم نوتومبیلە (سلف)ی نیە ئیش ناکات ، کابرا وتی ئینجا ئەم هەمو کرێکارە بێئیشە هەیە بالی پێوەبنێن ئیتر (سلف)ی بۆ چیە ؟ ٠

● کاك تایەر سالح سەعید: لەبارەی چیرۆکی نوێوە وتی :

چیروکی نوێ واتا ژیانی نوێ ، بیرکردنەوەی نوێ ، بزوتنەوەو هەمیشە چونە پێشەوە بێبە پێی پیداویستیە کانی شارستانیتی ئەم سەردەمە خۆی ٠ چ بۆ یەردە هەڵمالین لەروی ئەم شارستانیتی‌یە چ بۆ بایەخ پێدانی لایەنی روناکی ٠

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی پیشکەوتنی لەگەل پیشکەوتنی بیری ئادەمیزادایە لە گەل هەمو ئەو گۆڕانانە دایە کە بەسەر ژیان‌دا هاتوە ،ئەوەکانی دوێنێ ئەوەی ئەمرۆنین نە لە

لاپەرە -١٠-

پاشماوەی ئەفسانەی ئاگری

دەیزانێ ؟ لە شایی‌و مەجلیسان ، لە زۆزان‌و پاوەنان زەماوەندان ، لە کۆڕو لە راوو شکاران ئەیدیتبوو ٠٠ کێ دەیزانی بە خەون ئەیدیتبوو کێ دەیزانی شتێکی تا ئێزیك بە شتێکی وا نەبوو ٠

سۆفی گوتی :

« رۆڵە ، چۆن دەبێ ، سەرەك وەردیبان چۆن قاییل دەبێ ؟ هاتو پاشا بێی زانی ؟ خۆ سەری هەموومان دەبەڕێنێ ٠ »

گوڵبەهار ، نامەخوا ، دەنگوت کێچ کەوتۆتە کەولی ، ئۆقرەی نەدەگرت ٠

شەوانە خەوی نەدەچووە چاو ٠ دەمەوچاوی ئەحمەد وەکو چرایەکی زەرد لە پێش چاوی دەهات‌و دەچوو ٠ پێدەکەنی ٠ تاڵ ترین‌و ناخۆش ترین خەمی لە چاوە درشتە شینەکانیدا قەتیس مابوو ٠ وا پێدەچوو برینێکی گەورە ، دەردێکی گرانی لە دڵدا بوو ٠ برینێکی وا کە سارێژ نەدەبۆوە ٠٠٠

رەنگە کەس وکار ، دایك‌و باب ، خوشك‌و برا ، دڵداری نەبن٠ لەوە دەچوو لەم دنیایەدا تاك‌و تەنیا بێ ٠ تاك‌و تەنیا ٠٠

گوڵبەهار هەرچەند بیری لێدەکردەوە دلی پڕ دەبوو لە ژان‌و ئازارێکی زۆرو لە بەرخۆیەوە پەیتا پەیتا دەیکوت پێویستە بیدوێنم ٠ پێویستە بیدوێنم ، بیم بە دەرمانی تەنیایی ، ئێش‌و ئازاری ٠ سەرڕای هەمووی زیندان کراوە ٠

بۆچی هەمیشە بیری لێدەکردەوە ٠ بۆچی هەمیشە لەبەر چاوی ون نەدەبوو ؟ بۆچی لە خەویدا ، لە خەونیدا هەر ئەو بووو هەر ئەو ٠ رووی لە هەرکوێ دەکرد هەر ئەو بوو ٠ لە هەرکەسێك ، لەهەر چی‌یەك هەلکەوتبا ، لە بێشدا لەو هەلدەکەوت‌و یەکجار شاد بوو ٠ بۆ هەر کوێ چووبا دلی بەرەو زیندان، بەرەو زیندانی دەکێشا ٠ گوڵبەهار چەند جاری زیندان دیتبوو ٠ دەرگاکەی دەرکا ئاسنێکی قورس بوو٠ کلیکێکی زنجیرداری زەلامی قورسی هەبوو ٠ کەمەری دەرگاکەی ، ئەملاو ئەولاکەی لە بەردی چینکەی شین بووو بە نەقاڕی مشت‌و ماڵ کرابوو ٠

سەرەك وەردیبان مەمۆ بوو٠ بابی گوڵبەهار زۆری شانازی پێوە دەکردو هێندەی‌منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست ، مەمۆ بابیشی بڕواپێکراوترین‌و بوێرو ئازاترین پیاوی دیوانێ بوو ، مەمۆ هێشتا منداڵ دەبێ ٠ دوو ساڵی تەمەن دەبێ‌و نابێ بابی لە شەڕێکدا دەکوژرێ ٠

مەمۆ لاو بوو ٠ زۆر ئازاو دلێر بوو ٠ پیاوێ بوو چاوی لە هیچ نەدەترووکاندو هەر ئەو جۆرە پیاوانەش دەکرێن بە سەرەك وەردیبانی زیندانان ٠ کەسی نەدەدواند ، کە دواندبای هێندەی کیژێکی لاو شەرم دایدەگرت‌و رەنگی سوور هەڵدەگەڕا ٠ لەوەتی خودا مەمۆی خولقاندبوو ، قەتی چاو لەبەر گوڵبەهار هەڵنەهێنابوو٠ سەیری ئێو چاوی نەکردبوو ٠ هەرکەدەیبینی ئیدی سوور هەڵدەگەڕا ٠ دەمو لێوی مۆزردەبوو خوێنی دەڕەوی‌یەوە ،دەستی دەلەرزی٠ گوڵبەهار ئەمانەی هەموو بە نیشانەی ئاگاری شەرمنانەی مەمۆ دەزانی ٠ هەمیشە چاوی لەبەر هەڵنەدەبڕی ، هەمیشە وەکو کچێکی شەرمن سوور- هەڵدەگەڕاو زۆر کەم قسەی دەکرد ٠

پاشماوەی دەنامەی کورت

کە ون ئەبم ٠٠ ئەبم ئابی ٠٠

-٩-

کە ون ئەبی ٠٠
ورد ئەبم وەکودەنکە خۆل
وەك هەناسە ٠٠
ورد ئەبم بۆ ڕەشەبا
کە ون ئەبم
دانەگیرسێم وەکوچرا ٠٠

-١٠-

ئەگەر هاتیە لام وەك‌بەهار
گوڵت سوور بێ وەکوخوێن
ئەگەر هاتیە لام ، لێم‌گەڕێ ،
بنکەم بە درەختبۆ ڕێگا
بتکەم بەچرا بۆدنیا
بتکەم بە ئاو بۆجۆگەلە
بتکەم بە قورئان بۆخوا ٠٠

پاشماوەی ریشەی مێژوویی

تێکەڵ بوو ئەوەی پورتوگال لە گەل ئەسپانیا شتێکی مسۆگەرە ٠ تەنانەت لەناو ئەوانە دا کە ئیدئۆلۆژی ڕێزمیان هەبوو هی وا دەبینرا کە لای وا بوو پورتوگال (ولاتێکی ئەفریقایی زیاترە لە ولاتێکی ئەورووپای) جا چۆن دەتوانێ دەست لە بەشە ئەفریقاییەکەی هەلبگرێ ٠ دیارە ئەمە تەنیا بیرو باوەرێکی سیاسی نەبوو ،بەڵکە بناخەکەی دەگەڕایەوە سەر «راستەقینە یەکی ئایبوری » ٠

کێشەی کانۆلیکیش بە ئۆرەی خۆی پشتی سیاسەتی سالازار لە ئەفریقای دەگرت ٠ هەرچەند هەڵوێستی فاتیکان نەختێك مەجالی بێ تەنگ کردبوو ٠ پاپا پۆلسی شەشەم بەناشکرا سیاسەتی ئیستیعماری گوناهبار دەکرد ، بەڵام کێشەی پورتوگال بۆ پاراستنی قازانجی خۆی لەموستەعمەرەکان دا خۆی لەو راستیە گێل ٠ متبەقی کۆشك‌و سەرا بە زۆری لە حیسابی زیندان کاری دەکرد و بە دزی‌یەوە خواردنی خۆش‌و بەنام بۆ مەمۆش دەنێردرا ٠ گوڵبەهار هەموو جارێ دەچووە زیندان بە مەمۆی دەگوت : « کاك مەمۆ ، ئەم خواردنانەم بە دەستی خۆم بۆ لێناوی ٠ »

ماوەیەك ڕۆژگار بەم ڕەنگە بەسەر چوو ٠ گوڵبەهار هەریەك دوو جارێ دێکەی - ئەویش لە دوورەوە - چاو بە ئەحمەد کەوتەوە ٠ ئەویش مەگەر بە سایەی مەمۆوە ، کە چاوی لە هاتوچۆی گوڵبەهار دەدا ٠

ماویتی

هاوکاری لە لقی کۆمپانیای گشتی جل دروف لە سلێمانی

چەند ڕۆژێك لە مەوبەرنوێنەرێکی دەزگای هاوکاری سەری لەبارەگای‌لقی کومپانیای‌گشتی جل درون لە سلیمانی‌دا چاومان کەوت بە خوشکە(کافیە محمد)و چەند پرسیارێکمان لێ‌کردن ٠٠

● فرۆشتنتان چۆنە ؟

- فروشتنی جل‌و بەرگ شتیکی روژانە یان هەمیشەیی نیە ، بەڵکو لە ساڵێکدا چەند وەرزێکی هەیە وەکو هاونیە‌و زستانە ٠٠ بەڵام لە وەرزی زستانەدا زورتر ئەفرۆشین ، چونکە سەرەتای ساڵی قوتابخانەیەو لەم خولەشدا ئەمسال وارێك کەوتوە جەژنەکانی تیایە کانگیر بون ٠٠ روژی بایی ٢٠ - ٣٠ دینار کەلوپەل بە تیکرای ئەفرۆشین، بەڵام ئە چاخی وەرزەکانی فرۆشتنا بە دریژایی دو مانگ هەر روژەی بایی زیاتر لە ١٠٠ - ١٥٠ دینار شت ئەفرۆشین ٠٠ لە وەرزی ئەمساڵدا لە مانگی ئەیلولەوە تائیستا نزیکەی بایی‌چوارهەزار دینارمان فرۆشتوە ٠٠ جگە لەوەش دەزگاکانی حکومەت کەلوپەلی زستانەو هاوینە لە ئیمە ئەکڕن ٠٠ ئەمەش ساڵی نزیکەی بیست هەزار دینار ئەگرێتەوە ٠

● ئیوەش نرخی دروماناتان وەکو بەرگدروەکانی بازار گرانەیان نە ؟٠

- جل‌و بەرگ ئەمڕۆ بەگشتی نرخی بەرزبۆتەوە ، قوماش‌و دروماں وەکویەك گران بون ، کومپانیای دروماتیش بە پێی توانا هەوڵ ئەدات ئەم ئەرکە گرانە لەسەر شانی هاونیشتمانیەکان سوك بێ ٠٠ ئیمەش هەرچەند بەرهەممان زۆرتربێو هەرزا نتربێ ئەوا باشتر ئەتوانین چارە سەری ئەم بارەگرانە بکەین ٠ دەستیك جل‌لای ئیمە بە ١٦ دیناره کە لە لای بەرگ دروەکانی بازاردا تەنیا بە وبارەیە ئەیدرون ٠٠ وە هاونیشتمانیەکان زوربەیان لە بەرهەمەکانمان رازین ٠٠

● گیروگرفت‌و پیشنیازتان چیە ؟

- ئیمە ئەمەلبەندی کارگەی گشتی‌یەوە کە لە بەغدایە دورین ٠٠ ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کەناتوانین روژ بە روژ بەرگی مودیلی تازەو بەرهەمی تازە بکەینەنیە هاونیشتمانیەکان ٠٠بۆ ئەمەش پیشنیازمان ئەوەیە مەخزەنیکی گەورە بکرێتەوە ، ناکو بتوانن ئەو کەلوپەلەی، بۆمان دێت وەك پێویست لای خۆمان کلی بدەینەوەو بەرەبەرە بیان فرۆشین بە داخوازی کارە کانیان ٠ لەوەش دڵنیاین کە هەرچەند بەرەوپیش بروین‌و بایەخ بە جۆری بەرهەمەکانمان بدەین ئەوەندە بازاڕمان پێش ئەکەوێ ٠٠ریژیمی نیشتمانی‌و ڕیبازی شورشە پیروزەکەی ١٧ - ٣٠ ئەموزی ئەمر ئەم کارەی بۆ خزمەتی هاونیشتمانیەکان پێك هێناوە ٠

دگەل ریفە بەری قوتابخانەی پیشەسازی لدهوك

- رمضان سعید -

بێگومان پێش کەفتنا هەرمیللەتەکی ئەم شێوە پێش کەفتاوی دسازکاریدا ٠ وەکی ئەم زانین عیراق هێشتا یادە رازینکیدا لقان سالا هندەك خویندگەهێت ئامادەیی پێت سازکاریی پێت ئەکرین ئیك ژفان خویندگەها یالدهوکێ مەسەرەدانەك بوفێ خویندگەهێ کر ئو چەندبرسیار ژ ریفەبەرێ وێکر ماموستا رمضان سعید علی وی ژ بدەلیکی خوش بەرسفامەدا ٠

پرسیار : وەکی مەزانی خویندگەها هەوە بتنێ تایێ ئەلکتریکێ یێفەکری بوچی هنك پێکوانێ ناکەن تایبت دی ژی فەکەن ٠

بەرسف :شورشا سازکاریێ یلماتیە پەقاندن لهەمی جهێت وەلاتی ٠ مەیری و شورشێو سەرکردایەتیا رامیاری پیتە پێکرن یا بساز کارێ دای لبەرهندێ گەلەك خویندگەهێت سازکاری پێت ئەکرین‌دا کادرێت کێرهاتی پەیدا بن بو کارگیریا کارێت شرکات‌و کارگەها ٠

هەکە بهێت ئەم مقارنا خویندگە هێت ئەکادیمی دگەل خویندگەهێت سازکاری بکەین دێ بینین کو خویندگەهێت بیندفی کەفتیا ئەو ئەو ئەو

بۆزانین

بۆ ئاگاداری ژمارە (٣) ساڵی ١٩٧٥

دەربارەی دیاری کردنی کشتوکالی تووتن و تەنباك بەرهەمی ١٩٧٦ بە پێی فەرمانی ژمارە (١٧) لە یاسای ئینحساری تووتن ژمارە (٤٥) ساڵی ١٩٥٢ هەروەها جێبەجێ کردنی بڕیاری ئەنجوومەنی بازرگانی ژمارە (١٣٦١) لە ٢٤-١١-١٩٧٤ دا ٠

یەکەم :

بڕیارمان دا کشتوکالی تووتن بەرهەمی ساڵی ١٩٧٦ لەم ناوچانەی خوارەوەدا بێت و بەم جۆرە :-

پارێزگا	قەزا	ناحیە	(ئەو زەوی‌یەی) و ١٩٧٥ ڕێگادراوە لە ١٩٧٦دا	
سلێمانی	سلێمانی	سوورداش	١٧٥٠ دۆنم	٢٦٥٠ دۆنم
		قەرەداغ	١٧٥٠ دۆنم	٢٦٥٠ دۆنم
		سەرچنار	١٠٠ دۆنم	١٥٠٠ دۆنم
		تانجرۆ	٧٠٠ دۆنم	١٠٠٠ دۆنم
		بازیان	٧٥٠ دۆنم	١١٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٥٩٥٠ دۆنم	٨٩٠٠ دۆنم
شارباژێر		چوارتاو سیوەیل	٣٢٥٠ دۆنم	٤٥٠٠ دۆنم
		ماوەت	٢٤٠٠ دۆنم	٤٠٠٠ دۆنم
		سروچك	٧٥٠ دۆنم	١١٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٦٤٠٠ دۆنم	٩٦٠٠ دۆنم
پێنجوین		پێنجوین	٢٠٠٠ دۆنم	٣٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٢٠٠٠ دۆنم	٣٠٠٠ دۆنم
هەڵەبجە		خورمال	٤٠٠ دۆنم	٦٠٠ دۆنم
		بیارەو ئەوێلە	١٦٠٠ دۆنم	٢٠٠٠ دۆنم
		وارماوە	١٠٠ دۆنم	٢٠٠ دۆنم
		سیروان	١٥٥٠ دۆنم	٢٥٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٣٦٥٠ دۆنم	٥٣٠٠ دۆنم
پشدەر		پشدەر	٤٦٠٠ دۆنم	٦٥٠٠ دۆنم
		سەنگەسەر	٣٠٠٠ دۆنم	٤٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٧٦٠٠ دۆنم	١٠٥٠٠ دۆنم
رانیە		خەڵەکان	٧٥٠ دۆنم	١٠٠٠ دۆنم
		بنگرد	١٢٥٠ دۆنم	١٨٥٠ دۆنم
		چوار قوزنە	٢٠٠٠ دۆنم	٣٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٤٠٠٠ دۆنم	٥٨٥٠ دۆنم
پانایی هەموو ناوچەکانی سلێمانی			٢٩٦٠٠ دۆنم	٤٣١٥٠ دۆنم
هەولێر	کۆیە	کۆیە	١٥٠٠ دۆنم	٢٠٠٠ دۆنم
		تەقتەق	٥٠٠ دۆنم	ڕێگا نادرێ (١)
		هەمووی :	٢٠٠٠ دۆنم	٢٠٠٠ دۆنم
	شەقڵاوە	شەقڵاوەو خۆشناو	٧٥٠ دۆنم	١١٠٠ دۆنم
		هەریر	١٠٠ دۆنم	١٥٠ دۆنم
		سەلاحەدین	١٥٠ دۆنم	٢٠٠ دۆنم
		هەمووی :	١٠٠٠ دۆنم	١٤٥٠ دۆنم
	رەواندز	رەواندز	٥٠٠ دۆنم	٨٠٠ دۆنم
		برادۆست	٥٥٠ دۆنم	٨٠٠ دۆنم
		دیانا	٣٠٠ دۆنم	٤٠٠ دۆنم
		چۆمان	١٣٠٠ دۆنم	٢٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٢٦٥٠ دۆنم	٤٠٠٠ دۆنم
	زیبار	زیبارو ناحیەکانی	٣٥٠ دۆنم	١٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	٣٥٠ دۆنم	١٠٠٠ دۆنم
پانایی هەموو ناوچەکانی هەولێر			١٠٠٠ دۆنم	٨٤٥٠ دۆنم
دهۆك(٢)	عەمادیە	عەمادیە	٦٠٠ دۆنم	٩٠٠ دۆنم
		سەرسەنگ	٧٠٠ دۆنم	١٠٠٠ دۆنم
		هەمووی :	١٣٠٠ دۆنم	١٩٠٠ دۆنم
	دهۆك و ئەتروش		٥٠٠ دۆنم	٧٠٠ دۆنم
	ئاکرێ		٣٠٠ دۆنم	٥٠٠ دۆنم
	زاخۆ		٣٠٠ دۆنم	٥٠٠ دۆنم
	شێخان		٣٠٠ دۆنم	٥٠٠ دۆنم
		هەمووی :		١٥٠٠ دۆنم
پانایی هەموو ناوچەکانی دهۆك				٣٤٠٠ دۆنم
کەرکووك	چەمچەماڵ	ئاغجەلەر	٢٥٠ دۆنم	٤٠٠ دۆنم
پانایی هەموو ناوچەکانی کەرکووك			٢٥٠ دۆنم	٤٠٠ دۆنم
سەرزەمینی کشتی پانایی کشتوکالی تووتن			٣٨٥٥٠ دۆنم	٥٥٤٠٠ دۆنم

دووەم : بڕیارمان دا بە دیاری کردنی کشتوکالی تەنباك لە پارێزگای بابل و کەربەلا دا هەروەها ڕێگا بدرێ بە چاندنی ١٦٠٠ هەزارو شەش سەد دۆنم تەنباك لە (رەجیبە) و (کەعبووری) سەر بە ناحیەی (الجدول الغربی) جگە لە (شط الملا) و (أم الروایە) سەر بە ناحیەی (الخیرات) ٠

سێیەم : هیچ کەسێك مافی چاندنی تووتنی نی‌یە تەنانەت لەو ناوچانەی سەرەوەش بە بێ ڕەزامەندی وەزارەت ٠

چوارەم : لەو ناوچانەی دەست نیشانمان نەکردووە چاندنی تووتنی تیادا قەدەغەئەکرێت ، هەر کەسێ بەرهەڵستی ئەم بڕیارەمان بکات بە پێی یاساسزا ئەدرێت ٠

پێنجەم : ئیجازەی کشتوکالی تووتن لەو ناوچانەی ئەم بۆ ئاگاداری‌یە بەرتوەبەرایەتی کشتوکال و چاکردنەوەی تووتن ناکرێتەوە ٠

شەشەم : بەندی ژمارە (٤) و (٥) لەم بۆ ئاگاداری‌یەدا بەرتوەبەرایەتی کشتوکال و چاکردنەوەی تووتن ناکرێتەوە ٠

وەزیری کشتوکال و چاکردنەوەی کشتوکال
دکتۆر حسن فهمی جمعە

تێبینی (١) لە بەر خرابی تووتنی ناوچەی تەقتەق و لە بەر داخوازی دەزگای کشتی پیشەسازی‌یە کیمیاوی‌یەکان بڕیارمان دا کشتوکالی تووتنی تیادا قەدەغەبکرێت ٠

(٢) لە بەر تزیکی ناوچەکانی شێخان و ئاکرێ لە دهۆکەوە بڕیارمان دا لێپرسراوانی دهۆك سەرپەشتی بکەن ٠

بۆزانین

وەزارەتی اشغال و اسکان بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی اشغال

موناقەسەی نهێنی (٧٤/١٣٧) بۆ دروست کردنی بەشی ناوخۆیی لە ڕەبیعە - پارێزگای نەینەوا ٠

بەم بۆنەیەوە ئەم موناقەسە نهێنی‌یە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە ڕادەگەیەنین ٠

١ - ئەتوانرێت هەموو ئەو ئیستمارانەی مەرجی ئەم موناقەسەیەی تیایە لە بەرێوەبەرایەتی اشغالی پارێزگای نەینەوا بە (٥) دینار دەست گیر بکرێت ، ئەم (٥) دینارە نادرێتەوە ، بە لێندەرەکەش ئەتوانی گشتی مەرجو مواسەفاتە هونەرییەکانی ئەو موناقەسەیە بکرێت ، ئەگەر هات و موناقەسەکەی دەست گیر بوو ٠

٢ - دواکاتی پێشکەش کردنی عەتاتاتەکان تا سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی (٢-١٢-١٩٧٥)ە عەتاتاتەکان پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی عەتاتات دەکرێت ، لە بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی اشغال - حقوق و عقود - ، وەماوەی جێبەجێ کردنی کارەکە تەنیا (١٥) بانزە مانگە ٠

٣ - لەگەڵ عەتاتاتەکاندا ئەم شتانەش پێشکەش دەکرێت :

أ - تەئمیناتێکی سەرەتایی (٦٤٠٠ز) دیناری (شەش هەزارو چوار سەد دینار) بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی ئەوتۆ کە تا شەش مانگ دوای تەواوبوونی موناقە سەکەکار بکات ، یا چەکێکی باوەڕ پێکراو ٠

ب - هەویەی ژووری بازرگانی ، لەگەڵ وسیقەیەکی زریبەی دەخلدا کە بۆ ئەمسال تازە کرابێتەوە ٠

جـ - جەدوەلێك بەکاری هاوچەشن ٠

د - هەویەی تەسنیفی بەڵێنەرەکان ٠

٤ - ئەو عەتاتاتانەی لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێن بشت گوێ دەخرێت ٠

٥ - بۆ ئەم بەرێوەبەرایەتی‌یە مەرج نیە کە نزم ترین عەتاتات وەرگرێت ، یا هەر عەتاتاتێکی تر ٠

٦ - عەتاتاتەکان لەبەرچاوی موناقەسەکان لەوکاتە دیاری کراوەدا دەکرێنەوەو ئەنجامەکانی لە لەوحەی ئەعلاناتا دەخرێنە بەرچاو ٠

٧ - سزای دواخستنی ڕۆژی (٤٠) جل دینارە وەبێ یستە ، موناقیسەکان لەکانی ناردنی موناقەسەکەدا ئەندازیاریکی سەر بەرشتی کەز دەست نیشان بکات ٠

بەرێوەبەری گشتی اشغال
عبدالوهاب المفتی

١-٢

بۆزانین

لە مەلاکی بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی تەختیت و موتابەعە بەناو نیشانی کاتب تابعە بە دوو زمان دەرەجەیەکی بە تال هەیە کە مانگانەکەی لە (٢٨ تا ٣٥) دیناره ٠

ئەوەی ئەم مەرجانەی خوارەوی تیادایە موراجەعەتی دیوانی ئەم وەزارەتە بکات - بەرێوەبەرایەتی زاتیە - ئیستمارەیەکی خواستی چوونە خدمەی مەدەنی پربکاتەوەو ئەم وەسیقانەی لە کەڵدا پێشکەش بکات - شەهادەنامەی قوتابخانە - دەفتەری نفوسی ساڵی ١٩٥٧ یا هەویەی ئەحوالی مەدەنی لەگەڵ شەهادەی مەحکووم نەبوون - دەفتەری خدمەی عەسکەری - ڕەسمێکی شەمسی خۆی لەگەڵ شەهادەی جنسیەی عیراقیدا ٠

دواکاتی پێش کەش کردنی داخوازی تاپاش نیوەڕۆی ڕۆژی (٣٠-١١-١٩٧٥)ە ٠

مونەهەلات :-

١ - لە دەرچوانی بەیمانگای بەرزی سکرتاریەت بێت یا بلەیەکی وەك ئەو بەیمانگایەی تەواو کردبێ یا لە دەرچوانی قوتابخانەی ئامادەیی بێت ٠

٢ - بزانێت بە زمانی عەرەبی و ئنگلیزی چاپ بکات ٠

لە باتی وەزیری ڕەی

الدکتۆر عمر رشید کەردی

١-٢

باشماوەی بەرەو فراوان کردنی

لەوساوە قۆناغی بنیاتنان لە عیراقی شورشدا دەستی پێ کرد ، دوابی بە قۆناغی دەسەڵاتی کونەپەرستی هات و ئەمڕۆش عیراقی یەکیتی و برایەتی ، عیراقی کوردو عەرەب ، بە سەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب زیاتر هەنگاو بەرەو پێشەوە ئەنێ بۆ قۆڵ کردنەوەی زیاتری ڕێڕەوی پیشکەوتوخوازانەو شۆڕشگێڕی و زامن کردنی دەستکەوتی زیاتر بۆ جەماوەری گەل ، هەموو گەل و سرینەوەی هەمو شێوەیەکی دواکەوتنی ئەم وڵاتەدا ، ئەمەش ئەو ڕێڕەوەیە کە گەل لەگەڵ شۆڕشدا زۆر وەفادارانە بەرگری لێ ئەکات و ئەیپارێزێ ٠

باشماوەی : وەزیری دەرەوە

ڕووەو ئاموزگاری ئاشتی‌را بە خوی لەم بارەیەوە پیشکەش بە وەفدی عیراق لە دەورەی وڵاتە عەرەبیەکان کردوە بۆ ئیستای نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتوە ٠

هەروەها عیراق هەڵویستی

ئەندامی جور بەجۆر پێك هاتووە بەڵام ئەوەی کومانی لی ناکرێ ئەوەیە کە ئەمەریکا دەستی لەوئەنجومەنەدا ئەڕوات لایەنگیرانی تیادا هەیە ٠

ناکۆکی نێو ئەنجومەنی میلیتاری !

چەند هۆیەك کار ئەکاتە سەر ڕنبازی سیاسی ناوئەنجومەنی میلیتاری فەرمان ڕەوا لە مانە هۆی ناوخۆو دەرەوە کە ئەمانەی خوارەوەن :-

١ - ئەنجومەنی میلیتاری کەسانی سیاسی شارەزاو ناسراوی تیادا نیە بەڵکو لە بورجوازی عەسکەری و ئەفسەری بچوك و لە خواروی ئەفسەرەوە بە پلە ، پێك هاتووەو ناکۆکی و دووبەرەکی ئەنگی بێ هەڵچنیوە ٠

٢ - کودەتاکە ڕوو بە ڕووی حەبەشەیەکی دوا کەوتوو هەراو هۆریاو کێشەی نەتەوەیی و گیروگرفتی ئەرتیریاو پرسێتی و ئەخوێندەواری و پەیوەندی خێڵایەتی و تیرەگەری و ئاژاوەی ئابووری بووە ٠

٣ - بوونی ئەمەریکاو شوێن پێ کانی لە حەبەشەدا کە ئەمە وابە ئاسانی چارەسەر ناکرێ ٠٠٠ ئەمەریکا ئەیەوێ پارسەنگی لە حەبەشەدا هەبێ و یەکێتی سۆفیە تیش لە مەیانی کشت وکاڵی وبێشمە سازی‌دا یارمەتی حکومەتی حەبەشە ئەدات و بنکەکانی ئەمەریکاش لە سەر دەریای سوردا نارەحەتی کردوە ٠

فەلسەفەی ڕێژیمی نوێ !

تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی ئایدیولوجی ڕێژیمی نوێ ڕوون نەبۆتەوە هەرچەندە ئەم ڕێژیمە پەیوەندی دیبلوماسی لە گەڵ چەند وڵاتێکی وەکو کۆماری دیموکراتی کۆریاو کۆماری سوشیالیستی کوباو رومانیا دامەزراندوە ٠٠٠ بەرنامەیەکی ڕێژیمی نوێ کە لە ژێر ناونیشانی « حەبەشە لە پێش هەموشتێك »دا بڵاوکرایەوە پێنج خاڵی سەرەکی تیادایە کە ئەتوانرێ بە فەلسەفەی ڕێژیمی نوێ دابنرێ و خاڵەکان ئەمانەن :-

یەکەم : هەموو ڕێژەکانی کەلی حەبەشە سەرەڕای جیاوازی ئاین و زمان و ڕەگەزیان بە یەکسانی و برایەتی لە سای سێبەری یەك نیشتمان‌دا ئەژین ٠٠٠ حەبەشە ئەبێتە دەوڵەتی داد پەروەری و یەکسانی سەربەستی ٠

دووەم : سوودو بەرژەوەندی خۆیایەتی کە گەلەکەمانی کۆت و پێوەند کردوە لە ئیساوە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵئەکەنرێ و بەرژەوەندی و سوودی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی مەبەستی ڕەوتەکەمان ئەبێت ٠

سێیەم : حوکمی (لامەرکەزی) لە گوندو قەزاو پارێزگاکان دا ئەمەزرێنرێتەوەو حکومەتی ناوەندی (مەرکەزی) تەنیا لێ پرسراوی کاروباری ئەتەوایەتی و هی‌تر ئەبێ کە بەیوەندی بەتێکڕای وڵاتەوە هەیە ، بەبشتگیری حکومەتی ناوەندی ڕێگای ڕێکخراوە گەلی‌یەکان ئەدرێ کە ئیرادەی زاتی خۆیان بەکار بهێنن ٠

چوارەم :- ئادەمیزاد دروست کراوە بۆ ئەوەی کاربکات و خۆی و کۆمەڵەکەی بژێەنێ ٠٠٠ لەبەر ئەمە کار کردن پلەو پایەیەکی شیاوو گونجاوی ئەدرێتی لە چوار چێوەی کەرتی کۆمەلایەتی‌دا ٠ وە چی‌مان لە توانادا هەیە هەوڵ ئەدەین کە چەوساندنەوەی ئادەمیزاد لەلایەن ئادەمیزادەوە لەناوبەرین ٠

پێنجەم : لەسەرو هەموو ئەوانەوە یەکێتی نیشتمانی‌ی حەبەشە جیگای بڕوای بتەوو ئەکۆڕاوی هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵەکەمان ئەبێ و ڕستەی (حەبەشە پێش ئەکەوێ واتای سوشیالستی حەبەشە ئەداتە دەست ٠

هەرچونێك بێت ڕێژیمی نوێ ڕوو بە ڕووی چەندین کێشەو گیروگرفت بووە کەوا بەئاسانی چارەسەر ناکرێن و بیویستی‌یان بە تەقەللاو کۆششێکی لە ئەندازە بەدەر هەیە ٠٠٠ لەمانە کێشەی ئەتەوەیی ٠٠٠ تا وەکو ئێستا ڕێژیمە میلیتاریستی‌یەکە دانی بە مافی ڕەوای ئەتەوەکان‌دا نەهێناوە ٠٠٠ کێشەی ئەرتیریا ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر ئەبێ و دوور نیە چەند ئەتەوەیەکی تریش یاخی ببن و بەتۆتۆمی ڕازی نەبن و داوای جیابوونەوە بکەن ٠

بوودجەی دەوڵەت ئاجوغی‌یەکی زۆری تیادایە ٠٠ ئەندامانی ئەتەوەو خێڵەکانی (ئەمهر)ی زوربەن لە ئەنجومەنی میلیتاری دا ٠٠٠ شەریی نارەوا دژی گەلی ئەرتیریا لە شکری نارەحەت کردوەو بەکی ئابوری حەبەشەی خستوە ٠٠٠

بۆزانین

پێویست بەچەند کەسێك هەیە ئەوانەی چاپ بە کوردی ئەزانن و لە دەرچوانی (متوسطە)ن تکایە سەر لە دەزگای هاوکاری بدەن تاکو بیان نێرین بۆ (دار الحریة) لەوێ دامەزرێن ٠

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

ژمارەی سپاردن بە کتیبخانەی نیشتمانی ١٥٦ ساڵی ١٩٧٤

ئەی ئافرەتانی جیهان بێدار ببنەوە

-٥-

لە تۆ بەهێزتر نیم ..
بەڵام دیارە لێبشت بێ دەسەلات ترنیم ..
مەسەلە مەسەلەی ئەوەنیە من ژنمو تۆ بیاوی ..
تا یەك یەك گوناهبار بکەین !
مەسەلە مەسەلەی پێرەوو پێرەوە :
ئافرەت کار بکا .. یانەیکا ؟
ئافرەت بخوێنێ .. یانەخوێنێ ؟
ئافرەت بەشداری ژیان بێیا نەبێ ؟
مەسەلە مەسەلەی پێرەوو پێرەوە .. مەسەلە مەسەلەی بیاوو ژنێك نیە یەك یەك ئاوانبار بکەن .
بیاوەکە قۆڵو مەچەکی خۆی بۆ ژنەکە دەرخاو .. ژنەکەش پیشانی بدا چەندەنەتوانێ خۆی ڕابگرێ ..
ئەو فیز بە چەتەوڵی خۆیەوە بکاو .. ئەمیش بە دەنگی ناسکی بنازێ ..
کەسمان جێی ئەومانی بێ ناگیرێتەوەو .. نابێ بە ئەو.. دانی پیا بنێ ..
دانی پیا ئەنێم ..
هەرکامان ئەومان تەراوئەکەین .. نیوەی ئەومانین.. کەواتە بۆ پێکەوە پێ نەکەین ؟!
یارمەتیم بدەو .. یارمەتیت ئەدەم ..
دروست بکەو .. دروست ئەکەم ..
داچێنەو .. دائەچێنم ..
بیر بکەرەوەو .. بیر ئەکەمەوە ..
هەرچی تۆ فێری بووی ،بۆ منیشەو .. هەرچیش من فێری بووم بۆ تۆشە ..
هەر سەرکەوتنێکمان دەسگیر ئەبێ ، ئەرکی تازەتر سەخت ترمان لە پێشدا دانەنێ ..
دوێن لە یەك چاترە ..
کشت وکال بە ڕەنجی دوان ..ترو باشتر بێ ئەگا ..
زەوی بە ڕەنجی دوان ..بیری دوان چاکتر ئاوەدان ئەبێتەوە ..
کەواتە بۆ پێکەوە پێ نەبڕین ..
دەست بخەرە ئاو دەستم ..
هەردوو سەرکەوین بۆ سەرئوتکەکە ..
خۆشی ژیان لەوەدایە هەردوکمان پێکەوە بین ..
پێکەوە گەزانی لێین ..
پێکەوە بچرێکێین ..
پێکەوە بچڕین ..

کۆنگرەی بەرلین
لیژنەی « ڕاگەیاندن
لە ڕاژەی کاروباری ئافرەتانا »

- ئەستێرەی سینەما -

ئاشنایی لەگەڵ گەشتی ئازار

جوانترین و بەهێزترین زەردەخەنە ئەوەیە لە کاتی ئازێك و گیرو گرفتیکدا لەدایك ئەبێ و ڕواڵەتێکی تایبەتی ئەبەخشێتە دەمو چاوی مرۆڤ، بە جۆرێ هەر لە یەکەم ڕوانینەوە واهەست ئەکەی خاوەنی زەردەخەنەکە کەلێ ئەورەترە لە سایە ئالو پڕ لە ئازارەی تووشی هاتووە ، لێرەدا مەبەست لەو بزە داماو و بەزیوە نیە کە تابلۆیەکی خەمگین ئەکاتە کەڕاوەی دەمو چاو ، بەڵکو بزەیەکی ناسك و پاراوی وا کە خواست و ویستی مرۆڤ بەرامبەر کارەساتە جەرگ بڕەکانی ڕۆژگار قوولتر دەکاتەوە و ئەیسەلێنێ کە هەر ئیز مرۆڤی خاوەن توانا و ئیمانی پاکو بە ژێر زەبری ئازارەوە تادەستاڕی ون بوون و نابوتی و جو بەدەستەوەدان بی هاریت . ئەم زەردەخەنەیە ، هەمیشە ئەکەوێتە بە ناوبانگ (ئەنتۆنی کوین)م دینێتەوەبیر ، چونکە لە ڕۆڵەی ئەو فلیمانەی بەشداری تیادا کردووە هەمیشە لە ناخی خەفەت و ئازارەوە بە بزەیەکی ناسك و ڕەوان و خەشەکەوە ڕوویە ڕووت ئەبێتەوە ...

زەردەخەنەیەك .. هێزو بیاوەتی و بەختەوەری لێ ئەباری کەوا بە دەگمەن ئەکەرێکی چاو ووك و لێهاتوو لە شوێنی خۆیدا بە کاری ئەهێنێ ..

زەروەخەنەیەك ، هەموو ژیانی پڕ لە ئەشکەنجەی ئەنتۆنی کوین پیشان ئەدات و بەستەی ئەبەزین بۆ گیرو گرفتەکانی ڕۆژگار ئەلێتەوە .

بیرەوەری ٥٣ ساڵەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)

ڕۆژی ١٥ی ئەم مانگە بیرەوەری ٥٣ ساڵ بەسەر دەرچونی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا ڕابورد . ئەم ڕۆژنامەیە لە (١٥)ی تیشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا یەکەم ژمارەی لە سلیمانی دەرچو وە خوالی خوشبوو (شێخ نوری شێخ صالح) سەرپەرشتی ئەکرد . لەم ڕۆژنامەیەدا گەلێك نوسەری خاوەن قەلەمی لێهاتو بەرهەمی خۆیان بڵاو ئەکردەوە.

بیرەوەری ٥٣ ساڵەی دەرچونی ئەم ڕۆژنامە کوردیەیە لەم ڕۆژەدا ، کە گەلی کوردمان، لە عیراقی برایەتیدا بەڕۆژنۆمی شادیوەو لەسای شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی پێشکەوتن خوازدا بەهەموو مافێکی ڕۆشنبیری خۆی گەیشتوەو چەندان چاپکراوی کوردی دەرئەچێ و دەوری خۆیان لە پەرەپیدان و گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا. ئەلێین ئەم بیرەوەریە لەم ڕۆژگارەدا . هاندەری زیاترمان ئەبێ . بۆ بەهێز-کردنی هاوکاری و برایەتی و پاراستنی دەستکەوتە مەزنەکانی شورشی ١٧-٣٠ تەموز بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ، ئەو دەستکەوتانەی ئاسوی پاشە ڕۆژی ڕوناك تری لەبەردەم گەلی کوردو عەرەبدا کردۆتەوە. بۆ ئەوەی لە عیراقی شۆڕش و برایەتی و یەکیتی و ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا سەرپەست و شادمان بژین .

- هاوکاری -

بیرەوەری ئاگوزاری

- ١ -

● وتی :
هەروەك چۆن ، شەپۆلی دەریا ، ئەکشێ و ئەکشێ ، دوایی ، لەڕۆخ ئەداو ئەکەرێتەوە ، هەر بەوجۆرە ، سۆزی خۆشەویستی ، کە گەیشتە لوتکە ، لەڕۆخی شیعرێکا ئەشکێتەوە !.

● وتم :
چەندە وشە ، شیعرم فێرکا ، لەلای من خۆشەویستی ڕوبارێکە ، هەر ئەروات و .. ڕانا ناوەستێ !

- ٢ -

● لە دواییدا، خۆشەویستی کە ڕوبار بو ، ڕێگای گرت و ڕانەوەستا ، سڵ کردنەوە لە زۆرو گەمی تەمەن » لە ڕۆژمیرا نانوسرێ ...

- ٣ -

● خۆشەویستی ، ڕوبارێکە هەر ئەکشێ ...
« لێم نزیك بەرەوە ...
لە چاوەکانتا ساتەکانم خۆش ئەوێ ... ئەمەنم ، بیلبلەی چاوەکانتە ، لێم نزیك بەرەوە »

بەهرە

چاپکراوی نوێ :

● گوڵی وەریو ●

بە ناونیشانی « گوڵی وەریو »بەشێك لە هونراوەکانی « شیخ لەتیف شیخ مەحمودی نەمر » چاپکراوەو کەوتە بازاڕەوە ، ئەم چاپکراوە ، بەشێکە لەوشیعرانەی کە « شیخ لەتیف » هەندێکی لە سەرەتای تەمەنی لاویدا نووسیونی ئەم شیعرانە دەربرینی هەستی خاوێنی مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرە .

● زانکۆی سلێمانی ●

ژمارە (٣)ی بڵاوکراوەی لقی ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەی زانکوی سلیمانی بە ناوی« دەنگوباسی زانکوی سلیمانی» یەوە دەرچو . ئەم ژمارەیەتایبەتیە بە بۆنەی ساڵی خوێندنی نوێوەو وتەی سەروکی زانکوو یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراقو بەربرسیارەکانی کولیجەکانی زانکوی تیایە بێجگە لە هەواڵودەنگوباسی چالاکیەکانی زانکوی سلیمانی لەم دواییەدا . بنوسکەی ڕاگەیاندن دوو دانەی لەم بڵاو کراوەیە پێشکەش بە« هاوکاری » کردوە . سوپاس و هیوای سەرکەوتنی ئەخوازین .

ئاوڕێك لە ڕابوردوو/ ئاڕام ئامادەی کردووە

لە ڕۆژنامەی ژیانی ژمارە (٣٤٥)ی ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ ئەم گەلەیی یە لە (بێکەس) کرابوو :-

ئێمە فانق بێکەسمان لەخۆمان پێشترو قەدر گیراوتر دانا کەچی لەو ئەختە ئەختەکەی جارانیش بوو ئێستا هیچمان بۆ ناتوسێ .

وادیارە ئەم گلەییە دەمودەس کاری کردۆتە سەر بێکەس ، بۆیە لەژمارەی (٣٤٦)دا ، ئەمەی بڵاو کردۆتەوە :

نظیرەیە بۆ قصیدەیکی (حمدی) کە لەوەختی خۆیا لەژیاندا نشر کرابوو .

منو أفلاسو بەدبەختیو دەردی چایخانە تامردن
منو حوجرەو دەسێ نۆینو قوتابی خانە تامردن
بڕۆ (باوك) مبارەك هەر بەتۆ بێ پاکەتی أرداث
منو کیسەو سەبیلو پاکەتی خۆمانە تا مردن
سدارەو قۆندەرەو باسطۆن هەمو بۆ تۆبێ بۆ جیمە
منو تەیلەو کەلاشو داری هەورامانە تامردن
ئەتۆ پارەو وەظیفە حالو مالو نعمتو خۆشی
منو لۆقەنتەکەی حاجی ، ئەوە جێمانە تامردن
ئەتۆ شەمبانیاو وێسکی ، منو قابێ شەرابی ڕەش
ئەتۆ نۆتی دە دیناری ، منو نۆ ئانە تا مردن
ئەتۆ دانسو سەمای تیاترۆ کەمانو عودو قرناطە
منو زورناو سێ بێ بیو دەهۆل لێدانە تامردن
ئەتۆ ڕاحەو مرەباو پسکتو چوکلێتە خۆراکت
منیش با سوقو هەنگوینو پەنیرو نانە تامردن

گۆشەی منداڵان

چیرۆکی گوشە :

گورگێکی بەدکار

ئەگیرانەوە لە زەمانێکۆندا گورگێکی بەدخوو لە دارستانێك دا دەژیا ، زیانێکیزۆری لە ئاژەڵی ئەو ناوچەیەدا بوو ، خەڵکی بەدەستیەوەدامابون ، بەکۆمەڵ چونە لای ڕاوچیو شکاتیان لەگورگە کرد ، ڕاوکەر چوو بۆ ناو دارستانەکە ، گورگ کەچاوی بە ڕاوکەرەکە کەوت ترساو تاتینی تیابو ڕای کرد ،ڕاوچی ڕەی کرد بەدوایاو شوێنی کەوت ، گورگە ماندوبوو لەوتانەدا چاوی بە پیرە میردێك ئەکەوێ و بێی ئەڵێ :

مامە پیرە فریام کەوە ،ئەو ڕاوچیە ئەمکوژی ، بی گوناهمو پەنام پێهێنایت ..

مامە پیرە کیسەیەکی گەورەی پێ بوو زۆر بەزەی بەگورگەدا هاتەوە وتی خێراکە بچورە ناو ئەم کیسەیەوە ، گورگە چوە ناوکیسەکەو پیرەمیردیش دەرگاکەی بەست و دای بەشانیاو ڕۆیشت ..ئەوەندەی بچیتە ناو کیسەکەوە ئەوا کەردنت ئازاد بێ پیرەمیردەکە بخۆ .

گورگە خۆی کردەوە بەناو کیسەکەدا ڕیویەکەش بە پیرەمیردەکەی وت دەرگای کیسەکە بەبەستە .. پیرەمیرد خێرا دەرگای کیسەکەی بەست و هەر چەند گورگە هاواری کرد بەقسەی نەکردو گورگەی دایە دەست ڕاوچی-یەکەو ڕاوچیەکەش بردیەوە بۆ ناودێ و لەگورە پانی بەر ڕاوایدا لەبەرچاو خەڵکدا بەسزاوە کوشتیان .

یەکتری ناسین

١ - سۆڵاف حسام الدین
تەمەن : ٣ ساڵ
ئارەزو : فلیمی کارتۆن
٢ - هیرش توفیق
تەمەن : ٥ ساڵ
ئارەزو : فلیمی کارتۆن
٣ - پەیمانی عبدالله کوردە
تەمەن : ٩ ساڵ
ئارەزو : گورانی کوردی
٤ - ڤیان نظیف بەرزنجی
تەمەن : ٨ ساڵ
ئارەزو : فلیمی کارتۆن
٥ - طاهر نظیف بەرزنجی
تەمەن : ٧ ساڵ
ئارەزو : فلیمی کارتۆن

سەرگوزشتەیەك

هەژاری جاف

شێرێك لە بیشەڵاناتیکداراوی کەرد ، ڕوژێك گورگیکی لاواز ئەبینی زۆر بەزەی پیادیتەوەو ئەیبانە مەلەندەکەی خۆیو هەمو ڕۆژێك نیچیریکی ڕاو ئەکردو ئەی هێنایەوە لە گەڵ گورگە ئەیان خوارد .. پاش ماوەیەك گورگە وزەی هاتەوە بەرخۆ ، ڕوژێکیان شێرخەریکی ڕاوکردن ئەبێ گیان لەبەرێکی گوێ درێژی چوارپەل ئەستور ئەبینێ ڕۆر لێی ئەترسێو بی ئەڵێ تۆ چیت ؟ گوێ درێژە کە ئەڵێ من (نەڕ نەڕە شێرەم)... شێرەکە ئەترسی و دیتەوە بولای گورگ و کارەساتەکەی بۆ ئەگێرێتەوە ..گورگە ئەمە بەهەل ئەزانی خۆی بنوێنی ئەڵێ : ئینجا پادشاهم تۆ لیرەدا نیشە هەر ئیستە بە دەستی بەستە ئەی هێنمە خزمەتت .. گورگە ئەچێ بۆلای گوێ درێژەکەو هەر لەدورەوە پڕی ئەداتی و ئەیدا بەزەویداو ئەی خنکێنێ ئینجا دیتەوە بولای شێر ..هەردوکیان ئەرون دەمی تێ ئەژەنن و شیرەکەش سوپاس گورگەکەی کرد .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

HAWKARI, TEL 68311, 68312, 68313 ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ژمارە (٢٩٤) ٢٨ـ١١ـ١٩٧٥/١٢/٥ ١٢ لاپەڕە « ٢٥ » فلس

نامەیەك بۆ سەرۆك بەكر

بەیانی رۆژی سێ شەممەی رابوردو سەرۆك احمد حسن البكر لە شوێنی تایبەتی خۆی لە كۆشكی كۆماری چاوی بە (یونكولو بنجامین)ی نێراوی سەرۆك ماریان نكوابی سەرۆك كۆماری كەلی كونگو كەوت ، نێراوی ناوبراو نامەیەكی تایبەتی پێشكەش بەسەرۆك بەكر كرد كە لە سەرۆك نكوابی یەوە بوی هاتبو* هەروەها باسی پەیوەندی دوو قۆلی نێوان هەردوو ولاتی دوستیان كرد .

چەند بڕیارێكی گرنگی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

لە بروسكەیەكدا بۆ سەرۆكی فەرمانده :

قوتابیان بەشداری ڕاستەوخۆی گەشەكردنی نەتەوەكەی ئەكەن

جەماوەری قوتابیان ، لە كۆبوونەوەیەكی فراواندا كە بە سەرپەرشتی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە هۆلی زانكۆی (مستنصریە)دا ڕێك خرا ، ستایشی هەڵوێستەكانی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و شۆڕشی حەفدەی تەمموزی نەتەوەیی و سۆشیالیستیان كرد و دووە دژی ئیمپریالیزم كەمەبەستی لە ناو بردنی مەسەلەی فەلەستینە ، قوتابیان لەو بروسكەیەدا كە ئاراستەی سەرۆكی تێكۆشەر كاك احمد حسن البكریان كردووە ، تیادا پەیمانیان داوە ڕێبازی نەتەوەیی و پێشكەوتنخوازی پارتی و شۆڕش بەرنەدەن ، ئەمەش تەواوی بروسكەكەیە :ـ

باوكی پێشمەرەوو تێكۆشەر كاك احمد حسن البكر :

ئێمەی جەماوەری قوتابیان كە بە سەرپەرشتی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بە بۆنەی یادی جوارده‌مینی دامەزراندنی یەكێتی بە تێكۆشەرەكەمانەوە ، لە هۆلی زانكۆی مستنصریەدا كۆبووینەتەوە ، خۆشەویستی و ڕێزمان بەرامبەر هەڵوێستەكانی پارتی و شۆڕش لە دژی هێرشی دڕوندانەی ئیمپریالیزم و بۆ تووانەوەی مەسەلەی فەلەستینو گەلی عەرەب پیشان ئەدەین ، هەروەها ئارەزایی خۆمان بەرامبەر ڕێكەوتنەكەی سینا كە لە نێوان ڕێژیمی میسرو زایۆنیدا مۆركرا درئەبرین وزۆر بە توندوتیژی یەوە بەربەستی هەڵوێستە بەزیوەكانی ڕێژیمی سوریا ئەكەین .

ئێمە لە گاتێكا بە بۆنەی سەركەوتنەكانی شۆڕشەوەو لە سەرووی هەمویانەوە بەخشینە دیموكراسیەكانی باری بەروەردەی ولات ئاهەنگ ئەگێرین پەیمان ئەبەستین هەموو هێزی مرۆڤایەتی و زانستیمان لە پێناوی گەشەكردنی نەتەوەیی و بەهێزكردنی بڕۆگرامەكانیدا تەرخان بكەین . هەر بژین ، بۆ پەرەی هێنانی ئامانجەكانی شۆڕشی عەرەبی لە یەكێتی و .. سەربەستی و .. سۆشیالیستیدا .

سەركردایەتی شۆڕش ڕێكای هاتنەوەی جولەكەكانی عیراق ئەدا

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری دا ڕێگەی نەو جولەكانە بدرێ كە لە سالی (١٩٤٨)ەوە عیراقیان بەجێ هێشتوە بگەڕێنەوە بۆ ولات و هەموو مافێكی ڕەوای هاوولاتیانی عیراقیان هەبێ بەپێی یاسا ٠٠ ئەمەش تەواوی ڕێزەكەی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشە :ـ

بەپێی ناوەڕۆكی بڕگە (أ)ی بەندی چل و دووی دەستووری وەختی و لە هەڵوێستی بڕوا بوونی حكومەتی عیراق بەمافی ئادەمیزاد و پەیڕەوكردنی بیرو باوەڕو ئەو مافانەی لە بەرنامەكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و پەیاننامەی جیهانی‌ی مافی ئادەمیزادا هاتووە ٠٠ ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە كۆبونەوەی ڕێككەوتی ٢٦ـ١١ـ١٩٧٥ بڕیاری‌دا :ـ

١ ـ ئەو جولەكانەی لە سالی (١٩٤٨)ەوە عیراقیان بەجێ هێشتوە مافی ئەوەیان هەیە بگەڕێنەوە ٠

٢ ـ ئەو جولەكانەی عیراق كە ئەگەڕێنەوە بەپێی ئەم بڕیارە هەموو ئەو مافە ڕەوایەیان ئەبێت كە بەپێی یاسا هاوولاتیانی عیراق هەیانە ٠

٣ ـ حكومەتی عیراق دەستەبەری هەموو ئەو مافە دەستوری‌یە بۆ جولەكە ئەراوەكان ئەبێت كە هاوولاتیانی عیراق هەیانە وەكو یەكسانی‌ی و ژیانی ئاسودەیی بە بێ جیاوازی‌ی ٠

٤ ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا بڵاو ئەكرێتەوەو ئەركی جێبەجێ كردنیشی ئاكەوێتە ئەستۆی وەزیرەكان ٠

احمد حسن بكر
سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

ئەوەی شایانی باسە كاك عبدالحسین جمالی جێگری وەزارەتی دەرەوە لە بارەی كەیدا پێشوازی سەرۆكی دەزگای دیپلۆماسی‌یەكانی لەبەغدا كردو ئەو بڕیارەی پێ ڕاگەیاندن كە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەری كردووە ٠

ئا٠د٠ع

نوێنەری عیراق ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقا ڕیسوا ئەكات

نیویورك : تاس : ئا٠د٠ع : ڕۆژی ٢٦ـ١١ نوێنەری عیراق لە ڕێكخراوی كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكان بە توندی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقای ڕیسواو تاوانبار كرد بەوەی دەست ئەخاتە ناو كاروباری ناوخۆی كۆماری ساوای ئەنگۆلاوە ٠

هەروەها نوێنەری عیراق لە كۆبونەوەكەی ڕێكخراوەكەدا وتی : بێویستە ڕێكخراوی دەوڵەتان بە توندی پشتگیری كەلی ئەنگولا بكاتو لە خۆتێ هەڵقورتاندنی ئیمپریالیزمی بی‌بارێزێ ٠

هەروەها نوێنەری عیراق

بڕوانە ل ـ٧ـ

بەخشینی گیراوە سیاسی‌یەكان لە ئەسپانیا

مەدرید : ئاژانسەكان : ڕۆژی ٢٦ـ١١ شا خوان كارلوس مەلیكی ئیسپانیا بڕیاری بەخشینی هەموو گیراوە سیاسی‌یەكانی‌دا كە ژمارەیان نزیكەی دوو هەزار كەس ئەبێت ٠

هەروەها بەبۆنەی سوێند خواردنی شا (خوان)ەو بوونی بەمەلیك ئەو كەسانەی فرمانی لەسێدارە درانیان دراوە ئەبەخشرێن تەنیا ٥٠ كەس ئەبێ ٠

بڕوانە ل ـ ٧

بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەربارەی جوڵە نەكردنی خانوی بەكرێ دراو

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری‌دا كە گوێ ئەداواكاری‌یە تایبەتی‌یەكانی جوڵە كردنی خانووی بەكرێ دراو بەگیرێ ئاوەكو ماوەی سێ‌سال بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایەو بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا ٠٠ ئەمەش ئەواوی بڕیارەكەیە :ـ

بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

ژمارە (١٢٥٦) لە ١٩ـ١١ـ١٩٧٥

بەپێی ناوەڕۆكی بڕگە (أ)ی بەندی چل و دووی دەستووری وەختی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە ١٩ـ١١ـ١٩٧٥ بڕیاری دا كە :

١ ـ گوێ لەداواكاری خاوەن خانوو ئاگیرێ دەربارەی جوڵە كردنی ئەو خانوەی بەكرێی دراوەتە ماوەی سێ‌سال بەسەر جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارەدا ٠٠ جگە لەو داواكاری‌یانە نەبێ كە بەهۆی گرێ تەدانی خانوەكە یان ئاراستەنەوەی فەرمانبەرەكە بۆ ئەو شارەی خانوەكەی خۆی تیادایە ئەویش لەبەر بێویستی بەبزەوەندی گشتی نەك لەبەر ئارەزوی ئەو كەسە ٠

٢ ـ بەندو بڕگەو ناوەڕۆكەكانی تری ڕێكخستنی كرێی

بڕوانە ل ١١

نیراوی سەرۆكی كۆنگو گەرایەوە بۆ وڵاتەكەی

شەوی چوار شەممەی ڕابوردو بەریز (بون كولو بنجامین) نوێنەری تایبەتی سەروك ماریان نكوابی سەركوماری كونگوی كەلی كە بە تایبەت هاتبو بۆ لای سەروك احمد حسن البكر ، دوای سەردانە دوو ڕۆژیەكەی بەغدای بە جێ هێشت و چوبو تاران ٠

ماموستا بنجامین بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق دواوە وتویە : زورم بێ خۆش بو چاوم بە سەروك احمد حسن البكر كەوت و نامەیەكی دەستخەتی سەروكی كونگوم پێشكەش كرد ، وەوتویە سەردانەكەم زور بە نرخ بوو چونكو كار ئەكاتە سەر بە هێزبونی پەیوەندی دۆستانەی نێوان عیراق و كونگوی كەلی ٠

ماموستا عەزیز شەریف گەرایەوە بۆ وڵات

شەوی چوار شەممەی ڕابوردو ماموستا عەزیز شەریف وەزیری دەوڵەت و سكرتیری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاریكاری لەگەڵ عیراق گەرایەوە بۆ بەغدا ٠٠

ئەوەی شایانی باسە ماموستا شەریف چو بوو بۆ كونگرەی سالانەی لیژنەكانی نوێنەرانی جوڵانەوەی ئاشتی نیشتمانی كەروژی هەینی ڕابوردو لە لینینگراد بەسترا بوو بەبۆنەی تیپەڕ بوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانا ٠٠٠

ماموستا شەریف وتویە نامەیەكی سەروك احمد حسن البكرم بە كونگرەكە گەیاندوە ،

بڕوانە ل ١١

بڕیاری سەركردایەتی شۆڕش بە بۆنەی ساڵی ئافرەتانی جیهانەوە

● ئافرەتی شوكردووو پیاو لە (غلاء المعيشه‌دا) یەكسان ئەبن

بەپێی بڕیارێكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش كە هەفتەی ڕابوردوو لە نیستكەی ڕادیۆو تەلەفزیونی بەغدا بڵاو كرایەوەو كاك عزت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و وەزیری تەندروستی و سەرۆكی لیژنەی نیشتمانی پەرزی ساڵی ئافرەتانی جیهان خوێندیەوە ئافرەتی شووكردوو لەگەڵ پیاوی موچە خۆوردا یەكسان ئەبن لە (غلاء المعيشه)دا ئەمەش تەواوی یاساكەیە :ـ

بەپێی ناوەڕۆكی بڕگە (أ)ی بەندی چل و دووی دەستووری وەختی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە كۆبونەوەی ڕێككەوتی ١٠ـ١١ـ١٩٧٥ ئەم یاسایەی دەركرد :

یاسای ژمارە (١٩١)ی ساڵی ١٩٧٥
یاسای یەكسانی‌ی ئافرەت و پیاو لە ماف و موچەدا

بەندی یەكەم :

ئافرەتی شووكردوو یەكسان ئەبێ لە ئەڵ پیاوی خاوەن ژن‌ومال لە (مخصصاتی غلاء المعيشه‌دا) كە لە مەرسومی (غلاء المعيشه‌ی) ژمارەی (٣)ی ساڵی ١٩٥٤ و دەسكاری كردنەكەی و لیستەكانی پاشكۆی‌دا هەیە ٠٠ بەڵام كە مێردەكەی فەرمانبەر بوو ئەوا ئەو مخصصاتە وەرناگرێ لەكاتی جیا بونەوەی ژن و مێردەكەشدا ئەم بارەیە ئەدرێ بەو كەسەیان كە منداڵەكان بەخێو ئەكات ٠

بەندی دووەم :ـ

ئافرەتی خاوەن مێرد بە لێپرسراوو خاوەن ئەرك دانەنرێ و لێبوردن لەیاسای باجی دەخل ئەیگرێتەوەو هەروەكو لەپێش شوكردنی‌دا ئەم یاسایە ئەیگرتەوە ٠٠ وە ئەگەر مێردەكەش پەكی كەوتبوو توانای كاری نەبوو سەر چاوەیەكی تری ژیانیشی نەبوو ئەوا هەمان لێبوردن ئەیگرێتەوە ٠

بەندی سێیەم :ـ

كوڕو كچ كە مافی موچەی خانەنشینی‌یان (تقاعدی) هەیە هەمان مافی خانەنشینی‌یان ئەبێ و ئەو پارەیەش ئەدرێ بەدایك یان باوك یاخود هەردوكیان كە منداڵەكان و بەخێو بكەن ٠

بەندی چوارەم :ـ

هەر بەندێك كە لەگەڵ ناوەڕۆكی ئەم یاسایەدا

بڕوانە ل ١١

هەڤاڵ صدام : سەركردایەتی سیاسی شانازی یەیەكەی دارولی هاتوەكانەوە ئەكات

ئێوارەی ٢٦ـ١١ هەڤاڵ صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە بارەگاكەی‌دا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی وەفدی پزیشك و پرۆفیسورانی بڕگانەو عیراقی كرد كە یارمەتی دكتور عبد الفتاح سیاب‌یان داوە لە دۆزینەوەی دەرمانی (بەكرین و صدامین) ٠

بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند كە سەركردایەتی سیاسی شانازی بە بەهرەدارو لێهاتوەكانەوە ئەكات و ڕیزی ئەو كوششەیان ئەكرێ كە لەبێناو داهێنان و دۆزینەوەدا ئەیدەن لەمەیدانی زانستەكاندا وە وتی : شۆڕش ئەوەندەی تر كۆمەك بەداهێنەرو لێهاتوەكانەوە ئەكات و چێبێوست بێ بۆ لێكۆلینەوەی وەیان دەستەبەری ئەبێ ٠

وەفدەكە پێك هاتبو لە پرۆفیسور (ئەلیكسەندەر لوسی) پروفیسور لە كولیجی پزیشكی لەخەستەخانەی ڕویال لە لەندەن پروفیسور خاتون (رایمەن) پرۆفیسوری كیمیای ژیان لەزانستگای لەندەن و دكتور دیفید مانزل جونس جێگری سەرۆكی مەلبەندی هنتنگدون لەبەریتانیا و دكتور ڕیفید ئابەر سەرۆكی بەشی لێكۆلینەوەی ڕۆماتیزم لە پەیمانگای كندی لە بەریتانیا و دكتور بێركلی ڕاوێژكاری زانستی‌ی نەخۆشی‌ی و دكتور عبدالفتاح سیاب ئەسیستەن پرۆفیسور لە كولیجی زانست لە زانستگای بەسرەو دكتور طلال ناجی شوكت و دكتور زیاد ڕاوی كە هەردووكیان مامۆستان لە كولیجی پزیشكی‌ی بەغدا ٠

ئا٠د٠ع

جەماوەری عەرەب لە لوبنان دژی دابەش كردنە

بەبیروت : ئا٠د٠ع :

ڕەشید كەرامی سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە كۆبوونەوەیەكی ئەنجومەنی نەوابی لوبناندا وتویە : ئەوكیروگرفتەی ماوەیەكی زۆرەلەم ولاتەدا پەیدا بوە ، گیروگرفتێكە چارەسەری بە دەست لوبنانیەكان‌خۆیانەوەیە ٠

دیسان ئەوەی ساغ كردەوە كە ڕزگار كردنی ولات لەم گیروگرفتانە بە هاوكاری هەموو لایەك ئەبێ ئایەتە دی ٠

كەرامی وتبوی : ئەو شەڕەی ڕوی داوە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی چەكێكی زۆرە بە ناو خەڵكاو بێ دەنگ بوونە لە چەك هێنان و مەشق كردن بە هەموو جۆرە چەكێك كە ئەمانە وڵاتیان خستۆتە ناكۆكی‌یەكی بێ سەروبنەوە ٠

كەرامی سەر لە نوی داوای ڕاوێژی كرد بۆ چارەسەری سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی ،

دیسان وتی : هەندێ وا ئەزانن دەستور شتێكی زۆر پیرۆزەو ئابێ دەستكاری بكرێ ، بەڵام لەم وڵاتە شتی پیرۆز نەماوە ، ژیان كە لە هەموو شتێ پیرۆزترە ، بە پێ سوودو لەبەر هیچە لەناو ئەبرێ ٠

لە لایەكی ترەوە كەمال جەنبلاطی سەرۆكی پارتی پێشكەوتوخوازی سۆشیالستو

بڕوانە ل ١١

لایەنەكانی نەتەوەیەكگرتوەكان باسی نوشوستی دبلوماسیەتی ئەمەریكا ئەكەن

نیویورك ـ ٢٦ ـ تاس ٠ ئا٠د٠ع :

لایەنەكانی سەر بەنەتەوە یەكگرتوەكان ئەو خۆكشانەوەی ئەمەریكا لە پروژە بڕیارەكەی لە بارەی بەڕلاكردنی بەندیە سیاسیەكانەوە كە بریار وابو لە نەتەوە یەكگرتوەكانا لەسەری بدۆین بە خۆكشانەوەو نوشوستی‌یەكی دبلوماسی‌یانە دانەنین كە ویستی ئەم كارە وەكو پیلانیك بخاتە بەردەم كۆمەڵی گشتی بۆ لیكولینەوەی چەند مەسەلەیەكی گرنگ بۆ داكۆكی كردن لەسەر مافی ئادەمیزاد لە وڵاتانی ڕۆژ ئاواو شیلی و خواروی ئەفەریقاو چەند شوێنیكی تر ٠٠

فرۆكەیەكی بار هەڵگری لەشكری دوژمن شكاوە

فەلەستینی داگیركراو ٢٦ ئاژانسەكان :

پتری شەوی ڕابوردو فرۆكەیەكی بارهەڵگری لەشكری زایونیستەكان لە بیابانی سینا كەوتۆتە خوارەوە ٠٠

قسە كەریكی سوپای زایونیستەكان وتویە ٢٠ ئەسكەرو فرۆكەوانەكە لە ناو فرۆكەكەدابون هەمویان مردون بەڵام قسەكەرەكە باسی دەرەجەی ئەسكەرەكانی نەكردوە ٠

دیسان وتویە فرۆكەكە لەبەر هەورو هەڵا سەری لێ شێواوەو داویە لە چیای (حلال)و كەوتۆتە خوارەوە ٠

Institut de Paris

قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین

- دلێر -

ئەو نەهامەتی‌یەی دوای‌دەسەت درێژی‌یەکەی ئیمپریالیزم - زایۆنیزم لە ساڵی ١٩٤٨ بەسەر نەتەوەی‌عەرەب هات ڕێگا خۆشکەرودەروازەی چەندین نەهامەتی تر بوون کۆسپ لە بەردەم‌عەنگاونانی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەلە ناوچەکەو تەکەرەیان لە بەرەوپێش چوونی نەتەوەی‌عەرەبدا بەرەو گەیشتن بە ئامانجە مێژوییەکانی‌و بنیات نانی پاشە ڕۆژێکی مرۆڤ‌پەروەرانەی نوێ ... چونکەبوونی زایۆنیستەکان لەسەر خاکی عەرەبدا جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشە ستراتیجەکانی‌ئیمپریالیزم بوو ئەوئیمپریالیزمەی کە لەو بوونەی‌زایۆنیستەکان‌دا ئاواتی خۆی‌ئیادا بەدی ئەکرد لە تاڵان کردنی گەلان‌و جێگیر کردنی‌شوێن پێو نفوزی لە ناوچەکەدا .

پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و هاوبەشی‌یەی سەرمایەداری‌یان ئەو ئامانجە چەپەلە ناوکوییەیان دەرئەخات کە هەیانەو ئەو زەمینەیە دەست نیشان ئەکات کە هەردوو لایان لەسەریدا ئەجوڵێنەوە ، هەر ئەم بەرژەوەندی‌یە ناوکوییانەشیانە کە چالاکی‌یەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم دیاری ئەکات .

دەولەتۆکەی چەتەکانی دوژمن بە پێی ئەو پەیوەندی‌یە کیانی‌یە لە نێوان ئیمپریالیزم وزایۆنیزم‌ئامانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانیان‌دا هەیە بووە بە بنکەیەکی پێشەوەی ئیمپریالیزم‌و مەبەستە دوژمنایەتکاری‌یەکانی جێ‌بەجێ ئەکات . ئیمپریالیزم زایۆنیزم دوو ڕووی پارەیەکن کە ئەویش سەرمایەداری جیهانی‌یە . وە هەڵبژاردنی خاکی عەرەب بە تایبەتی خاکی فەلەستین‌و زەوت کردنی هەمەت کردنە بە ئەوەیی پەیڕەو بکات‌و ئەم ستراتیجە هەموو ئەو مێزانەی عەرەب لە ژێر تاڵاکەی‌دا کۆبکاتەوە کە باوەڕیان بەرزگار بوون‌و قوربانی‌دان عەیە لە پێناو سەرکەوتنی ئەتەوەدا وە لەم هەڵویستەوە پێشەنگەکانی مێژی عەرەب هەنگاو بنێن بەرەو سەرکەوتن‌و رزگار کردنی خاکی زەوت کراوی عەرەب .

لێرەدا بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزم‌و پەیڕەوکردنی خەباتی چەکدارانەو ڕەت کردنەوەی عەرەبو بانگەوازێکی خۆ بەدەستەوە دەزانەو دوور کەوتنەوە لە جوارچێوەی هەسکی هەرئیمایەتی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕی عەرەب بەپیت‌و پێزو قوڵ ئەکات‌و بە ئەنجام بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەنگاوبنێ » .

قۆناغی ئەهامەتی‌یەکەو ستراتیجی ئەتەوەیی

ڕەت کردنەوەی شۆڕشگێڕانەی بەزینەکەی حوزەیران‌و بەگژا چوونی دوژمن‌و سرینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو بەزینە وا پیویست ئەکەن کە ئەتەوەی عەرەب ستراتیجێکی زانستی قۆناغی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

ئەو هیرشە ناجوامێرانەیەی ئیمپریالیزم لە پێنجی حوزەیران کردیە سەر ئەتەوەی عەرەب‌و ئەو یارمەتی‌یە زۆرەی پێشکەش بە زایۆنیستەکانی کرد بە ئەواوەتی بۆ ڕای‌گشتی جیهانی ساغ کردەوە کە ئەو قەوارەیە چۆن بۆتە داردەستی ئیمپریالیستەکان لە ناوچەکەو دژی ئاوات‌و ئامانجی گەلانی ئەم ناوچەیە .

قۆناغی ئەهامەتی‌یەکەو ستراتیجی ئەتەوەیی

ڕەت کردنەوەی شۆڕشگێڕانەی بەزینەکەی حوزەیران‌و بەگژا چوونی دوژمن‌و سرینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو بەزینە وا پیویست ئەکەن کە ئەتەوەی عەرەب ستراتیجێکی زانستی قۆناغی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

بزوتنەوەی خەباتی عەرەب لە دوای ئەهامەتی‌یەکە بێی ناوەتە قۆناغێکی کرنگی مێژوییەوە ئەڕاوەتی عەرەب‌و ئەو هێزانەی کە ئەتەوەی عەرەب لە ژێر ئالاکەی‌دا بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

کۆنگرەیەکی سەرەتایی دەربارەی ڕێکخستن‌و تەنظیم لایەنە خۆبەدەستەوەدەرەکان

فەلەستینی زەوت کراو : ڕۆیتەر : ئا٠د٠ف :

ڕۆژی ٢٣-١١ مالکولم تۆن بالیۆزی ئەمەریکا لەلای دوژمن لەسەر داخوازی هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی کۆشکی سپی کەڕایەوە بۆ واشنتۆن بۆ وتوویژ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتەکەی‌دا دەربارەی جێ‌بەجێ کردنی ڕێکەوتنی دوەم لە بەرزاییەکانی سوریادا .

وە لە ئیسحاق ڕابین سەرەک وەزیرانی دوژمن ڕۆژی ٢٢-١١ لەگەڵ بالیۆزی ئەمەریکا کۆبۆتەوەو باری سەرنجی خۆیانی بۆڕاکەیاندوە دەربارەی ئەم کێشەیە .

هەروەها بلاوکرایەوە کە کیسنجەر هەردوو بالیۆزی وڵاتەکەی لە دیمەشق‌و عەممان بانگکردۆتەوە بۆ وتوویژ کردن لەگەڵیان‌دا . لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ٢٣-١١ حاییم عیرتزوگ نوێنەری دوژمن لەئەتەوە یەکگرتوەکان گەڕایەوە بۆ خاکی زەوت کراو بۆ بەشدار بوون لەو وتوویژەی لە نیۆیۆرک دکتور کورت فالد هاییم سکرتیری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و کاربەدەستانی دوژمن‌دا ئەکرێت .

عیرتزوگ لە دوانێک‌دالەگەڵ پەیامێری ئیستگەی ڕادیۆی دوژمن وتی :- لەهۆڵەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان‌دا وا باوە کە ڕێژیمی سوریاقایل نەبێ ماوەی مانەوەی هێزەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان‌لە ناوچەی بەرزاییەکانی سوریادا درێژتر بکرێتەوە .

وە لە دیمەشق دکتور کورت‌فالد هاییم گەشبینی خۆی نیشان‌دا بەرامبەر بەرازی‌بوونی سوریاو درێژ کردنەوەی مانەوەی ماوەی هێزکانی‌دەولەتان لە ناوچەی کۆلان . وە وتی : ئەم هەڵوێستەی‌سوریا ڕێگای ڕێکەوتنێکی‌تر خۆش ئەکات لەم ناوچەیەدا .

هەروەها فالدهایم لەگەڵ‌عبدالحلیم خدام وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی سوریاو یاسرعرفات سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی ڕێکخراوی رزگاری‌خوازی فەلەستین کۆبۆتەوە .

وە لە قاهیرە کۆفاری (روزالیوسف) بڵاوی کردەوە کە میسر قایل بووە - لە سەربێشنیازی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا - کۆنگرەیەکی سەرەتای لەپێش کۆنگرەی جنێڤدا بگیرێ لە نێوان دوژمن‌و ئەورێژیمانەی ڕێکەوتنیان ئەوێ لەگەڵ دوژمن‌دا وە بڕیاروایە کە ڕێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین لەم کۆنگرەیەدا بەشدار ببێ . ئاژانسی یونایتد پریس ئەڵێ : دوژمن چوار (مستوطنە)ی‌تری لە بەرزاییەکانی سوریادا دروست کردوە .. بەم پێیە ژمارەی (مستوطنە)کانی دوژمن لە کۆلان ئەگاتە هەژدە .

ئەمجارەش لە سەرباری ئاڵۆزی لوبنان

کۆنە پەرستۆشە ڕخوازەکان بەردەوامن لە خۆچەکدار کردن

ئەوشەپە سەخت‌و خوێناوی‌یەی ماوەی شەش مانگە لە لوبنان هەڵگیرساوە سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە . ئەوشەپە تاڕەوایە کە لەلایەن پارتی بەکرێگیراوی «کەتایب»و هێزە دەستی ڕاستی‌یەکانی لوبنان‌و بەهاندانی ئیمپریالیزم وزایۆنیزم بەسەر خەڵکی لوبنان‌دا سەپاوە تا ئێستا دەیان هەزار کوژراوو بریندار‌ی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووەو بەهەزاران میلیارد دۆلاری زیانی ماڵی بە ئابووری ئەوولاتە گەیاندوە . ڕاستی ئەوەیە کە مێژووی شەپەکانی ناوخۆیی کەمتر مەرگ‌و ماڵ وێرانی ئەوتۆی بەخۆوە دیتوە کە ئەوشەپانە . بەسەر وڵاتەکەیان داسەپاندوە . ئەو لوبنانەی بە « سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست » دادەنرا ، ئێستا لە کەلاوەو وێرانی وبۆنی باڕووت وڵاتەکەی کوژراوو شوێنەواری خەراکاری بەولاوە شتێکی تیدا نەدی ناکرێ . کارەیشتۆتە ڕادەیەک کە ئەتەک هەر بڕسێتی و نەخۆشی‌و جارەڕەشی هەرەشە لە خەڵکی لوبنان دەکا ، بەڵکە سەربەخۆیی و یەکێتی‌یەکەی ئەووڵاتەش کەوتۆتە مەترسی‌یەوە .

تائێرە هەموو هەوڵ‌و تەقەڵایەکی دلسۆزان لە ناوخۆی لوبنان ودۆستانی تەڵی لوبنان لە دەرەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆیی بێ ئەنجام ماوەتەوە چەندین جار بڕیاری تەقەوەستاندن لەلایەن هێزە بەکرێگیراوەکانەوە هەڵوەشاوە ڕەکەزبەرستەکان دابین بکەن . ئەوهەوڵ‌و تەقەڵایەی بۆ سەرووی هێزە شەڕ مۆرکردنی پەیمانی « ئاشتی » دەست ودام ودەزگایەکی پایە لە نێوان هێندێک ڕێژیمی عەرەبی‌و قەوارەی زایۆنی دا دەدرێ لەگەڵ ئەوپیلانە ناڕەوایەی بۆ سەربەخۆیی لوبنان داتاشراوە لێک جیا ئاکرێنەوەو هەموی ئەوانە ئالقەی زنجیری نەخشەیەکی بەرینی هێزە ئیمپریالیستی‌یەکانن بۆ پێ شێل کردنی مافی ڕەوای گەلی فەلەستین‌و سەپاندنی یەکجاری دەسەڵاتی زایۆنیستەکان بەسەر خاکی زەوت کراوی عەرەبی‌دا . دیارە تەنگ پێ‌هەڵچنینی هێزەکانی بەرگری فەلەستین‌و دەرکردنی شۆڕشگێڕانی فەلەستین لە لوبنان زۆر یارمەتی سەرکەوتنی ئەوپیلانە شەیتانی‌یەی ئیمپریالیستەکان‌دەدا ؟

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا تا ڕادەیەک هێمنی کەڕایەوە بۆ لوبنان‌و ئەو « هیوا »یە پەیدا بووکە بڕیاری تەقە وەستاندن سەربگرێ‌و بەرەبەرە لە ڕێکای وتوویژەوە چارەسەری یەکجاری بۆ مەسەلەکە بدۆزرێتەوە . بەڵام زۆری نەخایاند کە بەکردەوە دەرکەوت ئەم جۆرە تەقەوەستاندن‌و ڕێکەوتنانە ناتوانن باری شێواوی لوبنان چارەسەر بکەن . چارەسەری وەزعی ئاڵۆزی لوبنان پێش بروانە ل -١١-

لە ئەنجامی ئەو هێرشەی کرایە سەر باوچەی (رامات هاما)و فیدائی‌یەکان چەکی ڕەشاش‌و نارنجۆکی دەستیان تیادا بەکارهێنابوو .

فیدائیکارانی عەرەب خانوی‌یەکی سێ نهۆمیان لە نزیک ئەل ئەبیب گوللەباران کرد

خاکی داگیرکراو ئاژانسەکان فیدائی‌یە عەرەبەکان ، پاش جوولانەوەکەی (رامات هاما) غەشیمیم) بە چەند سەعاتێ ، خانوویەکی گەورەی سێ نهۆمیان گوللەباران کردووە ، لە نزیک ئەل ئەبیبەوە ، لە ئەنجاما چەند زایۆنی‌یەک کوژراوەو بریندار بووە ، جگە لە ڕووخاندنی خانوەکە بە تەواوی .

لەم بارەیەوە ، قسەکەری سەربازی فەلەستین وتوویەتی : پاش ڕووداوەکە ، هێزەکانی دوژمن شلەژاون‌و شکستی‌یەکی بێ‌بایان کەوتە ناویانەوە ، بە تایبەتی کە هەوڵێکی زۆریان داوە لە ڕێگای پشکنین‌و بەکارهێنانی فڕۆکەی هەلیکۆپتەرەوە فیدائی‌یەکان بدۆزنەوە ، بەڵام سەرنەکەوتوون . وە دوژمن خۆیشی دانی پەمەدا ناوە .

ئاژانسی دەنگ‌و باسی ڕۆیتەر لەم ڕووەوە ئاشکرای کردووە کە شەوی پاش ڕووداوەکە ، لیژنەی کاروباری دەرەوەو ئاسایشی زایۆنی کۆبۆنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە ، وە ئیسحاق ڕابینی سەرەک وەزیرانی دوژمن‌و سەرۆک نستخباراتی زایۆنی لەگەڵ کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووە .

ئاژانسەکان ڕایانگەیاندووە ئەم جووڵانەوەیە مەترسی‌یەکی فراوانی لە ناو لێبرسراوانی دوژمندا پەیدا کردووە بە جۆرێ زایۆنی‌یەکان شلەژاون‌و ئازاوەیان تێ کەوتووە ، هەروەها وتوویانە ، سێ فیدائی جووڵانەوە پاڵەوانی‌یەکەیان جێ‌بەجێ کردووەو پێش کشانەوەیان توانیویانە چەند زیانێک بە یاساولەکانی ناوچەکە بگەیەنن .

شایانی باسە ، مردخای غور سەرەک ئەرکانی سوپای دوژمن وەکو جارانی پێشوو بەربۆتە هەڕەشەو گوڕەشە کوایە نۆڵەی خۆیان ئەکەنەوە .

لە (بەیروت)یش ، قسەکەرێک بە ناوی بەرگری فەلەستینەوە ئەوەی ڕوون کردەوە کەوا دوژمن زیانێکی ئیکجار فراوانی لێ کەوتووە لە ئەنجامی ئەو هێرشەی کرایە سەر باوچەکە ، ڕامات هاما)و فیدائی‌یەکان چەکی ڕەشاش‌و نارنجۆکی دەستیان تیادا بەکارهێنابوو .

بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان -٢٢-ئا٠د٠ع :

هەفتەی ڕابردوو ، لیژنەی کردوە و مافی چارەنووسی خەڵکی دوڕگەکەی سەلماندووە . ئەمەو ٠٠ دوڕگەی کوام کە ١٦٠٠ میل لە ڕۆژهەڵاتی فلیپینەوە دووڕە کرنگی‌یەکی ستراتیژی هەیەو گەورەترین دوڕگەی (ئەرخەپیل مادیانا)یە . شایانی باسە ، ئەم دوڕگەیە ٠٠ هەتا ساڵی ١٨٩٨ لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیادا بوو بەڵام ئاش ڕێکەوتنەکەی پاریس کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاوە .

ئەواو بوونی وتوویژی یەکخستنەوەی فیتنام

هۆشی‌مین : ئا٠د٠ف :

ڕۆژی ٢٥-١١ وتوویژی دوو ڕۆژی نێوان وەفدی کۆماری دیموکراتی فیتنام‌و حکومەتی خوارزی فیتنام لەشاری هۆشی‌مین کۆتایی هات کە لەبارەی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی فیتنام بوو .

ئەم هەواڵەش ڕادیۆی هۆشی مین بڵاوی کردەوەو وتی: وەفدەکەی کۆماری دیموکراتی فیتنام لەگەڵ کاربەدەستانی خوارووی فیتنام لەسەر چەندەسەلەیەک ڕێکەوتووە ئەمانە سازکردنی هەڵبژاردنی گشتی کە کات‌و ماوەکەی لەمەو لا دیاری ئەکرێت .

لە ئەنجامی یەکگرتوەکانەوە

بڕۆژەی یارمەتی‌دانی وڵاتانی تازە پێ‌گەیشتو

نەتەوە یەکگرتوەکان : یونایتدپریس : ئا٠د٠ع :

ڕۆژی ٢٥-١١ کارلوس ڕومیلو وەزیری دەرەوەی فلیپین لەجیاتی هەشت دەولەت بڕۆژەیەکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد تیایدا داوای کرد کە لەلایەن دەولەتە دەولەمەندو خاوەن پیشەسازی‌یەگەورەکانەوە یارمەتی وڵاتانی تازە پێ‌گەیشتو بدەن‌و بەرنامەیەکی وتوویژ بۆ ئەم مەبەستە دابنرێ .

بڕۆژەکە داوای لە کورت‌فالدهاییم سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە کەلەم بارەیەوە ڕاپۆرتێک کەلەلەو پێشکەش بکات .

ئەوەی شایانی باسە ئەم‌بڕۆژەیە لەلایەن فلیپین‌و سودان‌و تۆگۆ ئەندونیسیاو ئەکوادۆرو دومنیکان‌و کۆلۆمبیاو ئەفغانستانەوە پێشکەش کراوە .

کێشەی قبرص چی بە سەر هات

نیقوسیا : ڕۆیتەر

قەشە مەکاریوسی سەرۆکی‌قبرص شەوی ٢٥-١١ بڵاوی کردەوە کە یونانی‌یەکانی‌قبرص ئامادەن وتوویژ لەگەڵ ورکەکانی قبرص‌دا بکەن‌بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئاکۆکی نێوان‌هەردوو لا .

وە وتی وتوویژەکە ئەبێ‌لەسەر بنچینەی بڕیارەکەی هەفتەی ڕابردووی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بێ .

ئەوەی شایانی باسە بڕیاری ناوبراو داوای کشانەوەی هێزەکانی بێگانەوەدەست پێ‌کردنی وتوویژی هەردوو لانەکات .

قەشە مەکاریوس لەبەناس کردنی ئەم بڕیارەدا وتی : پێویستە بڕیارەکە جوارچێوەو ناوەڕۆکی چارەسەرکردنی کێشەی قبرص بەباشی ڕوون بکاتەوە .

چەپ ڕەوەکان لە تیمور کاروبار ئەگرنە دەست

ڕادیۆی پورتوگال لە زمان‌سەرچاوەیەکی ئەندونیسیاییەوە بڵاوی کردۆتەوە کە هێزەکانی بەرەی (فریتیلین)ی چەپ ڕەو لە تیموری پورتوگال سەدان لەئەندامانی جولانەوەی (ابودیتی المنلە)ی ئەندونیسیایی‌و تەنانەت ارنالدوار واجوی سەروکی پارتی‌و ستواریزی‌سکرتیری گشتی‌یان گرتوە .. ئەم سەرچاوانە وتویانە بەسەدان خەڵک لە ناو گیراوەکانا ویستویانە خۆیان بگەیەننە بالویزخانەی ئەندونیسیا لە (دیلی) پایتەختی تیموری‌پورتوگال بەڵام بۆیان نەگراوە .

وە کو ئەڵێن کوشتارێکی‌بێ شومار لە شەقامەکانی (دیلی) دەستی پێ کردوە ، ئەم‌خەڵک گرتنە چەن سەعاتێک بەر لە کوبونەوەی نوێنەرانی‌هەرسێ جولانەوە سیاسیەکە بوە لە (کانبیرای) پایتەختی‌ئوسترالیا ئەم کۆبونەوەش بۆ ئەوەبوە کە پورتوگال‌وئەندونیسیا چارەسەرێکی مام ناوەندیانە بۆ دوا ڕۆژی‌دورگەی تیمور دابنێن .

Institut Kurde de Paris

له ئەلقەی چوارەمی ئـــەم‌باسەدا ، باسی ئەوەمان کرد که چۆن شـــەڕی رزگاری خوازانی ئەفەریقا ، کاری کردە ســـەر جۆلاندنی گەلی پورتوگال چونکەگەل ناڕازی بوو بەرامبەر بەو شەڕە نارەزایەی حکـــومەتی ئەوسای پورتوگال دژی ســەر-بەستی گەلانی ئەفەریقا بەرپای کردوە ، لەم ئەلقەیەدا کـە دوا ئەلقەی باســەکەیە باسی دەوری هیزەکانی دژ بـــــە ریژیمی ئەوسای پورتوگال ئەکەین کـەچۆن کاریان کردە ســـــەر روخاندنی •

ریشەی مێژووی

شۆڕشی پورتوگال

- ٥ -

بەرهەمی سیاسەتی ژێـــر دەستەکان

بەڵام خایاندنی شـــەڕ لـەژێر دەستەکانی ئەفریقـــــاوەزعێکی تازەی خولقانـــــدو هێندێك شتی دەرخست کـــەحکوومەت بە هەموو توانایـەوەدەیویست بیان شارێتەوە •

خەڵکی پورتوگال پـــاش‌ئەوەی چەند ساڵ بەســـــەرشەڕی ئەفریقادا تێ پـــەڕیو هێزەکانی پورتوگال نەیانتوانی‌سەرکەوتنێکی عەســـــکەری‌گرنگ بەدەســـــت بهێنن ، بەرەبەرە خۆیان لەژێـــــــردەستەکان دوور خـــــتەوە • ئەنیا بێنج یەکێکی کۆچەری‌یـە (مهاجر) پورتوگالیـــــەکان‌ڕویان دەکردە ئەفریقاو چـوار هشەکەی تریان دەچوونـــــە ئەلمانیای ڕۆژ ئاواو فەرەنسا• ئەسەرەتای ساڵەکانی حەفتادانەو نیسبەتە ئەوەندە هاتـــــە خوار کە تەنیا ٨٪ کرێـــــکارەکۆچەری‌یەکانی پورتـــوگال‌ڕویان کردە ژێر دەستەکان •

ڕادەی زیانی‌گیانی هزەکانی‌پورتوگال لە شەڕی ئەفریقا دارۆر لە هی هێزەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام زیاتر بوو • بـــۆنمونە ساڵی ١٩٦٤ تا ١٩٦٩(بەپێی ژمارەی ڕەســـمی) زیانی هێزەکانی پورتوگـــال (٣٫٠٠٠) کوژراو بـــوو، کە ئەمە بەرامبەری (٦٠٫٠٠٠) هەزار کوژراوی هێزەکـــانی ئەمریکا لە ڤێتناما ئەگەر ژمارەی‌هێزەکانی هـــەردوو لا لە بـــەر چاو بگرین •

ئەرکی شەڕی ژێـــــــر دەستەکانیش ئەوەنـــــــدە بەرزبووە کە ٥٢٪ی بۆدیجەی پورتوگالی قووت دا • شـــەڕی ژێر دەستەکانی پورتوگـــالی کردبوە پاشکۆی دەوڵەتەکانی ناو پەیمانی ئەتلانتیکو بـــــە تایبەتی ئەمریکا • چونکـــــە پورتوگال دەوڵەتێك نەبوو کە بتوانێ ئەوەندە چەك دروســـت بکا کە لەو مەیدانە دا پێویستی بوو • حکوومەتی سالازار بەو بۆنەیەوە ناچار بوو دەرگاکانی پورتوگـــال بۆ مۆنۆپۆلەکـــانی سەرمایەداری بێگانە بخـــاتە سەرگازی پشت • سەرمایەی ئەمریکاو وڵاتە ئیمپـــــریالی‌و سەرمایە دارەکانی تر رووبان کردە ژێر دەستەکانیـــــش‌و ئابووری ئەم وڵاتانە کەوتـــــە دەستی « بێگانە » •

ئەنجامی ئەو شـــــــەڕە ئیمپریالیزمیە پورتوگالی خستە ئەریك مانەوەیەکی ترســـــناك‌و زۆر دەوڵەت پێوەندی خۆیـــان لەگەل پورتوگال پچـــــڕاندو لە ڕێکخراوی نەتـــــــەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکخـــــراوە جیهانیەکانی تر دا زۆر بریاری توندیان لە دژی پورتوگـــــال دەر کرد •

هەمووی ئەم هۆیانـــــەو خایاندنی شەڕ لەژێر دەستەکان وردی هێزەکانی بەربەرەکـــانی لەناو خۆی پورتوگال دا بـــەرز کردەوە بەڵام هۆیەکی تریش توانی دەورێکی یەکجـــــار گرنگ لە ئاڵو گـــــــۆڕە شۆڕشگێری‌یەکانی پورتوگال دا بگێڕی • ئەو هۆیـــــــە گرنگەش سەرچاوەکەی بەرەنگار بوونی ڕاستەو خـــــــۆی شۆڕشگێڕانی ئەفریقاو ئەفسەرو سەربازەکانی پورتوگال بوو •

ئەو ئەفسەرانەی ڕێژیمـــی سالازار - و دوویەش کاتیانۆ- ناردبوونیە ئەفریقا بۆ بەربەرە کانی شۆڕشگێڕەکان ، زوو تر لـــە خەڵکی تر بۆیان دەرکەوت کە ئەو کارەیان بەکـــــردەوە بەرهەمێکی نیەو بەبیرو باوەڕی (دوژمنـــــەکانیـــــانەوە) (شۆڕشگێڕانی ئەنـــــگۆلاو مۆزامبیق‌و گینیا بیســـــاو) بیرو باوەڕی شـــۆڕشگیرانەوە گۆڕانەوە پورتوگال •

ئـــەو بیـــــرو باوەڕەی عەســـکەزیەکانی پورتـــوگال لە ئەنجامی بەرەنگار بوونـــــی شۆڕشگێڕانی ئەفریقـــــــا دا وەریان گرتبوو • لەو بیـــــرو باوەڕە دوا کەوتوو تر نەبـــوو کە بەربەرەکانی کـــــــەرانی پورتوگال لە ناو خۆی وڵات دا بەئەمێنی‌و لە دەرەوەی وڵاتدا بە ئاشکرا بـــــلاوی دەکردەوە•

گیرو گرفتەکانی بەربەرەکانی کردن :

لەو ئاڵو گۆڕانـــــــەدا بۆیەکەم جار پێوەندی نێـــوان رزگاری ژێردەستەکانی پورتوگال رزگـــــاری پورتـــوگـــــان خـــۆی • ئاشـــکرا بـــــوو بەڵام داخوا پارتو ڕێکخـــراوە کانی دژی حکـــــوومەت لەو کاتەدا کە شەڕی ژێـــــــر دەستەکان گەیشتبوو ئەوبەڕی توندو تیژی لە چ وزعێـــــك دا بوون ؟

ئەوهێزانە ، ئەنیا لە ڕێگەی ئیستگەی « دەنگی پورتوگال‌ی نازادەوە دەنگی خۆیان بەخەڵکی دەگەیاند • ئەوەش بەرنامەیەك بوو کە ڕادیوی جەزائر هەموو ڕۆژێ وەك یارمەتی بـــــــە مەسەلەی ژێر دەستەکـــــانی پورتوگال‌و مەسەلەی دیموکراتی لە پورتوگال بڵاوی دەکردەوە• بەڵام بێجگە لە عیندێـــــــك دەستەی بچووك کە بەئەمێنی لە ناوخۆی پورتوگال دا کـــــاری سیاسیان دەکرد ، خەڵـــــکی پورتوگال زۆر بە ســـــاردو سڕی وبێ موبالاتی گوێیـــان بۆ بڕۆگرامە شۆڕشگێڕیەکانی ئەو ئیزگەیە ڕادەکرت • ئەمە خۆی نیشاندەری وەزعـــــی بەربەرەکانی بوو لە پورتوگال دا •

ئەخۆش بوونو بێهـــــۆش کەوتنی سالازار لە ئەیلـــولی ١٩٦٨ دا ئەو ڕاستیەی سەلماند کە هیچ کام لە هێزەکـــــانی بەربەستی بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ خۆی دا نەناوە کە لەگـــــەل ئەواو بوونی دەوری دیکتاتۆریا مردنی دای بەزێنێ • هیچ کام لە هێزە شۆڕشـــــــــگێڕو دیموکراتەکان بڕیارێك‌یـــــان بانگەوازێکی دیاری کـــــراوی نەبوو کە لەو کاتە گرنگـــە دا ئاڕاستەی کۆمەڵانی خەڵکی بکا بەم جۆرە دوای ســـــــالازار مارشیللو کاتیانۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی گرتە دەســـــتو دەرکەوت کە هێزەکـــانی تـــر هیچیان بەرنامەیەکی ڕێـــــك‌و پێکیان بۆ بە دەستەوە گرتنـــی دەسەڵاتی سیاسی ئامـــــادە نەکردوە •

بەم شێوەیە ئەو هێزانـــــە ئەو دەرفەتەیا لە دەســـــت چوو کە ماوەی دەڕۆژی نێـــوان بێهۆش بوونی سالازار لە ٧ی ئەیلول دا وهاتنە ســـــەرکاری کاتیانۆ لە ١٦ی ئەیلـــول دا ، بـــۆی ڕێ کەوتبوو • دیـــــارە ئەمە یەکەم جاریش نەبـــــوو چونکە پاش ئەواو بـــــوونی شەڕی دووهەمی جیهـــــانی‌و شکانی فاشیزمیش دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕێ کەوت کە زەبری کاریگەر لە ڕیژیمـــــی سالازار بدەن بەڵام ئەویشیان هـــەروا بەفیڕۆ لە دەست دا •

لە ئەنجامی ئەو دەهـــــاتە بەرچاو کە ڕیژیمی کاتیـــانۆ « شتێکی جیا » لە هێندەکـــــەی سالازارە • بەڵام کاتیـــــانۆ دەری خست کە ئایەوێ لـــــەو سنوورە دەر بچێ کە دەستەو کۆمەڵەکانی سەر بە ســـــالازار دەیانەوێ • بەڵام دووشـــــت جێگای دڵخۆشـــــی ئـــــەو هێزانە بوو :

یەکەم ئەوەبوو کە زەختـــی ڕۆیشی سیاسی لەناو خـــــۆی پورتوگال دا نەختێك کـــــەم ببووەوەو دوو هەمیان ئـــــەوە کە قانوونێکی تـــــازە بـــۆ یەکێتیەکان دانرا کە ڕێگای دەدا هاوکاری لـــــە گـــــەڵ یەکێتیەکانی غەیرە دەوڵەتیـــش بکرێ کە تا ئەوکاتە بە نهێنی کاریان دەکرد •

ساڵی ١٩٦٩ ملیـــــۆنی کاشترۆ بوو بە سەرۆکـــــی ئەنجومەنی نیشتمانی • ئـــــەو پیاوە سەرۆکی لایەنی هـــــەرە لیبرالی ناو ڕیژیمی ســـــالازار بوو • بۆیە سالازار لە ساڵـــــە کانی دوای حکوومەتی خـــــۆی دا زۆری ڕق لێ بوو ، هـــــەر لەبەر ئەوەش لە لای خەڵـــــك وڵەلای هێزەکانی تر خۆشـــــەویست بوو • کاتیك کاتیانۆ بوو بە سەرۆکی حکوومـــــەت (ئی کاشترۆ) دەســـــبەجێ بروسکەیەکی ئێـــــداو داوای ئازادیە بنەڕەتیەکانی ژیـــــانی سیاسی کرد • ئەو بروسکەیە وەك شتێکی زۆر گرنـــــك دەست بە دەســـــت بـــــلاو کرایەوە •

لای خەڵك وابوو کە وەختی ئەوە هاتوە بزانن ئـــــــەو لیبرالیەتە تا کوێ بڕ دەکـــــاو هەر لایەنە ڕێگایەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی داوای قانـــــوونی بوونی خۆی بکاو هەقی بەشدار بـــوون لە ژیانی سیاسی وڵاتدا بەدەست بهێنێ •

بەڵام کاتێ هەڵبـــــژاردن دەست پێ کرا دەرکەوت کـــــە هیچ جیاوازی لە گـــــــەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو نیـــــەو هێزەکانی تر بە هەمـــــــوو ڕێبازەکانیانەوە لە بەشـــــداری کاریگەر لە هەڵبژاردن دا بـــــێ بەش کراو لە ڕاســـــتی دا حکوومەتی (کاتیانۆ) لە سەدا سەد سەرکەوت • ئەنجـــومەنی نیشتمانیش هەر ســـــــێزدە ئەندامەکەی لە تاکە حیـــــزبە پێکهاتبوو • بەڵام هەموو شتێك هـــــەروەك سەردەمی دەسەڵاتی ســـالازاردرێژەی کێشـــاو لێرە دا ئـــــەو هێزانە بۆیان دەرکەوت ئەوەی‌ئەو لە سەرەتاوە تـــــــێ‌ی نەگەیشتوە ژنە جوتیارێـــــکی‌پورتوگـــالی لەو کاتەدا کـــــە (کاتیانۆ) یەکەمین وتـــــاری‌بۆ جەماوەر خوێندەوە بـــــۆی چووەکە بە هەستێـــــــــکی‌ڕاستگۆیانەوە گوتی « ئـــــەم ساڵازارە نەختێـــــك لـــــەساڵازارەکەی تر لەسەرخۆترە»•

بەڵێ ئەوەی تازەش هاتبـــوەسەر حوکم هەر ساڵازارێـــکی تر بوو • بەرەبەرە هیـــــوای‌بە کۆڕانی باری سیاســـی وڵات لەناو چوو • لە بەرامبەر ئـــەم‌واقیعەدا ئەو هێزانە هـــــەر ئەوەندەیان بۆکرا کە ڕێزەکانی‌خۆیان یەك بخەن‌و بەرامبەر بە شەڕی ئیمپریالیزمی لە ئەفریقاهەڵوێستێکی هاوبەش بگرنـــە بەر • لێرە دا هەموو هێزەکانی‌دەنگی بێزاری خۆیان بەرامبەر بەو شەڕە بەرز کردەوە • بەڵام‌حکومەتی (کاتیانۆ) گوێی بۆ ئەو نارەزاییە شل نەکردو هەروا درێـــژەی بـــەو شـــەڕە ئیمپریالیزمیە دا •

کاتێك لـــە ٢٥ی نیســـانی١٩٧٤ دا بزووتنەوەی هێـــزە چەکدارەکانی پورتوگال ڕاپەڕی‌کۆمـــەڵانی خوێنـــدکاران‌و کریکاران چـــەند خۆپیشاندان‌ومانگرتنێکیان لەپێش ئـــەوەدا بەرپا کردبوو کـــــە هەمویان خاوەنی سروشتێکی سیاســـی بوون‌و بـــە چەشنێکیش بەربڵاو بوون کە لە سەرەتای حـــوکمی سالازار دا هـــەرگیز وێنـــەیان نەبینرابوو • ئەو خۆپیشاندان‌و مانگرتنـــە لـــە دژی شـــەڕی ئیمپریالیزمی‌و دیکتاتۆری‌و لـــە دژی باری ئابووری نالـــەبارو لـــە دژی زەبروزەنگ لـــە ســـەرەتای ١٩٧٢ وە تا ڕۆژی شۆڕش درێژەیان هەبوو لـــە ڕاستی دا بنکەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە هێزە چەکدارەکانی پورتوگال بۆ بـــە دی هێنانی داخوازەکانی خەڵکی پورتوگال بەرپایان کرد •

لە تەیموری ڕۆژهەڵات :

ئەم شەڕو بڕسی‌یەتیە لە هتازانجی کێیە؟

باری بەشی ڕۆژهەڵاتـــــی‌دوورگەی تیمور کە تا ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی پورتوگـــال‌دا‌ماوەتەوە هەروا ئاڵۆزە •چونکە کێشەی نێوان ئەو هێزانە کـــەداوای سەربەخۆیی دەکەن‌و ئەو هێزانە کە دەیانەوێ لەگـــــەڵ‌ئەنەنەنووسیا یەك بگرن هەتـــا دێ توندتر دەبێ • لەو بارەوەڕۆژنامەی « ستریتس تایمز » دەنووسێ : هەموو لایەنەکانی‌کێشەکە دەیانـــــەوێ جێ پێی خۆیان پتەو بکەن بۆ ئـــەوەی‌بەهەڵوێستێکی بەهێـــــزەوە دەست بە وتو وێژ بکەن •

بەرەی سەربەخۆیی تیمۆری‌ڕۆژ هەڵات « فریتیلین » بانگە وازێکی ئاراستەی حکوومـــەتی ورتوگال کـــــردوەو داوای لێ‌کردوە کە کاتی سەربەخۆیی‌ئەو بەشەی دورگەکە کەژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٦٥٠ هەزارکەس دیاری بکا • هـــــەر لەوکاتەدا چـــەند وەفـــــدێکی‌ناردۆتە موزامبیق‌و تانزانیـــاو ژمارەیەکی تر لە وڵاتەکـــــانی‌ئەفریقا بۆ ڕوون کردنـــــەوەی داخوازە ڕەواکانی خەڵکـــــی‌تیموری ڕۆژهەڵات کەلەسەروی هەمویانەوە سەربەخۆیی ئـــەم‌ناوچەیە •

لەلایەکی ترەوە پارتـــــــی‌یەکێتی دیموکراتی ڕۆژهـــەڵاتی تیمۆرو پارتی یەکێتـــــــی‌دیموکراتی گەل کە هەردوکیان لایەنگری ئەندەنوسیان ،ڕایانگەیاندوە کە هەتا ئەو کاتـــــەی پورتوگال دەسەڵاتی خـــــۆی‌بەسەربەشی ڕۆژهـــەڵاتـــــی دورگەکەدا نەسەپێنێـــــــەوەئەوان بەشداری وتوویژ نابن• وەك دەزانین پاش ئەوەی پارتی‌یەکێتی دیموکـــــراتی لە ڕۆژی دەی مانگی ئابـــــی ڕابردودا‌کودیتایەکی ڕیك خست بـــۆ ئەوەی دەسەڵاتی دورگەکـــــەبگرێتە دەست ، هێزەکـــانی پورتوگال‌و دەزگا ئیداری‌یەکانی پورتوگال کشانەوە بۆ یەکێك لە دورگەکانی نزیك تیمـــوری‌ڕۆژهەڵات •

لەوکاتەوە شەڕ لەنێـــوان‌لایەنەکانی کێشەکەدا هەڵگیر ساوەو بەری « فریتیلـــــین » توانیویەتی بەشێکی زۆر لـــــە پایتەختی دیلی بکرێتە دەســـــت خۆی • بەڵام هێزە چەکـــدارەکانی دوو پارتی لایەنگـــــری ئەندەنووسیا ئێـــــــتا بەرەو پایتـــەخت دەچن‌و واوێ دەچێ شەڕو کوشتارێکی گـــــەورە هەڵگیرسێ کە بێ گومـــــان سەربەخۆیی تیموری ڕۆژهەڵات وەدەرەنگ دەخاو ڕیگـــــا بـــۆ دەست تێوەردانی بێگانە خۆش دەکـــا •

کاربەدەستانی ئەندەنووسیاو بەتایبەتی وەزیری دەرەوە تـــــا ئێستا حاشا لەوەدەکەن کـــــە بەهیچ جۆرێك لەباری عەسکەری یەوە دەستیان لە کاروبـــــاری تیموری ڕۆژهەڵات وەردابێ‌و ڕایانگە یاندوە کە ئەندەنووسیا داوا دەکا گیروگرفتـــــــی ڕۆژهەڵاتی تیمور لە ریگـــــای وتوویژی ئاشتی‌یەوە چارەسەر بکرێ •

کردەوە عەسکەری یەکانی نێوان لایەنە جۆر بەجۆرەکـــان لە تیموری ڕۆژهەڵات دوخێـــــی ئابووری شپرزەی پێك هێناوە بەتایبەتی دوای ئەوەی هەزاران کەس ناچار بوون ماڵو کێڵگەو دوکانەکانیان بەجێ بهێڵن ، بۆ ئەوەی خۆیان لە ئاگری ئـــەو شەڕە ناوخۆییە بپارێـــزن کە لە ناوەڕاستی مانگی تەموزی ڕابردوەوە لە دورگـــــەکەدا هەڵگیرساوە و بێ گومـــــان درێژە کێشانیشی دەبێتە هـــۆی برسێتی‌ومال‌وێرانی دانیشتوانی دورگەکە •

هاوکـــاری لە « آفاق عـــەرەبی »یەوە کردویە بە کوردی

خەباتی چەکدارانە تەنیا ڕێگای سرندنەوەی گەلی فەلەستینە

لـــە کاتێکدا هێنـــدێك‌دەوڵەتی عـــەرەبی خـــەریکن دەست لـــە ناوەدەستی زایۆنی‌دوژمن دەنێـــن‌و بەکـــردەوە بەرەوناسێنی قەوارەی داگیر-کەری زایۆنی لەسەر خاکـــی زەوت کراوی عەرەبی دەڕۆن ،فیداکارە فەلەسینی‌یەکان بـــە چەشنێکی گـــورج‌و تۆڵتروقارەمـــانانە تـــر زەبـــری توندوکاریگـــەر ئاراســـتەی‌بنکەوبنیاتـــەکانی دوژمـــن دەکەن •

ئەوبەلامارە پاڵەوانانەی لەمەهفتەیەدا کرایە سەر بنکەیەکی سەرکردایەتی زایۆنیستەکان‌وهێندێك بنکەو بنیاتی گرنگ لـــە نیـــزیك تـــــەل ئەبیب کاربەدەستانی تـــەل ئەبیبیـــــان تووشی ســـــەرلێشێواوانێکی زۆر کردوەو بـــە جـــارێك زەندەقیان بردون •ئەو کردەوە قارەمانانە ئەوەندە ڕێك‌و پێك‌و حیساب بـــۆ کراو بوون کە دوژمن لەگـــەڵ ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی‌بەکـــاری هێناو ســـەرەڕای ئەوەی هێزێکی بێ ژوماری لـــەمەلبەندەکان کۆکردەوە بە هیچ جـــۆر نەتیوانی شوێن پێی‌فیداکارەکان بدۆزێتەوەو هەموو جارەکان بـــەبێ زەرەروزیان‌وبەسەرکە وتوویی گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان •

ڕاستیان کوتوە کە دەڵێن لەهەر شوێنێك زوڵم وزۆر هەبێ بەربـــەرەکانیش دەبـــێ •زایۆنیستەکان نیشتمانی کـــەلی فەلەستینیان داگیـــر کردووە ، بە میلیونها خەڵکی فەلەستین لەسەر خـــاکی باب‌و بابیریان‌دەرکراون ، بەڵام داخوا ئـــەو هـــەموو زەبروزەنگەو تەواوی‌ڕەفتاری دڕندانەی زایۆنیستەکان توانیویەتی کەلی فەلەستین‌چاوترسێن بکاو دەستی بێ لە مافـــەڕەواکانی هـــەڵبگرێ ؟شتێکی ڕوون‌و ئاشکرایە کـــە •• نا •• لەگەڵ ئەوەی دوژمن‌ئیمکانیاتێکی عەسکەری زۆری هـــەیە وکەورەترین هێـــزی‌ئیمپریالیستی جیهان - وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - لـــەباری ســـیاسی‌و عەســـکەری‌و فەننی‌و ئابووری‌یەوە پشتیوانی‌لێ دەکا ، هێشتا نەیتوانیـــوە بێشی خەباتی قارەمانانەی گەلی‌فەلەستین بکرێ • هەفتەیەك نیە کە لە ناو جەرگەی تـــەل‌ئەبیب‌دا فیداکارە فەلەستینی-یـــەکان دەستێك ئەوەشێنن ،زۆڕ نیە لە شوێنێکی خاکـــی زەوت کراودا زەبرێك لـــە دوژمن نەدەن •

کە وابوو دەبێ لە بەرچی دەوڵەتانی عەرەبی بەوەڕازی بن کـــە چـــاو لـــە مافی ڕەوای ئەتـــەوەی عـــەرەب بپۆشن وبەپەیمانی « ئاشتی » یا باشتربڵێین پەیمانی خۆ بەدەستەوەدان لەگەڵ دوژمن مۆر بکەن •زۆر ئاشکرایە ئەوەی بـــەزۆر ئەستێندراوە بەخوشی نادرێتەوە ئەودوژمنەی بەزۆری ئاکـــرو ئاسن زیاتر لە دوو میلیـــۆن‌فەلەستینی لەسەر جێگاوریگای خۆیان هەڵکـــەندون‌و تووشی‌ئاوارەیی وچارەڕەشی کردون ، هەردەبێ بەزۆری چـــەکوەدەربنرێ‌و مافی زەوت کـــراوی لە گەروودەر بهێنرێتەوە •

خەباتی بەردەوام‌و قـــارەمـــانانەی گەلی فەلەستین ئێستا لـــەناو هەموو کۆڕو کۆمـــەڵەسیاسی‌یەکانی ناونـــەتەوەیی‌داو لەســـەرووی هەمووانـــــەوەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە خەباتێکی ڕەواودادپەروەرانەناسراوە • مەسەلەی فەلەستین ئێستا ئیتر لـــە مەسەلەیەکی‌بچووکی ناوچەیی دەرچووە وبۆتە تەیەکێك لەمەسەلەگرنگەکانی‌جیهـــان • بەرەسمی ناسرانی ڕێکخـــــراوی‌ ڕزگاریخـــوازی‌فەلەستین لەلایەن ڕێکخـــراوە جیهانی‌یەکانەوەو بریاری ئـــەم‌دواییەی نەتەوەیە یەکگرتووەکان لەبارەی ناسینی زایونیزم وەك‌جووڵانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە سەرکەوتنێکی گەورەی کـــەلی‌فەلەستینەو بەرهەمی خـــەباتی بـــەردەوام‌و کۆڵنەدەرانـــەی‌ئەوگەلە فیداکارو گیانبازەیە •

ئەوسەرکەوتنـــە مـــەزنـــانە هەڵویستی گەلی فەلەستین لـــە بەرامبـــەر دۆژمنی ڕەگـــەز پەرستو داگیرکـــەردا زیاتر بە هێز دەکەن• گەلی فەلەستین‌ئێستا بەهەق هەست بەوەدەکا کـــە لەوخەباتەدا تەنیا نیە ،بەڵکوو بیروباوەڕی پێشکەوتووی جیهانی‌و هێزە نیشتمانی‌ودیموکراتی‌یەکانی دونیای لـــە پشتەوە وەستاون • بێ گومان‌بەردەوام بوون لەسەر ئەورێبازە شۆشگیرانەیە گەلی فەلەســـتین‌دەگەیەنێتە ئامانجە ڕەواکانی‌و خەڵکی فەلەستین هیچ نیـــازی بـــە وەنیە لەسەر مافی ڕەواو سروشـــتی خۆی ســـەنگ‌وسووکی لەگەڵی دوژمن بکـــا • ئیتر سەوداو مامەڵە لەسەر مافەشەرعی‌یەکانی ئـــەو گـــەلە تێکۆشەرو خەباتکەرە بۆ چیە؟!

Institut Kurde de Paris

لایەرە - ٣

شیعر و شیخ لەتیف و «گولی وەریو»

محمدی مەلا کریم

باوەڕ ناکەم جگە لەوانەی لەگەڵیا هەڵساون و دانیشتوون و لەنزیکەوە ئاگاداری ژیانی بوون کەسی تر ناوبانگی شێخ لەتیفی ڕەحمەتی وەك شاعیرێك بیستبێ • ڕاستەکەی ئەو خۆیشی ـ وەك دەرئەکەوێ ـ نەیویستووە ئەم لافە لێ بداو بە زۆرە ملێ ، وەك هەندێکی کە خۆی بخاتە ناو ئەم ئاژاوەیەوە نیستاش کە بەشێك لەهۆنراوەکانی بە ناوی « گولی وەریو »ەوە ئەکەوێتە بەردەستی خوێندەواران ، قەناعەتێکی تریان بۆ پەیدا نابێ جگە لەوە کە شێخیش یەکێك بووە لەوانەی بە ئارەزوو شیعریان وتووە ، واتە بە بێ ئەوەی « خوای شیعر » لەخۆیەوە بالیان پێوە بدێ •

ئەوەی کە دەڵێن کورد هەمووی شاعیرە مەبەست لێی ئەو جۆرە شیعرەیە کە لە بەهرەو ئیلهامەوە هەڵناقوڵێ • ئەم جۆرانە هەر ئەوانەن کە ئەیانەوێ ، بەرابەر بە ڕووداوێکی تایبەتی خۆیان یا قەوماوێکی گشتی «هەڵوێستێك» بخەنە سەر قاقەز • جا ئەبێ بۆ ئەم مەبەستە چی لە شیعر باشتر بێ ؟

ئەم شیعر بە ئارەزوو بیژانەش هەموو لە یەك ئاستدا نین • هەیانە چەردەیەك کەم یا زۆر ، بە درێژایی ماوەی شیعر وتن توانایان بۆ پەیدا بووە • هەشیانە هەر سفرەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوورە لەسەر شیعر وتن • لەنێو ئەوانەدا کە توانایەکیان دەسگیر بوە شێخ لەطیف یەکێکە لەوانەی جێ پێیەکی باشی وەدەس هێناوە •

شیعرەکانیشی نایەدیای هەرکەسێکە لە جەوێکی وەك ئەو جەوەدا بژی کە ئەوەی تیا ژیاوەو هۆیەکی لاوەکیشی بۆ پەیدا نەبووبێ شێوەی بیری لە بنەوە بگۆڕێ •

شێوەشی هەر ئەو شێوە کلاسیکی یە کوردی یەیە کەسانی وەك زیوەرو قانیعو شێخ سەلامو ئەوانە شیعریان بێ وتووە ، بەڵام دیارە بێ ئەوەی بگاتەوە پیایاندا •

ئێمە لەم کورتە هەڵسەنگاندنەی شیعری شێخ لەتیفدا زیاتر بەتەنگ شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانیەوەین • ئەگینا بۆ بابەتەکانی تر شاعیری وامان کەم نین شەمالی گەلێ فێنکتر بە دڵو دەروونمانا بوەزێنن • ئێمە بەتەنگ ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ی شیعری شێخ لەتیفەوەین • ئەوەیە بۆ تێگەیشتنێکی باشتری شێخ لەتیف یارمەتیمان ئەتوانێ بدا •

ژیانی شێخ لەتیف خۆی نیشانەی ئەوەیە لە شیعرەکانیا بابەتەکانی شیعری شێخ لەطیف ، وەك هەموو هاوجووتەکانی ، جیاجیان : خۆشەویستی ، گلەی لە کەردوونو چەرخو برادەرانو بێوەفایی یان ، ئارەزای لە خراپ بوونی خەڵك ، کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و وەرگرتوو • نایەدیای بە مەبەستی بازرگانی کردن بە کوردایەتی و نیشتمان پەروەری یەوە نەهاتوەتە کایە ، وەك لە هەندێ کەسی تردا دەکەوێتە بەرچاو کە یا هەر شیعرەکەیان هەیە ، یا ئەگەر کردارێکیشیان بووبێ ، لەگەڵ یەکەم شاڵاو یا یەکەم بەرژەوەندی گۆڕانا دەس بەرداری هەموو شتێ بوون و وتوویانە : دەم بوەستێ سەر سەلامەتە •

شێخ لەتیفی لەگەڵ مەهابادی خوێناویدا لە ڕێزی پێشەنگانەوە بووبێ ، ساڵانی دوورو درێژی قاچاخی و دێ بەدێ کردن و بەندیخانە سەرێ بێ نەخبەواندبێ ، پێشمەرگەی ڕێگای کوردایەتی بووبێ و شاخەو شاخی کردبێ ، لەگەڵ هەموو هێزو توانایەکی خێر خوادا دەستی خستبێتە ناو دەست ، لەجێی خۆیایەتی مافی ئەوەی هەبێ بە چاوی بابەتێکی ڕاستەقینەو سۆزی دڵ دەربڕوە سەیری شیعرە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی بکەین •

سەرچاوەی توانای شیعر وتن لای شێخ لەتیف کارەساتی ژیانی خۆی و گەلەکەیەتی کە لە بەشی زۆری قۆناغەکانیا لە یەك جوێ ناکرێنەوە • ژیانی شێخ لەتیف نیشانەی ئەوەیە لە شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانیا لەگەڵ خۆیدا ڕاست بووە •

بڵاو کردنەوەی ئەم بەشە شیعرەی شێخ لەتیفو ئەوەی کەشی کە ماوە یارمەتی یەکی باشی ئەو کەسانە ئەدا کە لە نزیکەوە شێخ لەتیفیان نەتاسیوە •

سڵاو لە یادی شێخ لەتیفی نیشتمان پەروەرو دڵسۆز !

لەدەوای دەرچوون

ئەوا ئەمسالیش خوێندنم تەواو
تا تەواوم کرد خوێنم بوو بە ئاو
شەو نوخونێم کردەتا بەیانی
سۆمای چاوم چوو تا دواییم هانی

✻◉✻

وا شەهادەکەم لەبەردەستایە
لای کەس و کارم ، کارم بڵایە
کە کەس نەیێ بۆ پیرۆزبایی
بدا بە گوێما وشەی نەسپایی
هەرگیز ماندووییم ناحەسێتەوە
دڵم بە دەرچوون قەت ناکرێتەوە

✻✻✻

نیستا بێ نیشم ئازانم چی بکەم
ئەمەوێ تۆزێ بای بالی خۆم بەم
بچم بۆ گەڕان بکەڕێمەوە
کەسێ نەبینم هەروا بێمەوە
دەك مەلم بشکێ گەر بچمە دەرێ
گەر هەنگاو بنێم قاچم هەڵوەرێ

✻◉✻

ئەم ئارایشتە خەستە نەخشاوەم
ئەم جووتە برۆ خەتات کراوەم
ئەم کولمو لێوە سوورە خوێنینەم
ئەم لا گەردنە بەرزە شیرینەم
دڵ تەرێ نەبێ لەبۆم بڕوانێ
نرخی ئەو جوانیو ئەرکەم بزانێ
با لە ماڵەوە هەروا خەسار بێ
دووکەڵو تۆزی ماڵی لێ بار بێ

✻✻✻

لە پوولە پوولەی خەرجیم لاداوە
ئەم دەستە جلەم لێ پێکهێناوە
بۆ کێی لەبەر کەم پێم بڵێ گیانە
دەك بیرۆزت بێ ئەم بەرکە جوانە

✻✻✻

کەواتە با هەر لەبوخچەدا بێ
لەوە باشترە بێ سوود ژاکابێ
بم بە میوانی کام ماڵە ناسیاو
شتێکی تیا بێ بۆ ژاخاوی چاو
هیچ نەبێ کەمێ هیوای هەر تیا بێ
خۆمی بێ ژیر کەم بڵێم با وا بێ
ئەوەش شك نابەم خاك بە دامانم
بە چی دڵ خۆش کەم ، خۆشم ئازانم

✻◉✻

لەم هەموو شادیو بەزمو سەیرانە
لەم هەموو کۆڕی کیژولاوانە
هەرکەس نەبینم دۆستی خۆی بێ یە
خەریکی گالتەو دەمەتەقێیە
منیش وەکو کێژ نەسووڕێمەوە
تەنیا ئەڕۆمو تەنیا دێمەوە

✻✻✻

لە بەختەکەی خۆم وا ڕانەبینم
بچمە سەر دەریا تکێ نەبینم
شەو بە داخەوە سەر نەنێمەوە
هەتا بەیانی هەر ئەتلێمەوە
لە خەلکی وایە کە من لووت بەرزم
وێڵێ ناوبانگو ئاوماڵو عەرزم
بەڵام بەو خوایە هینەزەبوونم
بە وشکە شۆرباش گەلێ مەمنوونم ••

✻◉✻

مەدهۆش

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ، ئەو سێ بنچینەیەمان شی کردەوە کە « بریشت » دایناون ، تا ئەکتەری شانۆ بتوانی لە هونەری ئواندنی شانۆیی یەکانی بگات ، لەم بەشەدا ، کە دوا بەشی باسەکەمانە ، لایەنەکانی تری هونەری ئەکتەر لە شانۆی (بریشت)دا ڕوون ئەکەینەوە :

فاضل جاف

لەهونەری ئەکتەر لە شانۆی « بریشت »دا

لە شانۆکەری (دایکە ئازاکە)دا ، دایك ئافرەتێکە حەز بەوە ئەکات کە شەڕ هەمیشە بەردەوام بێت ، تا وەکو یە گوێرەی دڵی خۆی کالیسکەکەی بە ناو بنکەکانی سوپادا بکێڕێ و شت بە سەر بازەکان بفرۆشێت شەڕ بە لای ئەم ئافرەتەوە زۆر پێویستە چونکە ئەگەر شەڕ نەبێت کاسبی یەکەی ڕانەوەستێ و هیچیش قازانج ناکات • بۆیە لە سەرەتای شانۆکەریەکەدا هەر دوو کوڕەکەی وەکو ئەسپ عەرەبانەکە ڕانەکێشن و خۆیشی پەو پەڕی پێخوشحالی یەوە گۆرانی ئەڵێ : « من ئافرەتێکی بەختەوەرو پۆشتەو تێرو پڕم » •• بەڵام شەڕو کوشتار پەردەی ئەم کامەرانی یەی دەدرێ و هەر دوو کوڕەکەی و کچە لالەکەی ئەکوژرێن و تەنیا خۆی و کالیسکەیەکی بە تال ئەمێنێتەوە • (هیلنا فاتکلی) هاوسەری بریشت ئەم دەورەی ئەبینی ، کاتێ لە کۆتاییدا کالیسکە خالی یەکەی ڕانەکێشا بە هەموو هێزی خۆیەوە نەیئەتوانی ڕایبکێشێ • هەرچەندە ئەمە خۆی موبالەغەیە بەڵام هەر بەم جۆرەش خەلکی لە قووڵایی کارەساتی شەڕ گەیشتن • لەم شانۆکەریەدا بریشت دەوری شووڵ لێ هەڵکێشان و کەورە کردنی جەوجوولی ئەکتەری سەلماند • کاتێ کە ئەو دایکە کوڕەکەی ئەکوژرێ و چاوی بە لاشەکەی ئەکەوێت هاوارێکی زۆر سەیر ئەکات ، چۆن هاوارێ ؟! تەنیا دەمی کراوەتەوە بێ ئەوەی نووزەی لە دەم بێتە دەرەوە • تا ماوەیەکیش هەر لە جێگای خۆیدا نابزوێ • بریشتیش ئەیەوێ ئەو سوودەی کە لە (ئەغریب)ی وەرگرتووە لێرەدا دەری بخات •

لە شانۆکەری (جوغزی گەچینی قۆقازی) داو لەو دیمەنەدا کە (گرۆشا)و دڵدارەکەی دوای ساردیو شەڕێکی دوورو درێژ بە یەك شاد ئەبنەوە ، بریشت بەو پەڕی زیرەکی یەوە ئەم دووری یەی نێوان هەر دوو دڵدارەکەی پیشان داوە • دەرهێنانی ئەم دیمەنەشی بەم جۆرەیە : (گرۆشا) لە لایەکی شانۆکەوە ڕاوەستاوەو سەر بازەکەی دڵداریشی لەو پەڕەوە وەستاوە • هەردوو بەرامبەری یەك لە کەناری ئاوێکدا دوور لە یەکتر ڕاوەستاون ، بێ ئەوەی هیچ بجوولینەوە ••• هەریەکەشی لە ناستی خۆیەوە قسە بۆ ئەوی تر ئەکا بێ ئەوەی دووری نێوانیان بشێوێنن • بریشت ئاواو بەم جۆرە ئەکنیکە دووری نێوان هەر دوو لدارەکەمان بە قوولی بۆ دەرئەبڕێت • هەربەم جۆرەش مەسەلەی موبالەغە لە نواندنا نەبێتە هۆی دروستکردنی (تغریب) لە شانۆدا • هەڵبەتە بریشت ئەیەوێ بڵێ : « ئەگەر جەوجوولی ئەکتەرو هەڵسوکەوتی لەسەر شانۆ شتێکی زۆر گرنك بێت و هۆی دەربڕین و تێگەیاندن بێ ، ئەوا سڕبوون و نەبزووتن (جمود)یشی ئەوەندەی جەوجوولەکەی گرنگە •

پێویستە دوای مەسەلەی هەڵسوکەوتی ئەکتەرو ئەرکی جەوجوولی ئەکتەر باسی پێوەندی نێوان ئەکتەرو دیکۆرو ئیکسسوار بکەین • ئاشکرایە دیکۆر دەورێکی باڵا لە خزمەت کردنی بیری فەلسەفی شانۆکەریەکەدا ئەبینێ • »

ئەمەش لە بنەڕەتەوە لە دوزینەوەی ئەرکو وەزیفەی شانۆکەریەکەدا دەس نیشان • » ئەکرێ • بەڵام ئەوەی زیاتر پێوەندی بە جەوجوولی ئەکتەرەوە هەیە ، ئەو ئیکسسوارەیە کە ئەکتەر بەکاری دێنێ • بریشت زۆر بایەخ بە ئیکسسوار ئەدات و ئاوا گرنگی ئەم مەسەلەیە ئەچەسپێنێ : « پێویستە ئەکتەر بزانێ کەی ئیکسسوار بەکاردێنێ و چۆنی بەکاردێنێ و چۆن خزمەتی فیکرە فەلسەفی یەکەی شانۆکەریەکەی پێدەکا » •

لە شانۆکەری (دایکە ئازاکە)دا ، بریشت بۆ ئەوەی پوولەکێتی دایکەکە بە جوانی پیشان بدات • لە سەرەتای شانۆکەریەکەوە ، دایکەکە جانتایەکی لە ملدایە کە پڕە لە بارەو نیشانەی کرین و فرۆشتنە ، بەم جانتایەی بریشت دەری ئەخات کە دایکەکە واز لە هەر سێ منداڵەکەی دێنێ بەڵام هەرگیز ئامادە نیە جانتاکەی لە مل دابکەنێ • هەرچی بارەش لە خەڵکی وەردەگرێ هەموی ئەخاتە ناو ئەو جانتایە • دیارە هەر بارەکەش بەڵکەی پێسکەیەتی دایکەکەیە • بریشت هەر بەمەشەوە ئەرەستاوە کە دایکەکە بارەکە بخاتە ناو جانتاکەوە ، بەڵکو وای لەو دایکە کردووە کە باوەڕ ئەکات ئایا ئەو بارانەی کە وەری ئەگری بارەی ڕاستیە یە یاناچن و قەڵبن • بۆیە کاتێ بارەکە وەرئەگرێ پێشەکی ئەیخاتە ژێر دانیو دانی پیا ئەنێت بۆ ئەوەی بزانیت بارەی ڕاستەقینەیە یان نا ! هەروەها نمونەیەکی تری وایشمان هەیە ئەویش ئەوە نمونەیە کە دەربارەی داری دەستی قەشەکەیە کە بە بینەری ئەسەلماند ڕووداوێکی تازە ڕووی داوە •

ئەمەی باسمان کرد ئەوە پیشان ئەدات کە چۆن ئەتوانین ڕووداوێکی گەورە بە هۆی داری دەستی یەکێ لە ئەکتەرەکانەوە لە بینەر بکەیەنین •

تەغریب

لایەنێکی گرنگی شانۆی بریشتە ، ئەم لایەنە لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی مەتەریالیزمی دایلکتیکی و مێژوویی بنیات نراوە •

سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەم بابەتەش لەو خۆ بە نامۆ (مستلب ـ مغترب) زانینەوەیە کە کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا تووشی دەبێ • مارکس لە کتێبی « سەرمایە »دا باسی کردووەو کارۆدیش لە کتێبی (مارکسیزمی ـ ـ ـ

کتێبی هاوکاری

ئەفسانەی چیای ئاگری

ئەڤقەی چووارەم

لە ئەڤقەی سێیەمی« ئەفسانەی چیای ئاگری »دا ئەیشمێنە ئەوەی ڕوتمان :(ماوەیەك ڕۆژگار بەم ڕەنگە بەسەرچوو ، گوڵبەهار هەریەك دوو جاری دیکە « ئەویش لە دوورەوە • » چاوی بە ئەحمەدکەوتەوە ، ئەویش مەگەر بەسایەی مەمۆوە کە چاوی لەهاتو چوی گوڵ بەهار دەبۆشی و ڕێگای دەدا) :

گوڵبەهار بە بیانووی ئەوەوە کە لەسەر پێبلیکانەکان هەموو جارێ لەگەڵ سۆفیدا دەدواو خۆی خەریك دەکرد ، ئەحمەدی لە بن ژێرخانە تاریکەکەی زیندانداا دەیبینی هاتوچۆی دەکرد ، هێند بە دڵنیاییەوە دەهات و دەچوو ، لە هەموو هەنگاوەکانیانیکیدا هێند بە سام و نێرانە بوو ، دەتگوت کێوو لە هەڵکەنین نایەت • تیرێژو ڕووناکی هەریەکە هێندەی لەبی دەستێ لە کونی پەنجەرەی باریك و درێژەوە دەڕژایە نێو دڵی زیندانەوە • ژێرخانی زیندان لەسەر هەڵدێرێك ڕۆنرابوو • خواری ڕاستانو کۆڕەیانی بایزید بوو • لە ڕاستانەکەوە شارێیەك لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر دەکشا •

ناو بە ناو دەنگی زەنگو ڕەنگو ڕەنگاو ڕەنگانە ئەدەکەوتەوە کە لە کونەباچکانەوە دەیاندیتن • دیمەنەکان یەکجار سەیر بوون: گولیلکی سەد تەرزە ، بەفرو بەستەڵەك ، ڕووناکی ، شینایی هەندێ مۆز ، هەندێ وەنەوشەیی ، هەندێ سوورێکی تێر ، هەندێ زەرد ، هەندێ شین ، هەندێ ترنجی ، ئیدی بەهەمە ڕەنگە دەچر یسکانەوەو هەر جارە بە تەرزێ دەگۆڕانو خۆیان دەنواند • هەرکە زیندانیان لە زیندانێ وەدەردەکەوتن ئەو دنیایەش ئەو دەشتو سەد تەرزو دیمەنەشن سەری خۆی هەڵدەگرتو کەس نەیدەزانی بۆکوێ دەچوو •

سۆفی ، لەحمەد ، موسا بەکە ئەوانیش ڕەش بە حالی خۆیان زۆریان لەو کونانەوە سەیری ئەو ڕەهارە ئاژە لەدەرە سەرهەنگرتووە دەکرد • سبەینان تەمو مژێکی سەیر لەو پێدەشتەوە ڕادەبوو• گردۆڵکەو زورگو هەڵەتو تەپەو ئەلانی بە تارایەکی بە هاستەم شین دادەپۆشی و وردە وردە بەرەو پەمبەیی ڕەنگی دەگۆڕاو پاشان دەسڕاوە •

گوڵبەهار سەرتاپا غەرقی دڵداری ببوو • ئامۆخی نێو هێسکانی پڕ ببوو لە ئەوین • هەرچی بەردەست کەوتبا ، گیان لەبەر با ، یا بێ کیان ، پشکۆیەکی ئەوین بووو پێیدا دەچزا • گوڵبەهار وەکو بەنگیەکی بە ئەوین کاس و گێژ بێ‌هشوو شەوو ڕۆژ دەخولاوەو جێگای بە خۆی نەدەگرت • جارێ لە دەریای ئەویندا مەڵەی دەکرد ، جارێ دەکەوتە نێو ناهومێدیەکی ڕەش و تاریکەوە • ئەوینەکەش و ترسەکەش لە تووڕەیی دەچوو•

هەندێ جار خۆی بە خۆی دەگوت • تا ئەحمەد لە زیندان بێ لەوەندەی پتر چاو بێ‌تاکەوێ و لەوەش بەولاوە جارێکی دیکە نەبوو • نە بابی نە شاو پادشان نە پیری کاروانان ، هەرکەسێ ویستبای ئەحمەدی نەدەدیت • لەم دنیایەدا هیچ نیە چارەسەرێکی نەبێ • بەڵام ئەوەی بێ‌چارەسەر بوو ، ئەوە بوو کە ئەحمەد لە زیندان دەرهاتبا جارێکی دیکە گوڵبەهار ـ لە دوورەوەش با ـ چاوی بە ئەحمەد نەدەکەوتەوە • گوڵبەهار بە جۆش و کوڵێکەوە بیری لە شتان دەکردەوە هێز نەبوو خاوی بکاتەوە • ئەوین ، ناهومێدی ، مردن ، لێکدابڕان، زوڵمو زۆرداری ، هەرچی هەستو نەستێکی بوو لە شاخو بالگردندا بوو • جێگای بە خۆی نەدەگرت • لە نکاو دایە کزی • هەموو لەشی وەکو لە دنکدا کوترابێ وابوو • نیوەمردووو نیوەزیندوو خۆی وەکێش کرد • هەرچی دەیدیت سەری لێ‌سوڕ دەما • تۆفو وەیشوومەی گوڵبەهار ڕەوی بۆوە •

گوڵ بەهار هەندێ جار بێ ورتە ، بێ جوولە ،وەکو ماستی مەییو ، چاو خەوالوو ، وەکو مردوویەك هەستابێتەوە سەر بێ ، سێ ڕۆژان زاری هەروا هاتو چوو • دەمو چاوی زەردەهەڵگەڕابوو • زەردێکی کاڵەوەبوو • بریقە لە قژی تۆزابوو • سپێتی لە دانی تارابوو • چاوە گەشەکانی لە ڕەنگو دیمەنە ڕەنگاو ڕەنگانە ئەدەکەوتەوە کە لە کونەباچکانەوە دەیاندیتن • دیمەنەکان یەکجار سەیر بوون: گولیلکی سەد تەرزە ، بەفرو بەستەڵەك ، ڕووناکی ، شینایی هەندێ مۆز ، هەندێ وەنەوشەیی ، هەندێ سوورێکی تێر ، هەندێ زەرد ، هەندێ شین ، هەندێ ترنجی ، ئیدی بەهەمە ڕەنگە دەچر یسکانەوەو هەر جارە بە تەرزێ دەگۆڕانو خۆیان دەنواند • هەرکە زیندانیان لە زیندانێ وەدەردەکەوتن ئەو دنیایەش ئەو دەشتو سەد تەرزو دیمەنەشن سەری خۆی هەڵدەگرتو کەس نەیدەزانی بۆکوێ دەچوو •

سۆفی ، لەحمەد ، موسا بەکە ئەوانیش ڕەش بە حالی خۆیان زۆریان لەو کونانەوە سەیری ئەو ڕەهارە ئاژە لەدەرە سەرهەنگرتووە دەکرد • سبەینان تەمو مژێکی سەیر لەو پێدەشتەوە ڕادەبوو• گردۆڵکەو زورگو هەڵەتو تەپەو ئەلانی بە تارایەکی بە هاستەم شین دادەپۆشی و وردە وردە بەرەو پەمبەیی ڕەنگی دەگۆڕاو پاشان دەسڕاوە •

گوڵبەهار سەرتاپا غەرقی دڵداری ببوو • ئامۆخی نێو هێسکانی پڕ ببوو لە ئەوین • هەرچی بەردەست کەوتبا ، گیان لەبەر با ، یا بێ کیان ، پشکۆیەکی ئەوین بووو پێیدا دەچزا • گوڵبەهار وەکو بەنگیەکی بە ئەوین کاس و گێژ بێ‌هشوو شەوو ڕۆژ دەخولاوەو جێگای بە خۆی نەدەگرت • جارێ لە دەریای ئەویندا مەڵەی دەکرد ، جارێ دەکەوتە نێو ناهومێدیەکی ڕەش و تاریکەوە • ئەوینەکەش و ترسەکەش لە تووڕەیی دەچوو•

هەندێ جار خۆی بە خۆی دەگوت • تا ئەحمەد لە زیندان بێ لەوەندەی پتر چاو بێ‌تاکەوێ و لەوەش بەولاوە جارێکی دیکە نەبوو • نە بابی نە شاو پادشان نە پیری کاروانان ، هەرکەسێ ویستبای ئەحمەدی نەدەدیت • لەم دنیایەدا هیچ نیە چارەسەرێکی نەبێ • بەڵام ئەوەی بێ‌چارەسەر بوو ، ئەوە بوو کە ئەحمەد لە زیندان دەرهاتبا جارێکی دیکە گوڵبەهار ـ لە دوورەوەش با ـ چاوی بە ئەحمەد نەدەکەوتەوە • گوڵبەهار بە جۆش و کوڵێکەوە بیری لە شتان دەکردەوە هێز نەبوو خاوی بکاتەوە • ئەوین ، ناهومێدی ، مردن ، لێکدابڕان، زوڵمو زۆرداری ، هەرچی هەستو نەستێکی بوو لە شاخو بالگردندا بوو • جێگای بە خۆی نەدەگرت • لە نکاو دایە کزی • هەموو لەشی وەکو لە دنکدا کوترابێ وابوو • نیوەمردووو نیوەزیندوو خۆی وەکێش کرد • هەرچی دەیدیت سەری لێ‌سوڕ دەما • تۆفو وەیشوومەی گوڵبەهار ڕەوی بۆوە •

گوڵ بەهار هەندێ جار بێ ورتە ، بێ جوولە ،وەکو ماستی مەییو ، چاو خەوالوو ، وەکو مردوویەك هەستابێتەوە سەر بێ ، سێ ڕۆژان زاری هەروا هاتو چوو • دەمو چاوی زەردەهەڵگەڕابوو • زەردێکی کاڵەوەبوو • بریقە لە قژی تۆزابوو • سپێتی لە دانی تارابوو • چاوە گەشەکانی لە

نووسینی یەشار کەمال
شوکور مستەفا لە تورکی‌یەوە کردوویە بە کوردی

نێو بریقەیەکی بڕیندا جارێ دەبریقاوە ، جارێ دەکوژاوە • لە شیرینترین شوێنی دەمو چاویدا کە غەمزەکانی بوو خەندەیەکی قووڵ، بەختەوەری‌یەك ، شانازی‌یەك مەیی بوو • خەمو خەفەتێکی دوور هەموو ئازای گیانی ئاساندبوو •

ئێوارەیەك گوڵبەهار لە پڕ گۆڕا • زریانی ئەوینی هەڵیکرد سەرتاپا غەرقی ئەوین بوو • دیسان ئەوین و دڵداری‌یەکەی کاری لە داروبەردان کرد • شەوی بە گوریس بە کێش دەکرد • وەکو قەت شەوگار نەیەت وا بوو • قەت ، قەت ، وەکو قەت نەیەت ••• لە کۆشك و سەرا وەدەرکەوت • ماوەیەك لە دوورەوە نوارییە ناورینگ پڕیشکی ئاسنگەرەکە، جوسۆی ئاسنگەر ببوو بە ژێر ڕەهێڵە ناورینگەوەو بە هاستەم دیار بوو • پاشان جووە سەر گۆڕی ئەحمەدی خاکی ، نیازی لەسەر گرتەوە • دوعای کرد • لاڵاوە ، پاڕاوە ، ئومێدو یارمەتی و فریای لێ‌خواست • دوعاو پاڕانەوەکەی لە هاوەی ڕۆخانان دەچوو، ڕۆخانەی بێ‌بەست و بەندیش • کاتێ لەسەر ڕۆخانەی ئەحمەدی جیا بۆوە ڕۆژناوا ببوو • ئەو شەوەی کە وەکو بلێی مانی گرتبووو ئەدەهات بەسەر چیای ئاگری‌یەوە نیشتەوە • سووکە بارانێکیش وردە وردە دەستی بە پڕووشە کرد • ئیدی هەموو شتێکی لەکن ڕوونو ئاشکرا بوو • کار لە ڕزگاربووندا نەما بوو • دەبوو بەسەر چارەنووسدا کەوتبا • جا چ دەقەوما با قەوما با • بە هەر نرخێکیش با دەبا ببا • سندووقێکی دار گوێزی گرانی ئەخشینی لە وەتاغێدا بوو • ملوانکەیەکی زێڕو زومڕووتی ولاتی قەفقاسی لە سندووقدا بوو ، وەختی خۆی ئەنکی بە خەڵات دابوویێ پاشان ئەنکوستیلەیەکو چەند بازنێکی مرواری ، خرخاڵێکی زێڕ ، کە لە هیندستانەوە بە دیاری بۆی هێنابوو ، لووتەوانەیەکی نایاب کە ئەویش هەر خاڵی لە ئەفغانستان بۆی بە دیاری هێنابوو ،هەرچی هەبوو ئەبوو هەمووی کۆکردەوە ، لە کیسەیەکی قەدیفەی مەخمەڵی کردن ، ڕێ‌وراست چوو بۆ زیندان • مەمۆ لە ژوورەوە بوو • گوڵبەهار لە دەرکەی دا ، مەمۆ دەرکەی لێ‌کردەوە ، شیرە درێژەکەی تا پاژنەی پێی دەهات ، فەروەکەی لە پۆستی کەلەکێوی بووو بە سیمو سورمەی قەفقاس چندرابوو • کڵاوێکی لوای لە سەردا بوو • هەرکە چاوی بە گوڵبەهار کەوت شادی‌یەك بە دەمو چاویدا هات ، وەسپ • بەختەوەری‌یەك لە دەمو چاوی نیشت تاریف ئەدەکرا • گوڵبەهار ئەم شادی‌و بەختەوەری‌یەی لە چاو ون ئەبوو • مەمۆ دەمو چاوی دیسان لە پڕهاتەوە سەر دۆخی جارانی‌و هەر بە مرومۆچی‌و تووڕەیی‌یەوە ناهومێدی دایگرتەوە • گوڵبەهاریش شڵەژا و ئاواتی لە دڵدا تاسا • مەمۆ دیسان ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو سەری داخست • دەستی ، لێوی بە ئاشکرا وەلەرزین کەوتن • لەسەر پێ خۆی ئەدەگرت :

گوڵبەهار کیسە مەخمەلەکەی دەستی بۆ مەمۆ درێژ کرد ، گوتی :

« بگرە ، ئەمانە هەمووی بۆ تۆ » •

مەمۆ کیسەکەی وەرگرت تەماشایەکی کرد ، دەستی وا دەلەرزی دەتگوت پەلەوەرە وەبالەفڕێ کەوتووە •

« جا دەبێ ئەحمەدم لە زیندانێ بیشان بدەی » •

کیسە لە دەستی مەمۆ بەربۆوە سەر ڕاوەوێ ، بەو شەوە ڕزینکەیەکی ڕەقی لێ ڕابوو • گوڵبەهار نوشتاوە کیسەکەی هەڵگرتەوە ، دیسان بۆ مەمۆی درێژکرد • مەمۆ کیسەکەی وەرنەگرت • تنۆکێ خوێن لە دەمو چاویدا نەمابوو • هەرچی خوێنی هەبوو لە لەشی کشابۆوە • دەمو چاوی وەکو کاغەزی سپی لێ‌هاتبوو •

« بگرە ، مەمۆ گیان ، بگرە • بەو پیاوەی زووریم ڕاکەیەنە • جا لە پاشان بچۆ بە بابم دەڵێی بڵێ • با لە سەرم بدات • »

مەمۆ هەروەکو خۆی دامابوو • سا پاش هەرچەندێ بوو سەری بڵندکرد ، نۆرەی گوڵبەهار • جاوەکانی لە ئازاری سەرەمەرگو گیاندانداا بوون • هەر هێندەی چاوی مردوویەك تروسکەیان تێدا مابوو • گوڵبەهار ناچار چاوی بێ‌داخست •

مەمۆ بێ‌گیان ، قورسو گران دەستی بۆ بەرپشتێنی چوو •• کلیلەکانی لەبەر پشتێنی دەرێنان بۆ گوڵبەهاری درێژ کردو لەوێ دوورکەوتەوە ڕۆی تا گوڵبەهار ماوەیەك خۆشی بە خۆیدا بێتەوە ، بکری •••!! کلیلەکانی بە دەستەوە بوو ، وەستاو حەپەسا •• پاشان دەستی بە گریانێ کرد • لەپێش دەرکەی مەمۆ دانیشت ، تێروپڕ بۆ خۆی گریا •قەدەرێ خەریکی ئەوەبوو •• هەستی بچێ بۆ کێ دەرکەی زیندان ، بەڵام هیچی پێ‌نەکرا • باشان زۆری دایە خۆی هەستا ، قاچو قولی بە یەکدا ئاڵاو دڵی‌وا بە پەلە لێی‌دەدا هەر هێندە نەبوو قەفەسەی سینگی نەدڕێو دەرنەپەڕێ پەرەو دەرکە چوو • کەلە کلیلێکی زەلامی لە کلۆمی دەرکە ڕاکرد کردیەو •• زیندان تاریك بوو • لە بنی بنەوەی ژێرخانی زیندانێ ڕووناکی‌یەك دەبیند• او نەبیندرا تروسکە تروسکی بوو • گوڵبەهار بە دەستە کوتکێ لەو پێبلیکانە کۆنانەوە کە بە سەدان ساڵ پێش دروست کردنی ئەم کۆشك و سەراو زیندانە داتاشرابوون چووە خوارێ • لە بنی زیندانداا هیچ بەوی نەدەکرا • هەموو شتێ ڕاست و تەخت بوو • چینە قێرێکی ئەستوور لە بنەوە ، لەبەر تروسکە ڕووناکی‌یەکە دیاربوو• بۆنی هیچ نەو تەڕەشوعێك لە زیندان نەدەهات • لە بنەوە بۆنی ڕەسنێکی خۆشەکراو دەهات •

گوڵبەهار لە بنی زیندان وەستا ، گوتی :

« مۆفی ، سۆفی » •

سۆفی کە گوتی لە دەنگی گوڵبەهار بوو ، بە هەناوان بە دەنگیەوە هات ، گوتی :

« بەمو سولتانەکەم ، ئەو چۆن گەیشتویە ئێرە ؟ بو حاتری خودا زوو بکەڕێوە ، پاشا ئێ بی تێ لەسەری هەمومان دا ئەی چا بە بڕۆ • یەکەم زێ کە تا ئێستا ڕێی کەوتبێتە ئێرە تۆی • بڕۆ ، بڕۆ ، بڕۆ• دەخیلە خۆ کەس ئەم ڕێگا نەبدیتی •• »

« ئەحمەد کوا ؟ خەبەرێ بدەین »

« باشە باشە ، هەر ئێستا » •

لە تاریکایی‌یەکەدا چرپە چرپێك هات ، پاشان هەموو شتێ لە نێو گۆمی بێ دنگی‌و گرپدا خنکا • گوڵبەهار دڵێ بە تەپەتەپ کەوتبوو ، بەردی ساردی مری زیندان دەبریقاو، یا گوڵبەهار چاوی ڕەشکەو ئینشکی دەکرد •

جاوەنۆڕ بوو ، کەس نەدەهات • تا دەهات هێندەی دیکە جۆشی بکات بەرەی دەستاند ، دڵی لە دڵی کێشکەیەك زیاترو خێراتری لێ‌دەدا •

گوڵبەهار ، بە قەدەر ئەوەندەی تارمایی‌یەك لە بنەوە درێژاو درێژ وەسەرێ کەوێ‌و بەرەو وی بێ ، هەر بەو حاڵە ماوە • کچە هەرکە چاوی بە تارمایی‌یەکە کەوت دەجمێ ، شاگەشکە بوو • دەماری دەستو پێی وەکو ڕێ ڕەوی‌یەوەو خاو بۆوە • سەری خولاوە • دەستی بە دیوارەکە نەگەیشتبا دەکەوت •

هەرکە هەناسەی گەرمی ئەحمەدی بەر دەمو چاو کەوت بە خۆدا هاتەوە • هەردوکیان بە حەپەساوی ماوەیەك هەروا وەستان و مانەوە • شتاقیان ورتەیان لێوە نەهات ••

لە پێشدا ئەحمەد گوتی :

« گوڵبەهار ، ئەوە تۆی ؟ »

«گوڵبەهار بە ئاسپایی‌یەوە :

« منم » •

دەتگوت زۆر لە مێژتر دڵداری یەك بوونو بەیەك گەیشتبوون • هەردوکیان کەوتنە نێو دەستی ئەحمەددا باو ماوەی بتری بەو ژوانو بەیەك شابوونو دەست لەنێ دەستانە ترسناکە بدابا • جا خودا دەیکرد خاکیان بە خوێنی ئاڵی ئاوڕشێن دەکرد • جارێکی دیکەی دەست لە نێو دەستی ئەحمەد ناوە • دوو پارچە پۆڵا دیسان یەکیان گرتەوەو بە یەکدا جۆشیان خوارد • دەورو بەر بەرە بەرە ڕووناك دەبۆوە • گوڵ بەهارو ئەحمەد دیسان دەستیان لە دەستی یەك بەردا • ئەحمە لێیدا ڕۆی ، چۆوە زیندان • گوڵبەهار گوێی لە .اخستنی دەرگا زەلامەکەی زیندان بوو • پاش هەندێ قەدەرێك هەروا ماوە ، نەیدەزانی چ بکاو بۆ کوێ بچێ، بەڵام دوایی چاوی بە کلیلەکانی زیندان کەوت ، کە دەبوو بیداباوە مەمۆ • بەرەو دەرکەی زیندان چوو ، ئینجا چووە ژوورەکەی مەمۆ• دەرکەی ژوورەکەی لەسەر پشت بوو، مەمۆ لە ژوورێ نەبوو •

شڵەژاو بە هەڵەداوان کەوتە بەیدۆزی‌و بەم سەر و ئەو سەری کۆشك و سەراو ڕارەواندا دەهات‌و دەچوو • پاشان لە دەرەوەی شوورەی قەڵا ، بە لای ڕاستی دەرکەوە ، پاڵی دابۆوە دیوارەوە ، لەوێ بەیدا کردبوون •

نیوەشەو با ، سبەینان با ، نیوەڕوان با ، هەر وەختێکی با هەرکە کەپفیان سازبا ، وە قاسپێ دەکەوتن • لە بنەوە قاسپەی کەو هات • گوڵبەهار بە دەنگی کەوەکە ڕاچەنی • دەستی درێژ کرد ، دەستی ئەحمەدی گرتو لە پێبلیکانان وەسەرکەوتن‌و چوونە ئەو لای قوللەی زیندانەوە • قوللەکە دەپڕوانی بەسەر دەشتەکەدا • دوو هەنگاو بەولاترەوە هەزار بەهەزارو هەڵدێرێ بوو نەبنی • تاریکایی‌یەکی بە سام ، سێبەری ڕەشی ئاگری ئەستێرە دوورەکان ، پێدەشتەکان ، تەپەو تەلانی پێچابۆوە • کۆنە مانگێکی کاڵەوەبووی دیوێك سڕاوە کز کز بەسەر چیای ئاگری‌یەوە هەڵواسرابوو • پاش ماوەیەکی زۆر کورت پەلە هەورێك ڕەشو تاریك دا پێۆشی • گوڵبەهار هێشتا دەستی لە نێو دەستی ئەحمەددا بوو • بەدەم ڕێگاوە هەستی گڕی نێودەستی دەکرد•

لەگەڵ پانگی کەلەشێران هەردوکیان لە بن قوللەکەوەی هەڵستان • وەکو پارچە پۆڵایەك چۆن دەبێ بە دوو کەرتەوە ، بەو ڕەنگەلێك‌دابڕان‌و دەستیان‌لە دەستی یەك پچڕی • بە گوڵبەهار بووایە قەت لێك دانەبڕابان‌و تا ڕۆژ دەبۆوە بەو ڕەنگە کڕو بێ‌دەنگ دەستی لە نێو دەستی ئەحمەددا باو ماوەی بتری بەو ژوان‌و بەیەك شابوون‌و دەست لەنێ دەستانە ترسناکە بدابا • جا خودا دەیکرد خاکیان بە خوێنی ئاڵی ئاوڕشێن دەکرد • جارێکی دیکەی دەست لە نێو دەستی ئەحمەد ناوە • دوو پارچە پۆڵا دیسان یەکیان گرتەوەو بە یەکدا جۆشیان خوارد • دەورو بەر بەرە بەرە ڕووناك دەبۆوە • گوڵ بەهارو ئەحمەد دیسان دەستیان لە دەستی یەك بەردا • ئەحمە لێیدا ڕۆی ، چۆوە زیندان • گوڵبەهار گوێی لە .اخستنی دەرگا زەلامەکەی زیندان بوو • پاش هەندێ قەدەرێك هەروا ماوە ، نەیدەزانی چ بکاو بۆ کوێ بچێ، بەڵام دوایی چاوی بە کلیلەکانی زیندان کەوت ، کە دەبوو بیداباوە مەمۆ • بەرەو دەرکەی زیندان چوو ، ئینجا چووە ژوورەکەی مەمۆ• دەرکەی ژوورەکەی لەسەر پشت بوو، مەمۆ لە ژوورێ نەبوو •

شڵەژاو بە هەڵەداوان کەوتە بەیدۆزی‌و بەم سەر و ئەو سەری کۆشك و سەراو ڕارەواندا دەهات‌و دەچوو • پاشان لە دەرەوەی شوورەی قەڵا ، بە لای ڕاستی دەرکەوە ، پاڵی دابۆوە دیوارەوە ، لەوێ

کە ناوتم نووسی

شیعری : جۆرج پیل
قدریەعبدالقادر لە ئینگلیزی‌یەوە وەری‌گێڕاوە

ڕۆژێك •• ناوی دڵدارەکەم
لەسەر کەناری دەریادانووسی ••
بەڵام شەپۆلەکان ڕەشیان کردەوە
دووبارە لە سەرەتاوە•• نووسیمەوە
ئەمجارەیان ،
دەریا هەڵچوو ••

بۆیە ڕەنجی ماندووبوونمی کردە خۆراك‌و
نەگەیشتمە مەرام ••••
من هەر ئەمویست کە ناوەکەی ••
لە سەر کەناری دەریادا، بخوێنمەوە
لێرەوە •• دڵدارەکەم‌وتی :
تۆ نازانی‌و •• من‌ئەزانم
ئەوەی نووسیت
هەرگیزاو هەرگیز ••نامرێ

پێموت گیانە ،
من ئەوەندە ئەزانم
سروشت هەموو شتێکی ناشیرین
ئەسڕیتەوەو •• لە ناوی‌ئەبات
بەڵام هۆنراوەکانی من‌و•• جوانی تۆ
هەتا هەتایە ئەمێنن
ناوی ژیان ئەخۆنەوە
خۆشەویستیمان ، بڕووسکەیەکی هەمیشەیی‌یە
چەخماخە ئەکات‌و•• نامرێ

وەلەرزین کەوتن • لەسەر پێ خۆی نەدەگرت :

گوڵبەهار کیسە مەخمەلەکەی دەستی بۆ مەمۆ درێژ کرد ، گوتی :

« بگرە ، ئەمانە هەمووی بۆ تۆ » •

مەمۆ کیسەکەی وەرگرت تەماشایەکی کرد ، دەستی وا دەلەرزی دەتگوت پەلەوەرە وەبالەفڕێ کەوتووە •

« جا دەبێ ئەحمەدم لە زیندانێ بیشان بدەی » •

کیسە لە دەستی مەمۆ بەربۆوە سەر ڕاوەوێ ، بەو شەوە ڕزینکەیەکی ڕەقی لێ ڕابوو • گوڵبەهار نوشتاوە کیسەکەی هەڵگرتەوە ، دیسان بۆ مەمۆی درێژکرد • مەمۆ کیسەکەی وەرنەگرت • تنۆکێ خوێن لە دەمو چاویدا نەمابوو • هەرچی خوێنی هەبوو لە لەشی کشابۆوە • دەمو چاوی وەکو کاغەزی سپی لێ‌هاتبوو •

« بگرە ، مەمۆ گیان ، بگرە • بەو پیاوەی زووریم ڕاکەیەنە • جا لە پاشان بچۆ بە بابم دەڵێی بڵێ • با لە سەرم بدات • »

مەمۆ هەروەکو خۆی دامابوو • سا پاش هەرچەندێ بوو سەری بڵندکرد ، نۆرەی گوڵبەهار • جاوەکانی لە ئازاری سەرەمەرگو گیاندانداا بوون • هەر هێندەی چاوی مردوویەك تروسکەیان تێدا مابوو • گوڵبەهار ناچار چاوی بێ‌داخست •

مەمۆ بێ‌گیان ، قورسو گران دەستی بۆ بەرپشتێنی چوو •• کلیلەکانی لەبەر پشتێنی دەرێنان بۆ گوڵبەهاری درێژ کردو لەوێ دوورکەوتەوە ڕۆی تا گوڵبەهار ماوەیەك خۆشی بە خۆیدا بێتەوە ، بکری •••!! کلیلەکانی بە دەستەوە بوو ، وەستاو حەپەسا •• پاشان دەستی بە گریانێ کرد • لەپێش دەرکەی مەمۆ دانیشت ، تێروپڕ بۆ خۆی گریا •قەدەرێ خەریکی ئەوەبوو •• هەستی بچێ بۆ کێ دەرکەی زیندان ، بەڵام هیچی پێ‌نەکرا • باشان زۆری دایە خۆی هەستا ، قاچو قولی بە یەکدا ئاڵاو دڵی‌وا بە پەلە لێی‌دەدا هەر هێندە نەبوو قەفەسەی سینگی نەدڕێو دەرنەپەڕێ پەرەو دەرکە چوو • کەلە کلیلێکی زەلامی لە کلۆمی دەرکە ڕاکرد کردیەو •• زیندان تاریك بوو • لە بنی بنەوەی ژێرخانی زیندانێ ڕووناکی‌یەك دەبیند• او نەبیندرا تروسکە تروسکی بوو • گوڵبەهار بە دەستە کوتکێ لەو پێبلیکانە کۆنانەوە کە بە سەدان ساڵ پێش دروست کردنی ئەم کۆشك و سەراو زیندانە داتاشرابوون چووە خوارێ • لە بنی زیندانداا هیچ بەوی نەدەکرا • هەموو شتێ ڕاست و تەخت بوو • چینە قێرێکی ئەستوور لە بنەوە ، لەبەر تروسکە ڕووناکی‌یەکە دیاربوو• بۆنی هیچ نەو تەڕەشوعێك لە زیندان نەدەهات • لە بنەوە بۆنی ڕەسنێکی خۆشەکراو دەهات •

گوڵبەهار لە بنی زیندان وەستا ، گوتی :

« مۆفی ، سۆفی » •

سۆفی کە گوتی لە دەنگی گوڵبەهار بوو ، بە هەناوان بە دەنگیەوە هات ، گوتی :

« بەمو سولتانەکەم ، ئەو چۆن گەیشتویە ئێرە ؟ بو حاتری خودا زوو بکەڕێوە ، پاشا ئێ بی تێ لەسەری هەمومان دا ئەی چا بە بڕۆ • یەکەم زێ کە تا ئێستا ڕێی کەوتبێتە ئێرە تۆی • بڕۆ ، بڕۆ ، بڕۆ• دەخیلە خۆ کەس ئەم ڕێگا نەبدیتی •• »

« ئەحمەد کوا ؟ خەبەرێ بدەین »

« باشە باشە ، هەر ئێستا » •

لە تاریکایی‌یەکەدا چرپە چرپێك هات ، پاشان هەموو شتێ لە نێو گۆمی بێ دنگی‌و گرپدا خنکا • گوڵبەهار دڵێ بە تەپەتەپ کەوتبوو ، بەردی ساردی مری زیندان دەبریقاو، یا گوڵبەهار چاوی ڕەشکەو ئینشکی دەکرد •

جاوەنۆڕ بوو ، کەس نەدەهات • تا دەهات هێندەی دیکە جۆشی بکات بەرەی دەستاند ، دڵی لە دڵی کێشکەیەك زیاترو خێراتری لێ‌دەدا •

گوڵبەهار ، بە قەدەر ئەوەندەی تارمایی‌یەك لە بنەوە درێژاو درێژ وەسەرێ کەوێ‌و بەرەو وی بێ ، هەر بەو حاڵە ماوە • کچە هەرکە چاوی بە تارمایی‌یەکە کەوت دەجمێ ، شاگەشکە بوو • دەماری دەستو پێی وەکو ڕێ ڕەوی‌یەوەو خاو بۆوە • سەری خولاوە • دەستی بە دیوارەکە نەگەیشتبا دەکەوت •

هەرکە هەناسەی گەرمی ئەحمەدی بەر دەمو چاو کەوت بە خۆدا هاتەوە • هەردوکیان بە حەپەساوی ماوەیەك هەروا وەستان و مانەوە • شتاقیان ورتەیان لێوە نەهات ••

لە پێشدا ئەحمەد گوتی :

« گوڵبەهار ، ئەوە تۆی ؟ »

«گوڵبەهار بە ئاسپایی‌یەوە :

« منم » •

دەتگوت زۆر لە مێژتر دڵداری یەك بوونو بەیەك گەیشتبوون • هەردوکیان کەوتنە نێو دەستی ئەحمەددا باو ماوەی بتری بەو ژوان‌و بەیەك شابوون‌و دەست لەنێ دەستانە ترسناکە بدابا • جا خودا دەیکرد خاکیان بە خوێنی ئاڵی ئاوڕشێن دەکرد • جارێکی دیکەی دەست لە نێو دەستی ئەحمەد ناوە • دوو پارچە پۆڵا دیسان یەکیان گرتەوەو بە یەکدا جۆشیان خوارد • دەورو بەر بەرە بەرە ڕووناك دەبۆوە • گوڵ بەهارو ئەحمەد دیسان دەستیان لە دەستی یەك بەردا • ئەحمە لێیدا ڕۆی ، چۆوە زیندان • گوڵبەهار گوێی لە .اخستنی دەرگا زەلامەکەی زیندان بوو • پاش هەندێ قەدەرێك هەروا ماوە ، نەیدەزانی چ بکاو بۆ کوێ بچێ، بەڵام دوایی چاوی بە کلیلەکانی زیندان کەوت ، کە دەبوو بیداباوە مەمۆ • بەرەو دەرکەی زیندان چوو ، ئینجا چووە ژوورەکەی مەمۆ• دەرکەی ژوورەکەی لەسەر پشت بوو، مەمۆ لە ژوورێ نەبوو •

شڵەژاو بە هەڵەداوان کەوتە بەیدۆزی‌و بەم سەر و ئەو سەری کۆشك و سەراو ڕارەواندا دەهات‌و دەچوو • پاشان لە دەرەوەی شوورەی قەڵا ، بە لای ڕاستی دەرکەوە ، پاڵی دابۆوە دیوارەوە ، لەوێ دیتیەوە • هەر دەتگوت مردووە، جوولەی نەدەکرد • تەنانەت تەقەی پێی گوڵبەهاریش مەمۆی بەهۆش نەهێناوە •

گوڵبەهار کلیلەکانی لە بناگوێی مەمۆ زرینگاندەوە ، کەچی هیچ جۆرە نیشانەیەکی گۆڕان لە سەروسیمای مەمۆدا بە دیارنەکەوت • نەخێر هەر چاوەنۆڕبوو ، سا بەڵکو بە بانگدا ، بە حاڵێکدا ، بە تەورێکدا بگۆڕێ هەر نەگۆڕا ، ئەوجا ناچار دەستەیەك کلیلی بەرداوە نێو گۆشی ، گوتی :

« کاکە مەمۆ ، زۆر سوپاس ، ئەم چاکەیەتم تامردن لە بیر ناچێتەوە » •

دیسان هیچ جۆرە گۆڕانێ لە مەمۆدا نەخوێندراوە • ئەنجا گوڵبەهار لێی دوورکەوتەوەو ڕۆژهەڵات •

ئەحمەد وەکو بەردی بێ‌گۆم بێ‌سەروشوێن لە زیندانداا ماوە •

ئەحمەد هەرچەندی دەکرد بڕوای بەم یەرجووە بەدی‌هاتوودا بەم ئەفسوونە گراوی‌یەی گوڵبەهاردا ، بەم بۆن‌و بەرامە ژانەیەدا نەدەهاتەوەو وەکو خەون ببینێ وا بووو لەخۆڕا وەگومان دەکەوت‌و لە خۆی دەپرسی : خەونە ، ڕاستەقانییە ، ئیدی تا نێو مۆخی هێسکانی ئەوین‌و دڵداری ڕۆچووبوو لە هەموو ئازای گیانیەوە سەرریژی دەکردو پاشان بای دەداوە سەر هەست بە بەختەوەری ، ئینجا جارێکی دیکە خامۆشی ، بێ‌بڕوایی لە هەموو ترووسکەیەکی دەدزییەوە •

کەواتا ئەسبەکە بۆ ئەمە هات ، لەبێش دەرکەی وەستا • کەواتا خودا لە چارەی نووسیوە •• ئەم ئەسبە ، ئەم گبژە دیاری خودایە ، خەڵاتی چیای ئاگری‌یەو پێی بەخشیومن • دەبێ شیاوی ئەم خەڵاتە بم • گوڵبەهاو وەکو گولیلکی بۆن تیژی چیای ئاگری ، تەڕو بڕ ، پاراو تۆناو ،لە تەندرووستی‌دا وێنەی نەبووو پیاو سەری لێ‌سوڕدەما •

ئەحمەد گوتی :

« سۆفی ئەوە بلوێرم وێدە » •

سۆفی بلوێری وێدا • سۆفی‌و موسا بەگ‌و زیندان‌و کەوەکان گوێیان لە مقامێکی نوێ‌و نەبیستراو گرتبوو • گوڵبەهار بیستبای شاگەشکە دەبووو لە تاوان وەکێوان دەکەوت •

ئەوێ ڕۆژێ گوڵبەهار بێ‌وچان ، لە ماڵێ وەکو ماخۆلانی بێ ، هەر دەهات‌و دەچوو• دەچووو نەدەسڕەوت • مات‌و مەلوول ، پەرێشان ، نە خەو ، نە خۆراك ، خەوڕۆ ، ئیدی وەکو

بروانە ل ١١

لاپەڕە ـ ٥ ـ

بڕیارنامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە نرخی دەرمانە کیمیاوی‌یەکان هەرزان بکرێت بە نیسبەتی (٥٠٪)ی نرخەکانی ئێستا •

وەزارەتی پیشەسازی و کانەکانیش ئەم بڕیارەی ئاراستەی دەزگای گشتی پیشەسازی‌یە کیمیاوی‌یەکان کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی •

شایانی باسە ، وزەی بەرهەمی کۆمپانیای پیشەسازی‌یە کیمیاوی‌یەکان لە پارێزگای پەسرا گەیشتۆتە ١٣٨ هەزار تەن لە کبریتاتی ئەمۆنیۆم و ٥٢ هەزار تەن پۆریا •

دەربارەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

خاتو (امل الجنابی) جێگری سەرۆکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ستایشی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد بە یەکسانی کردنی ئافرەت لە کەڵ پیاودا بۆ وەرگرتنی مووچەی (غلاء المعیشە)و وتی : بڕیارەکە باوەڕی ڕاستەقینەی پارتی و شۆڕش ئەسەلمێنی بۆ ڕزگارکردنی ئافرەت لە هەموو پێوەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکان بۆ بەدی هێنانی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دوور لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك •

ئەنجومەنی بەرزی « بیئە »ی ئادەمیزاد

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری‌دا کە ئەنجومەنی بەرزی (بیئەی) ئادەمیزاد بە سەروکایەتی دکتور عزت مصطفی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری تەندروستی لە وڵاتا پێك بێت •

ئەم ئەنجومەنە دکتور سەعدون خەلیفە بەریوەبەری گشتی پاراستنی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی سکرتیری ئەبێ ، وە چەند ئەندامێکی نوێنەری بەریوەبەرایەتی گشتی بیئەی ئادەمیزاد لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتەکانی پیشەسازی و کانەکان و کشتوکاڵ و چارەسەر کردنی کشتوکاڵی و ئاودیری و ئەوت و شارەوانیەکان و هاتوچۆ و ئاشغال و ئەسکان و مواصلات و دامەزراوی لیکولینەوەی زانستی و ئەنجومەنی ئەخشە کێشان و سەروکایەتی زانکۆی بەغداد و ئەمینداری پایتەخت •

هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری‌دا ئەو ئەنجومەنە بەرزەی بیئەی ئادەمیزاد کە سەر بە وەزارەتی شارەوانیەکانەهەڵ بوەشێتەوەو لایەنە پیوەستی‌یەکانی بچنە ناو ئەنجومەنی تازەوە •

ئا•د•ع

جەزراوی کۆبونەوەی ٢٦ هەمین خولی یەکێتی پیشەی بالای کرێکارانی کانەکانی کردووە

مامۆستا طە جەزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری پیشەسازی و کانەکان سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو کۆبونەوەکانی ٢٦ هەمین خولی لیژنەی بەڕێوەبردنی یەکێتی پیشەیی بالای کرێکارانی کردەوە •

مامۆستا جەزراوی لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا وتاریکی دا تیایا وتی :

ئەی ڕولەکانی چینی کرێکارانی تێکوشەر ، لە بەغدای شۆڕشدا سلاوتان لێ ئەکەم ، هیوادارم هەمیشە یەکیەتیتان بەهێزبێ و بە هۆی تەفەللای ئیوەوە وڵات بیشتر بکەوێ ••

چینی کرێکار ئەمڕۆ ئەرکێکی گەورەی لە سەر شانە لە دژی دەسەڵاتداری سەرمایەداران • ئەم تێکوشانە پەیوەندی بە خەباتی گەلانی وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینەوە هەیە •• کە هەمو تیکرا لەدژی ئیمپریالیزمی جیهانی تی‌ئەکوشن لەگەڵ ئەو هەمو سەرکەوتنانەی گەلانی ئازادیخوازو ئەو هەمو نوشوستی‌یەی بە سەر بەرەی ئیمپریالیزمدا هاتوە ، ئیمپریالیزم هەر بەردەوامە لە بەرەنگاری کردنی یەکگرتنی ئاواتی گەلانی ئازادیخوازدا • ئیمپریالیزم واز لەچەوساندنەوەی چینایەتی نایەنی‌و دەست لە دەست بە سەرا گرتن هەڵ ناگرێ •• ئەو بریستی‌و مالو یرانی‌و هەژاریەی بە سەر هەندێك گەلانی وڵاتاندا هاتوە هەموی لە ئەنجامی کرداری دوژمنانەی ئیمپریالیزمەوەیە••

کرێکاران بە دەست ڕژێمی سەرمایەداری‌یەوە توشی کەلیك زیان‌و گیروگرفت بون ، ئیمپریالیزم سامانە سروشتی‌یەکان ئەدزێ ، ریگای پیشکەوتن‌و شارستانیتی لەگەلان ئەگرێ ، کومپانیاکانی بە هەموشێوەیەك گەلان‌و چینی کرێکاران ئەچەوسێننەوەو سامانەکانیان ئەمژن •• جگە لە دەسەلاتی خویان وزەی تەکنیکی خۆیان لە بیناوی مالویرانی گەلانا ئەخەنەکار •• بازارەکانی جیهانیان بە سەر خۆیانا دابەش کردوە ، بە هەزاران پیلانی ئەخەنە بەر جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی‌و پیشکەوتن •

شۆڕش‌یە سەروکایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب توانی سامانی نەوتی میللی بکات •• ئەم کردارە بنچینەی پاراستنی ئابوری نیشتمانی‌و لیدانی دەزگا ئیمپریالیستیەکانی بێگانەیە کە ماوەی سەربەستی ئابوری‌و سیاسی ئەئەدا ••

لە دوای میللی کردنی نەوت‌وڵاتەکەمان ڕیگای پیشکەوتنی پیشەسازی گرتەبەر •• ئاسۆیەکی پیشەسازی ئوێ لە وڵاتا هاتە کایەوەو چەند پڕۆژەیەکی تازەی پیشەسازی دروست بو •• هەروەها بەم‌نزیکانەش چەند پڕۆژەیەك دەست پێ‌ئەکات‌و هەندێکی‌تریش تەواو ئەبن ••

ئەو مەترسیە گەورەیەی‌ئەمڕۆ نیشتمانی عەرەبی پیا ئەروات مەترسی سیاسی‌و ئابوری‌یە لە ژێر ڕکیفی شۆڕش دژوارو پیلانی گەورەدا کە ئیمپریالیزم لەدژی ئەتەوەی عەرەب‌دروستی ئەکات وەکو ڕیکەوتنەکەی سیناو ڕیککەوتنەکانی بەم جۆرەی تر •• کە لەگەڵ دوژمنە زایونیستەکاندا دەست تیکەڵ ئەکەن ••

ئیمپریالیزم‌و کومپانیا جوربەجورەکانی بێگانەدەستیان بە پشت زایونیستە کانەوە کرتوە ••

جاریکی تر سلاوتان لێ بێ‌و هیوادارم یەکیتی‌و برایەتیتان هەمیشە بەهێزتربێ بۆ بەرەنگاری کردنی دەسەلاتی سەرمایەداران‌و پیلانەکانی ئیمپریالیزم •

عامری سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی بۆ لیکۆڵینەوەی کاروباری کشتوکاڵی کرد

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو هەڤال حسن العامری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب‌و جێگری سەروکی ئەنجومەنی باڵا سەرپەرشتی کوبونەوەی دەزگای تایبەتی ئەنجومەنی ئاوبراوی کرد •

دەزگاکە لە داخوازیەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ کۆڵایەوە لەبارەی بریاردان لەسەر بودیجەی ئاسای سالی دارای ٩٧٦ لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵەوە ، بۆ ئەوەی لەناو یاسای‌بودیجەی دەوڵەتدا دابنرێ •

ئەم بودیجەیە ٢٨ ملیون‌و ١٥٨ هەزارو ٢٥٠ دیناری بۆ تەرخان کراوە •• کە ٣ ملیون‌و ٨٤٩ هەزارو ٥٤دیناری لە بودیجەی سالی ٩٧٥ زیاترە •

وەکو زانراوە بودیجەی تازە بودیجەی دامەزراوی گشتی گەشەکردنی کشتوکاڵ‌و دامەزراوی گشتی هەڵکەندن‌و دەزگا کشتوکالیەکان‌و دەزگای نیشتەجێ کردنی گوندەکانی تیا نیە •

هەروەها لەسەر داخوازی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و چارەسەر کردنی کشتوکاڵەوە کۆڵرایەوە لەبارەی بریاری ئەنجومەنەوە سەبارەت بە بودیجەی ئاسای دەزگای نیشتەجێ کردنی گوندەکان کە ٥٧٤ هەزارو ٦٠٠ دیناری بۆ دانراوە •

دیسانەوە لە کوبونەوەکەدا باسی ئەوەیان کردوە کە دەسەلات بە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ‌و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ‌و ئاودیری (ری)‌و دەزگای گشتی خاك‌و خۆڵ‌و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بدرێ کەپەیوەندی لەگەڵ لایەنە عەرەبی‌و بێگانەکاندا بکەن بو وەرگرتنی شارەزاو پسپوری کشتوکاڵ لەریگای لیژنەوە •

وە لەو پێشنیارە دوان کە دەزگای کشتوکاڵی دجیلە لەبارەی تەرخان کردنی ٢٠٠ هەزار دینارەوە داویەتی بو هێنانی ٣٠ ماتوری کارەبا • ترا ••

دیسان لەبارەی دەشتی شارەزوورەوە دوان کە بکرێ بە مەلبەندێك بۆ کشتوکاڵ‌و پەروەردەکردنی ئاژەڵ ••

ئەو زەویانەی کە بۆ کشتوکاڵ دەست ئەدەن دانران بە ٦٠ هەزار دونم کە سەروکایەتی کشتوکاڵی پاریزگا ئیستا دەستی بەسەر ١٠ هەزار دونمیا گرتوە ، کە ئەمە تاقی کردنەوەیەکی سەرەتاییە بو دەست گرتن بەسەر ئەوانی دیکەدا •

سەردانەکەی عەقراوی بۆ پاریزگای سلیمانی

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوماموستا هاشم عەقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی‌ناوچەی ئوتونومی بەسەردانیکی چوار ڕۆژی چو بۆ پاریزگای‌سلیمانی ••

ماموستا عەقراوی لەم سەردانەدا هەڤال لی‌پرسراوی سەرکردایەتی لقی ژوروی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی لەگەڵدابوە لەگەڵ ئەمیندارە گشتیەکانی بەربوەبردنی کاروباری شارەوانیەکان‌و هاوینە هەوارو کشتوکاڵ‌و چارسەرکردنی کشتوکاڵ •

لەگەڵ گەیشتنی ماموستا عەقراوی‌دا بۆ دیوانی پاریزگا بەریز محمد أمین محمد پاریزگاری سلیمانی‌و جی‌گرو یارمەتی‌دەرەکەی‌و هەڤال لی‌پرسراوی شعبەی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە سلیمانی سەروکی دەزگا ئاوەنەیەکانی پاریزگادا کۆبۆنەوەیەتی •

لەو کۆبونەوەیەدا باسی کاروباری دایەرەکانی پاریزگاو گیروگرفت‌و پیویستی‌یەکانی یان‌کردوە •

ڕۆژی ٢٣-١١ چوەبۆ سەردانی قەزاکانی هەلەبجە‌و دەربەندیخان‌و چوارتاو ناحیەی عەربەت •

لەم سەردانەیدا پاریزگاری سلیمانی‌و هەڤال لی‌پرسراوی سەرکردایەتی لقی ژوروی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی لەگەڵدا بوە •• وە لەگەڵ لی‌پرسراوی قەزاکاندا کۆبۆتەوە باسی پیویستی‌و

بروانە ل ١١

ئاهەنگی قوتابیان لە جەژنی دامەزراندنی یەکیتیەکەیاندا

مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بۆنە بیرەوەری دامەزراندنی‌یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقەوە ئاهەنگیکی فراوانیان‌سازکردو گەلێك نارو چلاکی هەمە چەشنەی تیا پیشکەش‌کرا هەڤال نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی‌بەعسی سوشیالیستی عەرەب وتارێکی گرنگی ئەو کۆبونەوەفراوانەدا خوێندەوە کە هەڤالان ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی قوتابیان‌و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی‌و کادرە پیشکەوتوەکان‌و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان تیابەشدار بون •• هەڤال ئەوتارەکەیا بە ناوی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە سلاوی لە چەماوەری قوتابیان کردو وتی •• سلاوتان لێ بێ ئەم چاوپی کەوتنە چەماوەریەی قوتابیان‌دا ، وە بیرووزبایی بیرەوەری چوارەدە هەمی جەژنەکەتان ئەکەم ••

هەروەها هەڤال حداد باسی گورانەکانی نیو دەوڵەتان‌و کارتی کردنی ئەوگۆرانانە بۆسەر خەباتی نەتەوەی عەرەبی کرد لەگەڵ ئەوگورانە شورشگیریەدا کەلە وڵانە کەمانا هەیە •• دوای ئەوە

بروانە ل ١١

ملیۆنێك‌و ٧٥٦ هەزار دۆنم زەوی بۆ کشتوکاڵی وەرزی زستان لە هەولێر

هەمو ئەوزەوی‌و زارانەی‌لەپاریزگای‌هەولێر بۆکشتوکاڵی‌وەرزی کراوە ڕوبیوەکەی ئەگاتە نزیکەی دو ملیون‌و٧٥٦ هەزارو ٢٠٥ دونم •• سەرچاوەیەك لەسەروکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پاریزگای‌ناوبراو وتویە ئەم زەوی وزارە ئەگرێ بە ئەنم‌و جۆرونیسك‌و هەمو جۆرە سەوزەیەکی‌زستانە ••

دیسان ٨٧٤ تەن‌و ٨٤٠ کیلوگرام ئەنم بەسەر هەروەزکاریە کشتوکالیەکانا دابەشیان کراوە ، وە بەپێی ئەو بەرزی یاسای زمارە (٩٠)ی سالی ١٩٧٥ لەبارەی ئەنجامی کشتوکاڵی ناوچەکان دابەشیان ئەکەن •

بۆ ئەم مەبەستانە چەند لیژنەیەك پیك هاتون کە هەریە کە کاروباری خۆی بەریوە ئەبات •

سەروکایەتی کشتوکاڵی ناوچە تائیستە ١٠٦ کۆمەڵی هەروەزکاری پیك هێناوە کە ٢٢ هەزارو ٣١٦ فەلاح ئیشی تیا ئەکەن •

هەمو ئەوزەوی‌و زارانەی‌لەپاریزگای‌هەولێر بۆکشتوکاڵی‌وەرزی زستانەی ئەمسال دیاری کراوە ڕوبیوەکەی ئەگاتە نزیکەی دو ملیون‌و٧٥٦ هەزارو ٢٠٥ دونم •• سەرچاوەیەك لەسەروکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پاریزگای‌ناوبراو وتویە ئەم زەوی وزارە ئەگرێ بە ئەنم‌و جۆرونیسك‌و هەمو جۆرە سەوزەیەکی‌زستانە ••

دیسان ٨٧٤ تەن‌و ٨٤٠ کیلوگرام ئەنم بەسەر هەروەزکاریە کشتوکالیەکانا دابەشیان ئەکەن •

بۆ ئەم مەبەستانە چەند لیژنەیەك پیك هاتون کە هەریە کە کاروباری خۆی بەریوە ئەبات •

سەروکایەتی کشتوکاڵی ناوچە تائیستە ١٠٦ کۆمەڵی هەروەزکاری پیك هێناوە کە ٢٢ هەزارو ٣١٦ فەلاح ئیشی تیا ئەکەن •

وە بەپێی یاسای زمارە (٩٠)ی سالی ١٩٧٥ لەبارەی مەسەلەی سنوری ملکداری‌یەوە (٥١) کۆمەڵەی تر دروست بوە جگە لە ٤٨ هەروەزکاری ناوچەیی تر کە ١٠ هەزارو ٥٢١ خیزانی فەلاحەکان ئیشی تیا ئەکەن •• لەلایەکی‌تریشەوە ٧ هەروەزکاری هاوبەشی دامەزراوە •

ئەخشەی گەشەکردنی داهاتوی وەزارەتی بەروەردە ١٠٥١ ملیۆن دیناری تی‌ئەچێ

ئەرکی دارایی وەزارەتی بەروەردە لە ئەخشەی گەشەکردنی ئەتەوایەتی ١٩٧٦ -١٩٨٠ کەیشتوتە ملیاریك‌و ٥١ ملیون دینار کە بو باخچەکانی منالان‌و قوتابخانە سەرەتاییەکان‌و ناوەندی‌و ئامادەیی‌وفیرکردنی بیشەیی خەرج ئەکرێ •

ئەم پارەیە لە بەر ڕوناکی مەبەستی نیشتمانی ونەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی‌دا بەپێی ڕابوردی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دانراوە •• کە شیوەیەکی ورد بینانە لە مەسەلەی فیرکردنی باڵاو قوناغەکانی فیرکردن کۆڵاوەتەوە ••

هەروەها بەپێی کارکردن و لەسەر ڕویشتنی فیکری شۆڕشگیرانە لە مەیدانی بەروەردەدا ئەم ئەخشەی کەشە کردنە کراوە بەسەن بەشەوە ، لە قوناغەکانی بەروەردەو فیرکردندا ، لە باخچەی منداڵان‌و قوتابخانەی‌سەرەتایی‌و ئامادەییەکانا •• وە بە پێی نیسبەتی زیاد کردنی ساڵانەی قوتابیان لەهەر سێ قوناغەکانی بەروەردەو فیرکردندا ••

دیسان ئەم ئەخشەیە زور بایەخ بە ئەهێشتنی ئەخوێندەواری ئەدات ، وە بەپێی ئەم ئەخشەیە قەوارەی ئەخوێندەواری لە ٣٧٪ ەوە بۆ ١٥٪ کەم بۆتەوە •

وە لە ساڵی خویندنی ٧٤ - ١٩٧٥دا ٧٦٦٣ قوتابخانەو پەیمانگاو کولیج هەیە کە ٢٩٦٠ یان هی کوران‌و ١١٢٢ یان هی کچان‌و ٣٤٨١ یان تیکەڵاوە •• کە ٦٧٠ هەزارو ٨٥١ قوتابی کچان‌و دو ملیون‌و ٤٤٧ هەزارو ١٨٣ قوتابی کوڕ لە هەمو دو ملیون‌و ١١٧ هەزارو ٩٩٨ قوتابی کورو کچ نیایا ئەخوێنن • وە ژمارەی مامۆستایان ئەیشتۆتە ٨٠ هەزارو ٢٣٥ مامۆستای جۆر بە جۆر ••

وە بە پێی ڕاپورتی سەرژمێری ساڵی خویندنی ٧٥ - ٩٧٦ نزیکەی ٣٤٧ هەزارو ٩١٣ قوتابی کورو کچ زیاد ئەکات •• واتا هەسوی ئەگاتە نزیکەی دو ملیون‌و ٣٥٠ هەزارو ٦٤٤ قوتابی •

کتیب‌و کەرەسەی خویندنی ئەمسال لە هەرسێ قوناغەکانی بەروەردەو خویندن‌دا کەیشتوتە زیاتر لە ٢٠ ملیون دانە •• ئەمانە جگە لە چەندان ملیون دەفتەر کە بە خۆڕایی بە سەر قوتابیەکانا دابەش کراوە ••

وە بو خویندنی باڵا ٨٢ ملیون‌و ٩٤٥ هەزار دینار تەرخان کراوە •• زانکوی بەغدا ٢٠ ملیون‌و ٥٠٠ هەزار دینار ، زانکوی بەسرە ١٩ ملیون‌و ٧١٠ هەزار دینار ، زانکوی موصل بینج ملیون‌و ٨٧٥ هەزار دینار یان بۆ دانراوە •

بەڵام بو زانکوی سلیمانی ٢ ملیون‌و ٥٠ هەزار دینار زیاد کراوە لە سەر ئەو ٢٢ ملیونە دینارەی کە بۆ پڕۆژەکانی تەرخان کرا بو •

هەفتەی پێنجەمی هاتوچۆ « مرور »

بە بۆنەی هەفتەی پێنجەمی هاتوچۆی گشتی هاتوچۆ چند ئامەیەکی ڕۆژنامەوانی ولاتدا • سازکرد •

بەم بۆنەیەوە ، بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی بەغدا دیاری‌یەکی پیشکەش بە بەڕێز جمیل احمد العداد پارێزگاری بەغدا کردووە کە بریتی‌بووە لە دروشمی هاتوچۆ هەروەها بەڕێز رافع عبدالجبار الحدیثی بەڕێوەبەری خوێندنی ئامادەیی لە وەزارەتی بەروەردە پیشانگای (ئاسوودەیی گشتی) لە مۆزەخانەی هونەرە تەشکیلی‌یەکاندا ، کردۆتەوە جگە لەوەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆ پیشانگایەکی تری لە ساحەی تحریردا کردۆتەوە کە ١٥ تابلۆی تیادا نیشان دراوە •

ئەمەو ••• چەند مەفرەزەیەکی هاتوچۆ لە پایتەختا دیاری و چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی و شیرەمەنی‌و پسوولەی سینەمایان بە سەر هاونیشتمانیاندا بلاوکردۆتەوە هەروەها دوو ئۆتۆمبیل تەرخان کرا بۆ ناوچەی کەرخ‌و ڕەسافە بۆ ئەوەی تیبینی‌یەکانی بەڕێوەبەری هاتوچۆ بە خەلکی جگە لەوەی دەیان جۆراو جۆریان کردووە جگە لە بۆستەرو دروشم بەم بۆنەیەوە بەستنی چەند کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ هاونیشتمانیاندا بلاو کرایەوە •

لە لایەکی تریشەوە ، هەموو بۆ ڕوون‌کردنەوەی ئامۆژگاری پارێزگاکانی وڵات بە بۆنەی هەفتەی پێنجەمی هاتوچۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ جالاکیان‌تواندووەو خۆپیشاندانی ئامۆژگاری یەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ •

Institut Kurde de Paris

دابەش کردنی ملیونێ دۆنم بەسەر ٤٨٨٩٧ خێزانی جوتیاراندا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی

سەرچاوەیەکی لێپرسراو ، لە وەزارەتی کشتوکاڵو چاکردنەوەی کشتوکاڵ ، لە گفتوگۆیەکا لە گەڵ نوێنەری ڕۆژنامەی هاوکاری دەربارەی گەشتەکەی کاك (سعید مالك العلی) جێگری وەزارەت بۆ پارێزگای دهۆك و نەینەوا وتی : بەڕێز جێگری وەزیر لە بەرەبەیانی ١٩-١١-١٩٧٥ گەیشتە پارێزگای نەینەوا و کاك خالد کبیسی پارێزگاری نەینەوا و لیپرسراوەکانی تر هاتبوونە پێشوازی ، لەوێوە کەوتنە ڕێ بۆ پرۆژەی (ربیعە) و پاش ئەوە سەریان داوە لە پرۆژەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ لە کۆمەڵەی (مگنە) کە بەڕێز جێگری وەزیر کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە گەڵ لیپرسراواندا کردووە سەبارەت بە دەروری ئەنجوومەنی کشتوکاڵ لە هەڵبژاردنی تۆو بەکارهێنانی دەرمان و مەوادی کیمیاوی بۆ پێشخستنی باری کشتوکاڵی ناوچەکە • سەرچاوە لێپرسراوەکە ئەڵێ لە ڕۆژی ٢٠-١١-١٩٧٥ بەڕێز جێگری وەزیر سەری داوە لە پارێزگای دهۆك و کاك یحیی جاف پارێزگاری دهۆك و لێپرسراوانی کشتوکاڵ هاتبوونە پێشوازی و دەربارەی باری کشتوکاڵی ناوچەکە دواون بە تایبەتی چرنێتی پێشخستنی •

هەروەها بەڕێز جێگری وەزیر سەری داوە لە کێڵگەی سلیفانی کە دە هەزار دۆنمی بۆ تەرخان کراوە •

پاش ئەوە ، بارەگای ڕێکخراوی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە دهۆك و بەڕێز ئەندامی ڕێکخراو و ئەندامی سەرکردایەتی ناوچەی ژوورو و لێپرسراوی زاخۆ و قایمقامی زاخۆ هاتبوونە پێشوازی •

ئەوجا بەڕێز جێگری وەزیر سەری داوە لە ئیستگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و لە گەڵ لێپرسراونا باسی گیروگرفتی ئیستگەکەی کردووە •

سەرچاوەکە ئەڵێ : لە ژێر سەرپەرشتی پارێزگای دهۆك کاك یحیی جاف ئەنجوومەنی کشتوکاڵی دهۆك کۆبۆتەوەو چەند بڕیارێکی داوە ، لەوانە لێکۆڵینەوەی ئەو ئامێرانەی لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵدا بە کار ئەهێنرێن و شی کردنەوەی باری کشتوکاڵی زستانی ئەمساڵو دانانی نەخشەیەك بۆ بیرە ئیرتیوازی-یەکان و مۆرکردنی نەخشەی پێنج ساڵەی (١٩٧٦-١٩٨٠) کە دائراوە ٢١٠ بیری ئیرتیوازی لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لە پارێزگای دهۆك دروست بکرێ •

لەم کۆبوونەوەیەدا ، بەڕێز (فائق توفیق البکری) سەرۆکی کشتوکاڵی ناوچەکە و کاك (اسحاق زیا خوشابا) بەڕێوەبەری نیش و کاری کشتوکاڵو کاك (عادل عبدان تمر) لیپرسراوی لقی (رەش) دهۆك و دکتۆر (محمد وارانی) بەڕێوەبەری خەستەخانەی

سەرچاوەیەکی و کاك یاسین ئەرجم بەڕێوەبەری بارمەتی کشتوکاڵو صدیق محمد سعید جێگری ئەندازیاری کشتوکاڵو کاك صالح علی عبدالرحمن سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران و کاك عبدالکریم حمید سعید جێگری یەکێتی میکانیکی لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە ببوون •

لە کۆتاییدا ، سەرچاوەکە ڕوونی کردەوە کەوا پانایی ئەو زەوی یەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی بە سەرا گیراوە هەتا ڕۆژی ٣٠-١٠-١٩٧٥ ئەیشتۆتە (٥٨٢٥٤٩) دۆنم جگە لە زەوی یەکانی ناوچەی دهۆك •

دەربارەی پانایی ئەو زەوی-یەی بە گوێرەی یاسای ژمارە ٩٠ دابەش کراوە سەرچاوەکە وتی: (٤٫٠٦٥٫٥٠٩) دۆنم ئامادەکراوەو تەنیا (١٫٠٣٢٫٠٢٢) دۆنمی دابەش کراوە بە سەر (٤٨٨٩٧) بنەماڵەی جوتیاری کوردیدا •

**

چاوپێکەوتنێك لە گەڵ بەشدارانی هەرەوەزکاری گەل

لە سلیمانیەوە :

بەرەبەیانی ڕۆژی ٧-١١-١٩٧٥ کۆمەڵێك لە قوتابیانی کچ و کوڕو کاربەدەستانو کرێکارانی کولیجی کشتوکاڵی سەر بە زانکۆی سلیمانی ڕویان کردە یەکێك لە کێڵگەکانی بەکرەجۆ بۆ هەرەوەزکاری گەلی و کردنەوەی فاسولیای کێڵگەکە •

سەرۆکی زانکو دکتور (طارق حسن عمادی) و بەڕێز دکتور (صباح فخری الفشطینی) عەمیدی کولیجی کشتوکاڵی وعەمیدەکانی تر و زۆربەی مامۆستایان و کادرە تەکنیکی-یەکان و هەندێك کاربەدەستی تری هەمە جۆرە بەشداری ئەم هەرەوەزکاریە گەلی یەیان کرد •• ئێمەش چەند پرسیارێکمان لێ کردن ئەوا وەلامەکانیان بەلاوە کەنیەوە :

● لەبارەی هەبەستە لە هەرەوەزکاری گەلی •• عەمیدی کولیجی کشتوکاڵ وتی :

- ئەم هەرەوەزکاریە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی فاسولیای کێڵگەکەمانە ، لەم هەرەوەزەدا قوتابی و مامۆستاو فەرمانبەرو کادری تەکنیکی وەکویەك نیش ئەکەن •• ئەم کردارە ئەیسەلمێنێ کە زانکو لە ڕاژەی کۆمەڵدایەو کومەلیش لە ڕاژەی زانکۆدا •• جگە لەوە بەیوەندی لە نیوان قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمە جۆرەدا بە هێز تر ئەکات •• ئەم کارە هەروەکو سەرەتایەکە لە کولیجەکەماندا هیوادارین ببێتە بنچینەی چاولێکەری و خۆماندو کردن و دلسوزی هەمو ئەندامیکی ئەم زانکویە ••

● دەربارەی سودی ئەم هەرەوەزکاریە لێپرسراوی لیژنەی کولیجی کشتوکاڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی :

هەرچەند سەرەتاییە بەڵام سودێکی زۆری هەیە ، جگە لەو ئیش کردنە ئەم کارە ئەبێتە هۆی یەکتر ناسین و ناقی کردنەوەی توانای تەکنیکی و لێهاتویی قوتابیان •• یەکێتی هیواداره وێنەی ئەمجۆرە کارانە زوربن و ببنەهۆی فراوان بونی ئاستی زیاتر تیکەڵ بونی قوتابیان •

● سەرۆکی بەشی بەرهەم هێنانی ئەباتی وتی :

بەشەکەمان لەم بارەیەوە بڵاوکراوەیەکی زانیاری لە بارەی فاسولیاوە دەرکردوو ، تیایاباسی چاندن و کاتی کۆکردنەوەی گەلێ شتی تری کردوە ، ئەم کارە لەروی کۆمەڵایەتیەوە زۆر بایەخدارە ئەبێتە بنچینەی یەکتر ناسین و یادگاریکی کۆمەڵایەتی سەرجەمە، بەو مەرجەی لەکاتی هەرەوەزکاریەکەدا ئەگەر باسی شتی بەکەلك بکرێ سودمەندتر ئەبێ ••

● ئاراس حەمید قوتابی پۆلی دوی کشتوکاڵی هەر لەم بارەیەوە وتی :

ئەم بەرهەمی فاسولیایە ئەگەر لەم کاتەدا ئەکرا بایەتەوە کەوشك بو خراپ ئەبو ، دیسان ئەگەرئەم کارە بە کریکار بکرابایە ئەرکێکی زوری تێ ئەچوو ، ئیستا کریکارانی کێڵگەکەمان زوریان پێ خۆشە بەم جۆرە مامۆستاو قوتابی و فەرمانبەر شان بە شانی ئەوان دەستیان لە ئیش کردندایە ••

● کاك نیهاد رەئوف لە پۆلی دوی کشتوکاڵ وتی :

ئەمە نمونەی کاری دواروژی ئیمەیە ، پێویستە هەر لە ئیستاوە هەوڵ بدەین فێری ببین و بتوانین لە ناو کێڵگە دابژین ، لە کریکارو کشتوکاڵ کارەکان نزیك ببینەوە •• وە ئەمە لە بارەی یەکتر ناسینیشەوە لە ئاهەنگە جەماوەریەکان کەمتر نیە ••

● خوشکە گوڵزار حەسەن کاربەدەستیکی تەکنیکی کولیجی کشتوکاڵە وتی :

من جگە لە ڕۆژانی هەینی ئیش و کاری ماڵەوە ئەکەم ، ئیستا زور خۆم بە بەختیار ئەزانم و بە شانازیەوە هاتوم بۆ ئەم کاری هەروەزیە ، وەمن ئەم کارە وەکو ئەرکێکی سەرشانم جێ بەجێ ئەکەم •• پیم خوشە لەگەل ئەم هەمو خوشك و براو ماموستاو فەرمانبەرانەی زانکو کەمدا ئەم کارە بەجێ بێنم •• جگە لەوەی کە زور حەز ئەکەم هەمیشە یارمەتی برا کریکارەکان بدەم و لەئێش و ئازاریان تێ بگەم وە ئەمەیان بە بیویستی یەکی نیشتمانی ئەزانم •

ئەنوەر مەحمود
نامادەی کردوە

***

جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی پەروەردەو خزمەتگوزاری لە هەولێر

لەم ڕۆژانەدا بەتایبەتی لەشاری هەولێر پەتیا پەتیا پرۆژەی پەروەردەیی و خزمەتگوزاری جێ بەجێ ئەکرێ •• ئەم پرۆژانە کە ئیستا بەدەستەوەن نزیکەی پێنج ملیون و ٢٢ هەزار دیناریان تێ ئەچێ •

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئیشغالی پارێزگای هەولێر وتویە : ئەم پرۆژانە کشتوکاڵی تەکنیکی لە کەلەکی یاسین ئاغا •

لەم ئامۆژگایەدا دو بەشی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و نەبات هەیە لەگەل دو خانو بۆ بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان و چەند خانو پەرەیەك بۆ فەرمانبەران و چەند شەقامێکی ناوخۆ و خانویەك بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکە •

ئەمانە لەگەل دروست کردنی خانوبەرەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی پیشەسازی لە هەولێر بەهەمو بەشەکانیەوە ، ئامۆژگایەك بۆ سەرپەرشتی کردنی زانستی لەناو پارێزگا-سەرو خەلیفان و بلە بارزان و هەولێرو رایات تەواو کراون •

ئیستاش خەریکی ٤ بزدن لەناوچەی کەلی عەلی بەگ لەگەل ئامۆژگایەکی کوێران و چەند ریگاو بانێکی تری نێوان گوندەکان •

هەروەها لەم پرۆژانەدا لولەی ئاوی خواردنەوەی ٩ گوند لە ناوچە جۆر بە جورەکانی پارێزگاکەدا لەگەل کارگەیەکی چاککردنەوەی ئامێری کەورە کە ٢٦ دونم زەوی داگرتوە تەواو بووە •

سەرچاوەکە وتویە : بەڕیوەبەرایەتی ناوبراو ریگای نیوان شەقلاوەو هیران کە ٤٠ کیلومەتر درێژەو ریگای تەلالەو روست کە ئەویش ٢٥ کیلومەتر ئەبێ لەگەل جۆگای میرگەسورو ریزان ئەمانە تەواو بون •

هەروەها ریگای نیوان حەریرو سبیلك ، بافستیان و میرگە سورو چومان و سەنگەسەرو خەلیفان و بلە بارزان و هەولێرو رایات تەواو کراون •

ئیستاش خەریکی ٤ بزدن لەناوچەی کەلی عەلی بەگ لەگەل ئامۆژگایەکی کوێران و چەند ریگاو بانێکی تری نێوان گوندەکان •

ئاوەدەع

**

هەڵوێست وسەرنج

- عادل -

ئیستا وەزارەتی ئیشغال واسکان خەریکی کردنەوەی چەند ریگاو بانیکی تازەیە لە ناوچەی ئۆتونومی کە دریژاییەکەی ٢٥٢ کم ئەبێ و زیاتر لە ٩ ملیون و چارەکەملیۆنێك دیناری تی ئەچێ وزیر بەیان کراونەتەوە ••

کردنەوەی ڕیگاوبان بایەخیکی گرنگی هەیەو سەرکردایەتی سیاسی بارەی بەعس و شورش زور بایەخیان پێداوە •• چونکە ئەبیتە هۆی یەکەندی نیوان ناوچەکان و شوێنەکان بەیەکەوە ئاوەستە •• جگە لەوەش لە ڕواڵەتیکی ئاوەدانی و شارستانیتە ڕواڵەکانی گەلی سودی لێ وەرئەگرن و زیانیان ئەکەویتە ئاسودەیەوە• ریگاوبان لەروی ئابوری یەوە زور گرنگە چونکە بە هۆی ریگاوبانەوە بەروبومی کشتوکاڵ لەلادیکانەوە بە ئاتەبازاری شارەکان •• ئەمەش ئەبیتە هۆی بزوتنەوەی بازەو-پیش چونی ئابوری لە هەمو ولاتاو توانای کرین و بەکار-هێنانی شتومەکی کشتوکاڵی زیاتر ئەبێ •

هەروەها ریگاوبان ئەبیتە هۆی دامەزراندنی شارستانیەتیکی نوێ لە نیوان شارو لادیکانا •• وەگەلیك خزمەتی ناوچەکەی پێ ئەکرێ • ریگاوبان ڕاستەو خۆ لادیکان بە شارەکانەوە ، بەستێ و هەروەها لە هەمان کاتا بە هوی ریگاوبانەوە دەستی شارکان ئەگاتە لادیکان و بەو هۆیەوە خزمەتگوزاری تەندروستی و فیرکردن و روشنبیری ••• بە ناوچەکانا بلاوە ئەکات •

ڕابورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەوەی سەلماندوە کە ریگاوبان هویەکی سەرەکی یەو هەرچەندریگاوبانی نوێ بکریتەوەو نەدە بیشکەوتنی ناوچەکە زیادەکات و ژیانی کومەلایەتی و ئابوری لە نیوان شارو لادیکاناوەکو دوهێلی هاوتەریب شان بە شانی یەکتر دەڕۆن ••

ناوچەی کوردستان جگە لەوەی ڕواڵەتی سروشتی خوی جوانە ئەم ریگاوبانانەش ئەوەندەی تر بایەخیان بە دیمەنی سروشتی چیاو دێ و ڕوبارو ناوچەکان داوە •• وە بەهوی ریگاوبانەوە سەیران کەران و ڕیبوارانی بیگانە ئەتوانن بە ئاسانی سەر لە ناوچەکەمان بدەن •

ئەمانەش هەریەکە هویەکی بنەڕەتین بۆ گەشەکردنی ئابوری و پیشکەوتنی باری شارستانیتی لە ناو چەکەدا •• ئەم ریگاوبانانەش بریتین لە ریگای نیوان ئەزمرو چوارتا، قەلادزەو چومان ، ڕانیە وزاری گەلی ، ئەزمرو ماوەت، سنجارو ام جریعی •• جگە لەمانەش ئەو ڕەوتە ئاوەدانیەی کە هاتوەتەدی ڕواڵەتیکی تری بیشکەوتنی ناوچەکە ئەنوێنێ •• ویەکیکە لەو دەسکەوتانەی کە شورش بۆ ناوچەی ئۆتونومی بەرهەم هێناوە •

ئەمانەو چەندەها پرۆژەی ئاوەدانی و ریگاوبان وخزمەتگوزاری هەمە جورەی تر لە ناوچەکەدا دەستی پی کردوە بو ئەوەی کە ڕولەکانی جەماوەری ئەم ناوچەیە بە بەختیارانە بژین •

ئاسۆی گەشە کردن لە کوردستاندا

لە بەرنامەی ڕابۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا کە لەلێ « لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا پێویستە هەنگاوێکی گەورە بۆ بەرزکردنەوەی باری ئابووری و کۆمەلایەتی لە وڵاتدا بنرێت بەجۆرێ بنچینەیەکی بە هێز بۆ ئابووری نیشتمانی دابنرێت شان بە شانی گۆڕینەکانی دەوروبشت خزمەتی جەماوەری گەل بکات بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆرش » ، لەبەرڕوانگەیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پرۆژەکانی گەشەپێدان بەرەنەسینن بە تایبەتی کە ئەمساڵ لە مانگی نیسانی ڕابردووەوە هەتا کۆتایی کانوونی یەکەم زیاتر لە (١٠٧٦) ملیۆن دینار تەرخان کراوبو بۆ پرۆژەکان ، لەوانە:-

١ - لە لایەن وەزارەتی کاروبارو نیشتەجێ کردنەوە نۆ ملیۆن و ٣٥٠ هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ ناوچەی ڕووروو بۆ دروست کردنی ریگاوبان کە درێژایەکەی گەیشتۆتە ٢٤٢ کیلومەتر وەك ، ریگای ئەزمرو چوارتا ٢٠ کم ، ریگای قەلادزە - چومان ٧٠ کم ، ریگای ڕانیە - زارعەلی - ریزان ٧٢ کم ، ریگای ئەزمر - ماوەت ٣٥ کم ، ریگای سنجار - نوم جەریس ٥٥ کم•

٢ - دەزگای کشتی کارەبا (٢١) ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ دامەزراندنی ئیستگەی دۆکانی کەهرۆمانی کە هەتا ئیستا سێ بەشی تۆربینی کەهرۆمانی لێ کراوەو (١٢) ملیون و (٦٣٤) هەزار دیناری تێچووە نیازیش وایە بەم زوانە چەند لقێکی لێ بکرێتەوە بۆ سلیمانی و هەولێرو کەرکووك کە (٩) ملیۆن دیناری تێ ئەچێت •

٣ - وەزارەتی ڕەی جالاکی یەکی بێ سنووری نواندووە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتداو بە تایبەتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەشەپێدانی ئاوودێری وڵاتو ئیستا مۆرکردووە بە ملیۆنێ دینار لێکۆڵینەوەیەکی بە دەستەوەیە بۆ سوود وەرگرتن لە بەرهەمە بۆ دروست کردنی سێ سووشتی یەکانی ناوچەی بەست لە پارێزگای دهۆك کە ڕۆژهەلانی ڕووروو •

نیاز وایە لە ماوەی سێ ساڵی بەم جۆرە ، شۆرشی داهاتوودا تەواو ببێت جگە حەفدەی تەموز تەنیا بە خۆماڵی لە دروست کردنی بەستێك لە کردنی نەوت ناوەستی و سەر دۆڵی زرکەو بەستی سەر دۆڵی نوم ئەسیان لە سەر دۆڵی بەستۆرە بۆ ڕژانەوەی باری کشتوکاڵی ناوچەکە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنە بارامستنی شاری هەولێر لە کانی فراوانتر ئەبێت ، لە مەترسی یەکانی لافاو • سەرووی هەمووانەوە

٤ - دەزگای کشتی نەهێشتنی ناقمی بەکیرئ گیراو کانەکان ڕێکەوتنێکی لە گەڵ و تووانەوەیان • دەزگایەکی چیکسلۆڤاکیدا

خانەی ئەلی لە کرکوك

بەڕیوەبەرایەتی ڕابۆرتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە پارێزگای کەرکوك ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو جوار کتیبخانەی ئەلی لە ناو خۆی پارێزگای ناحیەکانی داقوق و تازە خورماتودا کردۆتەوە •

پاشماوەی : بەخشینی

بەڵام ئەم بڕیارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تۆمەتی تێرۆرو توقاندنیان دراوەتە باڵو سەر بە ڕێکخراوی (باسك)ن و کە کاربەدەستانی ئیسپانیا بە ڕێکخراوێکی تێرۆ یستیان دانەنین •• هەروەها ئەو بەخشینە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تۆمەتی دارایی و قەلباکردنی بارەیان دراوەتە پاڵ •

وە ئەوانەی سێ ساڵ حوکم دارایی و قەلباکردنی بارەیان دراون بەرەڵا ئەکرێن و ئەوانەی لە لەسێ ساڵەوە تا شەش ساڵ فرمانی گرتنیان بەسەرا دراوە ئەو ماوەیە ئیوەی کەم ئەکرێتەوە •

کۆڕی جوتیاران لە دهۆك

ڕۆژی سێ شەمەی ڕابوردو یەکێتی ناوچەی کومەلەی فەلاحەکانی دهۆك بینج سیمیناریان ڕیك خستوە ، زیاترلە دو هەزار فەلاح تیایا کۆبونەتەوەو گوێ یان لە باسی یاسای ژمارە (٩٠) گرتوە ، کە تایبەتی بە ریکخستنی سنووری ملکداریتی کشتوکاڵەوە لە ناوچەی ئۆتونومیدا وە بەلێنیان داوە زورتر تەقەللا بدەن بۆ زور کردنی بەرهەمو بەرز کردنەوەی پلەی نابوری بیشمانی •

پاشماوەی : ئوبئەری عیراق

داوای کرد کە نەدولا بە بەندام لە ڕیکخراوی کشتی نەتەوە یەکگرتوەکان وەربگیرێ و بتوانێ بە سەر ئەو ئەنگو چەلەمانەدا زاڵ ببێ کە دێنە سەر ڕیگای • هەروەها ڕایگەیاند کە عیراق پشتگیری خەباتی گەلی نامیبیا ئەکات دژی سیاسەتی ڕەزگەز پەرستی •

لە لایەکی ترەوە نوێنەری کۆماری کەلی پولونیا لە کۆبونەوەکەدا وتی : بیویستە لە سەر ئەتەوە یەکگرتوەکان ئەخشەو پیلانی ولاتانی ڕۆژئاواو ڕژیمە ڕەگەز پەرستەکان ڕیسوا بکات •

کۆبونەوەی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە سلیمانی و کەرکوك

لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەوتنخواز ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو لە پارێزگای سلیمانی کۆبونەتەوە وە باسی ئەرك و ئیشی وکاری بەرەیان کردوە لە پارێزگاکەدا• هەروەها لە گەلیك باس و بابەتی بەرنامەی کاری ئاسایی خۆیان کۆڵاونەتەوە •

دیسانەوە لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەوتنخواز لە پارێزگای کەرکوك باسی کاروباری بەرەو بەیوەندی قولی نیوان بەرەو جەماوەریان کردوە •

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو بە سەروکایەتی هەقال قاسم الاسعد جی گری ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی لقی کەرکوك پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و سەروکی لیژنەی ڕوداوە سیاسیەکان کۆبونەتەوە •• هەروەها باسی گەلیك بابەتی تریان کردوە •

Institut kurde de Paris

خەباتی قوتابیانی کوردستان

- یەکیتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات -

کەوالەکانی یەکیتی

- لیژنەی ناوچەی (دوکان) کۆڕێکی فراوانی بۆ قوتابیان ڕێک خست لەم کۆڕەدابەرپرسیاری ناوچەکانی دەوروپشت ئامادە بوبوون ٠

- کاك صباح میرزا ، لەڕۆژی ٦-١١-١٩٧٥دا لە کەل قایمقامی دۆکان دەربارەی قوتابی یە هەژارەکانی ناوچەکە کۆبوەوە ، لەم کۆبوونەوەیەدالێپرسراوی ڕێکخراوی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئامادە بوبوو ، لە دووایی دا بەڕێز قایمقام خانوویەکی بێشکەش بە قوتابیان کرد ٠

- لە ٦-١١-١٩٧٥ لیژنەی زانکۆ کۆڕێکی فراوانی بۆ قوتابیانی کۆلیجی ئەندازەو ئاداب ڕێك خست ، لەم کۆڕەدا بەڕێز (هۆشەنگ سەید ئەحمەد (سکرتێری گشتی یەکێتی و (مضر ملا) ئەندامی مەکتەبی ئەنفیزی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق و مامۆستا (عاشوور) لێپرسراوی مەکتەبەی قوتابیان و ئەندامی لقی سلێمانی ئامادە ببوون ٠

- لیژنەی ئامادەیی بازرگانی یاری یەکی بالەی لە کەل ئامادەیی کوردستانی کچانداکردو لە ئەنجاما لیژنەی ئامادەیی کوردستان سەرکەوت ٠

- لیژنەی ئامادەیی کشتوکال ئاهەنگێکی بۆ یەکتری ناسینی قوتابیان پێك هێنا بەخشنامەیەکی بە ناوی (ئاوات) ٠ بلاوکردەوە هەروەها ئامادەیی (هەلکەوت) بەخشنامەیەکی بە ناوی (ڕۆژی نوێ)وە بلاوکردەوە ٠

- لە ڕۆژی ٢٩-١٠-١٩٧٥ تیپی وەرزشی ئامادەیی کشتوکال لە کەل تیپی ئامادەیی (صلاح الدین) لە سلێمانی یاری یەکیان کرد ، لەئەنجامدا لیژنەی کشتوکال سەرکەوت ٠

- لە ڕۆژی ١٢-١١-١٩٧٥ لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر کۆڕێکی فراوانی بۆ قوتابیانی نامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان پێك هێناو لەم کۆڕەدا بەڕێز (هۆشەنگ سەید ئەحمەد) ئەندامی مەکتەبی ئەنفیزی و سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەڕێز (سیف الدین عبدالقادر) سەرۆکی لقی سلێمانی و (غاندی محمد حسن) ئەندامی لقی سلێمانی و سەرۆك و ئەندامانی لقی هەولێر ئامادەببوون ٠

- ڕۆژی ١٢-١١-١٩٧٥ سکرتێری گشتی یەکێتی کۆڕێکی تری بۆ کچانی قوتابخانەی ئامادەیی (صلاح الدین) پێك هێناو لەم کۆڕەدا وەرامی پرسیاری قوتابیان درایەوە و هەموو گیروگرفتەکانیش دەستنیشان کران ٠

بیشاف وادەخوێندرا

عبدالخالق صالح گەلالی
ئامادەی کردووە

لەسەردەمی عوسمانی قوتابخانەلە کوردستان بەتایبەتی و لە عێراق بەگشتی یەکجار کەم بوو ٠ وە ئەو قوتابخانانەی کە هەش بوون تەنها بۆ منداڵە دەرەبەگ و ئاغاو دەسەلاتدارەکان بوو ٠ بەلام خەلك بەگشتی لێی بێبەش بوون و خۆشیان بە چاوێکی پڕ گومان وقین تەماشای قوتابخانەو خوێندنیان دەکرد ، وایان باوەڕ دەکرد کە چوونە قوتابخانەو خوێندن (بەتایبەتی بۆ کچان) دەبێتە هۆی نزم بوونەوەو تێکدانی خوو ڕەوشت لەکەل بیروباوەڕی ئایینی ئاگونجێت ئەم لێکدانەوەو هەلوێستەش وای کرد زۆربەی خەلك لە خوێندن و گەیشتنە پلەی بەرز بێبەش بن و تەنها گوری دەرەبەگ و خاوەن دەسەلاتەکان بتوانن بینەفەرمانبەرو موچە خۆرو خاوەن پلەی دیاروبەرز لە ناو کۆمەلدا ٠

ئەم بیرو باوەڕە کە تێکڕا لە سوودی چینایەتی خوێنمژەکانەوە هەل ئەقولا ، لەلایەن مەلاکانیشەوە پشتیوانی یەکی توندی لێ ئەکرا ٠ ئەمانیش یا لەبەر دواکەوتوویی ڕادەی بیریان ، یا لەبەر پەیوەندیان بە چینە خوێن مژەکانەوە قوتابخانەو چوونە قوتابخانەیان بەبێ دینی نەبێ ٠٠ ئەمانیش وەکو ڕیکخراوی کومەلیکی شورشگیر لە دەوری ڕیکخستنی قوتابیان کۆبونەوە ٠٠

بریاری لە دایك بوونو دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی شورشگیرانەیان داو خویان بە هەمو قوتابیانی جیهان ناساند٠

دامەزراندنی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٦١دا وەنەبێ شتیکی ئاسایی بیت ٠٠ ئیمپریالیزم ونۆکەرانی گەلیك بەرهەلستی وەستانو ئەیانویست بەرپەرچی خەباتی شورشگیرانەی قوتابیان بدەنەوە ٠٠ بە هەزاران گیروگرفتیان خستە سەر ڕیگای تێکۆشانو خەباتی دریژ خایەنیان ٠ بەلام خۆپیشاندانو گیانی فیداکاری قوتابیان بەسەر هەمو کوسپو گیروگرفتە دەستکردەکانی ئیمپریالیزمدا سەرکەوتن ٠٠

یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق توانی لە ماوەیەکی کەمدا لەناو دلی تیکرای گەلی عیراقدا جیگای خۆی بکاتەوە ٠

یەکگرتنی لەگەل یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراقو پەیوەندی بەستنی لەگەل بزوتنەوەی پیشکەوتنخوازەکانی قوتابیانی عەرەبو جیهان ئامانجی سەرەکی ئەم یەکیتی یە بوو ٠٠ بۆ ئەوەی قوتابیانی عیراقیش لەژانو گیروگرفتی قوتابیانی عەرەبو جیهان بکەن وسود لەتاقی کردنەوەکانیان وەربگرن ٠٠ هەزار سلاو لە قوتابیانی عیراق بەبونەی ڕۆژی دامەزراندنی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانەوە ٠

سەرنجێك لە دونیێ

ئومید
ئامادەی کردووە

وەنەبی بزوتنەوەی قوتابیانی عیراق لە ساڵی ١٩٦١دا دەستی پێ کردبێ !دڵی هیزەکانی ئیمپریالیزمو کونەپەرستەکان لە ڕۆژی کوبونەوەی قوتابیان لە گوڕەپانی کولیجی پزیشکی لەبەغدا کەوتە لیدانێکی پڕ لە مەترسیەوە چونکە لەو ڕۆژەدا کومەلانی قوتابی تیایە کانگیربونو هاواریان ئەکرد :

(ئیمە نوینەری ڕاستەقینەی قوتابیانی عیراقین) لە زانکوی بەغداو قوتابخانە ئامادەییەکان کۆبونەوە دەستی پێ کردو خویان بۆ کونگرەیەکی دامەزراندن ئامادە کرد ٠٠ لەسەر بریاری لیژنەی ئامادە کردنو هەست کردن بە وەدەورەی کە قوتابی لەناو شورشی پیشکەوتنخوازانەدا ئەی گێڕی ، وە لە ڕوانگەی ئەو باوەڕەدا کە هیچ کومەلیك ناتوانێ دەوری چالاکی خۆی بەباشی ببینی تاکو ڕیکخراوێکی تایبەتی خۆی نەبێ و تیکەل بەژانو گیرو گرفتەکانیان بە کوسپو گیروگرفتە دەستکردەکانی ئیمپریالیزمدا سەرکەوتن ٠٠

یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق توانی لە ماوەیەکی کەمدا لەناو دلی تیکرای گەلی عیراقدا جیگای خۆی بکاتەوە ٠

یەکگرتنی لەگەل یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراقو پەیوەندی بەستنی لەگەل بزوتنەوەی پیشکەوتنخوازەکانی قوتابیانی عەرەبو جیهان ئامانجی سەرەکی ئەم یەکیتی یە بوو ٠٠ بۆ ئەوەی قوتابیانی عیراقیش لەژانو گیروگرفتی قوتابیانی عەرەبو جیهان بکەن وسود لەتاقی کردنەوەکانیان وەربگرن ٠٠ هەزار سلاو لە قوتابیانی عیراق بەبونەی ڕۆژی دامەزراندنی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانەوە ٠

پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ، پارتی شۆڕشی عەرەبە لە هەر شوێنێکدا هەبێ ، لەم جوارچێوەیەدا بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی تێ نەکۆشێو ئاکە پارتی عەرەبە کە سەرکردایەتیەکی نەتەوەیی هەبێت ٠

دابەش بوونی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بۆ چەندین ڕێکخراوی - قوتری - لە چوارچێوەی سیاسەتو جوگرافیای عەرەب وڵاتانەدا کار ئەکات ، شتێك بوو دۆخی پارچەو کەرت بوونو پێداویستی یەکانی پراکتیکو خەباتی شۆڕشگێڕانە سەباندوونی ، ئەمەش دۆخێکی وەختی یەو لە کەل ئەمانی کەرت بوونەکەدا نامێنێ

لە ڕاپۆرتی سیاسی
هەشتەمین کۆنگرەی
قوتری پارتی بەعسی
سۆشیالیستی عەرەب

لەگەل قوتابیاندا

سەباح میرزا

لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی چاومان بە هەندێك قوتابی کەوت چەند پرسیارێکی جور بە جورمان لێ کردن ، ئەوانیش بەپێی توانا و باری سەرنجی خۆیان وبۆچونی ولیکدانەوەیان وەلامیان دایندە ٠

● کاك عمر فارس محمد دەربارەی لایەڕەی یەکیتی وتی:

هەمو ڕوشنبیرو خوێندەوارێکی کورد لە وەگەیشتوە کەروژنامە دەستێکی بالای هەیە لە هوشیار کردنەوەو ڕوشنبیر کردنی جەماوەردا هەروەها لەبەرنەوەی کە دەنگی قوتابیانیش لەسەرروی لایەڕەیەکی ڕۆژنامە بلاو ئەکرێتەوە جێگای خوی هەرنەگرێ ٠ لەبارەی شیعرەوە وتی :

یەك دوو ساڵە حەز بە شیعر خویندنەوە ئەکەم ، دیارە ئەم ئاوانەم پالم پیوە ئەنێ بو ئەوەی ئیش و نازاری گەلەکەم بە شیعر دەربڕم ٠

● کاك صابر مستەفا قوتابی پولی یەکەمی ئاوەندی دوکان لە بارەی ئەمسالی خویندنەوە وتی :

ئەمسال ساڵی ئاشتیو برایەتیو خوێندن بە خۆڕایی یە ، هەروەها شورشی ١٧ی تەموز ئەتەوەیی پیشکەوتنخواز ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیویستی یەکانی قوتابیان ئاسانتر ئەکات ٠

لەبارەی ئەمڕۆی یەکیتی یەوە وتی :

یەکیتی قوتابیانی کوردستان چونکە پیشرەوی قوتابیانی کوردستانە بویە هاتوتە کایەوە کە ئاوانی قوتابی کورد چی بەجێ بکات ، وەمن بەدوری نازانم کە هەمو وزەو توانای خۆی بۆ بیگەیاندنی قوتابی بەکار بێنێ ٠٠ وە ئەمڕوش هەمولیژنەو لقەکانی قوتابیان خزمەتی گشتی جەماوەری قوتابی کوردستان ئەکەنو هیوادارین ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بکەونە خۆو جموجۆل بو فراوان کردنی ئاستی ڕوشنبیری قوتابیان ٠

بەشی ئاوخۆیی

یان ماڵی قوتابیان

دارا

ئەمڕۆ لە زۆربەی شەقامو گەرەکەکانی ئەم بەغدایە پانو بۆرە بەشێکی ئاوخۆیی قوتابیان هەیە ، هەربەشەش لەگەل ئەوەکەی دیکە بەپێی جنگەو پێداویستەکانی ترایرین ، بەلام هەموویان هەر ماڵی بێ کابانی قوتابیانە، ئەمڕۆ زۆربەی خانوەکانی (عیواضیە) وشەقامی ڕەشیدو (جمهوری)و (وزیریە)و (اعظمیە) ئاوە ئاوەش لەوبەری زێ بەشی ئاوخۆیی هەن ، زیان لەبەشی ئاوخۆیی دا زیانێکی خۆش و بەلەزەتە بە تایبەتی ئەگەر کۆمەلە قوتابی یەك بەیەکەوە بگونجێن وەبتوانن هەموو پێویستی یەکان وەدی بهێنن ، جی لەوە خۆشترە لە بەشێکدا چەند ژوورێکی خنجیلانەو بویستی تر هەنو قوتابیانیش دوای ماندووێتی دەرسو چاوەڕوانیو هیلاکی خۆشەویستی سەربنێنە سەر سەرینی تەنهایی و ئاهی دوورو کەسەروژانی دەرسەکان بدرکێنن ، هەن دێنەوە هەر لە دوورا کتێبەکان تێ هەلدەدەن و دەکەونە بۆلەبۆل ئەمڕۆ مامۆستای فلان دەرس زۆر توندو توڕە بوو ، یافلان قوتابی دەرسەکەی بەباشی نەدەزانی و ئەو قوتابیەی لای بەنجەرەکەش کەوتۆتە گێژاوی دلداری و ڕۆژێ دەوامی پێ ناکرێ خۆ هۆبەی مەرکەزی غایبەکانیش هەر مەپرسە پیاو ناو یرێ دوو دەقیقە دواکەوێ کە ناوی لە لیستەی ڕەش دەنووسرێ ، ئی دوایش نان ئامادە کردنو چالێنان و قاپ شۆردن هەر لەوێ بی ، مشتو مڕە من دوێنی قایم شۆڕیوە ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە ٠ ئامن دوێنی بەیانی لەگەل کازیبە سبەینێ نانم کڕیوەو دەبێ ئەمڕۆ یەکی تربچێ ، ئای ماڵی بێ کابان هەروا دەبێ ، جاروبارەش ئاهێك بۆ ماڵەوە هەلدەکێشن و هەریەکە داستانێکی دێتەوە بەرچاو ٠

من ئەگەر لە ماڵەوە ئەوەندەی چێشتەکەی چێشتخانەی قوتابیانم بۆتی بکەن فرێی دەدەم ، بیاو چۆن بێ تێر دەخوات ؟! هێوارە دادێ وەك چۆن خەلکی ئاوایی یەك شەوان بە فانوسەوە هەریەکە بۆ ماڵی ئەوی تر دەڕوات و دەبێتە قسەو باس ئاواش قوتابیان دوای نان خواردن هیواران دوای خوێندن و ئەرك بەجێ گەیاندن دەستە دەستە دەچنە چێشت لێنانو هەلای قاپشۆردن ، ئێمەی قوتابی کوردیش خوا ئەی بڕێ لە ساوەرو گەنمە کوتاو ٠ کاردی بەترش و داندۆڵو پیرخەنی هەربێزار نابین ، ڕۆژیش نیە غام بێری لێ بکەین ، لە کۆتایی ئەم ووتارەدا برادەرێکم هات ناوی (صدرالدین رجب) بو منیش لێم پرسی بیروڕات بەرامبەر بەشی ئاوخۆیی دەربڕە لە وەلامدا ووتی بەراستی بەشی ئاوخۆیی کارێکی ئەواوی کردۆتە سەر ژیانم من ڕۆژ هەست بە کۆرانی ژیانم ئەکەم وەگەلێ شت فێربووم کە ئەم دەژانی ٠ منیش لێم پرسی لەوشتانەی فێریان بوویت چین ، وەلامی ووتی ژیانی دوورە ماڵو تێکەل بوون لەگەل قوتابیان ٠

جنگری عەمیدی کۆلیجی ئاداب بۆ لایەڕەی قوتابیان ئەدوێ

جەمال محمد
ئامادەی کردووە

بۆ ئەوەی زیاتر بچینە دەروونی کۆلیجی ئاداب - لە زانکۆی سلیمانی هەندێ پرسیارمان ئاراستەی لێ پرسراوان و مامۆستایانی بەشەکە کرد وە ئەوانیش بەگەرمی یەوە بەرەوپیری پرسیارەکان هاتن و وەلامیان دایەوە پرسیاری یەکەم ئاراستەی دکتۆر (عبدالمجید ئیسماعیل حەقی) یاریدەری عەمیدی کۆلیج کرد ٠

پ :- ڕاتان چی یە دەربارەی پەیوەندی (ی٠ق٠ك)و ئیدارەداو دەوری یەکیتی قوتابیان لە هەلسوورانی ئیش و کاری قوتابیاندا ؟

و :- بەشێوەیەکی گشتی قوتابیان سەرکردەی دوا ڕۆژن، لەم ڕووەوە ئەلێم کە ڕابۆرتی سیاسی عەشتەمین کۆنگرەی قوتری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب تەواوبۆی چووەکە سوورە لەسەر ئەوەی پێویستە کە زانکۆکان ببن بە مەلبەندێ بۆ دروست کردنی نەوەی نوێ ، وەببن بە مەلبەندی لێکۆلینەوەی زانستی و ڕێو شوێن دانان بۆ دوا ڕۆژ وە بەشداربن لە کۆڕینو پێشخستنی شۆڕشگێڕانەی ئێستای وڵات ٠ بێگومان ئەمە ئەو ڕێگایە دەست نیشان ئەکات کە ئەبێ زانکۆکان لەسەری بڕۆن ، وەگومانیش لە وەدانی یە کە وا جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانە پێویستی بە قوتابیان هەیە ، کەواتە ئەبیت خۆیان دەست پێشکەری بکەن لە تێکۆشان دابۆجێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجەی حکوومەتی شۆڕش هەیەتی ، لەبەر ئەوە ئەلێم کەوا (ی٠ق٠ك) لیژنەی کۆلیجی ئاداب ئەبیت لەم یەوەو پێشخستنی دیراساتی کوردی بەتایبەتی خویندنی زمانو وێژەی کوردی ، وەهیوامان بەهێزە کە ئەمسال بە پشتوانی لێ پرسراوانی زانکۆوە ، بەتایبەتی سەرۆکی زانکۆ کە کەلێ هەنگاوی گەورە بنێین و چالاکی بنوێنین لە مەیدانی زانستیو وێژەیی و هونەری ٠ وە ئەم هیوایەشمان لەو ڕێو شوێنە زانستی یانەدا دەرئەکەوێ کەبەشی دیراساتی کوردی ئەمسال دایناوە ، لەوانەش ئەمانەن :-

١ - پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی دوورو درێژ دەربارەی هەلسەنگاندنو تەتەلەکردنی بەرنامەی خویندنی - بەشی دیراساتی کوردی لەسەر بنچینەیەکی زانستانەی تەواو، وەئەم لیژنەیەش دوو پەلی لێ بووەتەوە یەکەم بۆ لێکۆلینەوە لەڕووی بەرنامەی زمانی کوردی خوێندنەوە ، ئەوی تریان وێژە، وە ئەم لیژنەیەو دوو پەلەکەی لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمەوە دەستی کردووە بە ئیش کردن ٠

٢ - ئامادەکردنی لێکۆلینەوەی زانستی ، بەپێی ڕێو شوێنی زانستی یانەی بەشی دیراساتی کوردی ئەمسال کەدائراوە کە بریتی یە لە :-

أ - دانانی فەرهەنگێکی

لاپەڕە -١١-

- لەهونەری قوتابیان -

وێنەیەك لەو جیرۆکەتەمسیلیەی لە قوتابخانە ناوەندی کۆماری لەسلیمانی پێشکەش کرا ، بەناوی « بەخۆڕایی خوێندن »وە ٠

لاپەڕە - ٩ -

لاپەڕە -٨-

Institut Kurde de Paris

زانستی سەردەم

سەرنجێك لە جمو جوڵی تەکنیکی سەبارەت بە زانستی کەشتیە ئاسمانیەکان

بەدەسکاریی‌یەوە کراوە بە کوردی

لەو رۆژەوە کە شتی‌یە ئاسمانی‌یەکەی سۆڤیەت (فینۆس ٩) چووە سەر ئەستێرەی (زهرە) ، شەرێکی گەرم لە نێوان ئەروپا و ئەمەریکا ئەڵگیرساوەو شەڕەکە گەیشتۆتە ئاسمان • وڵاتانی ئەوروپا بەکۆمەڵیاو دەزگاکانیانەوە خەریکی درۆست‌کردنی ساروخو مانگی دەستکردن بۆ ئەوەی لەم بوارەدا پیویستی‌یان بە ئەمەریکا نەبێ • ئەم شەڕە چۆن هەڵگیرساوەو تەشەنە ئەکات؟! چی تازە لە جیهانی مانگ‌و ئەستێرە دەسکردەکان‌دا هاتۆتە کایەوە ؟! وەڵامی ئەم دوو پرسیارەو چەند شتێکی‌تر لەم نووسینەدا ئەخوێنیتەوە ••

ئەمەریکا ، لەم رووشەوە سیاسەتی ئیمپریالیانە بەکاردێنی :

ئەمەریکا ، ئەیەوێ ، لەم روەشەوە دەسەڵاتی ئیمپریالیانەی خۆی فەرزکات‌و دەست بخاتە ئیشوکاری ئەو وڵاتانە لەم بوارە زانستی‌یە دا توانایان هەیە ، لە کاتێك‌دا ئەم زانستی‌یە بۆ رایی کردنی ئیش‌و کارو تاقی کردنەوەی زانستی‌یانە سوود ئەگەیەنی ، وەك گەیاندنی شەبولەکانی تەلەفزیون‌و زانینی ئاو هەواو سامانی سروشتی لە سەر زەوی ئیمپریالی ئەمەریکا • ئەم زانستی‌یە لە ئیشوکاری جاسوسی کرد نیشیدا بەکار ئەهێنێ‌و ئەوە بوو دەنگوباسەکان رایان گەیاند کە چەند جارێ لە کاتی شەری تشرین‌دا مانگی « تیتان »ی دەسگردی نارده سەر وڵاتە عەرەبەکان بۆ جاسوسی کردن •

جا ئەمەریکا بە هەموو شێوەو رێگایەك ئەیەوێ بەرو باڵی وڵاتانی ئەوروپا بقرتێنێ بە تایبەتی فەرەنسا بۆ ئەوەی خۆی بە تاکە سواری‌ی لەمەیانی راوکردنی ئاسمان‌دا بمێنێتەوە ! فەرەنساش بە ئاشکرا بێ لەم نیازەی ئەمەریکا ئەنێ‌و بەدۆستەکانی ئەڵێ : ئەگەر یەك دەست‌و یەك‌هێز ئەوەستین ئاتوانین لە دەسەڵاتی ئەمەریکا رزگارمان‌بێ لەمەیانی‌هاموشۆی بێ‌تەڵی ئەوروپاردا (المواصلات اللاسلکیه) ••• ئەمەش بوختەی پرۆگرامەکەی سەرۆك شارل دیگۆلە کە بە هۆی ئەقەڵای ئەوەوە (بەرنامەی ئاسمانی)ی فەرەنسا دانراو فرۆکەی کۆنکۆرد دروست‌کراو ئەوە بوو دەنگوباسەکان رایان گەیاند کە چەند جارێ لە کاتی شەری تشرین‌دا مانگی « تیتان »ی دەسگردی نارده سەر وڵاتە عەرەبەکان بۆ جاسوسی کردن •

جا ئەمەریکا بە هەموو شێوەو رێگایەك ئەیەوێ بەرو باڵی وڵاتانی ئەوروپا بقرتێنێ بە تایبەتی فەرەنسا بۆ ئەوەی خۆی بە تاکە سواری‌ی لەمەیانی راوکردنی ئاسمان‌دا بمێنێتەوە ! فەرەنساش بە ئاشکرا بێ لەم نیازەی ئەمەریکا ئەنێ‌و بەدۆستەکانی ئەڵێ : ئەگەر یەك دەست‌و یەك‌هێز ئەوەستین ئاتوانین لە دەسەڵاتی ئەمەریکا رزگارمان‌بێ لەمەیانی‌هاموشۆی بێ‌تەڵی ئەوروپاردا (المواصلات اللاسلکیه) ••• ئەمەش بوختەی پرۆگرامەکەی سەرۆك شارل دیگۆلە کە بە هۆی ئەقەڵای ئەوەوە (بەرنامەی ئاسمانی)ی فەرەنسا دانراو فرۆکەی کۆنکۆرد دروست‌کراو



« هیتلسیوستان » کەشتی‌یەکی دەستکردە لەباری ئاوو هەوا ئەکۆڵێتەوە

کەشتی « کۆزەموس » نیشان

ئەم بەرنامەی فەرەنسا لەماوەی دەسالی رابوردودا هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە نا بەڵام بە هۆی گیروگرفتی دارایی‌و پالە پەستۆی ئەمەریکا یار خەریك بوو ئەم بەرنامەیە بەکی بکەوێت ئەوە بوو ئەو مەکینانەی فەرەنسا ساروخی پێ هەڵئەدان سەرنەکەوتن و ئەوروپاییەکان ناچار بوون ئەم جۆرە مەکینانە لە ئەمەریکا وەربگرن •

پسپۆڕانی دنیا لەو باوەڕەدان کە لە سالی ١٩٨٠ ئاوەکو ١٩٩٠ وڵاتانی جیهان پیویستی‌یان بە (١٥٠) مانگی دەست کرد ئەبێ بۆ راهی‌کردنی ئیش‌و کارو تاقی کردنەوەی زانستی‌یانە وە بە تەنیا ئەوروپا پیویستی بە پێنج ساروخی هاموشۆو ٨ ساروخی تەلەفزیونی‌و چواری ئاو هەواو سێ‌ی بویولوجی‌و سامانی سروشتی‌ی ئەبێ •

مەلبەندی کورو دانەخرێ ؟!

لە مانگی ئەیلولی رابوردوودا بە هۆی مەکینەو دەزگای (دیامان ٥٢) فەرەنسا ساروخێکی نارد بۆ ئاسمان بۆ لێکۆلینەوەی تیشکی ئاسمان دوای ئەمە بەیەکجاری‌بەرنامەکە تا چوار سال ئەوەستێنرێ‌و فەرەنسا مەلبەندی (کورو)کە لە (گیانا) کردویەتیەوە دای ئەخات • نزیکەی (٤٥٠٠) کەس لەمەدەزگایەدا کار ئەکەن‌و فەرەنسا نارەحەت بووە لەبارەی ئەوەی چی لەو هەموو بێ کارو خێزانەکانیان بکات •

ئەریان گیشەکە بەلابەکدا ئەخات

ئەوروپاییەکان هیوایەکی زۆریان بە دەزگای (ئەریان) هەیە کە سالی ١٩٨٠ تەواو ئەبێت‌و ئەتوانێ بەبێ یارمەتی ئەمەریکا ساروخ هەڵبدات • ئەریان ئەتوانێ ساروخی ٧٥٠ کیلوگرامی هەڵبدات بۆ ئاسمان ، واش زانراوە کە ئەڵمان‌و ئینگلیزەکان لە سەرەتادا ئەم پرۆژەیەیان بەدڵ نەبووە چونکە ٤ر٥ ملیار فرەنگی فەرەنسایی تێ‌ئەچێت ئەمەش بارەیەکی زۆرە •• هیچ گومانیش لەوە ناکرێ کە ئەمە گرنگترین بەرنامەو پرۆژەیە کە لە ماوەی چوار سالی ئایندەدا تەواو ئەبێت •

یەکیتی سۆڤییەت مانگی دەسکردی (کوزموس) نیشان دروست ئەکات کە ژمارەکانیان بەم جۆرەیە : (٥٩٧ ، ٥٩٨ ، ٥٩٩ ، ٦٠٠ ، ٦٠١ ، ٦٠٢ ، ٦٠٣ ، هەر یەکێك لە مانەش ١٠ تا ١٢ رۆژ لە ئاسمان ئەمێنێتەوە ، وە وتراوە کە ئەمانە لە جوری (سویوزو خوسخود)ن بەڵام خەڵکیان تیادا نابێ‌و هەریەکە ٥ر٢ تەن شت‌و مەك هەڵئەگرێ •

گەنمە شامی

« جیرۆکی منداڵان » وچەند سەرنجێك

لەم رۆژانەدا بەریوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی (هۆی‌فێرکردن) ژمارەی پینجەمی زنجیرەی چیروکی منداڵانی بڵاوکردەوە •• ئەم چیروکە بەناوی(گەنمە شامی)یە •• لە ناو نامیلکەیەکی هەشت لاپەڕەی‌وبەشیوەیەکی رەنگاو رەنگ‌رازاوەتەوەو بەنوفسیت لەسەر قاقەزی (ئارت)ی بریقەدار بەقەوارەیەکی جوان‌و پوخت لەچاپ دراوە • هەروەکو ژمارەکانی پیشوو ئەمیش نرخی٢٥ فلسە •

چیروکی ئەم جارە خۆمالیانەترە ، لە چیروکەکانی مامۆستا فەریدون عەلی ئەمینە کە لە لاپەرە ٢٣-٢٦ی ئامیلکەی (پیاوە بچکولەکەدا) بڵاوی کردۆتەوە •

دەقی چیرۆکەکە هەندێك دەسکاری کراوە ، بەڵام ئەو دەسکاریە جەوهەری باسەکەی نەگۆڕیوەو لە ناوەروکی چیرۆکەکە لای نەداوە ••بەرای من ئەگەر دەسکاری نەکرا بایە باشتر بوو ، چونکە وەکو دەسکاری کرا ئەبوا چەند وشەیەکی تیبایە وەك : مەکتەب، دەچونە ، یان چەند وشەیەکی‌تر دەسکاری بکرابانایە •• جگە لەوەش لەبوا ناوی نوسەری چیروکەکەی لەسەر تومار بکرایە •

وێنە کانی ناو نامیلکەکە قەشەنگ ورازاوەیە • هونەرمەندی لاو کاك تاقانە کیشاوێتی •• بەڵام بۆچی هەندێك لەوێنەکانی کاك‌و هەندێکیان گەشن ؟ ئەمەیان ئەستوی کاکی هونەرمەندی نیگارکیش‌و چاپخانەکە ئەگرێتەوە •• بەوێنەکان‌دا وادەرئەکەوێ سەنوری نیگارکێشان بۆ هونەرمەندەکە دانرابێ بۆیە ئەیتوانیوە بە ئەواوی بچیتە ناو دەرونی چیروکەکەوەو پەرەموچی خۆی لێ بخاتە کار ••

هیوادارم بەریوەبەرایەتی ناوبراو بەرهەمی باشترو پوختەتری بێ رەخنەمان بۆبێنێتە بەرهەمو بەر لە بڵاوکردنەوەی سەرنجیکی وردی بەرهەمەکانی بدات بۆ ئەوەی کەموکورتیەکانی لێ بتەکێنێ •

جعفر بەرزنجەیی

زانستی پزیشکی :

نەخۆشی « پوك »

ئامادەکردنی
دکتۆر کامەران سامی

پووك ئەو گۆشتەیە دەورەی ددانی داوەو دوو جۆرە دەماری هەیە ، یەکەمیان بەستراوە بە مەلاشووی سەرەوەو خوارەوە Ahachedgeng ، ئەوەکەی تر تەنیا دەورەی ددان ئەدات Fneegengiver

رەنگی ئاسایی پووك وەکو گوڵ وایە بەڵام لە بەر زۆری بۆری‌یەکانی خوێن زیاتر بە لای سوورەوە ئەچێت‌و لێوارەکانی زۆر تیژن •••

پووکی نەخۆش ، سوورێکی تۆخەو لە کاتی نان خواردنا خوێنی تیا دێتە خوارەوە جگە لەوەی بۆنێکی ئێکجار ناخۆش لە ناو دەمدا پەیدا ئەکات ••

نەخۆشی‌یەکانی پووك ئەکرێن بەپێنج بەشەوە •

١ ـ ناوسان Inflammation
٢ ـ کەمتەرخەمی لە ئیش‌کردن‌دا Deyenanation
٣ ـ شیرپەنجە Neoplasm
٤ ـ پوان Hypenatnophy
٥ ـ لاوازی Atnophy

هەر بەشێك لەمانە بریتی‌یە لە چەند نەخۆشی‌یەك ئێمە تەنیا باسی یەکەمیان ئەکەین :ـ

ناوسانی پووك

دوو جۆرە ناوسان هەیە ، یەکەمیان تیژەو بێ‌ی ئەوترێ Rentegenivitis ، ئەوەکەی تر کۆنەو بە Chronicgengivitis ناو دەبرێ •

هۆیەکانی ناوسانی پووك .

١ ـ پاك نەکردنەوەی ددان‌و کۆبوونەوەی بەکتەریا لە سەری •

٢ ـ رەچاو نەکردنی رێگای راست لە کاتی شتنی ددانا •

٣ ـ رەق بوونی پووك •

نیشانەکانی ناوسانی پووك

١ ـ سوور هەڵگەڕانی پووك •

٢ ـ پەیدابوونی بۆنێکی ناخۆش لە ناو دەمدا •

٣ بوونی ئازارێکی بەردەوام لە ددانا •

چارەسەر

لە کاتی پەیدابوونی ئەم نەخۆشی‌یە پێویستە بە زووترین کات عەیادەی بۆ بکرێت ، بۆ ئەوەی پەرە نەسێنێ‌و مەترسی زیاد نەکات• **خۆپاراستن لە نەخۆشی‌یەکانی پووك**

١ ـ شۆرین‌و پاکردنەوەی ددان •

تاکو ئازار نەگاتە پووك پێویستە هەموو رۆژێ بە فڵچە پاك کبرێتەوەو باشتریش وایە فڵچەکە نایلۆن بێت‌و پانایی (١سم)و درێژی لە (٢-٣)سم بێت •

٢ ـ شێلانی پووك :

بۆ ئەوەی خوێنی ناو پووك زیاتر بێت‌و بەرگری پەیدابکات بەرامبەر نەخۆشی پێویستی بە شێلان هەیە ئەویش لە رێگای بەکارهێنانی ئاوی گەرم‌و خوێ‌وە •

٣ ـ پاك کردنەوەی بۆشایی‌یەکانی نێوان ددان بۆ نەهێشتنی پاشماوەی خواردن، بە هۆی چەند کەرەستەیەکی تایبەتی‌یەوە •

بۆزانین

بەیان نامەی ژمارە (١٢) ساڵی ١٩٧٥

بەپێی بریاری ئەنجومەنی‌ریکخستنی بازرگانی ژمارە(١٤٦٢)ی رۆژی٣٠-١٠-١٩٧٥ بەم جۆرە بریارمان‌دا :

بەکەم : نرخی گواستنەوەی‌خشتی سور (لە کارگەکەدا)بەپێی ئەم لیستەیەی لای خوارەوە بێ :

ئەو کەرتانەی بۆی ئەنێردرێ	لە کارگەکانی تاجی کرێی ١٠٠٠ خشت	لە کارگەکانی شەماعیە کرێی ١٠٠٠ خشت
کەرتی کازمیە	٢ر٠٠٠	٣ر٠٠٠
کەرتی ئەعزەمیە	٢ر٢٥٠	٢ر٧٥٠
کەرتی کەرخ (المرکز)	٢ر٢٥٠	٢ر٧٥٠
کەرتی مەنسور	٢ر٥٠٠	٣ر٠٠٠
کەرتی دورە	٣ر٠٠٠	٣ر٠٠٠
کەرتی مەرکەزی بەغدا (رسافە)	٢ر٧٥٠	٢ر٥٠٠
کەرتی کەرادەی شەرقیە	٢ر٧٥٠	٢ر٢٥٠
کەرتی بەغدای جدیدە	٣ر٠٠٠	٢ر٠٠٠
کەرتی الثورە	٣ر٠٠٠	٢ر٠٠٠
کەرتی زعفرانیەو بردی دیالە	٣ر٠٠٠	٢ر٥٠٠

دووەم : کرێ گواستنەوەلە کارگەکانەوە بۆ قەزاکانی‌بەغدا (جگە لە قەزاکانی ئەعزەمیەو کازمیە بەپێی‌بریاری ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی‌باریزگای بەغدا ژمارە ٩١٢٨ رۆژی ١٧-٩-٩٧٥ دانەنری

لیرەوە	بۆئیرە	ماوەی ریگا بەکیلومەتر	کرێ گواستنەوەی یەك تەن فلس	دینار
لە بەغداوە	بۆ مەحمودیە	٣٥	٦٣٠	-
لە بەغداوە	بو سامەراء	١٢٠	٨٠٠	١
لە بەغداوە	بۆ بلد	٧١ر٥	٠٧٣	١
لە بەغداوە	بۆ تکریت	١٧٣	٥٩٥	٢
لە بەغداوە	بو مەدائن	٣٨	٦٨٤	

سێیەم : نرخی گواستنەوەی‌خشت لە برگەی یەکەم‌ودووەمدا بەسەر کەرتە گشتی‌و تایبەتیەکانا دانەنرێ لەبەرواری بریارەکەوە •

چوارەم :هەرکەس سەربیچی‌یکا بەپێی دەسەڵاتی یاسای‌ریکخستنی بازرگانی ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٧٠ی دەسکاری‌کراو ئەدرێ بە دادگای‌تایبەتی •

وەزیری ئابوری
حکمت العزاوی

فۆلکلۆری کوردی

عبدی محمد شرفانی

مللەتێ کورد ب تێکرا نەخاسمە(٢) دەفەرا بە هدینا ئەوا کو بەهرا پتر ژفولکلورێ کوردی لجەم(٣) پەیدا دبیت یا بێ گۆتی یەبهەمی تەرزو رەنگیت فۆلکلوری بگرە ژسترانیت شفان‌و جوتیارلو ژسترانیت هەتا دگەهیتە چیرۆك‌و دورونێ هەتا دگەهیتە چیرۆك‌و سەرهاتی‌و داستان‌و گۆڤەندو حەتەلۆکا ، ئەڤ فۆلکلۆرە گەلەك عادەت‌و خۆرەوشتیت مللەتێ کورد یێ پاراستین ژهندابینێ(٤) • •

مەکسیم غۆرکی دبێژیت : هندی فۆلکلۆرە ئەو بەرێ بنیاتی‌یە(٥) بۆ ئەدەبێ مللی‌و سەروکانیەکە بۆ هەمی هۆزانفان‌و نڤیسەڤانا ئو ئەگەر مەشارەزایی هەبیت درۆزیت بۆری‌دا دێ شنویکا بهایێ فۆلکلۆری باش زانین‌و هەر مللەتە دروست‌کەرو بەلاف کەرێ فۆلکلۆری ئەو ژیکە دپارێزیت ••

وەلێ مخابن(٦) ئەگەر ئەم ئەفرۆکە تێنەدەینێ(٧) دێ بینین ئەف فۆلکلۆرێ وەتۆف(٨) بنرخ مەدەستێ ژێ بەردایی‌و خەمێ ژێ ناخۆین رۆژ لدویف رۆژێ یێ بزاڤە دبیت‌و تێتە ژبیسیر کرن بێ‌ی کو مەمای ژێ هەبیت ئەوژی دزفرێتە سەر ئەگەرێ ئەنفیسین‌و ئەتۆمار کرنا فۆلکلۆری‌یە ••

هەتا نۆکە چو بزاڤیت وەسا ئەهاتینە کرن بۆ کۆم کرنا فۆلکلۆرێ کوردی ژبلی هندەك کارێت کێم ئەبن ئەو ژی ژتەمەت تبلیت دەستانە • ئەو ژی هندەك بسپۆرێت کورد یێ بێ رابوین وەکی د • حاجی جندی‌و جاسمێ جەلیلی •

ل نێکەتیا سۆڤیەتی ، ئولمیراقێ مامۆستا محمد توفیق وردی ، هەر وەسا هندەك رۆژهەلات ناسا وەکی نیککیتین‌و مینۆسکی واوسکارمان دەستەکی درێژ درێژ یێ هەی بکۆم کرنا فۆلکلۆرێ کوردی هیڤیا مەن ئەوە کو بسپۆرو رەوشەنڤا نیت کوردی تشتی بشت کۆهێ خۆڤە ئەها فێژن‌و خەمێ ژێ بخۆن ئو دەست بدەن قەلەمێت خۆ بۆ لدویف چۆن‌و کۆم کرنا فی‌سامانێ ئەتەوایەتی ئوبزافەکا ژدل بێت کرنێ بۆڤێ چەندێ •

هەر وەکی مەگۆتی گەلەك رەنگیت فۆلکلوری ئێد هەیە هەتا حەیواناتا ژی دگریت وەکی شەرێ کێتکاو بەیتا سفۆراو بەیتا کولیا •

(١) بۆ ئەم باسە سوود لە کتێبەکەی د • عزالدین مستەفا رەسول (الواقعیة في الادب الکوردی) وەرگرتووە •

(٢) ئەخاسمە : بەتایبەتی •

(٣) لجەم : لەلای •

(٤) هندابین : وون بوون •

(٥) بەرێ بنیاتی : بەردی بناغە •

(٦) مخابن : بەدوخەوە •

(٧) تێندەینێ : تەماشا کەین •

(٨) وەتۆف : وەها •

پاشماوەی قوتابخانە

بە قایمقام‌و مدیری ناحیەو بەریوە بەری پولیس‌و بەرژەوەندی‌ئابووری‌و سیاسی‌ی چینایەتی‌یان بۆ بپارێزن •

لەسەرەتای کردنەوەی قوتابخانە زمارەیەکی زۆرکەم رووبان کردە قوتابخانە بەلام ئەم بارەزۆری نەخایاندو راستی بۆ خەلك روون بووەوەو ئەم بیرو باوەڕە لەسەر چووەی خەلك بەرەو کۆران رۆیشت‌و ئارەزووی چوونە قوتابخانە زیاد بوو بە ئۆرەی زیاد بوونی ئارەزوو بۆ موچە خۆری‌و فەرمانبەرێتی‌و بەدەست هێنانی پلەی بەرزو سوودی خوێندن لەناو کۆمەڵدا زیادی کرد •

بەلام هەندێ لە باوکان تا ئەم دوایی‌یەش منالەکانیان نە دەنارده قوتابخانە وە بێ‌بەشیان دەکردن لە خوێندن ، لەم نموونەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن هەندی لە مەلاو پێشوایانی ئایینی خەڵکیان تێدەگەیاند کە خوێندن لە قوتابخانەکانەوە حەرامەو لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی ناگونجێ لە کاتێکدا خۆیان منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە لە بێش چاوی خەڵك مامۆستا (علی خاقانی) چیرۆکێکمان لەم بارەیەوە بۆ دەگێڕێتەوە ئەم بەسەرهاتە دەربارەی گەنجێکی خەڵکی (نەجەفە) • ئەم گەنجە ویستوویەتی کە بچێتە قوتابخانە هەر وەکو خەزم‌و برادەرەکانی •

بەلام پیاوێکی ئایینی کاری لە باوکی کردوەو لە خشتەی بردووە کە نەهێڵێ بچێتە قوتابخانە • لەپاش ماوەیەك ئەم گەنجە بە چاوی خۆی ئەم کابرایە دەبینی کە کۆڕەکەی دەنێرێتە قوتابخانەو دەبێ بە پزیشك • ئەم رووداوە کارێکی زۆری کردەسەر گەنجەکەو خەفەتێکی زۆری لێ خوارد • تاوای لێکرد کە نەخۆشی نەفسی بیکی‌و رقی لە خەڵك بێتەوەو جوێن بە خەڵك‌و نەریت‌و خوورەوشتەکانی کۆمەڵ بدات تا لە دووایی‌دا ئەم لاوە بەم هۆیەوە دەخرێتە بەندیخانەو نازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەکێشی تا ژیانی لە ناو بەندیخانە بەسەر ئەبات •

Institut Kurde de Paris

کۆمپانیای گشتی پەلەوەری ناوچەی ژوورو پروژەیەکی گەورەی ئابوری وکۆمەلایەتییە

● دکتور فوئاد جەلال : پاش تەواو بونی گشت پروژەکانی کومپانیا ساڵی ٥٢٨ ملیون هێلکەو ٢٦ ملیون مریشکی گۆشت دێنێتە بەرهەم ٠

● لە پەیامنێری «هاوکاری» یەوە لە هەولێر

وڵاتەکەمان وە بەتایبەتی ناوچەی کوردستان لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەتەکانی پیشو لە ووی ئابوریو کومەلایەتیەوە زۆر دواکەوتوو هەژار بوو ، بەلام پاش شورش ١٧-٣٠ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ بە پێی ئەخشەیەکی فراوانو ئاراستەکراو گورانێکی گەورەی بەسەرا هات ٠٠

ئەوپروژانەی کە ئیستا بونەتە کۆلەکەی ئابوری نیشتمانیو جێ ئەزرکەی پیشکەوتنی ناوچەکە کومپانیای گشتی پەلەوەرە ٠٠ کە تارادەیەك رواڵەتی ئابوری ناوچەکەی کوزیوە ، بۆ ئەوەی زۆرتر شارەزای جوری خزمەتگوزاریو بەروبومی ئەم کومپانیایە بین داوامان لە بەریز دکتور فوئاد جەلال غەریب بەریوەبەری گشتی کومپانیای ئاوبراوکرد کەهەندێك روی پروژەکانی کومپانیاکەمان نیشان بدات ٠٠

بەریز دکتور جەلال وتی :

ئەم کومپانیایە پینج پاریزگا ئەگرێتەوە ٠٠ هەولێر ، دهوك ، ئەینەوا ، کەرکوك ، سلیمانی ٠ لە هەر شارێك لەم شارانە لقێکی ئەم کومپانیایە هەیە ٠٠

پروژەی هەولێر ساڵی ٧٠ ملیون هێلکەو (٢) ملیون مریشکی گوشت دێنێتە بەرهەم ، بەلام مریشکەکان بەزیندویی ئەفروشرێن ، لەبەرئەوە تا ئیستە شوێنی سەربڕین (مجزرە) تەواو نەبوە ، هەمو جۆزەکەرەستەو کەلوپەلیکی تەکنیکی بۆ ئەم مەبەستە تەواو کراوە ، ئەمیش بەم نزیکانە تەواو ئەبێ ، باشی سالێکی تر بەرهەمی ئەم پروژەیە ئەکاتە سەد ملیون هێلکە ٠

سێ جۆر کێڵگە (حقول)یان بۆئێن شوێنمان هەیە بۆ بەرهەم هێنان :

١ - بۆ بەرهەم هێنانی هێلکە ٠

٢ - بۆ بەرهەم هێنانی مریشکی گوشت کە ساڵی دو ملیون مریشک بەرهەمی ئەبێ ٠

٣ - بۆ مریشکی دایکانە ٠٠

واتا هێلکەکانیان بۆ هەڵهێنان ئەشێن ٠٠ ئەمەیان ساڵی پینج ملیون هێلکەی لێدێتە بەرهەم ٠٠ لەگەڵ هێلکە هەڵهێنەریك (مفقصە) کە هێلکەی گوشتو دایکانە هەڵ دێنێ ٠٠

● بەشی پەکەم خۆی لە خۆیا ئەگرێ بە چوار بەشەوە :

سیانیان بۆ بەرهەم هێنانی هێلکەی خواردن ، بەشی چوارە میشیان بۆ بە خێو کردنە ٠

● ١٠ هەزار داری زەیتونو دو هەزار داری فستقو ٤٠ هەزار داری سەرو سنەوبەرو کالیتوسمان ناشتوە ٠٠ هەروەها ٤٠ تەن تۆوی کەنمو بۆ ناشتنی داری زەیتونو فستقو تۆی ئامادە کردوە ٠٠

● لە پروژەی هەولێر دو کۆئامان هەیە بەکێکیان بۆهەڵگرتنی مریشکی سەربراو ئەوی تریان هێلکەی تیا هەڵ ئەگیرێ ٠٠ کە هەر یەکەیان هەزار تەن شت ئەگرێ ٠

● لە ئەخشەی ٩٧٦-٩٨٠دا پروژەیەکی گەورەمان بەدەستەوەیە کە ملیونیك عەدەد شیشی تیا بە خێو ئەکرێ ، کە کیشی هەر یەکیکیان ٥ر٧ کیلو گرام ئەبێ ، لەگەڵ مجزرەیەك کە لەسەعاتیکدا هەزار عەدەد شیش سەرئەبڕێو ئاوەروتی ئەکات ، کارگەیەکیش بۆ پارچە پارچە کردنی دروست ئەکرێ، بو باستورەی گوشتی عەلی شیشو ستیك و خستنە قوتوی گوشتەکە ، هەروەلەم ئەخشەیەدا ٢٠٠ خانو بۆ فەرمانبەرانو کریکارانی پروژەکە دروست ئەکرێ ریست هاوسیك لە ناوچەی دەربەندی گومەسپانی ٠٠ ئەمانە تیکرا ١٩ ملیون دینارەیان تێ ئەچێ ٠

پروژەی شەقلاوە ساڵی شەش ملیون مریشکی گوشتی تیا بەروەردە ئەکرێ ئەمەش ٨١٠ر٩ملیون دیناری تێ ئەچێ٠

لەکۆیە مریشکی دایکانە بە خێو ئەکەین ساڵی ٤٠ هەزار هێلکەی تیا دیتە بەرهەم ٠

پروژەیەکی ترمان دیسان هەر لە هەولێر بەدەستەوەیە ئەویش دروست کردنی خانو بەرەی مەلبەندی کومپانیا کەیە کە ٧٥٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ٠٠ تاقیگا (مختبر)یك کە ملیونیك دیناری تێ ئەچێ ٠

پروژەی ئەینەوا لە ماوەی ١٠ مانگدا کەواو ئەبێ، ٧٠ ملیون هێلکە دنیتیە بەرهەم ، لە ئەنجامدا بەرهەمی ساڵانەی ئەکاتە سەدملیون هێلکەو ٧ ملیون دیناری تێ ئەچێ ٠ نیازمان وایە پروژەیەکی تری بەم جۆزە لە شیخان بکەینەوە کە ساڵی شەش ملیون مریشکی گوشتی تیا بەروەردە ئەکرێ ئەویش ٨١٠ر٩ ملیون دیناری تێ ئەچێ ٠

هەر پروژەیەك لەمانە باسمان کردن ١٠٠ هەزار دینار بۆ خانوو بەرەو ٥٠ هەزار دینار بۆ ناشتنی دارو دەرختی تەرخان کراوە ٠

ئیستا پروژەی دهوك بەدەستەوەیە کە ساڵی ١٠٠ هەزار هێلکەی تیادیتەبەر ، ئەم پروژەیە ٧ ملیون دیناری تێ ئەچێ ٠

پروژەی کەرکوك مانگی تەموزی ٩٧٦ تەواو ئەبێ ، بەرهەمی ساڵانەی ٧٠ ملیون هێلکەیە ، ١٥ ملیون دیناریش بو پروژەی دوزخورماتو تەرخان کراوە کە لەساڵیکدا ١٢ ملیون مریشکی گوشت بەروەردە ئەکات ٠٠

پروژەکەی سلیمانی لەسەر چنار ئەبێ ، ئەویش ساڵی ٧٠ ملیون هێلکەی تیادیتە بەرهەم، لە ماوەی ١٨ مانگدا تەواو ئەبێ ، ٧ ملیون دیناریش بو پروژەی دەربەندیخان تەرخان کراوە ، ٥ ملیون دیناری تریش بۆ پروژەیەکی بە خیوکردنی دایکانە دانراوە ٠

لە دوای تەواوبونی ئەم پروژانە بەرهەمی ساڵانەی کومپانیا کە ئەتاتە ٥٢٨ ملیون هێلکەو ٢٦ ملیون مریشکی گوشت ٠٠ بەرهەمی هێلکەی ئیستا هاوینان بە زیادەوە بەشی ناوچەی ژورو ئەکات ، کە پروژەی کەرکوك تەواوبو ئینجا بەزستانیشا بەش ئەکات ٠٠

ئیستا نزیکەی ٥٠٠ فەرمانبەرو کریکار لە کومپانیاکەدا ئیش ئەکەن ، ئەم کومپانیایە جگە لەوە کە لەروی ئابوریەوە گەشە بە ناوچەکەئەدا ئەبێتە هۆی چاو لێکەری بەروەردەکردنی پەلەوەریش لە ناوچەکەدا ٠

شارەزایانی جیهان بەوجۆرە سەرنجی جۆری بەروەردەکردنی پەلەوەرئەدەن کە وڵاتی عیراق لەم رووەوە هەنگاوی پیشکەوتوانەی ناوەو تیایا سەرکەوتوە ٠

- پەیامنێری هاوکاری -

مامۆستا حامید فەرەج

گفتوگۆ دەربارەی یادگار و بەرهەمی داهاتوو

مامۆستا حامید فەرەج لەساڵی ١٩٣٦دا یەکەم ئەلفوبێی کوردی بەنیگارەوە بۆ قوتابخانەکان دانا ، لەم رۆژانەدا چاوەڕێ بە مامۆستای ناوبراو کەوتو سەبارەت بە یادگارەکانی رابوردوو وە بەرهەمی داهاتو ئەم دەمەتەقێیەمان کرد :

● ژیانتان بە کورتی :

- لە ساڵی ١٩١١ لە شاری سلیمانی لەدایك بوم ، پلەی خویندنی سەرەتاییم هەر لەوێ تەواو کردوە ، خویندنی مامۆستایانی سەرەتایی (دار المعلمین)م لەبەغدا خویندوە ٠٠ پاش ئەوەش چومەتە کولیجی سەربازی ، کە تەواوم کرد دیسانەوە چومەوە کولیجی ئەفسەری پولیسو دوایلەی فەرمانبەر ریتیم عەقیدی پولیس بوو ٠٠ ساڵی ١٩٥٤ تەقاویت کرام ٠

● یەکەمین بەرهەمەی ئەدەبیتان ؟

- ئەلفو بێی کوردیم بە نیگارەوە لە ساڵی ١٩٣٦دا دانا لە قوتابخانەکانی وڵاتدا ئەخوێندرا ، هەرچەند لە کاتی پیشکەش کردنی کتیبەکەدا بۆ وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە هەندێك لە لێ پرسراوان رەخنەیان لە پیتە کانی وەکو (چ ، گ ، پ ، ژ) ئەگرت ، بەلام لە کاتی چاپکردنا خۆم سەرپەرشتیم ئەکردو زۆر تەقەللام دا کە بە کەموکورتی چاپ نەکرێو ئەو پیتانەش هەریەکە لە جیگای خۆی دابنرێ ٠وە یەو جۆزە چاپ کرا ٠

● سەر بەکام قوتابخانەی ئەدەبین ؟

- قوتابخانەی ئەدەبی ریالیزم حەز بە جەمسەرو سەرتاکانی ئەدەبی تازە ئەکەم ٠٠ شارەزاییم لە ئەدەبی کلاسیکی دا هەیە بەلام وەکو ئەدەبی نوێ چێژی لێ وەرناگرم ٠٠ بەرای من ئەدەبی نوێی ئەمرۆ لە سەر بنجی ئەدەبی کۆن دامەزراوە بۆیە رەسەنێتی خۆی ئەدۆزرانەوە ٠٠

● باری ئەدەبی ئەمرۆ چۆن بەراورد ئەکەی ؟ شیعر ، چیروك ، بەخشان ٠٠ هەریەکە لە ترازوی خۆیدا ٠

- شیعری ئەمرۆ لە شیعری کۆن رەوانترە ، بەلام لەمانادا ناکەنە شیعری کۆن ٠

چیرۆکی ئەم سەردەمە بە نیسبەت کوردەوە شتێکی تازەیە ٠٠ هێشتا لە قالبی تەکنیکی چیروك دا نەمەپیوە٠

بەخشان ٠٠ بەشێوەی گشتی کەلەبەری ئەدەبی خۆی پر کردۆتەوەو لەروی تەکنیکی ئەدەبیەوە گەلێك هەنگاوی پێشکەوتوانەی ناوە ، وەکو بژار کردنی زمان لە وشەی بێگانەو ئەتوانم بڵێم لە گەڵ بەندی پیشینانا دو هێڵی هاو تەریبن ٠

● چ پروژەیەکی ئەدەبی نوێت بە دەستەوەیە ؟

- حاجی بابای ئەسفەهانیم لە سێ زمانەوە (ئینگلیزیو عەرەبیو فارسی) پوختەکەیانم وەرگرتوە ، دەستنوسەکەی ٤٥٠ لاپەرەی فلسکاپە ٠٠ ئەمەوێ چاپی بکەم ٠

- رێنوسی کوردی لە ماوەی ٨٠ ساڵدا واتا لە ١٨٩٥ -١٩٧٥ ئەمەش دەستنوسەکەی ١٥٠ لاپەرە ئەبێ بە قەوارەی فلسکاپ ٠

- دروست کردنی فرمان (فعل)ی کوردیو خستنە قالبی دروست کردنیانەوە بەپێی کات ٠

مامۆستا حامید فەرەج

- چەند پارچە نوسینێکی تری هەمە جۆرەی تایبەتی ٠

● بیروراتان بەرامبەر بە دروست کردنی وشەی تازە چۆنە ؟

- کۆڕی زانیاری کورد ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی باشترە ، لەوەی هەرکەسێك یان کۆمەڵێك بیەوێ وشەی بێویستی خۆی دابتاشێو بەپێی باری سەرنجی خۆی دروستی بکات ٠٠

ئەوانەی توانایان لەم بوارەدا هەیە با بیشنیاری خۆیان بەکۆڕی زانیاری بکەیەنن ٠٠ باشترین شت بۆ ئەوەی خەڵکیش لێی تێ بگات ئەگەر نوسەرێك، وشەیەکی کوردی یەتی دەست نەکەوت باوەکو خۆی بینوسیت ناکۆڕ وشەی بۆدانەنێ ٠٠

دەزگای هاوکاری زۆر سوپاسی مامۆستا حامید فەرەجی کرد سەبارەت بەو ئەرکەی کیشایو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە ٠٠

- نوێنەری هاوکاری -

گەشتێك لەکتیبخانەی گشتی سلیمانی دا

نوینەری دەزگای هاوکاریرێی کەوتە شاری سلیمانیو بەهەڵی زانی سەر لە نامەخانەی گشتی سلیمانی بداتو چەند پرسیارێك لە کاربەدەستانی نامەخانەکە بکات ٠٠ لە ئەنجامدا ئەم گفتوگویە لە نیوان نوینەرو لێپرسراوانی نامەخانەکەدا سازبوو ٠٠

● کورتەیەکی میژووی نامەخانەکە :

- لە ٣٠-٦-١٩٤٣ ئەم نامەخانەیە دامەزراوە ، تا ئیستا ئەم برایانە سەرپەرشتی یان کردوە :

- محمرم محمد امین ، محمود احمد ، فوزی رشید ، قادر محمد صالح ، محمد عجیل ، عبدالکریم عارف ، عبدالله کریم علاف ٠

لە سەرەتادا خانوبەرەیەکی تەواوو گوفارو کتیب و روژنامەی ئەوەندە نەبوو ئارەزوی خوینەران پاراو بکات، لە بەر ئەوە لەو سەرەتایەدا خەڵکیکی کەم رویان تێ ئەکرد٠

بەلام بەرەبەرە لە هەمو رویەکەوە هەنگاوی پیشکەوتوانەی ناو بوو بەجێ ئەزەرگەی زوربەی خوینەرانی ئەمرۆمان ٠٠ بەدەگمەن هەیە خوینەرێکی کورد ئیستا دوستی نامەخانەکەمان نەبێ ٠٠

توانیومانە لقی نامەخانەکەمان لە زۆر شوینەدا بکەینەوە ، وەکو هەڵەبجەو پشدەرو پینجوینوەهەروەها بەدەستەوەیە لقی تر لە قەزاکانی دوکانو دەربەندو رانیەو شاربازیردا بکەینەوە ٠

● ژمارەی کتیبەکان :

- زیاتر -٢٣ هەزار کتیبمان هەیە ، ٥٥٠ کتیبی کوردی لە بەشێکی تایبەتی کتیبخانەدا دانراون ٠٠

روژنامەی ژین ، ژیان، ژیانەوە ، ئازادی ، رای گەل ، بروا ، نەوروز ، خەبات ، کوردستان ، برایی ٠ لەگەل گوفاری گەلاویژ ، روژی نوێ ، هیوا ٠ بڵیسە ٠ دیاری کوردستان ٠ پیشکەوتن ٠ روژی کوردستان ٠ زانیاری٠ نوسەری کورد ٠ گوفاری کۆڕی زانیاری کورد ٠ رزگاری ئەمانە هەمو ژمارەکانیان بیکەوە دەستە بەست کراون ٠

● ئەوانەی کتیبخانەیان پیشکەش کردوە :

- بیشەکی سوپاسی ئەوبەریزانە ئەکەین کە کتیبخانەیان تەنانەت یەك کتیبیان نامیلکەیەکیان بە دیاری پیشکەش بەکتیبخانە کەمان کردوە ئەمەش ناوی ئەو بەریزانەو لیستەی کتیبەکانیانە :

ژمارەی کتیب

ناو

١ - مامۆستا عەبدوڵلاجەوهەر . ١١٦١ -

٢ - مامۆستا رشید نجیب٥٣٢

٣ - مامۆستا توفیق وەهبی٤٩٤

٤ - مامۆستا حمە علی فرج٤٥٥

٥ - مامۆستا شاکر فتاح ٢٢

٦ - مامۆستا جەمشید فوناد٢١٨

● سەرجەم چەندکەس لەمانگیکدا دیدەنیتان ئەکەنو کتیبتان لێ ئەخوازن ٠٠

- خۆی ئەدات لە ٣٥٠٠کەس ، زوربەیان قوتابین

● جیگاو رێگا ٠٠

- ئیستا بەندازەی بیویست جیگاو رێگامان باشە ، روژی١٢ سەعات بە دوو پوستە کاربەدەستان خزمەتی میوانە بەریزەکان ئەکەنو بەدەنگیانەوە ئەچن ٠٠

● یارمەتی دەزگا چاپەمەنیەکان :

- وەزارەتی راگەیاندن بەتەنگ پیشکەوتنمانەوەیەو یارمەتمان ئەدات ٠

● گرنگترین کتیب :

- دەستە بەستەکانی - روژنامەی ژیان ، ژیانەوە ، ژین ، گوفاری دیاری کوردستان ، گەلاویژ ، کتیبی میژوی کوردو کوردستان ٠

● ئەم گوفارانە لەسەرئەرکی کێ دەستە بەست (تجلید)ی ئەکەن ؟

- بەریوە بەرایەتی ناوخۆ هەموساڵیك بودجەیەکی نایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دائەنێو (تارادەیەك) بەشی ئەم کارە ئەکات ٠

- نوینەری هاوکاری -

نامەو کاروباری هاوولاتیکان

● بۆ خاوەنی (وەڵامیکی پیویست) :

کاکی برای لە کاتی خۆیدا باسکراوە ٠ ئەوەمە سەلەپە پەوردی

● بۆ خاوەنی (هەوالیك لە هەولیرەوە) :

نوسینەکەی جەنابتان شوین کەوتنی ئەوریچکە نوسینەیە کە چەند جاریك لەم نزیکانەدا بڵاوکراوەتەوە ٠٠ تەنیا ئەوەندەیان فەرقە هینەکەی ئیوە وەکو ئەوانی پیشو (کاریگەرانە !) نەنوسراوە ٠

● کاك ناطق ٠٠٠ :

بی قەزابی بوش لەکا ئەبژیری ٠٠

● مامۆستا محەمەد عەلی٠٠:

نامەکەی جەنابتان رەخنەیە ٠٠ بەلام بە شیوەیەکی مەوزوعیانە نەگیراوە ٠٠ هەمو شتیك گیرو نرفتی دیتە ریگا ، بەلام مەرج نیە هەمویان هەردە ست کردبن ٠

● بۆ خاوەنی (بۆ چی ؟) :

ئیمەش ئەڵێین : ئەوە بۆچی ئەو شتانەت نوسیوە ؟

● کاك حمە صالح عوسمان:

قسەی خۆمان بێ لە نوسینەکەت تی نەگەیشتین ٠٠

● بو خاوەنی (ئیوە ئەلین چی ؟) :

ئیمە چی بڵێین باشە ؟

● کاك عوسمان عەنەبی لە ئاموژگای مامۆستایانی هەولیر:

ئەو گلەییەی لە نامەخانەی(زانستی)ت کردوە ، ئەگەر وابێ جێی خۆیەتی ٠٠ ئینجا باشتر ئەوەیە خۆت لەم بارەیەوە قسەیان لە گەلایکەو ئەنجامەکەی بەلایەنە لێپرسراوەکان بکەیەنە ! ٠

Institut kurde de Paris

پاشماوەی «کتێبی هاوکاری»

بەسەر دنیاوە نەبێ وابوو .. بابی ، نەحمەدی ئازاد نەدەکرد ، ئازادیشی کردبا جارێکی دیکە چاویان بە یەك نەدەکەوتەوە . پاشایەك چۆن کیژی خۆی بە چیایی‌یەکی وا رەوا دەبینی ! چیایی‌یەکی یاخی سەرکێش‌و کەلەوەکێشی وەکو نەحمەد . گوڵبەهار کە گوێی لە دەنگی بلوێر بوو بە خۆدا هاتەوە . ئازای لەشی سەرتاپا لە مچوڕك نیشت .

بریا نەحمەد لە زیندان ئازاد با ، شەوێك لەنکاو هاتبا پیلی کرتبا ، عەلیدابا سەر پشتی ئەسپی‌و بارەو پێدەشتانی پر مامزان ئاژوابای .. جا لەوێ ، چەند خۆش بوو ، دیمەنی رەشماڵ‌و گۆڕ‌و دەواری درێژ درێژو هەراو بەرینی کوردان ، عزبەو چاوخانی کوردانی دیتبا‌و لەوان ماڵە کوردانی میوان دۆست میوان با .

ئەوی راستی بێ ، نەحمەد بە چاوێکی تایبەتی دەیان نۆرییە ئینسانانی چیای ئاگری . خەڵك وەکو زیندەوەری دنیایەکی دیکە ، وەکو شتێکی پیرۆزیان لە قەڵەم دەدان . جا وا چووش ، وا هەموو شتێ بە کوێرەی خواست‌و ئارەزووی ئەورەخسا ، خۆ بابی ، لەو بەری دنیاش بێ ، لە پەرەی هەور بێ دەستی دەیگارێ‌و لەسەری دەدا . عوسمانلی دەستی درێژەو بەم پەڕو بەو پەڕی دنیا دەگا ، ئەحمەدیش دەکوژێ . ئیدی هەروا بیری دەکردەوەو عەناوی عەلدەقرجا .

ئەو شەوەش دەبوو بچێتە کن ئەحمەد . بەڵام بابی بێ بزانێ لە سەری ئەحمەدیش‌و خۆشی‌و مەمۆشی دەدا . مەمۆ زۆر خۆش‌حاڵ بوو . قەتی هێنده زێڕو زەبەند وەچەنگ نەکەوتبوو . کلیلەکانی دابووبەو رۆیشتبوو . هەرچەند مەمۆی وەبیر دەهاتەوەو دەمچاوە مرومزچەکەی دەهاتە پێش‌چاو خەم دای دەگرت‌و هەولی دەدا لە بیری خۆی بەرێتەوەو نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە . لە ناخی دلیەوە هەستی بە شتێك کردبووو زۆر لە مێژ بوو شتێکی لە مەمۆدا شك دەبرد . مەمۆ زۆر پیاوانە لە گەلی دەجووڵاوە . لەوە دڵنیابوو کە هەر خواستێکی لێخواستبا بۆی جێبەجێ دەکردو درێغی لێنەدەکرد .

گوڵبەهار دەیویست هەموو شەوێ لە زیندان چاوی بێ‌کەوتبا ، بەڵام چۆن دەگرا هەموو شەوێ داوای کلیلی کردباو دەمچاوە مرومۆچەکەی دیتبا . مەمۆ مردنی خۆی لە کلیل وێ دانێی گەلێ پێخۆشتر بوو . ئەمە کارێ نەبوو ، تەنیا هەر گوڵبەهار پێ بزانێ ، لەوانە بوو خەڵکی دیکەش پێی زانیبا . هەستو نەستی گوڵبەهار ئێجگار سەرکێشانە بوو ، بەرانبەر هەموو شتێ ، بەرانبەر باوکی، بەرانبەر پاشەڕۆژ ، بەرانبەر گۆشك‌و سەرا ، بەرانبەر جیای ئاگری ، بەرانبەر هەموو دنیا بێ‌بەروا بوو .

لە دیوەخانەوە دەنگە تێرەکەی بابی دەهات . مەحموود خان پیاوێکی زۆر لەبار بوو ، بەتایبەتی کاتێکی بە کوردی داخاوت خۆ ئەوە هەر بە جارێ لە دڵەوە ، بەگەرمو گوڕتر ، زۆر بە سەلیقەترو لەبارتر دەهاتە دوو .

دەنگوت کەلە خەرتەلە . گوڵبەهار تا ئەو دەمی بابی هەر خۆشدەویست . بابیشی بەوەی دەزانی کە گوڵبەهار خۆشی دەوێ .

ـ ماوێتی ـ

پاشماوەی : ئەمجارەش لەسەر باری

هەموو شتێك پیویستی بە گۆرینی ریژیمی سیاسی لوبنان هەیە ، هەتا ئەوکاتەی ریگایەکی بنەڕەتی بۆ گۆڕینی ریژیم نە دۆزراوە ئەوە ئەنجامی هەموو هەوڵی‌و تەقەلایەکی نیوەچڵ بۆ گەڕانەوەی ئاسایش‌و هێمنی هەرێمی شکانەو هیچی تر .

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو جیژنی ٣٢ سالەی سەربەخۆیی لوبنان بوو . بە پێچەوانەی هەموو ساڵەکانی تر وبەپێچەوانەی ڕۆژی سەربەخۆیی جیهان کە خەڵك خۆیان بۆ شادمانی‌و ئاهەنگ گێڕان ئامادە دەکەن ، خەڵکی لوبنان لەبەر ئاڵۆزی وشپەرزەیی باری ئاسایش ناچار بوون دەرگای ماڵەکانیان دابخەن‌و کیانی خۆیان لە مەترسی گوللەی قناصەو پریشکی دابووبەو رۆیشتبوو . هەرچەند مەمۆی وەبیر دەهاتەوەو دەمچاوە مرومزچەکەی دەهاتە پێش‌چاو خەم دای دەگرت‌و هەولی دەدا لە بیری خۆی بەرێتەوەو نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە . لە ناخی دلیەوە هەستی بە شتێك کردبووو زۆر لە مێژ بوو شتێکی لە مەمۆدا شك دەبرد . مەمۆ زۆر پیاوانە لە گەلی دەجووڵاوە . لەوە دڵنیابوو کە هەر خواستێکی لێخواستبا بۆی جێبەجێ دەکردو درێغی لێنەدەکرد .

گوڵبەهار دەیویست هەموو شەوێ لە زیندان چاوی بێ‌کەوتبا ، بەڵام چۆن دەگرا هەموو شەوێ داوای کلیلی کردباو دەمچاوە مرومۆچەکەی دیتبا . مەمۆ مردنی خۆی لە کلیل وێ دانێی گەلێ پێخۆشتر بوو . ئەمە کارێ نەبوو ، تەنیا هەر گوڵبەهار پێ بزانێ ، لەوانە بوو خەڵکی دیکەش پێی زانیبا . هەستو نەستی گوڵبەهار ئێجگار سەرکێشانە بوو ، بەرانبەر هەموو شتێ ، بەرانبەر باوکی، بەرانبەر پاشەڕۆژ ، بەرانبەر گۆشك‌و سەرا ، بەرانبەر جیای ئاگری ، بەرانبەر هەموو دنیا بێ‌بەروا بوو .

لە دیوەخانەوە دەنگە تێرەکەی بابی دەهات . مەحموود خان پیاوێکی زۆر لەبار بوو ، بەتایبەتی کاتێکی بە کوردی داخاوت خۆ ئەوە هەر بە جارێ لە دڵەوە ، بەگەرمو گوڕتر ، زۆر بە سەلیقەترو لەبارتر دەهاتە دوو .

دەنگوت کەلە خەرتەلە . گوڵبەهار تا ئەو دەمی بابی هەر خۆشدەویست . بابیشی بەوەی دەزانی کە گوڵبەهار خۆشی دەوێ .

ـ ماوێتی ـ

پاشماوەی : سەردانەکەی عەقراوی

پاشماوەی : سەردانەکەی عەقراوی

گیروگرفتی هاو وڵاتیانیان کردوە .

مامۆستا عەقراوی بەخەڵکی ڕاگەیاندوە کە سەرکردایەتی پارتی بەعس‌و شورش سورن لەسەر جێبەجێ کردنی پروژە خزمەتگوزارییەکان‌و هەمودا خوازییەکیان دیننەدی .. هەروەها داوای لەسەروکی دایەرەکان کرد کە بەگورجی پروژە خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکەن‌و داخوازی هاووڵاتیەکان بەدی بێنێ ..

ڕۆژی ٢٤-١١ چووەبۆ سەردانی قەزاکانی دوکان‌و ڕانیە‌و قەڵادزەو ناحیەی سوداش‌و خەلەکان‌و جوار قورنەو سەنگەسەر .. دیسان لەم سەردانەشیا بەریز پاریزگاری سلیمانی‌و هەفال لێبرسراوی شعبەی سلیمانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی لەگەلدا بوە . وەلە کاتی سەردانەکەیا لەگەل کاربەدەستە لێبرسراوەکانی ناوچەکانا کۆبۆتەوەو لەبارەی داخوازی‌و گیروگرفتی هاو وڵاتیانەوە دواون .

مامۆستا عەقراوی باسی دەسکەوتەکانی شورشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتی‌و سوشیالیستی کردوە ، باس ئوتونومی کردوە کە چۆن لەناو قوڵایی بیروباوەری مروڤانەی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبە وەهەل قوڵاوە ..

لەم سەردانەدا بەریز جێگری ئەمینداری‌نهینی سەرکردایەتی لقی ژوروی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەگەل مامۆستا عەقراوی دابوە ..

ئەمەو مامۆستا عەقراوی ڕۆژی سێ شەممە گەشتەکەی لە پارێزگای سلیمانی کە جوار ڕۆژی خایاند کوتایی پێهێنا .

ئا.د.ع

پاشماوەی : ئاهەنگی قوتابیان

وەڵامی ئەوپرسیارانەی دایەوە کە لەلایەن قوتابیانەوە لێی ئەکرا لەبارەی‌ڕۆداوە عەرەبی‌و جیهانیەکانەوە .

دیسانەوە کاك محمد دبدب سەروکی یەکێتی قوتابیانی قوتابیانی عیراق وئارەزوکی خوێندەوە وسڵاوی لە هەفال ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی کردو وتی : ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ جوڵانەوەی قوتابیان‌و سەر کردەکەی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق کە هەفال نعیم حداد لەگەڵمان بەشداری ئەم ئاهەنگە پیرۆزە ئەکات بە ئەی بیرەوەری چواردەیەمین یادی لە دایك بونی یەکێتی‌یەکەمانەوە .

ئا.د.ع

پاشماوەی : مامۆستا عەزیز ..

بەهەمو زمانەکان تەرجومە کراو بەسەر هەمو ئەندامانی بەشداری کونگرەکەدا دابەش کرا ..

دیسان وتویە : وەفدی عیراق لایەنگری وەفدی عەرەبی کردو عەلوتستیان یەك خست لەبارەی مەسەلەی عەرەب‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە .. هەروەها کونگرە بریاریکی تایبەتی لەبارەی ناوچەی عەرەبەوە دەرکرد کە پشتگیری خەباتی ڕەوای کەلی عەرەب ئەکات لەدژی ئیمپریالیزم‌و سیاسەتی ئەمەریکا بەتایبەتی بەرامبەر بەو ناوچەیە کە بە چارەسەرکردنی ئاشتیانە ناوبراوەو ئەیەوێ بەرەی خەباتی کەلی عەرەب لیك بپچڕێنێ ..

دیسان بڕیارەکە سەر زەنشتی هەمو ڕێکەوتنێك ئەکات کە قەوارەی ئەمەریکا لەرووی سیاسی‌و ئەسکەریەوە بەهیز بکات .. وە زور سەرزەنشتی زایونیزمی جیهانی‌و سەرە ڕەکەی (ئیسرائیل)یان کرد .

کونگرەکە داوای کردوە کە زایونیستەکان بە‌ئورجی لەناوچەعەرەبیەکان بکشینەوەو کەلی عەرەبی دەر بەدەر کراو بگەڕێنەوە بۆ شوێن‌و جێگای خۆی .

لەلایەکی تریشەوە کونگرە بیزاری خۆی بەرامبەر بەدەسکاری کردنی کاروباری ناوخۆی لوبنانی دەربری لەلایەن ئەمەریکاوە وە داوای کرد کە پشتگیری کەلی لوبنان بکرێ بۆ پلیشانەوەی ئەو پیلانە کۆنەپەرستانەیە کە ئەمەریکا سازی کردوەو یەکێتی لوبنان بیبارێزێ .. وە چون یەکێ لە ئەو پیلانانەدا کە ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستان لەناوچەی خلیجی عەرەبدا ئەی نینەوە .

کونگرەکە بڵاوی‌کردەوە کە هاریکاری کەلانی ئاشتیخواز ئەکاتەوە بەتایبەتی تیکوشانی کەلی عمان .

ئا.د.ع

پاشماوەی : بریاری گرنگی

پاشماوەی : بریاریکی گرنگی

پێچەوانە بێ یەکی ئەخرێت .

بەندی پێنجەم :ـ

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا بڵاو ئەکرێتەوەو لە ١-١-١٩٧٦ کاری پێ ئەکرێ .

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

وە لە هۆی دەرچوونی ئەم یاسایەدا وتراوە : شۆڕشی خەفەدەی تەموز ئەیەوێ کۆمەڵی نوێ‌ی ئەوانی ڕیشەیی لەکۆمەڵدا بەدی‌بهێنێ‌و کۆمەڵ لەشوێنەوارو پاشماوەی کۆنی بەجێ‌ماو ڕزگاربکات‌و بەرەو بنیات نانی کۆمەڵی سوشیال دیموکرات هەنگاو بنێ .. ئەرکی ڕزگار کردنی ئافرەتیش لەمەیانی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و یاسای باوئەماودا دێتە پێشەوە .. وە لەبەر ئەوەی ڕەوتی شۆڕش وا پیویست ئەکات کە بەهاو ئەریتەکانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بچەسپێنرێ‌و خێزانیش نۆرگانێکی کۆمەلایەتی‌یەو پتەوی‌ی کۆمەڵی لەسەر وەستاوە لەبەر ئەمانە و بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزی خێزان ئەم یاسایە دەرچوو .

ئا.د.ع

پاشماوەی : چەماوەری

ئەمینداری کشتی بەرەی عەرەبی بەشدار بوو لە شورشی فەلەستینەدا وتویە هەفتەی داهاتو گەشتی بە وڵاتە عەرەبەکاندا ئەکا بۆ ڕون‌کردنەوەی کیشەی لوبنان‌و ئاشکرا کردنی باری ڕاستی .

جەنبلاط ئەمەی دوای ئەو کوبونەوەیە وتوە کە بەرەی تێکوشەری بەرلەمانی بەستی . وە داوای کرد کە سەروکی دەولەت‌و وەزیری ناوخۆ واز لە ئیشوکار بێنن . دیسان وتی : سەروکی دەولەت هەرخۆی بە تەنیا ماوە ، کەمیل شەمعون چون فەرمان بە میلیشیاکانی خۆی ئەدا هەرواشی لە کەل هیزەکانی ئاسایشدا ڕەفتار ئەکا .

پاشماوەی : بریاری ئەنجومەنی ...

خاڵی ژمارە (٦٧)ی ساڵی ١٩١٢ی دەسکاری کراو کاریان پێ‌ئەکرێ تەنیا ئەوانە نەبێ کە بەپێچەوانەی ئەم بڕیارەوەن .

٣ ـ ئەم بڕیارە لەڕۆژنامەی ڕەسمی‌دا بڵاو ئەکرێتەوەو کاری پێ ئەکرێ .

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

بۆزانین

بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەی ئاوی ئەلەکتریك لە پروژەکانی نەخشەی گەشە کردنی نەتەوایەتی ژمارە ٦٧ موناقەسەی دامەزراندنی پروژەی ئاوی الریاض لە پاریزگای کەرکوك

١ ـ بڵاوی ئەکەینەوە کە موناقەسەی دامەزراندنی پروژەی ئاوی الریاض لە پاریزگای کەرکوك هەیە ، بەپێی ئەو مەرجە گشتی‌و مواصفاتە تایبەتیانە کە ڕەنگ بێ لە بەشی حقوق‌و عقود لەبەرێوەبەرایەتی‌گشتی پروژەکانی ئاوو ئەلەکتریك دەست بکەوێ ئەگەر بروانامەی بەشداری ژوری بازرگانی هەبێ بە ـ٥٠ پەنجادینارە .

٢ ـ ئەوانەی ئەیانەوێ ئەمموناقەسەیە بکەن ئەبێ عەتاتەکانیان بەزمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی بەپێی ئەو ئاموژگاریانەی لەمەرجەکەدایە پیشکەش بە سکرتیری لیژنەی عەتاتات بکرێ لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی‌دا .

٣ ـ ئەم وەسیقەو بروانامانەلەگەل عەتاتەکاندا لەناو زەرفێکی پیچراوەدا ئەبن :

ا ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی(٩) نۆ هەزار دینار پارەیان کەفالەتیکی مەسرەفی کە بەلای‌کەمەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە بەرواری وەرگرتنی موناقەسەکەوە کاربکات یان چەکیکی نیمزاکراو لەلایەن بانقیکی‌ڕێگا دراوەوە ، هەر عەتاتاتیك ئەم تەئمیناتەی تیانەبێ یان‌بەپیچەوانەی ئەم‌ئاموژگاریانەوە پیشکەش بکرێ وەرناگیرێ .

ب ـ ئەو ئەخشەو کەتەلوگ‌و پلان‌و توصیلاتانەی پەیوەندی بەعەتاتاتەکەوەیە .

ج ـ ئەو وەسڵەی کە مواصفاتەکەی پێ کڕیوە .

د ـ بروانامەیەکی تازەی باجی دەخل‌یان ڕونوسەکەی .

هـ ـ بەرنامەیەك بەدەست‌کردن بەکاردەکە .

و ـ لیستەیەکی ئەو کارو قونتەراتانەی کەلەکاتی پیشکەش کردنی عەتاتاتەکاندا ئەیکا .

ز ـ لیستەیەکی ئەو کارانەی لەمەنەچن‌و قونتەراتچیەکە کردونی .

ح ـ ڕونوسیکی نیمزاکراوی بەڵێنی دامەزراندنی کومپانیایان پەیرەوی ناوخۆی (ئەگەر قونتەراتچیەکە کومپانیا بو)یان ڕونوسیکی نیمزا کراوی بەڵێنەکە ئەگەر سەرچاوەیەکی بازرگانی‌و لە یەك کەس زیاتربو .

٤ ـ هەر قونتەرات چیەك بروانامەی تەصنیفی قونتەراتچیتی هەبێ ئەتوانێ بەشداری بکات ، هەر عەتاتاتیك بەم جۆرە نەبێ‌ئەخرێتە پشت گوێ .

٥ ـ تاکوتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٣٠-١٢-١٩٧٥ یان‌ڕۆژێك دوای ئەوە ئەگەر ئەو ڕۆژە عطلەی ڕەسمی بووعەتاتات وەرئەگیرێ .. قونتەراتچیەکان ئەتوانن کاتی‌کردنەوەی عەتاتاتەکان ئامادەبن و بەچاوی خۆیان بیان بینن .

٦ ـ ئەبێ بولیکی بەنجا فلسی بەعەتاتاتەکاندا بنرێ .

بەرێوەبەری گشتی
ڕوژەکانی ئاوو ئەلەکتریك

بۆزانین

وەزارەتی اشغال‌و اسکان بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی اشغال

موناقەسەی نهێنی (٧٤/١٣٧) بۆ دروست کردنی بەشی ناوخۆیی لە ڕەبیعە ـ پارێزگای نەینەوا .

بەم بۆنەیەوە ئەم موناقەسە نهێنی‌یە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە ڕادەگەیەنین .

١ ـ ئەتوانرێت هەموو ئەو ئیستمارانەی مەرجی ئەم موناقەسەیەی تیایە لە بەرێوەبەرایەتی اشغالی پارێزگای نەینەوا بە (٥) دینار دەست گیر بکرێت ، ئەم (٥) دینارە نادرێتەوە ، بە لێندەرەکەش ئەتوانی گشتی مەرج‌و مواسەفاتە هونەرییکانی ئەو موناقەسەیە بکرێت ، ئەگەر هات‌و موناقەسەکەی دەست گیربوو .

٢ ـ دواکاتی پێشکەش کردنی عەتاناتەکان تا سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی (٢-١٢-١٩٧٥)ە عەتاناتەکان پێشکەشی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی عەتاتات دەکرێت ، لە بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی اشغال ـ حقوق‌و عقود ـ ، وەماوەی جێبەجێ کردنی کارەکە تەنیا (١٥) پانزە مانگە .

٣ ـ لەگەل عەتاناتەکاندا ئەم شتانەش پێشکەش دەکرێت :

أ ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی (ـر٦٤٠٠) دیناری (شەش هەزارو چوار سەد دینار) بەشێوەی کەفالەتیکی مەسرەفی ئەوتۆ کە تا شەش مانگ دوای تەواوبوونی موناقەسەکەکار بکات ، یا چەکیکی باوەڕ پێ‌کراو .

ب ـ هەویەی زووری بازرگانی ، لەگەل وسیقەیەکی زریبەی دەخلدا کە بۆ ئەمساڵ تازە کرابێتەوە .

ج ـ جەدوەلێك بەکاری هاوچەشن .

د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەرەکان .

٤ ـ ئەو عەتاناتانەی لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێن پشت گوێ دەخرێت .

٥ ـ بۆ ئەم بەرێوەبەرایەتی‌یە مەرج نیە کە نزم ترین عەتاتات وەرگرێت ، یا هەر عەتاناتێکی تر .

٦ ـ عەتاناتەکان لەبەرچاوی موناقەسەکان لەوکاتە دیاری کراوەدا دەکرێنەوەو ئەنجامەکانی لە لەوحەی ئەعلاناتا دەخرێنە بەرچاو .

٧ ـ سزای دواخستنی ڕۆژی (٤٠) چل دینارە وەبێویستە ، موناقیسەکان لەکاتی ناردنی موناقەسەکەدا ئەندازیاریکی سەر بەرشتی‌کەز دەست نیشان بکات .

بەرێوەبەری گشتی اشغال
عبدالوهاب المفتی

١-٢

بۆزانین

لە مەلاکی بەرێوەبەرایەتی گشتی‌ی تەختیت‌و موتابەعە بەناو نیشانی کاتب تابعە بە دوو زمان دەرەجەیەکی بە تال هەیە کە مانگانەکەی لە (٢٨ تا ٣٥) دیناره .

ئەوەی ئەم مەرجانەی خۆارەوی تیادایە موراجەعەتی دیوانی ئەم وەزارەتە بکات ـ بەرێوەبەرایەتی زاتیە ـ ئیستمارەیەکی خواستی چوونە خدمەی مەدەنی پربکاتەوەو ئەم وەسیقانەی لە گەڵدا پێشکەش بکات ـ شەهادەنامەی قوتابخانە ـ دەفتەری نفوسی ساڵی ١٩٥٧ یا هەویەی ئەحوالی مەدەنی لەگەل شەهادەی مەحکووم نەبوون ـ دەفتەری خدمەی عەسکەری ـ ڕەسمێکی شەمسی خۆی لەگەل شەهادەی جنسیەی عیراقیدا .

دواکاتی پێش‌کەش کردنی داخوازی تاپاش نیوەڕۆی ڕۆژی (٣٠-١١-١٩٧٥)ە .

مونەهەلات :ـ

١ ـ لە دەرچووانی بەیمانگای بەرزی سکرتاریەت بێت یاپلەیەکی وەك ئەوبەیمانگایەی تەواو کردبێ یا لە دەرچوانی قوتابخانەی ئامادەیی بێت .

٢ ـ بزانێت بە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی چاپ بکات .

لە باتی وەزیری ڕەی
الدکتۆر عمر رشید کەردی

١-٢

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ تۆمە

«پیشکەش بە هەمووخوشکانی کوردستان بەبۆنەی گۆتایی ساڵی جیهانی ئافرەتانەوە »

کەمال میراودەلی

خوشکێ ! تاکەی غەمی چاوەکانت بە فرمێسك دەشۆیت !
بڕوانە ئاسمانی شین ،
کەر هەموو ئەستێرەکان بەیەکەوە بێ نەکەنن ،
چۆن ئاوا دەرازێنەوە ٠٠
بڕوانە باخو گوڵزارەکان ،
کەر هەموو گوڵو درەختەکان جوانیو بۆنو سێبەریان نەبەخش ،
چۆن ئاوا ڕەنگینو بۆونن دەبن ،
بڕوانە شانەی هەنگوین ،
کەر هەموو هەنگەکان بەیەکەوە ڕەنج نەدەن ٠
چۆن ئاوا شیرین دەبێت ،
خوشکێ ! دەستت بدە دەستم ،
با ئەم دیوارە ژەنگاویانە بڕۆخێنین ،
بچینە دەرێ ٠٠ دەرێ ٠٠ دەرێ
بۆ ئەو ژەمینەی یانە : هێندەی ئازادی
جوانە : هێندەی خۆشەویستی

* *

خوشکێ ! تاکەی غەمی چاوەکانت بە فرمێسك دەشۆیت ؟
هەموو باڵدارەکان چاویان بشکووتو
هێلانەکانیان بەجێ هێشت ،
تاکەی تۆ زیندانەکەت جێ ناهێڵی ؟
خوشکێ ! دەستت بدە دەستم ،
تاو دە باج لەگەڵما ،
تاو دە قەڵەم لەگەڵما ،
ئەو ژیانە نوێیەی ئێمە درووستی دەکەین ،
نە زیندانی تۆ دەبێتو نە خەڵوەت خانەی
خەمی من !!

سەمای باڵین

هونەرێکی جوانە سۆزو خۆشەویستی ئەنوێنێ

سەمای باڵێ ، بەرزترین هونەری دەربڕینە لە جیهانداو بە هونەری سەمای دەربڕینی بەرز ناونراوە ٠

ئەم هونەرە ، ئەتباتەجیهانێکی تایبەتیو ناسکو دڵتەزێنەوە ، ناخی مرۆڤ ئەبزوێنێ ٠

کاتێ مۆسیقا ٠٠ بە ئاوازێکی ڕەوانی ئەرمەوەسەماکەرەکان ئەجوڵێنێ ، وات دێتە پێش چاو لە جیهانێکی ترانەڕێت ، جیهانێکی خاوەش و بێجرپە ، زۆر شتت لە بیر ئەچێتەوەو تەنیا ئەوەنەبێ کەهەست بە جالاکیەکی فیکری بێ سنوور ئەکەیت بەرامبەر جوولانەوەی سەماکەرەکانو ئاوازی بڕ لە خۆشەویستیو بەختەوەری مۆسیقا ٠

پێشڕەوی ئەم هونەرە لە یەکێتی سوفیەتدا شانۆی (بۆلشۆی)یە کە قوتابخانەیەکی تایبەتی یەو ٠٠ کەرەستەو بڕۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە ٠

کەوانی هونەری

● تیپی هونەری میللی کریکارانی سلیمانی

ئەم تیپەش لەم دواییەدا دوو زنجیرە تەمسیلی بۆ ئەکەیان ، ئەمە خەمە ، لە ئامادەکردنی هونەرمەند حاجی مەکی عەبدوڵلاو دووەم « ماوتە کاول کەی ! » هەردوو هەر هەمەکە لە باری ئەرمەنیەتی ژیانی کوردەواری ئەدوێن ٠

● تیپی هونەری هەولێر ●

ئەم تیپە ، خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ تۆمار کردنی (١٥) ئەڵقای تەمسیلی بەناوی« دەسبڕ »ەوە لە نووسینی عەلی سالمو ئەکرەم عەلاف کردویەتی بە کوردیو هونەرمەند سەعدون یونس دەرئەهێنێ ٠ لەم بەرهەمەدا هونەرمەندان کەمال عوسمانوسەردار مەجیدو زاهیر عەبدوڵلا بەشداری ئەکەن ٠

لەگۆڤاری (بەیان)ەوە بۆ نووسەرە بەرێزەکان

تا ئێستا گەلێ جار بڵاومان کردۆتەوەو تکامان لە برا نووسەرەکانمان کردووە کە وونار یا شیعریا پەخشانمان بۆ ئەنێرن پەیرەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

١ ـ لە دیوێکی تاقەزەکە بنووسن بە خەتێکی خۆش و دێر بەجێ بهێڵن ٠

٢ ـ هەر کەسی ناوونیشانی تەواوی خۆی نەنووسی هیچی بۆ بڵاو ناکرێتەوە بەڵام ئەو کەسە بۆی هەیە داوا بکات خۆی چ ناوێك دانەنی ، ئێمە بەو ناوەوە بۆی بڵاو ئەکەینەوە ٠

بەڵام هەر چۆنێك بێت ناوونیشانی تەواوو ئیمزا پێویستن چونکە لەسەر ئەوانە پارەی نووسینەکەش ئەدرێ ٠

٣ ـ ئەگەر شتەکە وەرگیراو بوو ، لە چ زمانێکەوە وەری‌گرتوە ، نووسەرەکەی کێیە لە کۆیدا بڵاو کراوەتەوە (ناوی کتێبەکە ، یا گۆڤارەکە یا ڕۆژنامەکە لەگەڵ دیاری کردنی ژمارەو مێژووی دەرچوونیان) ٠

لەمەودوا هەر نووسەرێك پەیرەوی ئەم خاڵانەی سەرێك نەکا نووسینەکەی ئەخرێتە پشت گوێو نابێ گلەیی‌مان لێ بکا ٠

بەیان

بەرێکی ئاگوزاری

● لۆرکا ئەڵێ :

« کە شاعیر ، ئەیەوێ شیعرێك بنووسێ ـ ئەمەش لە تاقی کردنەوەی خۆمەوە فێربووم ـ ئەو هەستە تەمو مژاویەی هەیە ،وەك بروات بۆ شەو راو لە دارستانێکی دوور ، ترسێکی بێ سنووریش ، بە چرپە لەگەڵ دڵیا ئەدوێ ٠ جا بۆ ئەوەی دڵنیابی وای بەباش ئەزانی ،یان جامێ ئاوی سارد بخواتەوە ، یان ٠٠ بە پێنوسەکەی بکەوێتە ڕەش کردنە وەیەکی بێمانا ! » ٠٠

● ئەم هەفتەیە ، ئەم قسەیەی « لۆرکا » پێشکەش بەو خوێنەرانە ئەکەین ، « شیعر دۆستن ەو وا هەست ئەکەن « شاعیرن » بیخوێننەوە ٠٠ قوڵ بیربکەنەوە ٠٠ تێئەگەن: « شیعر دۆستی » جیایەو « شاعیریتی »شتێکی ترە ٠٠تاقی کردنەوەیەکی قوڵە ٠٠لە دەریایەکدا٠٠ قوڵ تر لە « تەنیا دۆستایەتی وشەی شیعر » !

● **ئایا وا بیر ئەکەنەوە ؟!**

گۆشەی منداڵان ٠٠

دادگا

نووسینی : هاوژڵد کۆرلانەدرگۆرینی : ئەشمیل عبدلقادر

دەگێڕنەوە منداڵێك ئارەزووی سەردانی باپیرەی دەکات کە ماڵەکەیان لەگوندێکی ئێکجار دوور دا بوو ، بەرەبەیان دەکەوێتە ڕێگاو کاتێ ماندووەبوو لە ژێر سێبەری دارێکی گەورەدا پشووی ئەدا دووایش ڕێگای دەگرتەوە پێش ٠

بۆ ئێورە لە نزیك شارێکی بچووکەوە شەوی پەسەردا دێتو لە بەر ئەوەی کەسی تەماشا ئەکا ناتوانێ بەهاواری یەوە دێنو هەرچی هەوڵی لەگەڵدا دەدەن گشتی‌دا بخەوێت بەڵام لەبەر ئەوەی کیسەیەك پارەی پێبوو هەرچی هەوڵی‌دا خەوی لێ نەکەوت چونکە دەترسا لێی بدزن ، لە ئەنجاما وای بەباش زانی کیسە پارەکەی بخاتە ژێر تاشە بەردێکەوە ڕێبوارێك چاوی لێ دەبێتو کاتێ منداڵەکە بە ناسوودەیی دەخەوێت پارەکەی دەدزێ ٠

بەیانی کە هەڵدەسێ تەماشا دەکا پارەکەی نەماوە لە تاوا دەست دەکاتە گریانو هاوار ، خەڵکەکە بەهاواری یەوە دێنو هەرچی هەوڵی لەگەڵدا دەدەن ژێر نابێتەوە هەتا خەبەر دەکاتە حاکمی شارو دێتە شوێنی ڕووداوەکە ٠ حاکم لە منداڵەکە دەپرسێ هاوار هاواری چیتە ئەمیش بە درێژی مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ٠ پاش ئەوە حاکم فەرمان ئەدات تاشە بەردە گەورەکە بگرنو بیبەن بۆ دادگا چونکە دزی کردووە ، کە خەڵکی ئەم هەواڵە دەبیسن کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوو دەکەنە ژووری دادگا بۆ ئەوەی ببینن چۆن تاشە بەرد محاکەمە دەکرێت ٠ حاکم ڕوو دەکاتە تاشەبەردەکەو ئەڵێ :ـ

ـ ناوت چیە ؟ چیتو چەکارەی ؟

بەڵام تاشە بەرد وەك هەمووتان دەزانن وەڵامی پێ نادرێتەو حاکم تووڕە دەبێتو بە نووسەری دادگا ئەڵێ : بنووسە تاشە بەردە تاوانبارەکە وەڵام ناداتەوە !! ئەمجارەیان ڕوو دەکاتە بەردەکەو لێی دەپرسی : دان بەوەدا دەنێی پارەی ئەم منداڵەت دزیوە یان نا ؟؟

کە خەڵکەکە گوێیان لەم پرسیارە دەبێت تێکڕا دەیکەنە تریقەی پێکەنین لەناو هۆڵەکەدا دەنگ دەداتەوە ٠

حاکم گرژ دەبێتو بە دانیشتووان ئەڵێ :

ـ پێویستە ڕێز لە دادگا بگرن ٠ ئەوەی فزەی لێوە بێت سزای ئەدەم ٠

دیسانەوە ڕوو دەکاتە تاشە بەردەکەو ئەڵێ :

ـ بۆمانی ڕوون بکەوە چیت لە پارەکە کرد ٠٠

ئەمجارەش بەردەکە نقتەی لێوە نایەتو حاکم بەسەریا دەقیژێنێ :ـ

ـ لەبەر ئەوەی ورتەی لێوە نایە بڕیارمان دا (٣٠)سی جلدەت لێ بدرێت ، پاش ئەوە ئەگەر دان بە تاوانەکەتدا نەنێی ئەوا لە قەنارەت دەدەین ٠٠ خەڵکەکە بەرامبەر ئەم بڕیارە سەیرە خۆیان پێ ڕانەگرێتو لە هەموو لایەکەوە دەیکەنە هەراو پێکەنین ٠

حاکم بە توندی‌یەوە چەکوشەکەی ئەداتە سەر مێزەکەداو ئەڵێ :ـ

ـ وا دەردەکەوێ دانیشتووان ڕیز لەم دادگایە ناگرن بۆیە بڕیاریان‌دا بە پێی یاسای شارەکەمان هەمووتان سزا بدرێن ، ئێستاش پێویستە هەریەکە (٥٠) پەنجا فلس لەسەر ئەم مێزە دابنێنو بچنە دەرەوە ٠

خەڵکەکە ناچار دەبن مەل کەچ کەن بەرامبەر بڕیاری حاکم بۆیە هەر یەکەپەنجا فلس دەخەنە سەر مێزەکەو هۆڵی دادگا بەجێ دەهێڵن ٠

لە ئەنجاما پارەیەکی زۆر لەسەر مێزەکە خڕ دەبێتەوە حاکم هەمووی دەبەخشێتە منداڵەکە کە ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە دەگاتە گوندەکەی باپیرەیو بەدوورو درێژی بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە ٠

یەکێتی ناسین

١ ـ کەردو قادر
تەمەن : ٨ ساڵ
ئارەزو : وینە کێشان

٢ ـ ئەسمەر قادر
تەمەن ٩ ساڵ
ئارەزو : خوێندنەوە

٣ ـ سازان ڕەشید
تەمەن : چوار مانگ

٤ ـ شورش کاوە
تەمەن : شەش ساڵ
ئارەزو : گۆرانیوموسیقا

لە بەرهەمی برادەران لە دەست کردی برادەر گەردێ قادر

بەرگوزشتە

پشیلەی پیرە ژنەکە ومالی پاشا

پیرەژنێکی هەژارو لەکارکەوتو لە کوخێکدا دەژیا تەنها بەیارمەتی هەڵکی ژیانی بە سەر دەبرد پشیلەیەکی زور جوانی هەبو بو هاوڕێی شەوو ڕۆژی ٠ ئەم پشیلەیە خواردنی بریتی بو لەنانی ئەوەقەی پیرە ژنو ڕاوە مشکی ناو کوخەکە ڕۆژی لە ڕۆژان پشیلەکە کەوتە داڵغەی بەجی هێشتنی پیرە ژنو بڕوات هێنانە ڕۆژان بوم ئیتر منو بومالی پاشا ، لەوی پیرە ژنو نانە گۆشتو خواردەمەنی هەمە ڕەقە خواردنو ڕاوە مشك جورەو لاقە مریشك زورەو کردن ٠

خوی لەمشکو نانە ڕەقە لە دواییدا چارەی نەما خواردن ڕزگار بکات ئێوارە خۆی کرد بەکونی کورەی یەك ناکاو خوی کرد بەمالی زورەکەدا کە ئاگرێکی تیدا پاشاداو چوە زوری خێزانو دەسوتا هەمو توکەجوانەکانی و منداڵانی پاشاوە منداڵان کە سەرو چاوی سوتاو لەسەر پشیلەیان چاوبی کەوت بانەوە بوی چوە دەری‌و خوی دەرگایان لەسەر بەست‌و گەیاندەوە ماڵی پیرە ژنەکەو بەدار هاتنە وێژەی پشیلە یەی مانی لە دەڵی خویدا بشیلەی بەستە زمان هەڵ بەست تا مردن لای پیرە دەقونی بەهەمو لایەکدا ژنو کوخەکە بەجی شوێنێك بدوزێتەوەو خوی نەهێڵی ٠
ڕزگار بکاتو لەدڵی خوی‌دا دەی‌گوت ٠ ئەگەر لەم گورزوە

هەژاری جاف

شا جوانی جیهان ساڵی ١٩٧٥

هەفتەی ڕابوردوو ، لە شاری لەندەن ٦٨ کیژوڵە لە زوربەی وڵاتانی دنیاوە هاتبوونوڵە هەڵبژاردنی شا جوانی دنیادا بەشداریان کرد ، لەئەنجاما« ولینلیا مرسید » لە وڵاتی « بورتوریکو » کەتەمەنی ١٨ساڵەو هیشتا قوتابیە لەزانکۆ کچی ئەڵمانیا بە دووەمو بەریتانیا بەسێیەم گوبا بەچوارەم دەرچوون ٠ ئەوەی شایانی باسە شا جوانی ساڵی ١٩٧٥ پاداشتێ وەرئەگرێ بریتی لە ٢٫٠٠٠ جنیە ئەسترلینی ٠

لەم وێنەیەدا : شا جوانی جیهان لەگەڵ دوو کچی تردا ئەبینرێ ٠

ئاوڕێك لە ڕابوردوو/ ئاڵام ئامادەی کردووە

ڕۆژنامەی ژیانی ژمارە (٣٤٤) ڕۆژی (٧) تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ ئەمەیی‌لە بابەت (هجری دەدە)ی شاعیری شعبی کەرکووکەوەبەڵاو کردبووەوە : بێگومان نوسینەکە بەقەڵەمی پیرەمێردی خۆمانە :

ئەم جارە لە کەرکووك بوم لە آیین ماتمی عزت پاشادا هجری دەدەم دی ڕەنمی ماتمی ، تەنها لەوا ئەبینرا ٠ پرسیم گوزەرانی ئەم شاعیرە یەگانەیە چۆنە ؟ وتیان مەپرسە ٠

من هجری دەدە یە شاعیریکی بڵندو هونەرمەند ئەزانم ، ئەبوایە کەرکووك قەدری بزانیایە ، بەڵام ظهیری فاریابی وتویە (بزرگتر زهنر در عراق عیبی نیست) ، ئنجا ، من چی بڵێم ، خوا ڕەوای بێنێ سلیمانی قدری فائق بێکەس ئەزانێ ، کرکوك بۆچ لەهجری هجرایە :

بزدەکی شاعراری‌صایسە دەدە
ایجلرندن چیقمور برنك دەدە

ئارام : ئەو غیرەت پاشایە لام وایە وەختی خۆی موتەسەریفی کەرکووك بوو ٠ قسەکەی ظهیریش بەفارسی مەبەسمت لەوەیە ، کە ئەوسا : هونەر لەعیراقدا شتێکی عەیب بوە شیعرە تورکیەکەش ئەوە ئەیەوێت کەوا : شاعیرەکانی لای ئێمە یەکێکی وەك دەدەیان تیا نابێت ٠

Institut kurde de Paris